# قـــامچـــی

رۆمان

# قـــــامچـــى

کاروان عەبدوڵڵا

MUKIRYANI

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● **قامچی**

● **نووسینی:** کاروان عەبدوڵڵا
● **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
● **بەرگ:** وریا بوداغی
● **ژمارەی سپاردن:** 2735
● **نرخ:** ٣٠٠٠ دینار
● **چاپی یەکەم:** ٢٠١١
● **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
● **چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)**

**زنجیرەی کتێب (٥٩٠)**

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

ئێستاشی لەگەڵدابێ ، لە ژووره تایبەتییەکەی خۆمدا ، کۆمەڵێك داربەلاڵوك و حەیزەران ومازووم بە دیوارەکەوە هەڵواسیون ، لە هەر کامێکیان بڕوانم ، زەمەنێك لە مێژووی منداڵییم دێنێتەوە بیر . من هێندە لەگەڵ ئەو دارانە ئاشنا ببووم ،زۆرجار من لەوان دەچووم و ئەوانیش لەمن ! ئەو کاتەی بۆ یەکەمینجار کە تحووبی ماڵەوەمانم بڕی و بازم دایە نێو پۆلەکانی قوتابخانە ، دڵم بەوە خۆشبوو ، هیچ نەبێ نیوەی وەختی ڕۆژەکان بە دوور لە شەق و زرمەی شەپازللەکانی باوکم و برا گەورەکەم هەندێ جاریش دایکم ، بەسەر دەبەم ، کەچی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ، کە لەسەر تەختە رەقەی نێو پۆلەکە دانیشتم ، نەمتوانی بۆ ساتێکی کەمیش ئۆقرە بگرم ، وامدەزانی بە ئەنقەست و بۆ نیازێکی خەراپ منیان پەلکێشی ئەوێ کردبوو، ئەگەرچی زۆر لە قوتابیانی پۆلەکەش لە تەمەنی خۆمدا بوون و هەندێکیانیشم دەناسین ، بەلاّم لە قوولاّیی دەروونمەوە . وامهەست دەکرد بردنی من بۆ قوتابخانە تەنیا بە مەبەستی دوورخستنەوەم بووە لە ماڵەوە . بینینی یەکەم دیمەنی قوتابخانە و شەپۆلی پڕ هاتوهاواری منداڵان و یەکەم سیمای توڕەوترشی هەندێ مامۆستا ، خەم وترسێکی قووڵیان لە دەروونمدا رواند ، خەمێك کە دەبوا ڕۆژانە بەسەر پشتمەوە بێ ، ترسێك بەردەوام ببێتە هاوڕێی ڕۆحم و لە چەهرەمدا دەرکەوێ . هەموو ڕۆژێك بەر لەوەی لە ماڵەوە بەرەو قوتابخانە بەڕێبکەوم ، دایکم داوای لێدەکردم مامۆستا هەرچی بڵێ دەبێ بە گوێی بکەم ، من بۆخۆم زۆرم پێخۆشبوو گوێڕایەڵی مامۆستا بم ، بەڵام لەوە تێنەدەگەیشتم بۆچی لە هەر ئاوڕدانەوەیەك، یان جوڵەیەك یان دالغەو بزەیەك ، زللەیەك بە پشتەسەرم دەکەوت ، لەوەش ناخۆشتر ئەوەبوو ، نەدەبوایە لە بەرامبەر ئازاری جەستەمان بگرین . ئەو تەختەیەی لە سەری دادەنیشتین ، وەکو

ئەوە وابوو هەر چوار پەلمان پێوەی بەستراببێتەوە ، مـن نەمـدەزانی مامۆسـتاکان چ جۆرە دانیشتنێکیان لێمان دەویست . ئەوان دڵیـان زیـاتر بـەوە خۆشـبوو ، کـەهیچ جووڵەیەك لە ئێمە نەبینن ، تەنیا هەناسە بـدەین و بـەس ، مـن بۆخـۆم هەوڵمـدەدا شتێك نەکەم مامۆسـتا لێمزویـر بـێ، یـان زەبـرێکم پێبگـەیێنێ ، کەچـی خۆیشـم نەمدەزانی بۆچی دەبوایە ئەو زەبرەم هەر پێبکـەوێ . ترسـی ئـەو دار مـازووە، یـان حەیزەرانو شوولکەدارە ی دەستی مامۆستا، منی کردبـووە بتێـك، هـەردەم دەسـتم دەخستە نێوان هەردوو رانم. نەمدەزانی چاو لە سەبوورەکە بکەم یـان لـە مامۆسـتا. بێئەوەی بزانم شتێکم دەگوتەوە کە مامۆستاکەم دەیگـوت، مـن تـەنیا بـە جەسـتە لەسەر کورسییەکەم دادەنیشتم، لەوە دەترسام لە ناکاو، مەسـتەرە، یـان دارێـك بـە پشتی ملم بکەوێ..

من هەر لەگەڵ ئەو دارو چاوە پڕ تـرس و دەسـتە زبرانـە دەئـاخڤیم، کـە رۆحـی چکۆڵەیان هەراسان کردبووم.. کەم مامۆستا هەبوون بێنە پۆل ، دارێکیان بە دەستەوە نەبێ ، خۆ ئەگەر رۆژێك یەکێکیان لە دەرسێکدا بەبێ دار بهاتایەتە ژووری ، ئـەوە پێیەوە دیاربوو کە شتێکی لێونبووە ، ئیدی لەخۆیەوە بە دوای بیانوویەك دەگەڕا بـۆ ئەوەی بە دەستەکانی زەبرێك بوەشێنێ یان بە دەم قسەیەکمان پێبڵێ ، ئێستاش ئـەو رۆژەم لەبیرە کە چۆن یەکێ لەو مامۆستایانە ، تەنیا لەبەر ئەوەی ئاگام لە دەرسـەکە نەمابوو ، وەك ئەوەی لەگەڵ گەورەیەك قسە بکا ، بـە تووڕەییـەوە لـە دواوە قـژمی راکێشاو پێمی وت :

ــ ئەوە داڵغەی چیت لێ داوە؟

من هەر لەقسەکەی تێ نەگەیشتم، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە دووڕ چاوەکانیدا دەمی گیاندارێکی ترسناکم بینی، دووجار بە رووی منـدا قیژانـدی، مـن هـیچ وەڵامـێکم نەدایەوە، تەنیا بەهێمنی سەرم دانەواند، چـاوەڕێ بـووم بـە تەنیشـتمەوە رەت بـێ، کەچی دەستێکی قورس گەیشتە پشتی ملم، هەر لە پارچە موگناتیسێکی ئەسـتوور دەچوو، سەرمی راست کردەوەو یەکسـەر بەجوومگـەی پەنجـەی شـەهادەو ناوەڕاسـت،

دووجار زرمەی لەکەللەی سەرمەوە هێنا، رەنگ بێ باوەڕ نەکەن، بەچاوی خۆم ئاگرێکی شینم بینی لەگۆشەی هەردوو چاومەوە بەخێراییەکی سەیر دەرپەڕی، وابزانم ئەو ئاگرە نەبوایە، هەردوو چاوم لەگەڵیدا کوێر دەبوون، باوەڕم پێ بکەن لەجێ نیشانەی سەرم، دوو کەلای رواندبوو..!لەوە ناخۆشتر روحم لەوە چووبوو، کە دایکم یان یەکێ لەبراو خوشکەکانم پەنجەیان بەشوێنە ئەستوور بووەکەی سەرم بکەوێ، ئەوکات، لەماڵەوەش لێدانم پێدەکەوت، من لە فیکری ئەوەدابووم چۆن وابکەم پێمەوە دیار نەبێ کە سەرم وای لێهاتووە ، گوێم لێ بوو مامۆستاکەم بە تووڕەیی بە کوڕێکی پۆلەکەمانی وت:

ـــ بڕۆ لە ژووری مامۆستاکان دارێکم بۆ بێنە..!

من لەوە دڵنییابووم ئەو دارهێنانە بۆ منە، زۆر ترسام، هەموو گیانم لەرزی، هەستم کرد شتێکی گەرم لە نێوان رانمدا پەرش و بڵاودەبۆوە ، لە شەرمان نەمدەزانی چی بکەم, بە لەپی هەردوو دەستم سەرووی بێجامەکەمم داپۆشی (من زۆربەی وەختەکان بەکراس و بێجامە ، کە دایکم بۆی دەدروریم، دەچوومە قوتابخانە)، مەبەستم بوو ناو لینگم بشارمەوەو مامۆستا نەیبینێ، ئەو قوتابیەی کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، ئاگاداری کردمەوە کەهێندە نەجوولێمەوە، ئەگینا لێدانی دیکەم پێ دەکەوێ.. بەڵام ترس هێندە بەنێو جەستەی چکۆڵەمدا گەڕابوو، هەر لەخۆیەوە راست و چەپی پێ دەکردم ، من بە جوولەی لەشمو بەچاوە پڕ لە بێ ئۆقرەکانم، لەمامۆستام گەیاند کە شتێك بەسەر مندا هاتووە، مامۆستا لێم نزیك بۆوە، زانی لەژێر دەستەکانمەوە شتێك روودەدا، بەچاو پێی گوتم کە دەستەکانم بەرزبکەمەوە ، لەو دەمە ئەو قوتابییەی کە مامۆستا ناردبووی بۆ هێنانی دارێك لە ژووری مامۆستایان، بە هەناسەبڕکێیەوە، خۆی کرد بە ژووورداو دارەکەی دایە دەست مامۆستا، مامۆستاش کە بینی نە دەستەکانم بەرزدەکەمەوە، نە قسەش دەکەم، دوو قوونە داری لەپشتم دا:

ـــ کوڕی ..... ! ئێرە ئاودەستە؟! هەستە سەرپێ!

***

ئەو رۆژەی کە هاوپۆلەکەم هێنامیەوە ماڵێ، دوای ئەوەی لەماڵــەوەش دوو ســێ زللەم بە دەستی دایکم خواردو پشتە دەستی چەپیشــم داغ کــرا، ئــەو رۆژە تــائێوارە لەبەر ئازاری دەستم نەمدەزانی روو لەکوێ بکــەم، وابــزانم ئەگــەر هاتنــەوەی بــاوکم نەبوایە تابەیانی رۆژی دوایی دەبوایە هەر بگرییێم، باش بــوو هەرکــە چــاوم بەچــاوی باوکم کەوت، یان راستتر وایە بڵێم هەر کە گوێم لەتەقەقەی دەرگای دەرەوە بوو، زانیم ئەوە دەرگا لێدانی باوکم بوو، ئیدی ئەوەی ژان بوو لەدەستم نــەما، دەتــوت لــەناکاو هێزێکی نادیار پەنجەی لە شوێن ئازارەکە گیرکردو رەگ و ریشەی ژانەکەی هەڵکێشاو بردی.. من لەترسی ئەوەی نەوەکو دایکــم رووداوەکــە بــۆ بــاوکم بگێڕێتــەوە ، خــۆم وانیشاندا وەك ئەوەی هیچ روویــنەدابێ ، بەلاّم باوکم زۆر لەمن وردبینترو شارەزاتربوو لەو نمایشە ساختانەی من، هەر کە تێمیڕوانی، دڵنییای کردمەوە، کە هەموو شــتێك دەزانێ، ویستم بەگریان بەرگری لە خۆم بکەمو بەپاکییەوە راســتییەکە بڵــێم.. خێــرا دایکم گەیشتە کن باوکمو قسەیەکی لەگەڵ کرد، ئێستا لەیادم نەماوە، کە لەبەرچــی باوکم زەینی لەسەر من لاچوو. ویستم بەو ئێوارەیە راکەمە دەرەوە، کەچی دایکم زوو تێگەیشتو نقوورچێکی لێدام وتی:

- لە جێی خۆت دانیشە..

ئەو کات تێگەیشم کە دایکم نایەوێ باوکم بەمەسەلەکە بزانێ، نازانم ئەو شــەوەم چۆن بردە سەر، ئەوەندەم لەبیرە، ئازارەکەی دەستم گەڕایــەوەو لــە نێــو جێگەکەمــدا گینگلم دەدا ، وەك بەدوای شتێکدا بگەڕێم، ئەم سەرو ئەوسەرم دەکــرد، لەهــەمووی ناخۆشتر نەدەبوایە لە تاوی ئازاری دەستم بەهەناسەش بگرییێم، پێدەچــوو دایکــم بــە هەقیزانیبێ کە ئەو سزایە وەربگرم، نازانم چۆن خەوم لێکەوتبوو ، دیــاربوو خــەو بــە هانامەوە هاتبوو، کە دایکم بێداری کردمەوە ، یەکسەر نیگــام چــووە ســەر شــوێنی داغکــراوی دەســتم ، خێــرا هەڵســامەوەو دانیشــتم، پەنجەیــەکی دەســتی راســتەمم بەبرینەکەی دەستی چەپم داهێنا، پۆرگێك بەقەد پەنجەیەك لە شوێنی داغکراوەکــەی دەستم سەری دەرهێنابوو، ویستم پیشانی دایکمی بدەم، کەچی دایکم بەخێرایی منی

ئامادەکرد و سەرپێیی پاروە نانێکی بە تەحین بۆ دروست کردم و وەپێش خۆی دام بۆ قوتابخانە... لە رێگادا وام دەزانی بەزنجیر رامدەکێشیێ و پاش کەمێکی دیکە دەمباتە قوتابخانەو بەمامۆستاکان دەڵێ ئەوە (سەرمەد)م بۆتان هێنایەوە ، سزایەکی باشیشم داوە ! حەتمەن شوێنی داغکردنەکەش پیشانی هەموو مامۆستایان دەدا بۆ ئەوەی پێیان بڵی "من دایکێکی زۆرباشم بۆ کورەکەم، ئێوە شەقێکی لێبدەن، مـن دووانو دەستێکیشی دەسووتێنم".. کە گەیشتینە بەردەمی دەرگای قوتابخانەکەمان مامۆستایەك لەبەر دەرگاکە وەستابوو، دارحەیزەرانێکی بەدەستەوە بوو دەتگوت بەتایبەت چاوەڕێی هاتنی منی دەکردو هاکا دەستمی گرت و بەدایکیشمی وت " تۆ بڕۆ خوا حافیزت بێ!"

دروست ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە وا دەرچوو، مامۆستا یەکسەر رووی لە دایکم کردو وتی:

- فێری کە با بەخۆی بێ... بیدە دەست من..!

هەستم کرد دایکم بە غەریبی سەیرێکی مامۆستاکەی کرد، بەو نیازەی پێی بڵێ "جارێکی دیکە میز بەخۆیدا ناکا، تەمبێم کردووە! "

مامۆستا بە پەنجە رەق و ئەستوورەکانی، قۆڵی چەپەمی گرت، لە بێ بەختیم ئەو شوێنەی راگوشی، کە پۆرگێکی لێ دروست ببوو، بەدەست خۆم نەبوو هاوارێکی سەیر لەدەمم هاتە دەر، لەگەڵ هاوارەکەمدا، هەستمکرد ئەو ناوە کشومات بوو، کۆمەڵێك کەللەی بچووك روویان لەمن کرد، وایان زانی مامۆستاکە لێمی دا، هەندێکی دیکەم بینی رایانکردە ژوورەوەی قوتابخانە، مامۆستا لەخۆی بەشك کەوت خێرا بەدایکمی گوت:

- ئەوە هەر بڕمیز نییە ، گرینۆکیشە!

دایکم بڕیاری دابوو شوێنی داغەکە نیشانی مامۆستابدا، بەلاَم لەوە دەچوو قسەی مامۆستاکە کاری تێکردبێ و لە بڕیارەکەی پەیشیمان بووبێتەوە ، بۆیە لەسەر خۆو بە ئەدایەکی دایکانە وتی:

- لێم داوە.. بۆ هەمووتانم تەمبێ کردووە.!

هێشتا هەر لای مامۆستاکەم وەستابووین، قوتابیەکی پۆلەکەمان بەتەنیشتم تێپەڕی و بەسەیرەوە تێی روانیم، مامۆستاکەم خێرا دەستی بۆ درێژ کردو پشتی ملی گرت و زللەیەکی لەروومەتی دا.. قوتابییەکە بێ ئەوەی فزەی لێوە بێ خۆشی نەیزانی بۆ ئەو شەپازللەیەی پێ کەوت، منیش نەمزانی، بەلاّم ئەو لێدانە لەوە دڵنییای کردمەوە، کە دوای کەمێکی دیکە نۆرەی منیش دێ.. مامۆستا بەدایکمی گوت:

- تۆ بڕۆ بۆ ئێمەی جێبێڵە !

من بەر لەوەی لەماڵەوە بێمە دەرەوە، هەموو جارێ دایکم میزی پێ دەکردم نەبادا لەشوێنێك لێم بقەومێ و بەخۆم دابکەم، ئەو رۆژەش کە لەگەڵ دایکم هاتمە قوتابخانە، خۆم بەتاڵ کردبوو، کەچی هەر گەیشتمە بەر دەرگای پۆلەکەمان ، ترسێك بە گیانمدا هەڵگەڕا. لەوەش خراپتر هەمان مامۆستای دوێنێ، هەر کە هاتە ژووری حەجمانم نەما، دەتگوت کێچ کەوتۆتە کەوڵم، مامۆستا هەرزوو هەستی بەناڕەحەتی من کرد ، بەچاو تێیگەیاندم کە بزێویەکەم بووەستێنم، چاوەکانی دەتوت دەرزین ، رۆدەچوونە چاوەکانم ، جەستەم وەك بزمار لە شوێن خۆیدا چەقی، بەلاّم روخسارم وەك قوتابییەکەی تەنیشتم پێی گوتم، هەردەمەو رەنگێکی دەگرت. مامۆستا لە جیاتی ئەوەی دڵم بداتەوە و هێورم بکاتەوە، هات و لە تەنیشت قوتابییەکەی دەستی چەپەم وەستا ، من بەتیلەی چاوم سەیرم دەکرد، وامدەزانی هەموو دونیا بەسەر سەرمەوە وەستاوە، لەو دەمە حەزم دەکرد دوو باڵم هەبوایە و بەخێرایی لە شوێن خۆم بەرزبوومایەوەو هێزێکیش بهاتایە نێو جەستەم و لایەکی ئەو چوار دیوارەم بڕووخاندایەو بفڕیبام ، دوور دوور لە قووڵایی ئاسماندا، بەنێو هەورو ئەستێرەکاندا گوزەرم بکردایە، چەند خۆش بوو موعجیزەیەك روویدابا و لە تەنیشت ئەو مامۆستایەی کە دوێنێ وای کرد میز بەخۆمدا بکەم ، رزگارم بوایە... من وام هەست دەکرد ئێستا نا کەمێکی دیکە ئازارێکم پێ دەگەیێنێ، کەچی لەپڕ بە زرمەی زللەیەك کە بە قوتابییەکەی تەنیشتم کەوت، لە شوێن خۆم راچەنیم، ویستم هەڵبێمە دەرێ، بەلاّم نەمتوانی، گوێم لێبوو مامۆستاکەمان وتی:

ـــ ئێوە بۆ لەماڵەوە خۆتان بەتاڵ ناکەن.؟
قوتابییە بەستەزمانەکە بەسەری زاریەوە وتی:
ـــ لەبیرم چوو..
مامۆستا زۆر بەتوورەیی چووە بەردەم تەختە رەشەکەو بەسەر ئێمەدا نەڕاندی:
ـــ ئێرە قوتابخانەیە نەك ئەدەبخانە.!

ئەو رۆژە تا ئەو دەرسەمان تەواو بوو ، ئۆقرەم لەبەر بڕابوو ، زۆر دەترسام نەوەك لەخۆمەوە وەك دوێنێم بەسەر بێ، لە بێ بەختیم لە هەمان رۆژو لە دوا دەرسدا، سکم بە ئێشان کەوت. مامۆستاکەمان لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ دەستەی قوتابیانی نەخۆش، کە (عادەت وابوو دوای تەواو بوونی دەرسەکان بەکۆمەڵ بنێردرێنە خەستەخانە) ناوم بنووسێ و لە وێ چارەسەر بکرێین، بە هەڵچوونەوە پێمی گوت:
ـــ هەستە دەی بڕۆ ماڵەوە.... با گووش بە خۆتدا نەکەی !!

❊❊❊

بەیانییەکی زوو بوو، ئاگام لێبوو، دایکم بەتەنگەتاوی خۆی گەیاندە حەوشەو دەمێکی پێچوو تا گەڕایەوە ژووری، هەستم کرد باوەشێك داری لەگەڵ خۆی هێناو لە تەنیشت سۆپاکە داینا ، چەند پارچە دارێکی خستە نێو سۆپاکە و هێندەی نەبرد گرمە گرمی ئاگرەکەم بەر گوێ کەوت، دیاربوو هێشتا ئاگری شەو دانەمرکابۆوە، هەر بە پەنگرەکان، گڕی ئاگر بەربووە دارە تازە هێنراوەکان، ژووری نووستنمان بەرە بەرە گەرم دادەهات، من سەرم خستبووە ژێر لێفەوە، دایکم بە ئەسپایی هاتە تەنیشتم و لەسەر خۆ بانگی کردم:
ـــ سەرمەد هەستە درەنگە..

وەك ئەوەی هەواڵێكی زۆر ناخۆشم پێ بڵێ، بۆ چەند جارێك دەنگی دام، كەچی وەك گوێم لە هیچ شتێك نەبووبێ، خۆم لە گێلی دا. راستییەكەی حەزم نەدەكرد لە بن لێفەكەوە دەرچم، چەند جارێك لەسەر خۆ رایتەكاندم و بەسەری زارییەوە دەیگوت:

ـــ چییە، ناتەوێ بچیتە مەكتەب.؟

پڕ بەدڵ حەزم دەكرد پێی بڵێم (ناوەڵڵا ناچم)، بەلاّم لەوە دەترسام باوكم گوێی لە دەنگم بێ و بەشەق هەڵمبستێنێ ، دایكم لێفەكەی لەسەر دەم و چاوم لادا، بەنەرمی دەستێكی بەسەرم داهێنا، پێڵوی چاوەكانم لێكترازان، روخساری دایكم زۆر بەناڕەحەتی هاتە بەرچاو، من وام هەست كرد لەوە ناڕەحەتە، كەمن پێمەوە دیارە نامەوێ بچمە قوتابخانە، ویستم دڵی بدەمەوە، كە لەبەر خاتری ئەو دەچم، كەچی زمانم گیرا، ئەویش بەبێ دەنگی لەوێ هەڵساو چووە نزیك سۆپاكە ، هێشتا هەر لەناو جێگا بووم، زانیم خواردنم بۆ ئامادە دەكا، بۆنی كولاّنی چایەكە ژوورەكەی پڕكردبوو، بە ئەسپایی هەڵسام و لە نزیك دایكم دانیشتم، دایكم دەستێكی بە پشتم داهێناو وتی:

- ئاوێك بەدەموچاوت داكە، ئەوجا نانەكەت بخۆ.

كە هەستامە سەر پێ، دەستم بە دەلینگی بێجامەكەم كەوت، هەستم كرد تاسەر چۆكانم تەڕ بووە ، دایكم ئاگای لە تێكچوون و شڵەژانی من نەبوو، خێرا خۆم گەیاندە (سەرشۆر)ەكە ، كە لەنێو ژوورەكەماندا دروست كرابوو، دوو گۆڵمە ئاوم بە دەموچاوم داكرد، لەگەڵ شووشتنی دەموچاوم، كراس و بێجامەكەشم هەمووی تەڕبوون ، كە گەڕامەوە لای دایكم نەمدەوێرا تەماشای چاوەكانی بكەم، دایكم هەستی بە شتێك كردبوو ، بەلاّم خۆی وا نیشان دا كە نایەوێ سزام بدا ، بۆیە بە هێمنی دەستێكی بە سەرم داهێناو پێمی وت :

ـــ ئۆی ، بۆ وا خۆت عەدەم كردووە ؟

تا ئێرە هیچ گرفتێك نەبوو، وەختێك بینیم دەستم رادەكێشێ و دەیەوێ لە سۆپاكە نزیكم كاتەوە، من كەمێك بۆ دواوە گەڕامەوە، ئەو لەمندا ناڕەزاییەكی بینی، لە

قورسایی پەنجەکانیەوە هەستم بە شتێك کرد، کە ئیدی ناشاردرێتەوەو دایکیشم پێی زانی.. ترس هەموو جەستەمی تەنی بوو.. بەر لەوەی دایکم قسەیەك بکا، خۆم وەقسە هاتم:

ــ دایە بە خودای لە ترسی مامۆستا میزم بە خۆم داکردووە.!

دایکم زۆر تووڕە بوو، بەڵام نەیدەویست باوکم لەمەسەلەکە ئاگادارکاتەوەو لە خەو بە ئاگای بێنێ:

ــ ئێ خۆ ئێرە مەکتەب نییە.؟!

روومەتی دایکم دایە بەر ماچ بەڵکو رەحمێکم پێ بکاو لێم نەدا، یاخود بە ئاگر داغم نەکا..

ــ دایە لەخەونمدا مامۆستایەك زللەیەکی لێدام، چاوێکم دەرپەڕی و کەوتە سەر مێزەکە، چاوەکەی دیشم قەپات بوو.!

ــ دیارە شەیتانیت کردبوو.؟

ــ نا، نا لەگەڵ هاوەڵەکەی تەنیشتم بە مامۆستا پێکەنین..

دایکم بەو قسەیە زۆر تووڕەبوو:

ــ بۆ مامۆستا مەیموونە پێی پێ دەکەنن.؟

من بە زەردەخەنەیەکەوە وتم..

ــ نا، نا مامۆستاکە لووتی هەند درێژ بوو، دەبوایە لە کاتی نان خواردندا بەدەست بەرزی کاتەوە..

دایکم وەك ئەوەی هەستی بەمەترسییەك کردبێ وتی:

ــ کەرە نەکەی شتی وا بگێڕیتەوە، ئێ.؟

ــ نا، نا بەس ئەوە خەون بوو، خۆ بەڕاستی نەبوو.

لەو کاتەی دایکم جلەکانی لەبەر دادەکەندم، پرتەو بۆڵەیەکی زۆری لێوەدەهات، تەنیا یەك رستەی لێ تێگەیشتم، ئەویش زۆر جاری دیکە پێی وتبووم:

ــ هەی خۆرکت لێکەوێ.. کوندە میزێکی کردووە..!

هەر بەڕاستی لەوە دەترسام، دایکم ئەو میزبەخۆداکردنەم بۆ مامۆستاکان ئاشکرا بکا، ئەو بەیانییە خوا خوام بوو، خێرا تێی تەقێنم تا دایکم لەگەڵمدا نەیێ، بەڕاستی وا فیکرم دەکردەوە کە ئەگەر نەچمە قوتابخانە، چی روودەدا؟ زۆر زۆر شکاتم لێدەکەن و دەڵێن: ئەمڕۆ غاییب بووە.. باشە چ وەڵامێکی دایکم بدەمەوە، نالێ بۆ حەز لەقوتابخانە ناکەیت؟

بە هەرحاڵ دوای نانخواردنی بەیانی، دەستم دایە جانتا پەڕۆیەکەم، خێرا دەرگای حەوشەم کردەوە، ئاوڕێکم لە دوای خۆم دایەوە، دایکم لە هەیوانی بەر ژووری نووستن وەستابوو، بەپەنجە هێمای گەڕانەوەی بۆ کردم:

ـــ رۆژانەت نەبرد..

دایکم راستی دەکرد، دەبوایە پێنج فلوسەکە وەرگرم و لەنێو گۆشەیەکی جانتاکەم تەقەتی کەم، بەڵام دایکم لەناو دڵی من نەبوو، کە من نیازی ئەوەم هەبوو بەدزی هەڵبێم و ئەو لەگەڵم نەیێت.

من کە چوومە پۆلی یەکی سەرەتایی تەمەنم پێنج ساڵ و نیو بوو، لەبەر ئەوەی خزمی بەڕێوەبەر بووم وەرگیرام، دڵم بەوە خۆش بوو کە هەندێ مامۆستا و بەڕێوەبەرەکەش ئاگایان لێم دەبێ، کەچی ئەوان لە ئەوانی دیکە بۆ من خەراپتر بوون، جارێ هەر نەمدەوێرا سەیری مودیرەکەمان بکەم، نەوەکو لەبەر چاوی قوتابییان شتێکم پێ بڵێ.. دایکم دەیگوت: خزمی منە، راستییەکەی زۆر میهرەبان دەهاتە بەرچاو، بەڵام من هەر لێی دەترسام، لەفەڕاشەکانیش دەترسام، ئەوان ئێمەیان بەوە دەتۆقاند، کە ئەگەر شەیتانی بکەین، ئەوا بەلێدانمان دەدەن، بە ناچاری بەر لەوەی مامۆستاکان بێن، یان زەنگ لێبدا، یارمەتی هەموویانمان دەدا لە پاککردنەوەی ژوورو بەردەمی پۆلەکان بگرە تا دەگەیشتیە حەوشەو گۆڕەپانی قوتابخانە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لێیان دەترساین..

ئەو رۆژە لەبەردەمی قوتابخانەکەمان لە رۆژانی پێشوو زیاتر وەستام، ، هێشتا وەختی چوونە ژوورەوەی قوتابخانە مابوو، لەولاوە هەڵمی پەرت و بڵاوی پاقڵەی کوڵاو

، بەسەر عارەبانەکەی پلکە رەعنا بەرزدەبۆوە، پلکە رەعنای پاقلەفرۆش چاوەڕێی ئەو پێنج فلوسانە بوو، کە ئێمەی قوتابییان وەك رۆژانە لەماڵەوە وەرماندەگرت و لە دەستی ئەومان دەکرد . من و چەند قوتابیەکی دیکە ، پێکەوە دەوری پلکە رەعنامان داو پێنج فلوسەکانمان لە دەستی پیرەژن کرد ، ئەویش پارەکانی ژماردو لە پڕ لە ئێمە راما، دواتر ئێمەشی ژمارد:

ــ کوا یەکێکتان پارەی نەداوە..

هەموومان سوێندمان خوارد کە پارەکەمان پێی داوە.. پلکە رەعنا بە تووڕەییەوە وتی:

ــ ئەگەر نەیلێن، ئەوە بە مامۆستاکانتان دەلێم کە ئەو قوتابییانە فێلبازن..

لەدڵی خۆمدا دەمگوت ئەی خودایە چەند بێ شانسم، بۆ دەبێ ئەمرۆش لێدانم پێ بکەوێ.. من بە تووڕەیی بە قوتابیەکانم وت:

ــ کێ لە ئێوە پارەی نەداوە؟

یەکێکیان زۆر بەخێرایی و بەدەنگێکی پڕ لە شەرەنگێزیەوە وتی:

ــ تۆ نەتداوە!

ــ من؟!

ئەوانی دیکەش تێکڕا هاواریان کرد:

ــ بەڵێ تۆ!

بەوەندەش نەوەستان، بەهەموویان پڕیان دامێ، من خۆم لەسەرما هەموو لەشم دەلەرزی، لە ترسی ئەو رەوە مندالەش، هەر زەندەقم چووبوو، بەلام باشبوو، پورە رەعنا، بە کەوگیری پاقلەکە خۆی گەیاندنێ و پەرت و بلاوەی پێ کردن.. من لە ترسی ئەو چوار قوتابییە پاقلەکەشم نەخواردو بەدەرگای قوتابخانەکەمان چوومە ژووری، نەمدەزانی لەدواییدا چی روودەدا.

***

زستان بۆ ئێمەی قوتابییانی نەدارو هەژار، ناخۆشترین وەرزی ساڵ بوو، بەتایبەتی ئەگەر بەفرێکی زۆر باریبوایە ، دەبوایە گـەورەو بچـووکی کۆڵانـەکان دەسـت بدەنـە خاکەناس و رێچکەیەك بـۆ هاتوچـۆ بکەنـەوە، زۆرجـار ئێمـە ناچـار دەبـووین، بـە قوونەخشکێ بەسەر بەفرەکەوە بخشـێین، تـا دەگەیشـتینە قوتابخانـە هـەموو لـەشمان تەڕدەبوو، راستە ئێمەی منداڵ حەزمان لەبەفربارین دەکرد، ئەگەر رێگەیان پێدابواین تـا ئێـوارە نەدەچـووینەوە مـاڵێ ، بـەلاّم لـەوە غافـڵ بـووین، کـە سـەرما بـەنێو جەستەماندا رۆدەچێ‌و لە ئاکامدا هەر یەکـەو بـە جۆرێـك نـەخۆش دەکـەوتین , لـە قوتابخانەش ئەو توانایە نەبوو، رۆژانە سۆپای دارمان بۆ گڕدەن ، بۆیە زۆربەمان ناچار دەبووین، قتووی بەتاڵی ئاوە تەماتە پڕلە پەنگربکەین و تێلێك بخەینە نێو دوو کونی سەرەوەی قتووەکەو چەند کونێکی دیکەش لە دەوروبەری قتووەکـە بکەینـەوە، هـەر باباو قتووەکەی لە پێش خۆی بادەدا، بەمەبەسـتی ئـەوەی پـەنگرەکان بەگەشـاوەیی بمێننـەوە ، لـە ژووری قوتابخانـەش هەریەکـەو قتـووە پـڕ لەپەنگرەکـەکانی لەسـەر عەرزەکەی نێوان هەردوو قاچی دادەنا، ئەو برە گەرمایـە نەبوایـە، لەسـەرمان رەق دەبووینەوە، ئێمە لەوە تێنەدەگەیشتین بۆچی هەرجارەو ئەو قتووانەمان لەگەڵ خۆمان بهێنابوایە، سەرمان گێژی دەخـوارد، زۆرجـار مـن خـۆم هەسـتم دەکـرد مامۆسـتا لەبەرچاوم دەبووە جەستەیەکی زەبەلاحو سەروسیماشی دەقۆپـاوە ، ئەوەنـدە نـەدەما لەترسان بقیژێنم، ئیدی ناچار دەبووم سەرم بخەمە بان رەحلەکـەم، دواجـار ئاگـام لـە دونیا نەدەما، جاری وابووە چـەند شەقێکیشـم بەدەسـتی مامۆسـتاکەم خـواردووەو هیچیش ئاگام لێ نەبووە، من چەند جارێك بـە چـاوی خـۆم بینـیم کـە چـۆن چـەند قوتابیەك ناوە ناوە وەکو منیـان لێ بەسـەر دەهـات. تـا ئـەو رۆژەی کۆمـەڵێك لـە ئێمەیان رەوانەی خەستەخانە کرد، لەوێ دکتـۆر هـەموومانی ئاگـادار کـردەوە، کـە چیدیکە نابێ دەمی قتووەکە بـە ئاراسـتەی دەمولوتمـان دابنـێین، چـونکە لـەجیاتی هەوای خاوێن، ژەهر دەچێتە سنگمان. باشبوو، لەو رۆژەوە سەرسوڕانو گێژبوونو لـە

خۆچوونمان کەم ببۆوە، بەلاّم شتێکی دیکەمان بۆ زیاد بوو، ئەویش دروستکردنی چەند قتوویەك لە شێوەی قتووەکانی ئێمە بۆ هەموو ئەو مامۆستایانەی دەرسیان پێدەگوتین، ڕۆژانەش دەبوایە بەهەر شێوەیەك بێ، بۆ مامۆستای هەر دەرسێك قتوویێکی پڕ لە پەنگر ئامادە بکەین. داوایەکی ئاوا بۆ ئێمەی قوتابییان، نەك هەر کارێکی ئاسان بوو، بەڵکو جێگەی خۆشحاڵیش بوو، هەموومان بۆ ئەو داوایە لە کێبڕکێ دابووین، وای لێ هاتبوو مامۆستا هەبوو بەتەنیا دوو قتووی ئاگری بۆ دروست دەکرا، ئەو خزمەتەی ئێمە بۆ مامۆستاکان، لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە بوو، کە دەستی قوڕس و زەبری دارمازووەکانمان لەسەر لاچێ، بەلاّم تەمەنی ئەو دڵخۆشییەمان زۆر کورت بوو، هێندەی نەدەبرد، دارمازوو، شوولکە دار، دارەمار، دارگێوژ و تاوکەدار لە نێو دەستو بن کەوشی مامۆستاکان دەردەکەوتن. بەڕاستی وامان لێهاتبوو ئەگەر ڕۆژێك لە پۆلەکەماندا مامۆستایەکمان بەبێ دار بدیبایە، هەر لە خۆمانەوە، دەبوایە یەکێکمان بڵێ:

- مامۆستا بۆچی دارت نەهێناوە؟

مامۆستا لەلایەك بەو قسەیە شەرمی لە خۆی دەکردەوە، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی نیشانی بدا، کە بۆ قوتابی وەك ئێمە، دارهەڵگرتن پێویستە، بە تووڕەییەوە دەیگوت:

- دارمان کەمەو مامۆستاش زۆرن !

بەو قسەیە کۆمەڵێك قوتابی لێکڕا دەستیان بەرز دەکردەوەو هەریەکەو دەیگوت:

- مامۆستا ئێمە لە ماڵەوە دارحەیزەرانمان هەیە !

یەکێکی دیکە دەیگوت:

- من باوکم هەموو ڕۆژ لە شاخە، پێی بڵێم داری چاکت بۆ بێنێ.؟

مامۆستاش بەسەری زارەوە دەیگوت:

- چەند حەز بە لێدان دەکەن.؟ !

هەر بەڕاستی من وام لێهاتبوو، وەك چۆن لەماڵەوە دەبوایە ژەمی لێدانم هەبێ، ئاواش لە قوتابخانە، ئەگەر رۆژێك، شەقێك، دارێك، شاپێکم پێ نەکەوتبا جوێنێکم پێ نەدرابوایە، ئیسراحەتم نەدەکرد، هەرکە زەنگی پشوودانیش لێدەدراو ماموستاکەمان پێی دەنایە دەرەوە، ئێمە دەمانکردە رۆژی حەشر، وەك کەسێك بەزۆر لە شوێنێك ئاخنرابێ‌و لەناکاو دەرگای بەڕوودا بکرێتەوە، ئێمەش ئاوا بووین، لێکڕا هاوارمان لێ هەڵدەستاو قیژەمان رۆژەڕێیەك دەڕۆیی. ماموستاکان خواخوایان بوو لەو دەمانە تێکەڵ بە ئێمە نەبن، خێرا خۆیان دەگەیاندە ژووری خۆیان.

من رۆژێکی ئاوا سارد، کە نەدەکرا لە ژوورەوە بمێنمەوە، لەگەڵ یەکێ لە قوتابییەکان، دوای زەنگی پشوودان، رامانکردە دەرەوە. من ئەوکات لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم. قوتابخانەکەمان لە لێواری خەرەند زۆر دوور نەبوو، بەدوو دەقیقە دەگەیشتینە ئەوێ، منو ئەو هاوڕێیەم کە لە پۆلەکەشمان لە تەنیشتمەوە دادەنیشت، یەکسەر بەسەر شوورەی قوتابخانەکە کەوتین‌و خۆمان هەڵدایە ئەودیو، بێ دوودڵی رووەو خەرەند رامانکرد، ئێستاش نازانم بۆ ئەوەندە حەزم دەکرد لەسەر گاشە بەردەکانی رۆخ خەرەند دابنیشم‌و سەیری خوارەوەی ئەو خەرەندە جوان‌و ترسناکە بکەم، ئەگەرچی هەندێ چیرۆکی پڕ کارەساتی ئەو کەسانەشم بیستبوو، کە چۆن بێ سڵەمینەوە، خۆیان فڕێ داوەتە نێو خەرەندو بەزەحمەت مەیتەکانیان دۆزراونەتەوە. من هەر لە خۆمەوە دەبوایە رۆژانە بچمە ئەو شوێنە، بەدەیان جار هەر لە قوتابخانەکەوە، لە جیاتی ئەوەی بڕۆمەوە ماڵ، یەکسەر دەچوومە سەر خەرەندەکە. سەیر ئەوە بوو خەڵکی دەیانگوت: ئەو خەرەندە وەك موگناتیس مرۆڤ بۆ ناوەوەی خۆی رادەکێشێ ! کەچی من گوێم لەو قسانە نەدەگرت، خۆشترین لەززەتم لە دیمەنی ئەو خەرەندە دەبینی، ئەو رۆژەش کە من‌و هاوڕێکەم گەیشتینەوە ماڵ.. هەر یەکەو لەسەر ترۆپکی کەڤرێك لێی راکشابووین سەیری خەرەندو کێوی مەزنی هەندرێنمان دەکرد، ناوە ناوەش پارچە کاغەزێکمان دەکردە کۆلارەو هەڵماندەدایە نێو خەرەند، کۆلارەکە بۆ خۆی ئەمسەرو ئەو سەری خەرەندەکەی دەکرد، تا لەبەر چاومان ون

دەبوو، زۆری پێدەچوو. من لەبەرامبەر ئـەو دیمەنـە جوانانـە، لەخۆمـەوە گۆرانیشـم دەوت، زۆرجار خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو کە چەند خۆش دەبوو ئەگەر لـە جێگـەی ئـەو کۆلارانە بوام ، ئەی خودایە ئەو کۆلارانە چەند جوان بەرزو نزم دەبوونەوەو چـەند بـە لارو لەنجەو بێباکانە هەڵدەفڕین . من نیگاکانم بە دوای دیمـەنی سـەمائامێزی ئـەو کۆلارانە دا دەگێڕا ، لەپڕ هاوڕێکەم بە راکە راك‌و خێرایـی هاتـە لام، رەنگـی زەرد هەڵگەڕابوو، گریان لە قورگیدا عاسێ مابوو، هەستم کرد مەیدانی فراوانی خۆشـی‌و لەززەت لە دەروونمدا تەسك دەبێتەوە ، دڵم تـەنگ بـوو، ویسـتم پێـی بڵـێم: "ئـەوە چیتە.؟" کە سەرم بەرز کردەوە دوو مامۆستای قوتابخانەکەمان لەسەرخۆ بەرەو ئـەو لێوارەی خەرەندە دەهاتن کە ئێمە لەسەری وەستابووین. نەمانـدەزانی چـۆن خۆمـان بشارینەوە، وامان هەست دەکرد ئێمەیان بینیوە. پێدەچوو هەردووکمان لەیەك وەختدا بیرمان لەیەك شت کردبێتەوە، کاتێ من وتم: "دەڵێم خۆم فڕێ دەمە خوارەوە.." ئەو یەکسەر وتی: "دەی.!" کەچی خۆمان نەمانزانی چـۆن لـەوێ هـەلاتین‌و رامـانکرد. لەوەش بێ ئاگابووین کە ئێمەیان بینیوە، یان نا.!

***

بۆ رۆژی دوایی، نە من، نە هاوڕێکەم، نەدەوێراین بە دەرگـای قوتابخانەکەمانـدا بچینە ژوورەوە، چونکە یـەکێ لـەو مامۆسـتایانەی، کـە رۆژی پێشـو هاتنـە سـەر خەرەندەکە، لەبەر دەرگاکە وەستابوو، زیاتر بۆ ئەوە لەوێ دەوەستا ، کە دیقەت بداتە ئەو قوتابییانەی بە خاو و خلیسـکی دەهاتنـە مەکتـەب و بـۆ ئـەوەش بـوو پەلـە لەوانیدیکە بکـا بـەر لـە زەنگلێـدان بچـنە ژوورەوە ، وای بـۆ ئـەو کەسـەی دوای زەنگلێدانەکە لە دەرگـای قوتابخانـە نزیـك دەکەوتـەوە . ئێمـە بڕیارمـان دابـوو، بەدیواری خوار مزگەوتەکەی باویل ئاغاوە سەرکەوین و بـە رۆخـی دیـواری نـاوەوەی قوتابخانەکـەمان، هەڵکشـێین و یەکڕاسـت بچـینە پۆلەکـەمان. هـەرواشمان کـرد،

بەخێرایی خۆمان خزاندە بن دیواری گۆڕەپانی قوتابخانەکەمان، دەمانزانی هێشتا یەك دوو دەقیقە بۆ زەنگلێدان مابوو، من بەسەر پشتی هاوڕێکەم کەوتم و بەئاسانی قیت لەسەر شوورەکە وەستام، لە هەوڵی ئەوەدا بووم دەستەکانم بۆ هاوڕێکەم شۆربکەمەوە تاکو بە منەوە خۆی بگرێ و سەرکەوێ، کەچی لەپڕ شوولکەدارێك کە رق و کینەی زۆری لێدەباری ، بە هەردوو رانمدا کێشرا ، هاوارێکی ترسناك لەقووڵایی دەروونمەوە دەرچوو، هەردوو دەستی هاوڕێکەم وەك شمشێرێك لەکالان دەربچێ، لەدەستەکانی من جیابوونەوە، هاوڕێکەم پشتاو پشت کەوتە سەر زەوی. دەنگێکی خنکاو لەجەستەی هاتەدەر، یەکپارچە روخساری گرژبۆوەو سوور هەڵگەڕا، من زانیم تووشی هەناسەگیران بوو، خێرا خۆم فڕێدایە ئەودیو، لەتەنیشت هاوڕێکەم، بە هەڵچوونێکی زۆرەوە لەسەر چۆك دانیشتم، ئەوەندەم پێکرا پێی بڵێم:

ــ هەستەوە زوو، با بەدەرگاکەوە بچینە ژوورێ..

ئەو هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، هێدی هێدی هاتەوە سەرخۆ، هەڵسایە سەر پێ و بەپێش من کەوت، وەك ئەوەی هێزێکی گەورە بۆ سەرەوەی رابکێشێ، خێرا غاریدەدا، منیش دوای کەوتم.. لەدەرگاکە نزیك بووینەوە، کەس لەنزیك دەرگای قوتابخانەکە نەدەبینرا، هاوڕێکەم ئاوڕێکی لەمن دایەوەو وتی:

ــــ سەرمەد زووبە.. بەخوای قەساسمان دەکەن..

هەر کە گەیشتینە بەر دەرگاکە، قوتابییەك هەر لەتەمەنی مندا دەبوو، بەڵام لەپۆلەکەی ئێمە نەبوو، وەك مامۆستایەکی تووڕە لەبەردەممان قیت بۆوەو بەسەرماندا نەڕاندی:

ــ ئەوە لەکوێ بوون ؟ نەچنە پۆلەکانتان، تازە قەدەغەیە!

ویستم بڵێم "ئەم برادەرە نەخۆش بوو، بۆیە دواکەوتین!" نوکە دارێکی تێوەژاندم، ئەوەندە نەما زەویەکە بۆ خۆی پەلکێشم بکا، داروبەردی قوتابخانەکە لەبەرچاومدا بوونە مامۆستا، بە لەحزەیەك لە بەردەرگای پۆلەکەمان وەستاین، من نەمدەوێرا لەدەرگاکە بدەم، هاوڕێکەم یەکسەر چووە ژوورێ، دیاربوو تازە مامۆستاکەمان

چووبووە پۆلەکە، هێشتا قوتابییەکان بەپێوە وەستابوون، منیش بەدوای هاورێکەم ڕۆیشتم، وەك بزمار لەوێ چەقین، مامۆستا هیچی پێ نەوتین، زانی هەردووکمان بەڕاکردن هاتووین و هەناسەمان سواربووە. بەدەست هێمای بۆ کردین کە لەجێگەی خۆمان دانیشین، من هەستم دەکرد، دڵم خەریکە لە سنگمەوە دەردەپەڕێ، بەباشی گوێم لە ترپەکانی دەبوو.. دوای کەمێکی دی مامۆستاکەمان لەمن نزیك بۆوە، من زۆر ترسابووم، ترسەکەشم پێوە دیاربوو، هەستم کرد چاکەتی لەقۆڵم دەخشێ، چاوەڕێ بووم زللەیەکم پێ بکەوێ، کەچی زۆر بە نەرمی دەستێکی بەسەرم داهێنا، لەخۆشیاندا هەردوو چاوم پڕی فرمێسك بوون، نەمزانی ئەوە چ شتێك بوو وای لێکرد ئەو ڕەفتارەم لە گەڵ بکا، ویستم بڵێم "مامۆستا ببوورە کە دواکەوتین" کەچی نەمتوانی، ئەویش خێرا لەلای من دوورکەوتەوە، لە هاورێکەم نزیك بۆوە، دەستێکی لەسەری نزیك کردەوە، بەدوو پەنجە مووی سەری ڕاکێشاو بەتوورەییەوە وتی:

ــ جارێکی دیکە هەردوو چاوت دەردێنم، بێ ئەوەی لە دەرگا بدەیت، بێیتە ژوورەوە..

ئەوکات زانیم، ئەو هەڵەیەی هاورێکەم کردی، عەیبەکەی منی شاردەوە، نازانم بۆ لەو دەمە دڵم خۆش بوو، هەموو گیانم هێور بۆوە، فێنکاییەك بەجەستەم هەڵگەڕا، وامزانی لەکێشەیەکی گەورە ڕزگارم بووە.هاورێکەم لەگەڵ ڕاکێشانی مووی سەری، یەکڕاست هەستایە سەرپێ، بۆ ئەوەی خۆیشی لەو ئازارە ڕزگار بکا، خێرا وتی:

ــ بەخوا خەتا لەمن نەبوو..!

کە ئەو قسەیەی کرد، تەماشایەکی منیشی کرد، مامۆستاکە لەوە گەیشت کە ئەو گۆبەندەو دواکەوتنە من پێم کردووە، بۆیە گەڕایەوە لای من و بە ڕقەوە وتی:

ـ لەکوێ بوون؟!

ویستم خۆم و ئەویش لەو تەنگژەیە ڕزگار بکەم، لەسەرخۆ وتم:

ــ ڕاست دەکا مامۆستا، خەتا لەخۆی نەبوو، لەرێگا کە دەهاتین، بەربۆوە، لەهۆش خۆی چوو، بۆیە دواکەوتین..!

مامۆستا زۆر بەتووڕەییەوە نڕاندی:

ـــــ کێ راوی نابوون، تا بەو خێراییە رابکەن؟ ئاخر ئەگەر زوو بێنە قوتابخانە، ئەو موشکیلەیەتان بۆ دێتە پێش..؟!

لەپڕ یەخەی ئێمەی بەرداو چووە لای سەبوورەکە، تەباشیرێکی دەست دایێ و رۆژ و مانگ و ساڵەکەی نووسی، رووی لەئێمە کردو وتی:

ـــــ چەند شەممەیە؟

هەموو پێکەوە وتمان:

- سێ.. سێ شەممە.

ئەوجارەیان ریتمی دەنگەکەی گۆڕی و هەردوو برۆیە تێك ئاڵاوەکانی هەڵکشاندن، لەقوتابییەك نزیك بۆوەو وتی:

ـــ کێ ئایەتەکەی لەبەر نەکردووە؟

کە مامۆستاکە بینی نیوەی زیاتری قوتابییەکان ئایەتەکەیان لەبەر نییە، چاوی چووە پشتی سەری، خێرا دەستی بۆ دارحەیزەرانەکە بردو چوارچواری ئەو قوتابییانەی هەڵدەساند کە دەرسەکەیان نەخوێندبوو، لەبەر دەمی سەبوورەکە وەستاندنی، یەکە یەکە تا هێزی تیابوو دەست و پلی هەموویانی بەلێدان سوورکردنەوەو شین و مۆر هەڵگەڕان.. هەرجارەو دارێك بە دەستی قوتابییەك دەکەوت، من هەستم دەکرد ئازارێك دەخزێتە کونجێکی دەروونمەوە ، کاتێکیش نۆبەت گەیشتە سەر من، هەر بەخۆم دەستەکانم بەرزکردنەوە، لە یەکەم زەربەدا، چاوم هیچی نەبینی، ئەوەندەم دیت کە سەبوورەکە لە دیوارەکە بۆوەو هەڵکشایە سەرو لەسەقفی پۆلەکەماندا چووە دەرێ ! من ئاگام لەخۆم نەمابوو، لەدواییدا قوتابیەکان بۆیان گێڕامەوە، کە ئەو کاتەی لەبەر زەبری لێدانەکە بەربوومەوە، لەبەر خۆمەوە، چەند ئایەتێك لەسورەتی (الفاتحە) لەدەممەوە دەرچووبوون..!!

***

من لەتەمەنی پێنج ساڵ و نیودا بووم ، کە لەقوتابخانە وەرگیرام، ئــەویش لەبــەر ئەوە بوو ، بۆرە خزمایەتییەکمان لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکــەدا هــەبوو، زۆرجــار لەبەر خاترو ترسی ئەو بەڕێوەبەرە، خــۆم لەشــەڕو شــەیتانیکردن دەپاراســت، لەگــەڵ ئەوەشدا یەکێك بووم لەقوتابیە بزۆزو هاروهاجەکان، بەشێکی ئەو عەجولییەم بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە دەمویست لەبەرچاوی ئەو کچــانەی لەپۆلەکــە لەگەڵمــدابوون، خــۆم وانیشان بدەم، کە کوڕێکی ئازام و لەئەوانی دیکە ناترسم . گەلێ جاریش دروست بــە پێچەوانەی رەفتاری پێشووم، دەبوومە کەسێکی بێدەنگ وەك دەڵــێن مێشــم لــەخۆم دەرنەدەکرد. سەرم لەمامۆستاو قوتابییەکان شێواندبوو، جارێ ئەو کچەی کە لەپۆلی یەکەمەوە لەتەنیشتم دادەنیشت، بەئامان و زەمان منی بەجێ نەدەهێشــت، دەتــوت پارچەیەکی دیکەی جەستەی ئەو بووم ، لەپۆلی چوارەمیش، هەر لەتەنیشتمەوە بوو، هێندە خووم پێوەگرتبوو، باوەڕبکەن، ئەگەر رۆژێك یەك دەقیقە لە هاتنــە قوتابخانــە دواکەوتبا، دڵم وەخورپە دەکەوت و ئۆقرەم نەدەما . بە مەزەندەی خۆم ئەویش لــەمن زیاتر بە بینینی من دڵی خۆش دەبوو . من حــەزم دەکــرد هــەموو بەیانییــەك، یــان نیوەڕۆیەك، بچمە بەر دەرگای ماڵەوەیان و پێکەوە بەرەو قوتابخانە شۆڕبینەوە ، بەڵام هەموو ئەو ســاڵانەی کــە پێکــەوەمان بردەســەر، نــەمتوانی تــەنیا رۆژێکــیش ئــەو ئارەزووەم بێنمە دی، هۆیەکەی چی بوو نازانم، ئەوەندە نەبێ جــار جــارە، بەڕێکــەوت لەبەردەرکی مەکتەب یەکترمان دەبــینی، هــەر جــارێکیش مــنی بدیبایــە، کــەمێك دەشڵەژا و سوور هەڵدەگەڕا، هەقتانە باوەڕ نەکەن، کە لەتەمەنێکی ئاوادا چۆن شتی وا روودەدا ! من لەو رۆژەی بۆ یەکەمین جار، بەوردی چــاوم لــەدوڕ چــاوەکانی بــڕی، هەستم بەشتێکی سەیر کرد، هەستێك لەوە دەچوو رۆبچمە نێو قــووڵایی لــەززەتێکی بێ کۆتایی، بۆ چەند چرکەیەك لەهەموو شتێك دابــڕام، ئــەو دەمــە تــەنیا کەســێکم دەبینی کە تیشکی خۆشییەکی بێ ئەندازەی دەبەخشییە جەســتەم، تــەنیا دوو چــاوم دەبینی کە هەتا دەهاتن پان و بەرین دەبوون، دەریایەکم دەبینی، پڕبوو لــە پەپوولــەو

باڵداری ورد و چکۆڵە ، من بە تەپپەی بەربوونەوەی ئەو کتێبانە بەخۆ هاتمەوە، کە لەدەستی کچە هاوپۆلەکەم بەربوونەوە. بەڕاستی نەمزانی کێ ئەو دیمەنە جوان و ناسکەی نێوان من و ئەوی شێواند، زۆر بەلامەوە گرنگ نەبوو، چونکە من و ئەو پەیامێکمان پێ بوو، توانیمان لەچرکەیەکدا بۆ یەکتری رەوانە بکەین، ئەوە زەنگی یەکەمین ئەو هەستە بوو، کەخۆشم نەمدەزانی چۆن چۆنی وەسفی بکەم، ئیدی لەو رۆژەوە هەستم دەکرد کەسێکی دیکە لەنێو مندا دەژیێ، کەسێك لەنێو کەسایەتی پڕ ژاوە ژاو و بێ ئۆقرەییمدا سەری دەرهێنا، لەو رۆژە بەدواوە، من لەگەڵ ئەو کچە زۆر بە نەرمونیانی، تاڕادەیەك شەرمن، هەڵسوکەوتم دەکرد، حەزم لێنەبوو هیچ کەس بەنهێنی ئەو گۆڕانەم بزانێ، بەلاّم چ بکەم نە لەدەست من بوو نە لەدەست ئەو، رۆژانە شتێك، کە جێگەی سەرسوڕمان و پرسیاربوو، لەنێوان من و ئەودا بۆ ئەوانی دی بەدی دەکرا، لەهەندێك رەفتاری قوتابییانی پۆلەکەماندا، جۆرێك لەحەسادەت و نارەحەتیم دەبینی، گرفتەکە لەوێدا نەبوو، ئەوەی کە بۆ من و کچەکە ناخۆش بوو، هەستکردنی ئەو مامۆستایە بوو، کە رۆژێکیان دەرسەکەییم نەخوێندبوو، خێرا منی هەڵساندە سەرپێ و پێی وتم:

- بۆ دەرست نەخوێندووە؟

منیش زیاتر لەشەرمی ئەو کچەی هۆگری ببووم، زمانم تێك ئالاّو نەمزانی چۆنم وەلاّمم دایەوە. مامۆستاش بێ ئەوەی هیچ قسەیەکی دیکە بکا، دار حەیزەرانەکەی بەرزکردەوەو بەر لەوەی دەستم بەرکەوێ، کچەکە رووی لە مامۆستاکردو بەسۆزەوە وتی:

- نا توخوا لێی مەدە ! لەمن بدە !

مامۆستاکە زۆر بەرق و تووڕەییەوە لەکچەکەی روانی، هەستی بەشتێك کرد، ئیدی نەیتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکاو گوتی:

- بێ دەنگ بە ؟!

کچە وەك ئەوەی بڕیاری دابێ، کە نەهێڵێ دارکاریی بکرێم، خێرا هەڵسایە سەر پێ و بەمامۆستاکەی گوت:

- بەس گوناحە!

مامۆستا بەقێزەوە، بەدەنگێکی پڕ لەبێزارییەوە، برۆکانی وێك هێنایەوەو وتی:

- دانیشە.. فزەت لێوە نەیێ!

نازانم چ هێزێك بەنێو لەشی مامۆستاکەدا گوزەری کرد، لەیەك لەحزە، دارەکەی دەستی فڕێداو بەتووڕەییەوە وتی:

- هەستە بڕۆ لای پەنجەرەکە بووەستە، لەسەریەك پێ بوەستە!

بەو سزایە مەمنوون بووم، یەکسەر هەڵسام و چوومە لای پەنجەرەکە، لەسەر پێیەکم وەستام، رووم لەهیچ کەسێ نەبوو، یاخود باشترە بڵێم کەسم لەژوورەکە نەدەبینی، تەنیا هەردوو چاوی کچە نەبێ، من نەمزانی وەختی وەستانەکەم لەوێ چەندی خایاند، ئەوەندە دەزانم کچەش هیچ ئاگایەکی لەدەرسەکە نەمابوو، تەنیا لەمن رادەماو ناوناوەش سەیری قاچەکانی دەکردم، دەتوت دەیەوەێ هێز ببەخشێتە جەستەم، دروستیش وابوو هەرچەند لەقاچەکانم ورد دەبۆوە هەستم بەهێزێکی بێ سنوور دەکرد، کە لەبن پێمەوە بەجەستەمدا هەڵدەگەڕا. مامۆستا لەبەر نیگاکانی کچە ئۆقرەی نەمابوو ، لەپڕ وەك شتێکی دۆزیبێتەوە، چووە لای کچەو چەند جارێك بە پانایی دەستی لە رەحلەکەی بەردەمی ئەوی دا و ئاگاداری کردەوە کەچیتر تەماشای من نەکا ، دواتر خۆی پێ رانەگیراو دار حەیزەرانەکەی بۆم بەرزکردەوە و نوکەیەکی تێوەژاندم و بە رقەوە پێمی وت :

- بڕۆ ملت بشکێنە و دانیشە !

کە هاتمەوە شوێنی خۆم، هەستم کرد کچەکە وەك ئێشێك لە گیانی دەرچووبێ ، هەناسەیەکی دڵنەوایی هەڵکێشاو بە چاوێکی بەزەییەوە سەیرێکی من کرد، من لەو ساتە نەمدەویست هیچ جووڵەیەك، قسەیەك، لەگەڵ کچەکەدا بکەم، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد، خێرا دەرسەکە تەواو بێ و بچینە دەرەوە، کەچی هالاوی گەرماییەك

لەبناگوێمدا تێپەڕی، نیوە ئاوڕێکم دایەوە دروست دەمولووتی کچە نیو بست لەدەمولووتی منەوە دووربوو، بەهەناسەیەکی پچڕ پچڕ پێی وتم:

- پێیەکانت نەهێشان؟

منیش لەسەرخۆ، بێ ئەوەی بوێرم تەماشای چاوەکانی کچە بکەم، وتم:

ـ- ئەگەر تۆ نەبوای دەهێشان!

***

ئەو رۆژە بەفرێکی زۆر باریبوو لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەی قوتابییان حەزمان دەکرد گوێمان لەزەنگی چوونە ژوورەوە نەبێ، پۆل پۆل لە گۆڕەپانی قوتابخانەکە یاریمان بەبەفر دەکردو شەڕە بەفر لەهەموو لایەکەوە دەستی پێکردبوو، هەر بابای تۆپەڵە بەفرێکی ئامادە دەکردو بۆ ئەوی دیکەی دەهاوێشت، بیرمان لەوە نەدەکردەوە ئەو تۆپەڵە بەفرانە بەکوێی جەستەمان دەکەوێ، جاری واهەبوو تەوقی سەرمان دەبووە نیشانە و زۆرجاریش بە نێوەڕاستی چاومان دەکەوت .. مامۆستاکان لەرۆژی ئاوادا کەمتر دەهاتنە دەرەوە، ئەوان لە ژوورێکی گەرموگوڕ دەمانەوەو ئەگەر پێیان عەیب نەبووایە لەترسی ساردوسڕی پۆلەکان دەرسیشیان نەدەوتەوە. ئێمەش هێندە هەڵدەپەڕین و غارغارێنمان دەکرد، منەتمان بەسەرما نەبوو، دەمانزانی ئەگەر زەنگ لێبدا دەبێ لەژوورەوە بقەسرێین، بەڵام چار نەبوو دەبووایە ئەو زەنگە هەمووومان لێک جیابکاتەوەو روو لەو ژوورانە بکەین، کە من بۆ خۆم وامدەزانی بۆ ئەشکەنجەدانی ئێمە دروست کرابوون ، ئەگەر وانیە ئەی بۆ قوتابیان بەشەوقەوە چاوەڕێی رۆژی جومعەو رۆژانی دیکەی پشوودانی رەسمیان دەکرد؟ جارێ هەر کە رۆژی پێنج شەممە دادەهات دڵمان بەوە خۆشبوو کە بەیانی ناچینە مەکتەب و ئازاری هەفتەیەکمان لە بیر دەچێتەوە !

من رۆژی بەفر بارینەکە زۆر باش دێتەوە یادم، لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، ئەو رۆژە لەجیاتی دەستکێش، جووتێ گۆرەویی خۆماڵیم کردبوونە دەستم، دایکم هەر زوو ئاگاداری کردمەوە، کە نابێ شەڕە بەفر بکەم، چونکە دەیزانی کەسێکی سەرما بردەڵەم، کە نەخۆش بکەوم، ناچار دەبێ بمباتە لای پەرستارێکی دراوسێمان ، بۆ ئەوەی زوو دەرزییەکم لێبدا. من رۆحم لەدەرزی لێدان دەچوو، بۆیە هەولم دەدا ئەوەندە زۆر دەست و پەنجەم نەخەمە نێو بەفر، لەگەڵ ئەوەشدا بایی ئەوەندە یاریم دەکرد، کە دلّم پێ خۆش بێ، بەڵام ئاخیرەکەی هەر نەخۆش دەکەوتم ، من ئەگەرچی لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، بەلاّم لەڕووی تەمەنەوە هێشتا بچووك بووم، کوڕێکی تەمەن نزیکی یانزە ساڵ لەچی تێدەگا، هێشتا بۆنی شیری خاوم لەدەم دەهات، کەچی ئەو رۆژە بەر لەوەی زەنگی چوونە ژوورەوە لێبدرێ، خێرا خۆم گەیاندە لای زەنگەکەو ئەو شیشەیەم شاردەوە کەهەموو جارێ بەزەنگەکەیان دادەداو کەللەمی دەهەژاندەوەو شانە مێرووڵەی لەنێو مێشکمدا دەخولّقاند، دەمزانی کەس منی نەبینیوە، هەر لە حەوشەکەوە لەتەنیشت کچە هاوپۆلەکەم وەستابووم، سەیری دیمەنی بەفرو ئەو شاخە بەبەفر داپۆشراوانەمان دەکرد کەچۆن لەشینایی ئاسماندا چەقیبوون، تەماشای ئەو قوتابییانەمان دەکرد کە چۆن بەر لەساتەکانی چوونە ژوورەوەیان عەجولترو بەهاتوو هاوارتر ببوون، من هێندێك دلّم خۆش بوو، دەمزانی لەوەختی خۆیدا ناچینە ژوورەوە، ئەگەر شیشەکە نەدۆزنەوە ئەوە دەبێ شتێکی دیکە بۆ زەنگ لێدان پەیدا بکەن.. من لەو بیرکردنەوەیەدابووم، گوێم لە دەنگی فەڕاشەکە بوو ، هاواری دەکرد "کێ ئەو شیشەی بینیوە؟" لەودەمە هەستم بەسووکە گەرماییەك کرد، کە لەپەنجەکانی دەستی چەپەم نزیك بووەوە، دەست و پەنجەیەکی نەرم خێرا دەست و پەنجەی گوشیم، موچڕکەیەکی گەرم بەهەموو گیانمدا هەلّگەڕا، هەردووکمان لەیەك وەختدا روومان لەیەکتر کردوو لەنێوچاوی یەکتر رامایین، کچە لەسەرخۆ پێی وتم:

ــ کوانێ دەسکێشەکانت؟

وەك ئەوەی لەخەوێکی قورسدا بەئاگا بێمەوە، بەخێرایی رووم وەرگێڕاو کچەکەم بەجێهێشت، رووەو ئەو شوێنە رامکرد کە شیشی زەنگەکەم تیا شاردبووەوە، بەر لەوەی بگەمە ئەوێ فەڕاشەکەم بینی هەردوو دەستکێشەکەی بەدەستەوە بوو، ویستم بڵێم: " ئەوە هی منن"

کەچی زمانم یەکسەر وەك لە گۆ بکەوێ، جووڵەی نەکرد، حەپەسام و لەشوێن خۆم وەستام، بەتایبەتیش ئەو کاتەی کە بینیم شیشەکەشی بەدەستەوەیە، هەر رۆحم چوو، خێرا گەڕامەوە لای کچە هاوڕێکەم، کەچی لەیەکەم هەنگاوی خۆوەرگێڕانمدا من و ئەو خۆمان پێکدادا، من هەستم بە نەرمی ئەندامەکانی جەستەی ئەو کرد، رەنگبێ ئەویش هەستی بەڕەقی، یاخود نەرمی، چوزانم جەستەمی کردبێ، من ویستم پێی بڵێم، خێراکە بچینە ژوورەوە، کەچی ئەو وتی:

ــ دەستکێشەکانت لای فەڕاشەکەیە، بۆ نایان هێنیتەوە؟

من ئەوەندەم پێ کرا پێی بڵێم: لێگەڕێ.. دوایی، دوایی.

کەچی ئەو زۆری پێ سەیربوو، لەوەش زیاتر هەستی بەتێکچوون و شڵەژانی من کردبوو، بۆیە لەسەرخۆ وتی:

ــ چی بووە بۆ پێم ناڵێی؟

وەك ئەوەی کەسێك بەدوای منەوە بێ، ویستم بەجێی بهێڵم، کەچی لەپڕ مامۆستایەك بانگی کردم:

ــ وەرە کوڕە، وەرە پێش!

کە گوێم لەو دەنگە بوو زانیم ئەوە ئەو رۆژە رەشەیە کەلێی دەترسام، من دڵم بەو کچە خۆش بوو، کە هەموو جارێ وەك خدری زیندە بۆم دەهاتە پێش و لەو تەنگانانەدا بەهانامەوە دەهات، ئەوجارەش وەك ئەوەی بانگی ئەوی کردبێ، رووی لەمامۆستاکە کردوو وتی:

ــ فەرموو مامۆستا..

مامۆستا زۆری پێ سەیر بوو، کە کچەکە لەجیاتی مـن وەڵامـی دایـەوە، چـەند هەنگاوێك لە ئێمە نزیك کەوتەوە. من بینیم کە چۆن ئەو دارەی بەدەسـتییەوە بـوو، وەك ئەوەی بۆ منی ئامادە بکات چەند جارێك کەمێکی لێ دەچەماندەوە، مامۆستا پیاوەکان ، قەت بەدار لە کچە قوتابییەکانیان نەدەدا، زیاتر نوکە دار بەپەنجەو شان و ملیان دەکەوت، لەوەدا بەختێکی زۆریان هەبوو، هـەر ئـەوەش بـوو زۆرجـار منـیش ئاواتم دەخواست کچ بوومایە، تەنیا بۆ ئـەوەی چـی دیکـە زەبـری ئـەو دارانـەم پـێ نەکەوێ ! مامۆستاکەمان، رووی لەکچە هاوەڵەکەم کردوو بەتوورەییەوە پێی وت:

ــ کەس بانگی تۆی نەکردووە.. برۆ ژوورەکەت!

مامۆستا ئاورێکی لەفەراشەکە دایەوەو بانگی کرد ، فەراشەکە خێرا هاتە لامان و جووتە گۆرەوییەکەی پیشانی مندا.

مامۆستا وتی:

ــ ئەو گۆرەویانەت لەکوێ لەبیر کردبوون؟

ویستم هەموو راستیەکە بڵێم و رزگارم بـێ، کەچـی لـەپڕ کچـە هاوەڵەکـەم کـە لەدەنگیدا هەستت بەئازایەتی دەکرد، وتی:

ــ ئەوانە هی منن، من لەپشت دەرگاکە دامنابوون، نازانم کێ بردوونی.. !!

من لە قسەکانی ئەو کچە سەرم سوڕما، چ زوو ئەو قسانەی رێکخست، بۆ هێندە بەجیدی بەرگری لێکردم ؟ بیرم کردەوە، ئەی ئەگەر منیان لەو کاتەدا بینیبیایـە کـە شیشەی زەنگ لێدانەکەم دەشاردەوەو هـەر لەوێشـدا دەستکێشـەکانم لێبـەجێماون ، چییان پێدەکردم ؟ مامۆستاکە یەکسەر دارەکەی نێو دەسـتی بـەرزکردەوە، ئـەو دارە بچووکە لەبەر چاوم بوو بە کاریتەیەك ئەگەر لەشەرمی کچە نەبوایە لەوێ هەڵدەهاتم ، مامۆستا رووی لە کچە کردوو زۆر بە جیدییەوە وتی :

ــ کەواتە تۆ شیشەی زەنگ لێدانەکەشت شاردۆتەوە؟!

کچەکە بێ دوو دڵی وتی:

ــ بەڵێ!

مامۆستا سورِ دەیزانی کە ئەوە منم ئەو کارەم کردووە، کەچی سەری لەوە سورِمابوو بۆچی کچەکە دەیخاتە ئەستۆی خۆی . نەیدەزانی چ بریارێك بدا ، دووسێ جار سەری خۆی راوەشاندو لە ناکاوجووتە گۆرەویەکەی بەدەموچاوی کچە دادا ، دواتر رووی لە فەراشەکە کردو وتی:

ــ برِۆ زەنگەکە لێدە!

***

قوتابییەکی هەژاربووم، لەگەڵ ئەوەی هەموو بەیانییەك، سەعاتێك بەر لە هەڵهاتنی خۆر، مەنجەڵێکی بچووکی پرِ لە لۆبیای گەرمم دەخستە بن هەنگڵم و بە کۆلانە خوارو خێچ و پرِ هەڵدێرەکەی بەرماڵمان دەچوومە خواریێ، تا لە کۆلانەکە ئاودیوو نەبوبام، دایکم دەرگای دەرەوەی دانەدەخستەوەو نەدەچووە ژووریێ، دەبوایە یەك دوو جاریش گوێبیستی دەنگم بوایە کە بە شەرمەوە دەمگوت

ــ لۆبیای گەرم، گەرم و نەرم!

هەموو بەیانییەك بە خۆم و مەنجەڵە لۆبیایەکەوە ، خۆم دەگەیاندە بەر دەرگای ماڵی ئەو کچەی، کە لە پۆلەکەمان لە تەنیشتم دادەنیشت و زۆر هۆگری ببووم، زۆرجار حەزم دەکرد ئەو کچە یەکەم کەس بێ دەرگای ماڵەوەیانم بەرِوودا بکاتەوە و بۆ لۆبیاکرِین بێتە دەرەوە، ئەگەرچی هێندێکیش بەشەرمەوە لە ماڵیان نزیك دەبوومەوە ، بەلاّم هێزێکی لەززەت بەخش بەردەوام ئەو جورئەتەی پێ دەدام و لەبەر دەرگاکەیان دەیوەستاندم و هاوارم دەکرد (لۆبیا، لۆبیای گەرم) لەو دەمانە هەموو شادەمارەکانی جەستەم بە ئیقاعی خورپەکانی دڵم دەکەوتنە هەلەکەسەما، چاوم دەبرِیە دەسکی دەرگاکە، گوێم بۆ هەمووخشپەو جووڵەیەك رادەگرت، خۆم بۆ ئەو ساتە وەختە ئامادە دەکرد کە (ئەو) بێتە دەرو زەردەخەنەیەك لەسەر لێوەکانم ببینێ و منیش قاپەکەی دەستی پرِکەم لە لۆبیاو پارەشی لێوەرنەگرم. کەچی بەدرێژایی ئەو

هەموو جارانەی لەبەر دەرگای ماڵیان دەوەستام و چاوەڕێ بووم بێتــە دەرەوە ، تــەنها یەك جار لەسەرخۆ بەشەرمیکی شیرینەوە دەرگاکەی کردەوەو لەبەر دەمم ئامادە بــوو ،، کەمنی بینی یەکسەر قاپەکەی دەستی بەربۆوەو زرمــەی لێوەهــات، مــن ویســتم هەڵیگرمەوە، ئەو نەیهێشت، زۆر بەناڕەحەتی وتی:

ــــ ئەوە تۆیت؟ ئەی بۆ قەت باست نەکردووە..

ویستم وەڵامی بدەمەوە، بەڵام نوتقم گــیراوو بەســەر ئامــاژەم بــۆکرد و هــەردوو چاویشم یەکسەر پڕبوون لــە فرمێســك، ئــەویش بــۆ ئــەوەی دڵــی مــن بداتــەوە وەك سەربازێکی بەردەم ئەفسەرێك وەستاو قاپەکەی بۆم راگرت و بەخەندەیەکەوە وتی:

ــــ دەی، بۆم تێکە!

منیش قاپەکەم بۆ پڕکرد، ئەو دەستێکی بەرز کردەوە و ویستی پارەکەییم بداتێ، من بەشەرمەوە وتم:

ــــ نا لێی گەڕێ، وەرناگرم..

زۆر بەجدییەوە رووی تێکردم گوتی:

ــــ ئەگەر وەرنەگری نایبەم.. دڵم خۆشتر دەبێ.

ئەو قســەیەی دوایــی ناچــاری کــردم دەســتم درێژبکــەم و پارەکــەی لێــوەربگرم، راستییەکەی من هەستم بەبوونی پارەی نێودەستی نەکرد، ئــەوەی بــۆ مــن جێگــەی لەززەتێکی خۆش بوو، گەرمایی و نەرمیی پەنجەکانی بوو، کە وەك تەوژمی کارەبا بە هەموو گیانمدا هەڵگەڕا. کەسەرم بەرزکردەوە، دیاربوو ئەویش ماوەیەك بــوو لــەمن رامابوو، کە نیگامان تێکئاڵا خێرا وتی:

ــــ لەمەکتەب دەتبینمەوە!

ئەو رۆژە دەتگوت گۆڕانێك بەسەر جەستەمدا هاتبوو . هەستم دەکرد لــە جــاران هێمــنترو عــاقڵترو بەرچــاوتر بــووم، ئەگــەر کــوڕی ئاغــای گەڕەکەکــەمان نەبوایــەو ئەوساتەی لێ تێك نەدابامایە، خۆم بە هیچ کەسێك نەدەگۆڕییەوە و وام دەزانی شــای قوتابخانەکــەم، بــەڵام کــوڕی ئاغــا وەك ئــەوەی هەســتی بەگــەورەبوون و گرانیــی و

سەنگینی من کردبێ، هەر لە خۆیەوە شەڕی پێدەفرۆشتم، زیاتریش بەوە کەللەیی دەبوو، کە یەکێکی بدیبایە لەخۆی بە تواناتر ، زیرەکتر ،خۆشەویستر ، یاریزانتر بوایە . رۆژێکیان بە رێکەوت لە یەکێ لە یاریەکانی تۆپی پێی نێوان هەردوو هۆبەی پۆلی پێنجەمدا، من گۆڵێکم لە تیپەکەی ئەوان کرد ، ئەوەی کە کوڕەکەی ئاغای ئێکجار تووڕە کرد ، چەپڵەلێدانی هاوپۆلەکەم نەبوو ، بەڵکو خۆشحاڵی بێئەندازەی کچە بوو کە دوای گۆڵەکەش بەردەوام چەپڵەی بۆ من لێدەدا . هەر دوای گۆڵەکە هەوڵمدەدا خۆم لە رق و تووڕەیی ئەو کوڕە بپارێزم، بەڵام هەر نەمدەتوانی، چونکە ناچاری دەکردم ، رووبەڕووی ببمەوەو نەهێڵم گۆڵی بەرامبەر تۆمار بکات و دڵی خۆش بێ ، کار گەیشتە ئەوەی بە ئاشکرا هەڕەشەم لێبکا، بەتایبەتی لەوکاتەی دەمویست گۆڵێکی دیکە بکەم، ئەو دەیزانی گۆڵەکە مسۆگەرە، خێرا بۆم هات و بەتەنیشتم رەت بوو، دووسێ وشەی پڕ لەگەف و هەرەشەی بەڕوومدا فڕێدا:

ـــ گۆڵ بکەی دەتکوژم !

بەڵام من گوێم بۆ هەڕەشەکەی شل نەکرد، چونکە خۆم دەمزانی ئەو گۆڵانە لەبەر خاتری کێ دەکەم، من بەچاوی خەیاڵ کچەم دەبینی دڵنیابووم کە بە دیققەت تەماشام دەکاو چاوەڕێیە مزگێنی دووەمی پێبدەم. من لە گۆڵەکە زۆر نزیك بوومەوە لەگەڵ یاریزانێکی تیپی بەرامبەرم تێك ئاڵابووین، لەناکاو هاواریان کرد:

ـــ فاوڵ، فاوڵ!

لەگەڵ دەنگی (فاوڵ، فاوڵ)ەکە من گوڵێکی دیکەم تۆمارکرد، بەلای منەوە ئەوەی گرنگ بوو، کچە هاوپۆلەکەم ببینم، کە چەپڵەم بۆ لێدەدا، کەچی ئەمجارەیان نە بینیم و نەگوێشم لە چەپڵە بەردەوامەکانی بوو، دڵم داخورپا، هەستم کرد قورسایی تارماییەك بەسەر جەستەمدا دێتە خوارێ، وام هاتە بەرچاو رەنگبێ یەکێ لە مامۆستاکان هەستی بە حەماسەتەکانی کچەکە کردبێ و بەناوی ئامۆژگارییی، قسەی ناشیرینیشی پێ گوتبێ، لەو بیرکردنەوەیەدا بووم لە پشتڕا زللەیەکم بەبناگوێ کەوت. ویستم لەگەڵ ئاوڕدانەوەمدا بقیژێنم، بینیم کوڕەکەی ئاغاو مامۆستای

وەرزش لەبەردەمم وەستان.. کوڕە ئاغا بەڕقەوە سەیرێکی کردم بێ ئەوەی تۆزقاڵێك شەرم لە مامۆستاکەی بکا وتی:

ــــ باشە ئێمە حەیوانین، ئەدی نەمانگوت فاوڵە؟!

منیش وەك ئەوەی مافی دیفاع کردنم هەبێت، بەزەردە خەنەیەکەوە وتم:

ــــ گوێم لێ نەبوو.. بەلاَم هەر دەرچووین..

کەمن وشەی (دەرچوون)م لە زار دەرچوو ، کوڕی ئاغا عەقڵی لەلای خۆی نەما و هەڵمەتی بۆ من هێنا، من وام زەن دەبرد کەئێستا مامۆستای وەرزش بەرەوانیمان لێدەکات و کوڕە ئاغاش دوور دەخاتەوە، کەچی ئەویش هەر بۆ ئەوەی دڵی کوڕەو باوکی ئاغای رازیبکا، سێ چوار شوولکەداری بۆ راوەشاندم و دووانم بەرکەوت، چەند کۆڵە مستێکی کوڕەکەشم پێ کەوت، ئەوەندەشی نەبرد دیاربوو هەواڵەکە گەیشتبووە بەڕێوەبەری قوتابخانە. گوایە بەڕێوەبەریش خزمی دایکم بوو، کەچی وەك ئەوەی کارێکی زۆر ناشیرین و خراپم کردبێ، چاوی لێسوور کردمەوە و پەنجەی بۆ راوەشاندم:

ــــ کەس نەما جون بە کوڕی ئاغاش دەدەی ؟ بڕۆ ئێواری دێمە لای بابت...

بەسەری زارم وتم (بابم لەماڵەوە نییە)، خێرا گوتی :

ــ خۆ باپیرەت لە ماڵە ؟!

❊❊❊

من نەمدەزانی هەواڵی شەڕی من و کوڕی ئاغا چۆن گەیشتبووە برا گەورەکەم. قەت حەزم نەدەکرد ئەو برایەم هیچ شتێك دەربارەی من بزانێ، بەتایبەتی ئەو شتانەی پەیوەندییان بەشەڕو بێ عارییەکانی منەوە هەبوو، چونکە لەوە دڵنیا بووم، کە خۆی لەمن زیاتر حەزی لەشەڕو چاوسوورکردنەوەو ترساندنی کوڕانی گەڕەکەکەمان دەکرد، لەوەش زیاتر بەو بوایە کوێر بێ کوڕی ئاغا نەبینێ، خۆ کوڕی ئاغاش زۆر لەبراکەم دەترسا، لە هیچ شوێنێك لەگەڵ یەکتر هەڵنەدەکەوتن، جارێ براکەم، لە

ڕۆژانی جەژن و سەیران و کۆبوونەوەی منداڵ و جاحێلانی گەڕەك بەئانقەست بەدوایدا دەگەڕا، لەخوای دەویست لە شوێنێك ببینێ و چاوی لێ بێ کە چۆن دەستدرێژی دەکاتە سەر خەڵکانی دی، ئەو ڕۆژەم زۆر باش لەبیرە، کە ئێمەی منداڵو گەنجانی گەڕەك لە ڕۆژێکی جەژندا یاری بیست و یەك و لگاو و قومارمان دەکرد، کوڕی ئاغا، لەپڕ خۆی لەئێمە نزیك کردەوە، ئێمە خەریکی یاری لگاو بووین، هەر لەخۆیەوە بەیەکێکمانی گوت، پارەکە بخەرە سەر (کوپپە)، کوڕەکە بەگوێی نەکرد، یاخود گوێی لێ نەبوو، خاوەن لگاوەکە ویستی پارەی ئەو شوێنانە کۆبکاتەوە کە لەزارەکەوە دەرنەچووبوون، کوڕی ئاغا قاچی درێژکردو پێی خستە سەر پارەکان، هەتا هێزیشی تیابوو مستێکی لەدەمولووتی کوڕەکەدا، من بەم چاوانەم بینیم کە چۆن خوێن فیچقەی کردو، کوڕەکە پشتاوپشت کەوت، ئێمە لە شوێن خۆمان وەك بزمار بەزەویەکەوە نووساین، فزەمان لێوە نەهات، ڕاستیش هەر خۆمان لە کوڕی ئاغا دەترساین، چونکە ئەو بەردەوام بە دەمانچە زەندەقی ئێمەی بردبوو، چەند جارێکیش هەر بۆ دەرخستنی خۆی و ترساندنی ئێمە، دەمانچەکەی دەردەهێناو لولەکەی لەهەوا دەکردو یەك دوو گوللەی دەتەقاند، ئەو ڕۆژەش کە مستێکی لەخاوەن لگاوەکەدا، لەپڕ وەك خدری زیندە براکەم لەوێ ئامادەبوو، ئەوەندەمان زانی لەتەنیشترا مستێك بەروومەتی عەزە گوڕو کەوت، عەزە بەنەوعێك لەهاواریدا وەك ئەوەی چەقۆیەکی پێ کەوتبێ، یەکسەر لەشوێن خۆی دانیشت، ویستی دەست بۆ دەمانچەکەی ببا، خێرا برا گەورەکەم، جارێکی دیکە خۆی گەیاندێ و دەمانچەکەی لەبەر پشدێن دەرهێناو هەتا هێزیشی تیابوو شاپێکی تێوەژەند، ئێمە لەدڵەوە پێمان خۆش بوو، حەزمان دەکرد دەستێکی ئێمەشی لەگەڵ بوایە، ئەوەی لێی دەترساین، هاتنی جاشەکانی ئاغابوو، ئەوکاتەی کوڕی ئاغا لەهاواری دا یەکێ لەجاشەکان، کە تفەنگێکی ئینگلیزی پێ بوو، ڕووەو ئێمە هات، زانیمان کە ڕووداوەکەی لەدوورەوە بینیوە، بەڵام پێمان سەیر بوو، چۆن دەنگی عەزە گوڕوی ناسییەوە، بەغار هاتە لای ئێمە،

تفەنگەکەی لەشان هێنایە خوارێ، عەزە هەڵسایەوە، هێزێك هاتەوە گیانی، کەمێك غیرەتی پەیداکرد، جاشەکە لەئێمە نزیك بۆوەو رووی لەکوڕی ئاغا کرد:

ـــ ئەوە چییە کاك عەزیز؟!

عەزە گوڕو هەندێك خۆی تەکاندو رووێکی لە براکەم کرد، وەك ئەوەی پێی بڵێ، ئەوجا نۆرەی من هات ! دەستی بۆ دەمانچەکەی نێو دەستی براکەم درێژکردو وتی:

ـــ دەمانچەکەم بدەوە.

جاشەکە بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکا، لولەی تفەنگەی بەسنگی براکەمەوە نووساند، من ویستم هاوار بکەم، چونکە زانیم عەزە گوڕو زەبرێکی نامەردانە لەپشتەوە لە براکەم دەدا، جاشەکە بۆ ئەوەی براکەم زیاتر بترسێنێ پەنجەی خستە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەو بەرقەوە وتی:

ـــ دەمانچەکەی بدەوە..

براکەم وەك ئەوەی باکی بەهیچ شتێك نەبێ و نەزانێ لەو دونیایە چ باسەو هەر بۆ شەڕو ئازایەتی خولقابێ، زۆر بەبێ بایەخەوە بەجاشەکەی وت:

ـــ پیاو نی ئەگەر نەیتەقێنی!

دەتوت لە چاوی جاشەکەوە حەرفەکانی بێ غیرەتی خوێندۆتەوە، ئێمە لەو باوەڕە دابووین کە هەر دەبێ شتێك رووبدا، کەچی نەك هەر رووینەدا ، بەڵکو براکەم تۆزقاڵێکیش تێك نەچوو، بە پەنجەکانی لولەی تفەنگەکەی لەسەر سنگی وەلاناو بە دەنگێکی نزمەوە وتی:

ـــ کوشتنی من پیاوی خۆی دەوێ!

جاشەکە لەوە گەیشت، کە براکەم ئەوەی لێی نەترسێ چەکە، وەك ئەوەی چەکی هەموو دونیاش ئەو دروستی کردبێ، بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە توانجەوە وتی:

ـــ نەتۆ، نە عەزەگوڕ پیاوی ئەوەنین کەس بکوژن..

براکەم زۆر بەبێ منەت دەمانچەکەی کوڕی ئاغای فڕێ دایە سەر زەوی و هەر خۆیشی بەعەزەی گوت:

ــ هەڵیگرەوە، جارێکی دیکەش غەدر لەوانە بکـەیت خـۆت دەزانـی چـیت لـێ دەکەم!

جاشەکەو کوڕی ئاغا ملیان وەبەر گردەکە ناو بە هەورازەکەدا سەرکەوتن، ئێمەش لەناخەوە هەستمان دەکرد هەموو ئەو ترسەی کە کـوڕی ئاغـا لـە دەروونـی ئێمـەی رواندبوو، دەڕەوایەوە، ئەو رۆژە چ رۆژێکی خۆش بوو، کوڕی ئاغا لەبەرچـاوی ئێمـە، سەری شۆڕبکاو لەترسان زمانی نەگەڕێ. من لەدڵی خۆمدا زۆرم حەز دەکرد هـەموو ئەو مامۆستایانەش کە لەززەتیان لە سووربوونەوەو شکاندنی پەنجەکانمان دەبرد، ئـاوا بترسێنرێن، دڵمان بەوە خۆش بوو کە ئیدی کوڕی ئاغا لە قوتابخانەش چیدیکە ناوێرێ دەستدرێژیمان بکاتە سەر، من ئەوەی زۆر بیرم لێ دەکـردەوە، ئـەوەبوو کـە عــەزەگوڕ لەبەرچاوی کچە هاوپۆلەکەم نەمشـکێنێتەوە، چـونکە هەسـتم کردبـوو، هـەرکاتێك لەگەڵ کچەکە مـنی بینیبایـە، بەرقــەوە تەماشـای دەکـردم و لەگـەڵ مامۆسـتاکان دەکەوتە پستەپست، نەمدەزانی چییان پێ دەڵێ، بـەلاّم دەمزانـی باسـی منیـان بـۆ دەکا.

***

ئـەوەی کـە لەژیانمـدا لـەبیرم ناچـێتەوە ، ئـەو رۆژەیـە کـە نـەمزانی بۆچـی فەڕاشەکەمان لەدەرگای پۆلەکەمانی داو بەئاخافتنێکی بەپەلـە بەمامۆسـتاکەمانی وت:

ـــ مامۆستا.. لەژووری بەڕێوەبەر، داوای (سەرمەد) دەکەن.

مامۆستاکە وەك ئەوەی ئاگاداری شتێك بێ رووی لەمن کـرد، ویسـتی قسـەیەك بکا، بەلاّم نەیکردو بەچاو پێی وتم، کە لەگەڵ فەڕاشەکە بڕۆم.

ترسێك بە گیانم هەڵگەڕا ، بەڵام بەسەر خۆمم نـەهێنا ، بـیرم کـردەوەو لـەدڵی خۆمدا گوتم (حەتمەن دیسان برا گەورەکەم هاتۆتە ئیـدارەو لـەمنی پرسـیوە) ویسـتم بەفەڕاشەکە بڵێم، چی بووە؟ کەچی فەڕاشەکە بەپێش من کەوت و وتی:

ـــ عەزە گوڕو شكایەتی لیٚ كردووی..

پێم سەیر بوو، خۆ من نە شەڕێكم لەگەڵ عەزە گوڕو كردبوو نە هیچ قسەیەكیشم پێوتبوو ، ئەو بەر لەڕۆژێك لەگەڵ براكەم بەشەڕهات، چی داوە لەمن؟ كە گەیشتینە بەر دەرگای بەڕێوەبەر (عەزە) رووبەڕوومان هاتە دەرەوە، بەرقەوە سەیرێكی كردم و رۆیشت، لەهەنگاوەكانیدا دیاربوو، كە ئەوەی لەبن سەریدابوو، لەژوورەوە بۆ منی تێگوشیبوو. من لەبەر دەرگای ژووری بەڕێوەبەروەستام، راستییەكەی هەستم دەكرد ترس زیاترو زیاتر بە نێو جەستەمدا بڵاودەبێتەوە. دەمزانی تازە هەردەبیٚ بچمە ژوورەوەو تەحەمولی هەموو شتێك بكەم، لە نیگا مۆنەكانی عەزە بۆم دەركەوت ، بانگكردنی من، دەستی ئەوی تێدا بووە . فەڕاشەكە راستی كرد، خۆیشم لەدەموچاوی عەزەوە رق و كینەیەكی زۆرم بەدی كرد، خۆ ئەو دەیتوانی بیٚ ئەوەی شكایەتیش بكا، وەبەر شەقانم بدا، كیٚ هەبوو لەویٚ رێی لێبگریٚ ، ئەو دەیان جار لەبەرچاوی مامۆستاو بەڕێوەبەر زرمەی لەقوتابیان هەڵساندووە، ئەوجا دەستخۆشیشیان لیٚ كردووە، من پێم سەیربوو، ئەگەر شتێكم دەرهەق كردبیٚ ئەوە چ پێویستی دەكرد بچێتە ئیدارەو بەوان بەلێدانم بدا ؟ ئەو ئەگەر بیویستایە دەیتوانی هەر لەبەر دەرگای بەڕێوەبەر نەك زللەیەك، سەد شەقیشی تێهەڵدابام، بەلاٌم بۆ ئەمجارەیان وای نەكرد، ئەوە نهێنییەكی تێدابوو لێی تێنەدەگەیشتم، مەگەر هەر ئەوەبوویٚ كە رۆژی پێشوو براكەم لەبەرچاوی ئێمە دەمانچەكەی لێستاندوو غروری خستە ژێر پێمان، "تۆ بلێی ئەوەی ئێستا ، لە تۆڵەی دوێنیٚ نەبیٚ؟" فەڕاشەكە زۆر بەهێمنی و بەپەنجەكانی ئاماژەی چوونە ژوورەوەی بۆ كردم، منیش هەناسەیەكی قووڵم هەڵكێشاو ویستم ترس بەسەر دەموچاومەوە نەهێڵم، كەچی كە لەبەردەمی بەڕێوەبەر وەستام، هێشتا هیچ قسەیەكیش نەكرابوو، هەردوو قاچم لەرزین، بەڕێوەبەر كە خزمی دایكیشم بوو، زۆر بەتووڕەیی سەیری كردم، هەردوو چاویشی وەك بزمار چەقینە سەر قاچەكانم، بەڕێوەبەر سەری بەرزكردەوەو هێشتا لێوەكانی لێكنەترازابوون، مستێكی لە مێزەكەی بەردەمیدا ، تۆپەڵێك وشەی تێكەڵوپێكەڵی

لەدەم دەرپەڕی، دەتوت شەپلە قوڕێك بوو دەموچاومی پێ سواق کرد ، سەرەتا لەهیچ قسەیەك نەگەیشتم، بەڕێوەبەریش هەستی بەبێ ئاگایی من کرد، من لەجیاتی ئەوەی گوێ لە قسەکانی بگرم، لەخۆمەوە دیققەتم لەدەم و ددانی گرتبوو! دەتوت لەکاتی قسەکردندا پارووپەك نانی دەجوی، لەدڵەوە رقم لێی هەڵسابوو، ئەگەر توانام هەبوایە، پڕ بەدەمم لەقاقام دەداو هەڵدەهاتم، بەلاّم دەتگوت زەوی هەردوو قاچمی بۆ خۆی رادەکێشا، لەوێ متەقم لێبڕابوو، هێندە بەمەزڵوومی وەستابووم، هەر لەوە دەچوو، بە رەنگوڕووەمەوە پێی بڵێم، ئەمجارەش بمبوورە ! لەناکاو بۆم هەڵساو دەستی بۆ شوولکە دارێك درێژکرد، ئەو دارە بەدەستی خۆم ، لە رۆژێکی بەفربارینـدا وەك دیاریی بۆم هێنابوو، ئێستا هەر بەو دارە، حەسرمەیدانم دەکا. من کەمێك لە شوێن خۆم جوولاّمەوە، ویستم پێی بڵێم، ئاخر مامۆستا چیم کردووە؟ کەچی ئەو رێی پێنەدام و گورج بۆ لامەوە هات، شوولکە دارەکەی بەڕووی مندا راگرت و بەڕقەوە گوتی:

ــــ ئەوە براکەت چی لە عەزیز ئاغا کردووە؟

یەکەمین جار بوو گوێم لێ بێ عەزە گوڕو ببێتە عەزیز ئاغا، من لەسەرخۆ وتم:

ــــ من ئاگام لێی نییە مامۆستا..

بەڕێوەبەر، خراپتر بەسەرمەوە هاواری کرد:

ــــ زمانی چەند درێژە!! ئەتۆ فتنەکەت کردووە!

من نەمدەزانی چۆن وەلاّمی بدەمەوە، چی پێ بڵێم، تەنیا بەسەر لەقاندن تێمگەیاند، کە من پەیوەندیم بەشەڕەکەوە نەبوە ، کەچی ئەو زیاتر لێم هاتە پێش، بەهەموو توانایەوە گوێچکەیەکی راکێشام، دەتوت مەبەستییەتی لەبنەوە دەریبهێنێ، ئازارەکەی هێندە زۆربوو خۆیشم نەمزانی چ وشەیەك لەزارم دەرچوو، بەڕێوەبەر بەوەندەش نەوەستا بانگی فەڕاشەکەی کردو بەتووڕەییەوە بەسەر ئەویشدا نەڕاندی :

ــــ وەرە سەرمەد ببەرە ئەم ئاودەستخانەیە !

هێزێك بەنێو جەستەمدا گەڕا، خۆم لەدەستی بەڕێوەبەر دوورخستەوە، بەڵام فەڕاشەکە توند گرتمی، رووم لە بەڕێوەبەر کردو بەگریان و تووڕەییەوە وتم:

- براکەم لەکوڕی ئاغای داوە من چی بکەم؟!

دەمزانی ئەگەر بمبەنە نێو ئاودەستخانەکە، مانای وایە حەپسم دەکرێم , چەند قوتابییەکیان بەر لەمن لەوێ ئاخنیبوو، ئەوە پیسترین و گەورەترین سزابوو، ئەوەی ببردرایەتە ئەوێ، دەبوایە تا تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە لەوێ زیندانی بوایە. من هەوڵمدا پەلکێشی ئەوێم نەکەن ، بەڵام سوودی نەبوو، زۆریش گریام، کەچی تۆزقاڵێکیش سۆزو بەزەیی بەڕێوبەرەکەی نەبزواند، فەڕاشەکە منی وەپێش خۆی داو بردمیە ناو ئاودەستەکە!

***

فەڕاشەکەمان بەچاو تێیگەیاندم، کە ئەو لەئاست رەفتاری بەڕێوەبەرەکەمان، بێ دەسەڵاتە، لەسیمای پەشۆکاو و بێئۆقریەکەیدا نارەزاییەکی قوولم دەبینی، ئەو نەیدەتوانی بەزار هیچ شتێك دەرببڕێ، تەنیا شان و لێوەکانی پێکەوە بۆم هەڵتەکاند، لێی تێدەگەیشتم، ئەگەر بۆی بکرابایە، دەمودەست قورتاری دەکردم، من لەئاودەستی ژووری بەڕێوەبەرەکە، گوێم لێبوو، کە چۆن بەڕێوەبەر هاواری دەکرد:

- حەسەنە بۆر، نەکەی دەرگای ئاودەستەکەی لەسەر بکەیتەوە. با بۆ بابلباب تەمبێ بێ.. ئێمە تاقەتی ئەوەمان هەیە ئاغا لێمان عادز بێ..

من دەمزانی تازە دەبێ سزای شەڕەکانی برا گەورەکەم قەبول بکەم و بەرگەشی بگرم ، من لە دڵەوە ئارەزووی ئەوەم دەکرد کەنیو ئەوەندەی براکەم زمانم بگەڕابا، دەستم بجووڵابایەوە، لە کاتی تووڕەبوونمدا دەمارەکانی سەروسیمام رەپ بوەستانایە ، چ دەبوو بۆ چەند دەقەیەك دەست و پەنجەکانی ئەوم هەبوایە، ئەوکات دەمزانی چ دەکەم ، ئەگەر بۆ یەك لەحزە زمانی ئەوم بەقەرز وەرگرتایە، دەتانبینی چۆن چۆنی

دڵـی هـەموویانم دەوەسـتاند، زمـانی هـەموویانم لـەگۆ دەخسـت، ئـاوی جەسـتەی هەموویانم وشك دەكرد، دەبوایە وەك چۆن كوڕی ئاغـا لەبـەردەم چـاوی هـەمومان، لەگەڵ ئەوەی جاشێكیش لە تەنیشتییەوە وەستابوو ، كەچـی تۆزقاڵێـك غـیرەت بـە لەشیدا نەهات، چاوی شۆڕ كردو ڕۆیشت ، تـا نەگەیشـتە بـەردەرگای مـاڵی خۆیـان ئاوڕیشی نەدایەوە.. من ئێستا غیرەتی ئەو برایەم گەرەكە، ڕاستە هێشتا من منداڵم لەچاو براكەم، بەلاٚم ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە كە نەهێڵم چـیدیكە بەدەسـت ئـەو زاڵمانـە ئەزیەت بدرێم، ئاخر من چیم كردووە؟ بۆ دەبێ من لە جێگەی براكـەم سـزا بـدرێم ؟ ئەگەر ئەوان ڕاست دەكەن با بچن زمانی غیرەتیـان بـەڕووی ئـەودا دەربێـنن، بزانـە چییان بەسەر دێنێ، دڵنیام شاپ تڕێنیان دەكا، كەسیشیان ناوێرێ فزەیەك بكا..

من هەر گوێم بەدەرگای ئاودەستەكەوە نابوو، دەمویست هەموو قسەیەك ببیسم ، ئاخرین تووڕەییەكانی بەڕێوەبەرم گوێ لێ بێ، دەمزانی پاش كەمێكی دیكە ناچارە بڕوا، چونكە هەر زوو، دوای ئەوەی فەڕاشەكە دەرگاكەی لەسەرم داخست، وەك ئەوەی حەزبكا هەرچوار دیواری ژوورەكەش وەقسەبێنێ، زۆر بەتوندی نەڕاندی:

- ئەوە دەچمە دەرەوە، باش ئاگات لێ بێ..

بەڕاستیش هاوار كردنەكەی هێندە بەهێزبوو، نەك هـەر مـنی وەلـەرزین خسـت، هەستم بەلەرینـەوەی دیـواری ژوورەكـەش كـرد، دڵنیـابووم جەسـتەی فەڕاشـەكەش لەگەڵیدا راچەنیوە.

من گوێم لەترپەی هەنگاوە تووڕەكانی بەڕێوەبـەر بـوو، ترپـەكانی دڵیشـم لـەناو گوێچكەمدا دەنگیان دەدایەوە، تێكەڵ بـەئیقاعی هـەنگاوەكانی ئـەو دەبـوو، زانـیم بەڕێوەبەرەكە دەرگای ژوورەكەی كردەوەو دەرچوو، هەركە هەسـتم كـرد، ئـەو لـەوێ نەماوە، یەكسەر وتم:

- مام حەسەن لێرەی؟

ئەگەرچی چڕو چەهرەی  مام حەسەنم نەدەبینی بەڵام لە گۆڕانی نـەبرەی دەنگیـدا هەستم بە هەبوونی ترسێك کرد ، کە بینەقاقای ئەویشی گرتبوو،  لەسەرخۆ بەهێمنی پێمی وت :

- بێ دەنگ بە، سەعاتێك هیچ نییەو تەواو دەبێ!

تازە لەوە بێئومێد بووم، کە دەرگـای ئاودەسـتەکەم لەسـەر بکەنـەوە، ئـاوڕێکم لـەدواوەی خـۆم دایـەوە، بینـیم پەنجەرەکـە بەتـەواوی کرابـۆوە، هـەردوو دەسـتم بەرزکردنـەوە، قاچـێکم خستەسـەر بەلۆعەکـە، هـەوڵێکم دا قاچـەکەی دیکـەم بەرزکەمەوە، تەماشایەکی دەرەوەم کرد، تەنیا لەدوورەوە منـداڵێکم دەبـینی دەمـی خستبووە نێو بۆری ئەو ئـاوەی کـە لـەکونێکی دیـواری ماڵێـك دەردەچـوو، شـایەد هەرماڵی خۆیشی بووبێ، لەخۆمەوە تینویەتی گەرووی گرتم، لەپڕ شـرپەم لێوەهـات، فەوارەی ئاوی بەلۆعەکە بەسەروگێلاکم هەڵگەڕا، زانـیم کـەتنێکم کـرد، بەلۆعەکـە بەسەری بۆری ئاوەکەوە نەمابوو، وەکو کوێرێك بەدوای بەلۆعەکەدا دەگەڕام، دەست و پێم بەڕاست و چەپی خۆمدا دەکوتی، هێندەی نەبرد دەرگاکە کرایەوە، مام حەسـەنی فەڕاش، بێ ئەوەی وشەیەك لەدەمی بێتەدەر خێرا منی راکێشایە دەرێ، خۆی چـووە نێو ئاودەستەکە، من کەمێك تەماشای هەوڵەکانی مام حەسەنم کرد، بینـیم کەچـۆن لەشی پەکپارچە بوو بە ئاو، دیاربوو ئاوەکەی پێ نەدەوەستا، لەو ئانوساتەدا هەلێکی باشم بۆ رەخسا و سەیرێکی دەرەوەی ژووری بەڕێوەبەرەکەم کرد، کەسم لەوێ نەبینی، بێئەوەی بیر لەهیچ شتێك بکەمەوە، بڕیارمدا، تێی تەقێنم و هەڵبێم.. کـە لـەدەرگا گەورەکەی ناوەوەی قوتابخانە دەرچووم. یەکڕاست شانم بە دەستی بەڕێوەبەرەکە کەوت، پێدەچوو، ئەویش زەینی لەمن نـەبووبێ، هـەر وای زانـیبێ یـەکێ بم لەقوتابییـەکانی قوتابخانەکەم. کە گەیشتمە بەردەرگای شوورەی دەرەوەی قوتابخانە، ئیدی ترسم نەما، لەوێ وەسـتام، بـەزۆر هەناسـەکانم لەسـنگمەوە دەردەچـوون، ئـاوڕێکم لەبەڕێوەبـەر دایەوە، ئەویش زۆر بەسەرسامییەوە سەیری کردم، لەناکاو وەك تازە بەئاگاهاتبێتەوە،

که ئەوەی لەبن دەست پـێ تێپـەڕی و هـەلاَت ئـەوە مـن بـووم، دار حەیزەرانەکـەی بەڕوومدا بەرزکردەوەو هەموو گیانیشی لەگەڵدا دەلەرزی:

- وەرە بگەڕێوە!!

دڵنیابووم، کە بەهیچ شێوەیەك دەستی نامگـاتێ تـازە نـابێتیش بگەڕێمـەوە ، لەسەرخۆ دەرگاکەم کردەوەو پێم خستە دەرەوەی قوتابخانـە.. کـەمێك وەسـتام. لـەو دەمە لۆریە شەقوشڕەکەی (عومەر یەکدەست) هۆڕنەیەکی قایمی بۆ لێدام، دەتوت بۆ ررزگارکردنی من بەوێدا تێپەڕی، خۆیشم نەمزانی بۆ بەدوایدا رامکردو لەپشتەوە خۆم پێ هەڵواسی و لەتەنیشتیشمەوە سەیری شـوورەی قوتابخانەکـەم دەکـرد، کـە دوایـن رۆخی شوورەکە تەواو بوو، هەستم کرد جەستەم لەنێو تەونی جاڵجاڵۆکەیەکی زەبەلاح دەردەچێ و سوکنایییەك بەدەروونمدا هەڵدەگەڕێ.

❊❊❊

دوای رووداوی ئاودەسـتخانەکە بەتـەمای ئـەوە نـەبووم بەئاسـانی بگەڕێمـەوە قوتابخانە، ئەوەی بۆ من ببووە کێشەیەکی گەورە، ئەو کتێب و دەفتەرانەبوون کە لـە پۆلەکە جێمهێشتبوون. من دەمتوانی فێڵێکی وا بکـەم کـە لەماڵـەوە هەسـتی پـێ نەکەن، بەلاَم ئەگەر فەڕاشـەکەمان ئێـوارە هاتـە ماڵمـان و کتێـب و دەفتـەرەکانمی هێنایەوە، ئـەوکات چـی بڵـێم؟ کـێ دەڵـێ هـەموو رووداوەکـەش بـۆ خانەوادەکـەم ناگێڕێتەوە؟ مام حەسەن فەڕاشێکی زۆر بێدەنگ بوو، ئەگەر پرسیاریان لـێ نـەکردبا زەحمەت بوو لەرۆژێکا دوو قسان بکا، ئەو کابرایە لەگەڵ ئەوەی منی پێ قوتابییـەکی عـەجول بـوو، کەچـی هەسـتم دەکـرد لـەنێو هـەموو قوتابییـانی پۆلەکەمـدا مـنی بەکەسێکی نزیکی خوی دادەنا، ئەو فەڕاشە زۆرجار منی لەزەبری حەیزەرانی دەسـتی مامۆستاکان رزگار کردووە، جارێکیان لەسەر من قسەیەکی زۆر ناشیرینی پێ وتـرا، من چـەند چـرکەیەك لەچـوونم بـۆ قوتابخانـە دواکـەوتبووم، راسـتییەکەی ئـەو رۆژە

پێڵاوێکم لەناو زۆریی و قوولایی بەفری ناو کۆڵانەکەمان بەجێ مابوو، زۆرم هەوڵدا دەری بێنمەوە، کەچی دەتوت دەستێکی غەیب ونی کردووە و لێمی شاردۆتەوە، ئەوکاتە بەفر زۆر بە خێرایی دادەباری، دەتوت، پەلەی ئەوەی بوو لەئاسمان رزگاری بێ، مەودای بینین یەکجار کەمببۆوە ، من وەها پەشوکاو ببووم لەوەش دەترسام هەر لەنێو بەفرەکە بمێنمەوەو نەتوانم بستێك خوم بجولێنمەوە.

ناچار لە شوێن خوم هەڵسام، هەر بەمەزەندە رێگاکەم بڕی، لەبێ بەختی خوم ئەو دەمە کەسێکیش بەوێدا رەت نەبوو. هەرچۆن هەنگاوم هەڵدەهێنا، پێیەکانم تا ئەندازەی چۆکەکانم رۆدەچوون، هەرچۆنێك بوو بەتاکە پێڵاوێك خۆم گەیاندە قوتابخانە، من چاوەڕێ بووم یەکێ لەمامۆستاکان بەو شێوەیە ببینێ و ئافەرینم لێ بکا، کەچی وەك بڵێی هەڵەیەکی گەورەم کردبێ، مامۆستا لەپشت دەرگای ناو قوتابخانە رایگرتم، دوو سێ شوولکەداری لەڕانمداو بە گومانەوە وتی:

ــ پێڵاو چۆن لەبن بەفر عاسێ دەبێ؟!

فەڕاشەکە لەتەنیشت مامۆستاکە وەستابوو، دیمەنی هەر لەوە دەچوو کە هاتبێ بەرگری لەکوڕێکی خۆی بکا، پێڵووی چاوەکانی بەعاستەم لێکترازان، لەسەرخۆ سەری ماندووی بەرزکردەوە، تەماشایەکی مامۆستاکەی کرد، یەکەمجار تێیگەیاند، کە بەڵێ شتی وادەبێ، کەچی مامۆستاکە بەچاوی غەزەبەوە لەنێو چاوانی فەڕاشەکەوە راما، ویستی قسەیەکی ناشیرینی پێ بڵێ، فەڕاشەکە هەستی بەتووڕەیی مامۆستاکە کرد، هەوڵیدا لێی دوورکەوێتەوەو من و مامۆستاکە جێ بهێڵێ، کەچی مامۆستا وەك ئەوەی هێزێك رێی لێگرتبێ و ناچاری بکا بڕیاری لێدانی من هەڵبوەشێنێتەوە، رووی لەفەڕاشەکە کردو وتی:

ــ مەقسەدت چی بوو منت بەدرۆهێنایەوە؟!

فەڕاشە بەستەزمانەکە، هیچی نەکردبوو، تەنیا وەڵامی پرسیارێکی مامۆستاکەی دایەوە . هەستم کرد کە ناتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارەش بداتەوە، وا دەهاتە بەر چاو

وەك ئەوەی ناهەقییەكی بەرامبەر مامۆستا كردبێ و دەستی لەئیشو كاری ئەو وەردابێ، بەزەردەخەنەیەكی ترس ئامێزەوە وتی:

ــ ببوورە مامۆستا ئەو رۆژە كوڕەكەی منیش هەردوو پێڵاوەكانی لەنێو بەفر جێ مابوون، بەخوا دوای دوو رۆژ دەرمهێنان.

مامۆستا بەو وەڵامە زیاتر قەڵس بوو، پێدەچوو فەڕاشەكە قوڕی كێشەكەی خەستتر كردبێ. مامۆستا لەپڕ هاواری كرد:

ــ بڕۆ لەگەڵ خۆتی بەرە. بەبێ پێڵاو نەتانبینمەوە!

فەڕاشەكە هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە، دەستێكی من بگرێ، لەگەڵ خۆیم بۆ دەرەوەی قوتابخانە ببا.

ئەو رۆژەش كە لە ئاودەستخانەكەوە رامكرد، تەنیا لەبیری ئەوەدابووم، ئەگەر بەڕێوەبەرەكە ژوورەكەی خۆی بەو پڕ ئاویەو پەنگاوە لە بۆنی ئاودەست ببینێ هەردووچاوی دەچنە تەوقی سەریەوە، تۆڵەكە لەكێ بكاتەوە، تەنیا فەڕاشەكەی بەدەستە، خوا دەیزانێ تا ئێوارە تەنیا دوعای من ئەوە بووە، فەڕاشەكە سزا نەدرێ، چونكە ئەو هیچ خەتایەكی نەبوو. من كە سواری پشتی لۆرییەكەی (عومەر یەكدەست) ببووم تەنیا بیرم لای فەڕاشەكە بوو، دەمگوت ئێستا بەڕێوەبەرەكە دەبێ چی بەسەر بێنێ، چۆن باوەڕی پێ دەكەن كەمن خۆم رامكردووەو ئەو هەقی بەسەرەوە نەبووە ؟ ئەو رۆژە تا ئێوارە خۆیشم پێم سەیر بوو كە دڵم هێندە خۆش بوو، دەتوت لەناوەوەی خۆم بڕیاری تەرككردنی قوتابخانەم داوە.

ناوە ناوە ترسێك یەخەی دەگرتم، دڵی پەست و ناڕەحەت دەكردم، ئەو كاتەی كە بەرەو ماڵ رێم دەگرتەبەر، یەكسەر شتێك بەمێشكم داهات، كە ئەو ئێوارەیە نەچمە ماڵەوەو باشتر وایە لەماڵی باپیرەم بمێنمەوە، ئەگەر لەودەمە بە پێش ماڵی باپیرەمدا نەڕویشتبام، رەنگبوو ئەو رووداوە بۆم نەهێتە پێش. من زۆرم حەز دەكرد لەماڵی باپیرەم بژیم، هەموو ئەو رۆژو شەوانەی لەوێ دەمامەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو شەو و رۆژانەی لەماڵەوەم دەبردنە سەر عەرزو ئاسمانیان جیابوو، لەماڵی باپیرەم هەستم

بەهیچ ترس و نارەحەتییەك نەدەكرد، نازانم بۆ خـەوتنێكی ئێجگـار خوشـی هـەبوو، كەچی لەماڵەكەمان ئۆقرەم نەدەگرت. راستە لە دیوەخانی ماڵی باپیرەشم قامچیەك و تفەنگێكی ئینگلیزی بەدیوارەكەوە هەڵواسرابوو، بـەڵام زۆر كـەم پەنجـەكانی بـاپیرەم بەقامچیەكە دەكەوتن، باپیرەم هەموو جارێ دەیوت: ئەم قامچـیە تـەنیا بـۆ ترسـە، ئەگەر یەكێ نەترسێ و لەمن بێ منەت بێ، ئەوە وای لەحاڵی ! وابـزانم براگەورەكـەم یەك دووجار ئەو قامچیەی بەركەوتووە، بەڵام باپیرەم لە دڵەوە ئەو كـارەی نـەدەكرد، تەنیا بۆ رازیكردنی ئەو كەسانە بووە كە شكایەتیان لەلای باپیرمەوە لەسـەر براكـەم دەكرد.

هەر ئێوارەی ئەو رۆژە بڕیارمدا بەرەو ماڵی باپیرەم بڕۆم ، من هێشـتا لـەدەرگای دەرەوە نزیك نەببوومەوە، یەكێكم لەمامەكانم بینی، هەر لەچاویدا هەستم بەڕوودانی شتێك كرد، خەریك بوو، تەنیا چاك و چۆنی لێبكەم و بڕۆم، كەچی ئەو بـەپێش مـن كەوتو وتی:

ــ چییە رێگای ماڵەوەت بزر كردووە؟!

زانیم ئەو مامەم شتێك لەبارەی منـەوە دەزانـێ، هەوڵمـدا بەئاسـانی بیـدوێنم، كەچی گیانم لەرزینێكی تێكەوت، دەتوت لەنێو بەفردا چەقیوم، مامم لەسەرخو وتی:

ــ بۆ ناچیتە ژوورێ؟...

هیچ وەڵامێكم پێ نەدرایەوە، رووەو دەرگاكە چووم، پاڵێكم پێوەناو لەگەڵ جیڕەی دەرگاكە گوێم لێ بوو مامم وتی:

ــ باپیرەت تازە دەرچوو.

ئاوڕێكم لێ دایەوە، هێشتا لێم نەپرسیبوو "بو كوێ چوو؟" ئەو وتی:

ــ چووە ماڵی ئێوە..

ویستم بڵێم "چی بووە؟" ئەو دیسان بەپێش من كەوت و وتی:

ــ وابزانم شكایەتت لێ كراوە!

***

زۆرم پێ ناخۆشبوو باپیرەشم بە شەڕوشۆڕەکانم بزانێ،من هەر جارێك ڕێم بکەوتایە ماڵی باپیرەم ،سوکنایییەك بە دڵمدا دەهات، خانووەکەیان ژوورێکی گەورەی تیا بوو، هەر لە دیوەخانی دەکرد، لە وەختی نانخواردندا هەموو لەو ژوورە لەسەر یەك سفرە دادەنیشتن، زۆر جار ئەو ژوورە هێندە قەرەباڵغ دەبوو، جێگە نەدەما لێی دابنیشی، باپیرەم بەردەوام حەزی لەوە بوو ماڵەکەیان ئاوا پڕ بێ، لە هەمووش خۆشتر بۆ من ئەو شەوانە بوون، کە لەسەر بانی ماڵی باپیرەم، وەك کەسێکی ئەو ماڵە، جێگەیان بۆ رادەخستم، بە درێژایی هاوین نووێنەکانم لەسەربان نەدەهێنرانە خوارێ، بۆ من ئەوێ زۆر لە ماڵەکەمان خۆشترو گەرمترو بێ کێشەتر بوو، لەوێ هەستم دەکرد زووتر گەورە دەبم، زۆرتر قسەم لەگەڵ دەکرێ و زیاتریش دەمتوانی بچمە دەرێ، ئەو رۆژەی کە لەبەر دەرگای ماڵی باپیرەم وەستابووم و دەمویست بچمە ژوورەوە، زۆر بەوە نارەحەت بووم کە مامێکم پێی وتم (باپیرەت لە ماڵ نییە، چۆتە لای ئێوە) وەك ئەوەی هەواڵێکی زۆر ناخۆشم پێ بدرێ، هەستم کرد فرێیان دامە نێو کانییەکی ساردو سڕ، لە سەرمانا جەستەم خەریك بوو دەبێتە شەختە، مامم لە گۆڕانی خێرای سیمای من گومانێکی بۆ دروست بوو، بە دیققەت تێمڕاما، لێم نزیکبۆوە، بە سەرسامییەوە وتی:

- ئەوە چیتە، نەخۆشیت ؟!

ویستم خێرا لەوێ دوورکەومەوە، رووی خۆم وەرگێڕاو هێشتا هەنگاوێك بە نشێوەکەی بەر دەرکی ماڵی باپیرەم دا نەچووبوومە خوارێ، دەستێکی قورس، لە پشتەوەم رایکێشامەوە :

- کێوە، چ قەوماوە، دەتەوێ بڕۆیت؟

نەمتوانی هیچ شتێك بڵێم، چونکە دەمزانی باپیرەم بۆچی چۆتە ماڵمان، دڵنییابووم ئەو شەوە حەشرم پێدەکرێ، ئەوەی ئەو رۆژە لە قوتابخانە روویدا، خەتاکەی هەمووی دەخرێتە سەر من، تازە نە دەتوانم بچمە ماڵەوە، نەدەشتوانم لە ماڵی باپیرەم بمێنمەوە، هەستم دەکرد شتێکی پیرۆز لە نێو دەروونمدا دەڕووخێ، هەموو دەرگاکان

به روومدا دادەخرێن ، دەوروبەرم یەکپارچە دەبووە شاخێکی زەبەلاح ، پــڕ لــە دۆڵ و عاسێ، من لە بناری ئەو شاخەدا ، وەك مێروولەیەکی بێ شانەو ماڵ ، سەرلێشــێواو دەخولامەوە ، کۆمەڵێك مرۆڤی بیچم وەحشەتناك ، دەهاتنە بەر چاوم ، بەیەك ئیقاع بۆم دەهاتن ، وشەی سەیرو سەمەرەیان لە دەم دەردەچوو، لــە هیچــیەك لــەو وشــانە تێنەدەگەیشتم ، مامم کە دەستی منی گرتبوو، لێــی دەترســام ، شــێوەی هــەر لــەو پۆلیسە دەچوو، تاوانبارێکی گرتبێ و رەوانەی زیندانی بکا ، هەر لەخۆمەوە قــوڵپی گریان بە گەروومدا هەڵگەڕا ، چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسك، لەپڕ گریام ، مامم کــە هێشتا دەستی بەرنەدابووم ، بە دەنگێك کە لەوە دەچــوو نارەحــەت بــووبێ، هــاواری کرد:

- چییە، شەڕت کردووە؟

بە دەم گریانەوە وتم:

- نا، نا، بەرێوەبەرەکەمان......

نەمتوانی قسەکانم تەواو بکەم، مامم بە تووڕەییەکی زیاترەوە وتی:

- ئێ، دەی چ بووە؟!

- بە قسەی عەزە گوڕوو منی لە ژوورەکەی حەپس کرد ...

یەکجێ هەر دوای ئەو چەند وشەیە، سەرو سیماو زمانی مامم گۆڕا، ئەو جارەیان بە ڕقەوە رووی تێمکردوو وتی:

- ئەگەر شتێکی قۆڕت نەکردبێ بۆ وای لێکردی؟

ویستم بڵێم فەڕاشەکە ئاگادارە کە من تاوانم نــەبووە، کەچــی نــەمگوت ، پــاش کەمێ بێدەنگی، یەکسەر دەستی گرتم و بە زۆر بردمیــە ژوورەوە، مــن نەمدەویســت ئەو ئێوارەیە لەوێ بمێنمەوە، چونکە دەمزانی ئەگەر باپیرەم بێتەوە بەو قامچییەی کە لە ژووری دیوەخانەکە هەڵواسرابوو، سەروگێلاکم شین و مۆر دەکــا. هەرکــە چــوومە ژوورەوە هەوڵمدا زوو خۆم بگەیێنمە قامچییەکە، بەڵام نەمتوانی، مامم یــەك بســت لێم دوور نەکەوتەوە، دەتوت لەوە دڵنییابوو کە شتێکم لە بــن ســەرە، ئــەوەی زیــاتر

بۆمن جێی گومان بوو، ئەو کاتە بوو کە مامم یەکسەر منی بـردە ژووره گەورەکـە، ئەو شوێنەش کە لێی دانیشتم، دروست لە ژێر قامچییەکە بوو، دووسێ جار هەر لـە خۆمەوە سەیری قامچییەکەم دەکرد، لە ناکـاو قامچـییەکە لـە بـەر چـاوم بـوو بـە مارێکی ڕەش ، بە دیوارەکەدا دەهاتە خوارێ، جارێکی دیکەش بە ترسەوە لێـی ورد بوومەوە ، بەڵێ خۆی بوو، مارێکی ڕەش ، ڕەش لە ڕەژوو ڕەشتر، دەتوت تازە لە نێو ڕۆن و گریز هاتۆتە دەر، پێستەکەی شەوقی دەدایـەوە، هێزێـك لـە شـوێن خۆمـەوە هەڵیتەکاندم، هەستامە سەرپێ، لە هاوارمدا، ویسـتم بـە خێرایـی ڕاکەمـە دەرەوە، کەچی مامم وەك ئەوەی پاسەوانم بێ توند گرتمی:

- چییە، شێت بووی؟

بە تیلەی چاوێکم کە پڕ بوو لە ترس، سەیری مامم کردوو بە سەرسوڕمانەوە وتم:

- نابینی، ئەی ئەمە مار نییە؟

مامم لە قسەکانی من حەپەسا، لە چاوەکانی ڕا دیار بوو لە من کەوتە گومـان، وایزانی بە درۆ وادەکەم:

- ماری چی و تەڕەماشی چی؟!

پێم سەیر بوو مامم ئەو مـارە زەبەلاحـەی نـەدەدیت، وامـدەزانی بـە ئانقەسـت واملێدەکا، هەردوو چاوە زەقەکانی مامم لێبوونە چاوی مۆڵەقبووی کوندەبەبوویەك ، مستێکی نەرم بە نێوەندی پشتم کەوت ، لە نێو دەستی مامم کە بەسـەر سـەرمەوە دیار بوو، مارەکە پەپکەی خواردبوو، کلکەکەی لە لووتم دەخشاند:

- کوا، ئەمە مارەکەتە؟!

لەو دەمە گوێم لە جیڕەی دەرگاکە بوو، بـاپیرەم لەگـەڵ هاتنـە ژوورەوەیـدا ، لـە بەردەم خۆیەوە بۆڵەبۆڵی دەکرد، نێو چاوانی گرژو چاوی سوور هەڵگەڕابوو، ڕووی لـە مامم کردو وتی:

- دەی هێندێك تەمبێی بکە!

- بۆچی باوکە چی کردووە؟

- خۆی دەزانێ ...

قەت باپیرەم ئاوا تووڕەو بێزار نەبینیبوو، هەستم دەکرد لەو ژووره گەورە جێـی نابێتەوە، وەك کەسێکی نیگەران ئەم سەرو ئەو سەری دەکرد، من چاوەڕێی ئەوە بووم قامچییەکە لە دەست مامم دەربێنێ و بە لێدان شل و کفتم بکا، کەچی وەك ئــەوەی بە دوای شتێکدا بگەڕێ و لە ناکاو بیدۆزێتەوە، لە شوێن خۆی وەستا، ئـاوڕێکی بــە گومانی لە من دایەوە:

- بەلۆعەکەی ئاودەستیشت بە ئانقەست شکاند، وانییە؟!

لەسەرخۆ وەك ئەوەی بمەوێ هەڵچوونەکەی دابەزێنم، پێموت:

- نا بەو خوایە، من هەر دەستم پێکەوت، لەخۆوە سەرەکەی دەرپەڕی!

باپیرەم هەر دە پەنجەکانی تێکئالاند، دەتوت تۆپەڵە رقێك لە نێو دەستەکانیدایەو دەیشێلێ، دوو جار بۆم هاتە پێش و گەڕایەوە، وا هاتە بەر چاوم کە بییەوێ شوێنێك لە جەستەم داغ بکا، ئەو جارەیان وەك بیەوێ رێ لە ئەگەری هەلاٌتنم بگـرێ، خێـرا بۆم هات و هەتا تاقەتی تیا بوو زللەیەکی لێدام:

- ژووری مودیرەکەشت کردە گواو؟!

من لەگەڵ لێدانی زللەکە بەرچاوم تاریك بوو، لە شوێن خۆم دانیشتم، سەرم خستە نێوان هەردوو چۆکەکانم، لەوەش دەترسام نۆبەتی قامچـی لێـدانم بـێ، گـوێم لێبـوو باپیرەم پستە پستێکی لەگەڵ مامم کرد، نەمزانی چی پێ گوت ، بەلاٌم هەسـتم کـرد مامم خێرا چووە دەرێ ، بەخەیاڵمدا هات مامم بەو زللەیە نارەحەت بووبێ، رەنگبێ قامچییەکەشی لەگەڵ خۆیدا بردبێ، ژوورەکە تەواو لە بێدەنگیدا نقـوم ببـوو، تــەنیا گوێم لە هەناسەو ترپەکانی دڵـی خـۆم دەبـوو، پێدەچـوو بـاپیرەم چـووبێتە دەر، بــە عاستەم سەرم بەرز کردەوە، راست و چەپ چاوم دەگێڕا، کەسم نەدەبینی، ئاوڕێکم بۆ پشت سەری خۆم دایەوە ، قامچییەکە لە شـوێن خـۆی نـەبوو، دڵنییـا بـووم مـامم بردوویەتی، سەیرە ئەوانە بۆ کوێ چوون، بۆ منیان جێ هێشت ؟ تۆ بڵێی کەسێك بــە دوایان دا هاتبێت ؟ هەستم دەکرد لە هەموو قوژبنێکی مـاڵی بـاپیرەم قسـە لەسـەر

کەتنەکەی من دەکریٚ، گویٚم لە دەنگە دەنگ و پستە پستیٚکی زۆرو تیٚکەلاٚو دەبوو، وامدەزانی ئیٚستا بۆم دیٚنە ژوورەوە و لە فەلاقەم دەدەن، ئەو رۆژەم هاتەوە بیر کە چۆن باپیرەم لەززەتی لەشریقەی قامچییەکە دەبرد، کاتیٚ بەرزی دەکردەوەو زرمەی لە بن پیٚیەکانی نەوەیەکی خۆی دەهیٚنا، زیرەی ئەو مندالە دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك، بەلای باپیرەم ئەوە گرنگ بوو، کە نەوەکەی بە دەنگ هاوار بکا " تۆبە، گووم خوارد، جاریٚکیدیکە واناکەم" ئەو کات وەك بڕوای بەو قسەیە بیٚ ، دەستی لیٚهەلدەگرت ، بەلاٚم دواجار تفیٚکی بۆ فڕیٚدەدا و لەعنەتیٚکیشی بۆ رەوانە دەکرد . من ئەو رۆژە چاوەڕیٚ بووم نۆبەتی منیش دابیٚ ، چونکە من و ئەو کوڕە مامەم کە لیٚدانی پیٚکەوت ، ئەو رۆژە سەعاتە ریٚیەك لە شار دوور کەوتبووینەوە ، تا ئیٚوارە لە نیٚو رووبار مەلەوانیمان کردبوو، کە گەڕاینەوە باپیرەم هەردووکمانی راگرت ، سەیری چاوەکانمانی کرد ، زۆر بە دیقەت تیٚیڕوانین ، پەنجەی هەڕەشەی لیٚ بەرزکردینەوە و پرسیاریٚکیشی لیٚکردین، کەچی هەر خۆی وەلاٚمی دایەوە ، ئەوەندەی نەبرد ئەو کوڕەی بردە ژوورەوەو بوو بە هەرا ، داپیرەشم کە هیچی پیٚنەدەکرا رووی لە من کردو وتی :

- باشە لە خنکان نەدەترسان ؟ شەرتبیٚ دەبیٚ لاقی هەردووکتان بشکیٚنیٚ ...

کوڕە مامەکەم تا بە خوا سویٚندی نەخوارد و دووجاریش نەیگوت گووم خوارد ، باپیرەم دەستی لیٚهەلنەگرت، من لە شویٚن خۆم وەکو ئیٚستا هەلتروشکابووم، چاوەڕیٚ بووم نۆبەتی من بیٚ، کەچی باپیرەم لە ژووریٚ هاتە دەریٚ و قامچییەکەی پیٚ نەبوو، تەنیا دەستی لیٚم بەرز کردەوەو هەڕەشەی لیٚکردم :

- ئەگەر پیاون جاریٚکیدیکە دەچنە مەلەوانی !

ئیٚستاش کە لە هەمان ژوور دانیشتووم، باوەڕ ناکەم بە سەلامەتی لە بن دەستییەوە دەرچم، هەر دەبیٚ چەند قامچییەکم پیٚبکەویٚ، بەلاٚم بۆ نەچم سەیریٚکی دەرەوە بکەم ، کیٚ دەلیٚ ئەوان لیٚرە ماون ؟ لەسەرخۆ هەلسامەوە و لە دەرگای ژوورەکە نزیك بوومەوە ، بە هیٚواشی هەندیٚکم کردەوە، لە درزی نیٚوان دیوارو

دەرگاکە سەیرێکی حەوشەکەم کرد ، کەس لەوێ دیار نەبوو ، دەنگی هیچ کەسێکیش نەدەهات ، بە فرسەتم زانی بچمە دەرەوە ، کەمێك لەوێ وەستام ، لـە دوورەوە گـوێم لە هەندێك دەنگ بوو، دەنگەکان تێکەڵوپێکەڵ بوون، بەڵام لە نێوانیانـدا یـەکێکیانم ناسییەوە، هیچی لێ تێنەدەگەیشتم، وام زەندەبرد، دەنگی ئەو مامۆستایەیە، کە بەر لە چەند رۆژێك، هەڕەشەی ئەوەی لێکردم کە لەلای باپیرەم شکایەتم لێدەکا، چـونکە دەیزانی باوکم بۆ شارێکیدیکە گواسترابۆوە، ئەو مامۆستایە دووجار بە زللـە لـووتمی بە خوێن هێنابوو، کەچی من قەت لە ماڵەوە یان لە لای باپیرەم نەمگێڕاوەتەوە ، ئەو رۆژەش کە هەڕەشەی لێکردم، تەنیا لەبەر ئەوە بوو، لە دەرسەکەی ئەو، لەگەڵ کچـە هاوپۆلەکەی تەنیشتم، قسەمان کردبوو، بۆ خۆیشی رقـی ئـەو دونیایـەی لـەو کچـە دەبۆوە، ئەگەر پێی شورەیی نەبوایە دەست و پەنجە ناسکەکانی ئەویشی وەکـو ئێمـە دەپەنماند، کە گوێم لـە دەنگـی ئـەو مامۆسـتایە بـوو، هێزێکـی ترسـناك بـە نێـو جەستەمدا رەتبوو، قاڵدرمەیەك کە بە دیواری دەرەوەی ژوورێکدا هەڵواسرابوو، هاتە بەر چاوم ، بە هەنگاوی پڕ لە نیگەرانییەوە لێـی نزیـك بوومـەوە ، بڕیارمـدا لـەوێ دوورکەومەوە ، تازە یەك رێگام بە دەستەوە مابوو، دەبێ بەو قاڵدرمەیە سەر بکەوم، بچمە سەربانەکە، لەوێش بە غار خۆم فڕێ بدەمە کۆڵانەکەو قورتارمبێ لە دەسـتیان . دوو هەنگاو بە سەر قاڵدرمەکە کەوتم، باشتر گوێم لە دەنگەکان دەبوو، تا رادەیەك لێکم جیا دەکردنەوە، هەر چەند دەنگەکان نزیك دەبوونـەوە ، منـیش سـەردەکەوتم ، دوو پێپیلکەم مابوو بگەمە سـەرەوە ، دەرگـای حەوشـەکە بـە هێواشـی کرایـەوە ، دروست ئەوەی بیرم لێدەکردەوە ، خۆی بوو، ئەو مامۆستایە بوو، کـە مـن زۆر لێـی دەترسام، لە هەموویان زیاتر دەستی دەوەشـاند ، هـەر کـە دەچـووینە دەرسـی ئـەو مامۆستایە، بێئـۆقرەیی دەچـووە گیـانی هـەموومان، مامۆسـتاکەش هەسـتی بـە نارەحەتی ئێمە دەکرد، زۆرجار هەوڵیدەدا خۆی وەك کەسێکی لێبوردە دەربخا، کەچی لە پڕ خۆی لەبیر دەچۆوە و دەهاتەوە سەر دۆخی جاران، کە تووڕەش دەبوو ئەوەی لـە دەستی بوایە بۆ ئێمەی فڕێدەدا، بە لایەوە گرنگ نـەبوو بـە کوێمـان دەکـەوێ ، زۆر

جاریش ئێمە بە ئانقەست تورەمان دەکرد، بەتایبەتیش ئەو کاتانەی پشتی لـە ئێمـە دەکرد و سەبوورەکەی سپی دەکردەوە .. ( سەبۆ سوور ) لە دەرسی ئـەو مامۆسـتایە هێندە عەجول و بەدفەڕ دەبوو، کەس نەیدەتوانی سەیری بکـا، هەرکـە مامۆسـتاکە رووی وەردەگێڕا، ئەو بە پێوە دەوەستاو دەموچاوی خـۆی بـە چـەند شـێوەی سـەیرو سامناك نیشانی ئێمە دەدا، ئێمەش یان دەترساین، یان لـە خۆشـیان دەتریقاینـەوە، مامۆستاش دەیزانی لە پشتەوە چ باسە، ئەویش یا ئەوەتا خۆی گێل دەکرد، یـان لـە پڕ خۆی وەردەگێڕاو هەرچی لە دەستی بووایە، تەباشیر، مساحە ، کتێب، مەسـتەرە، بۆ ئێمەی دەهاوێشت، خۆو شانس بە یەکێکمان هەر دەکەوت .. ئەو رۆژە دەیانگوت (سەبۆ سوور) دوو مشکی لەگەڵ خۆی هێنابوونە پۆلەکە ، کە ئەو مامۆستایە دێتـە ژووریٚ ، لە ناکاو لە کاتی دەرس گوتنـەوەدا ، هـەر دوو مشـکەکە دەبینـیٚ، چـاوی دەچێتە تەوقی سەری، قوتابیان وەك ئەوەی بۆ ئەوانیش رووداوێکی نویٚ بیٚ، دەیکەن بە هەڵلا (ئەوەتا .. مامۆستا ئێستا دەیانکوژین .. هات هـات چـووە بـن پێـی تـۆ ..مامۆستا بیانگرە ..دەی بیکوژە ..ئەها چوونە پشت دەرگاکە ..ئێـرە بۆتـە کونـە مشك ..........) ئێمە بە هەراو هوریـاوە ، هـەر یـەکێکمان لـە شـوێن خۆیـەوە کتێبێکی بەرز دەکردەوەو تونـد لـە رەحلەکـەی بـەردەمی خـۆی دەدا. ئـەوەی رق و کەللەییبوونی مامۆستاکەی زیاتر دەکرد، قیـژەی کچـەکان بـوو، دەتـوت ئـاگر لـە ژوورەکە بەربووە، مامۆستاش لە نێو هەراو حیتە حیتی قوتابیان و قیژەی کچـەکان، رایکردە دەریٚ، بەر لەوەی لە دەرەوە دەرگامان لە سەر پێوە بدا، تۆپەڵە تفێکی پڕ لە رقی بۆ ژوورەکە فڕێدا، ئیدی تا وەختی دەرسەکە تەواو بوو، نەمانبینییەوە.

( سەبۆ سوور) کە خۆی کوڕێکی سوورکەڵە بوو، لەو کاتانەش کـە ئـەو کارانـەی دەکرد، بیچمی وەك تەماتە سوور هەڵدەگەڕا، دەتوت خوێنی هـەموو لەشـی لەسـەر روومەتەکانی کۆبۆتەوە، ئێمە کەسمان لە سـەرەتا نەمانـدەزانی ئـەو مشـکانە چـۆن هاتوونەتە ژوورەوە، یەکەم جاریش بوو مشك لەو ژوورە ببینین ، کەچی (سەبۆ سوور) چەند جارێك بە مامۆستاکەی گوت:

- ئا ، دوێنێش دوو مشکم بینی، هەفتەی پێشوش یەکێکم کوشت !

من گومانم لە قسەکانی ( سەبۆ ) هەبوو، چونکە کە قسەی دەکرد بە تیلەی چاوەکانی تەماشایەکی منی دەکرد و بە جۆرێکیش لە مامۆستاکە رادەما وەك ئەوەی پێیبڵێ "مامۆستا ئەوە سەرمەد ەمشکەکانی هێناوەتە پۆلەکە" من دەمزانی گەرەکی بوو بە بەردێك دوو چۆلەکە بپێکێ، هەم مامۆستا لە من دەهری بکا، هەم رەیحانەش بە چاوی سووك تێمبڕوانێ .کاتێك مامۆستا چووە دەرەوە، ئەو پێشی هەموومان غاریداو بە دوای مامۆستاکە کەوت، ئەوەی لە ژوورەوە مایەوە تەنیا من و رەیحانە بووین، من لە مانەوەماندا لە پۆڵەکە نیگەرانیم پێوە دیاربوو، ویستم بە کچە بڵێم "باشترە بچینە دەرەوە" کەچی دڵم نەهات ئەو قسەیە بکەم، ئەو هێندێك بە شەرمەوە وتی :

- بۆ نارەحەتی ؟

من نەمتوانی هیچ وەڵامێکی بدەمەوە، بە بێدەنگی سەرم داخست رەیحانە هەولێکی زۆری دا بمباتە دەرەوە ، کەچی لە شوێن خۆم نەجوولامەوە ، ، دەتوت زەمەنێکە لە تەنیشت ئەودا بەو شێوەیە دانیشتووم، هەستێکی خۆش بە نێو لەشمدا دەخولایەوە و رێگەی ئەوەی لێدەگرتم قسەیەکی بۆ بکەم، لەو ساتە حەزم دەکرد هەردووکمان ببینە پەیکەرێك و ئەوانەی دێنە ژوورەوە لە بەرامبەر ئەو موعجیزەیە سامگرتوو بن ..من چاوەکانم نوقاندبوون لەپڕ گوێم لە دەنگی بەڕێوەبەرەکەمان بوو، هەر کە چاوم هەڵێنا، شوولکەدارێك بەسەرم کەوت:

- چی دەکەن لە ژوورەوە ؟!

کچە هاوەڵەکەم لە وەڵامدا بە پێش من کەوت :

- هیچ ، دەرسمان دەکرد ..

بەڕێوەبەرەکە بە توانجەوە پێی وتین :

- ئێوە خەوتان لێ کەوتبوو بەڕێزینە !!

من له شوێن خۆم حەپەسام، خەریك بوو دڵم بوەستێ، هەر ئەوەندەم پێکرا بڵێم ( نا ، دەرسمان دەکرد ) بەڕێوەبەر وەك ئەوەی تاوانبارێکی گرتبێ، نوکی دارەکەی لە سەر سنگم راکرد و وتی:

- هەستە سەرپێ، کێ ئەو مشکانەی هێناوەتە ژووری ؟
- من ئاگام لێ نییە.

جارێکیدیکە بەسەرمدا قیژاندی و هەموو گیانیشی لە حەژمەتان دەلەرزی :

- درۆزن ، بزانە چیت بەسەر دێنم !

***

من گومانم لە (سەبۆسوور) هەبوو، کە هێنانی مشکەکان لە بن سەری ئەودا بووە ، لەوەش تێگەیشتبووم کە "سەبۆ" بۆ وا دەکا، رەیحانەش پێیوابوو "سەبۆ لە باوەشی شەیتان گەورە بووە !" من وەکو ئەو کچە هاوڕێیەم رقم لە "سەبۆ" نەدەبۆوە، بە دیقەت ئاگاداری ئەوەش نەبووم کە ئەو کوڕە چۆن چۆنی لەگەڵ رەیحانە دەجوولایەوە ، من لەیەك شتدا زۆرم خۆشدەویست، ئەو کوڕێکی زۆر بە جورئەتو بێ منەت بوو، کوڕێك لە تەمەنێکی وادا، کە هێشتا هەر بە منداڵ بوو ، رۆژ نەبوو بە عاسێترین شوێنی ئەو خەرەندە ترسناکە نەچێتە خوارەوە ، کە ناوە ناوە خەڵکێکی زۆری بۆ نێو هەناوی خۆی هەڵدەلووشی ، لەو دەچوو خۆی بە دوای مردندا بگەڕێ ، وەك خۆی دەیوت "ئێمە چاوشارکێ لەگەڵ مردن دەکەین" زۆر جاریش دەیوت (سەرمەد ئێمە زیادەین..) ئەوەی بۆمن جێگەی سەرسوڕمان بوو من نەمدەزانی بۆچی هێندە رقی لە عەزە گوڕو دەبۆوە ؟ ئەگەر ناوی بهێنایە دەیوت (عەزە تەپۆ)، لە دواییدا زانیم مەبەستی لە تەپۆ، تەمبەڵیی عەزە گوڕو نەبوو، بەڵکو لە جۆرێکی "مێشوولە" بوو کە لە کاتی پێوەدانـدا هەستت پێنەدەکرد ، دواتر لە شوێنی پێوەدانەکە دڵۆپە خوێنێك جێدەما ، هەر بەڕاستیش عەزە گوڕو لەو نەوعە مرۆڤانە

بوو، کە لە ناکاو زەبری خۆیـان دەوەشـێنن , لێشـناگەڕێن دەسـتی هـیچ کەسـیان بگاتیێ، خۆ عـەزە گـوڕو ئەگـەر ویسـتبای، دەیتـوانی بـە ئاشـکراش زەبـری خـۆی بوەشێنێ، بەڵام لە زۆربەی جاراندا، دەبوایە یەك دوو پیاوی لەگەڵ بوایە .عەزە زۆری هەوڵدەدا سەبۆ بۆ لای خۆی راکێشێ ، بەڵام نەیـدەتوانی ، ئەگەرچـی سـەبۆ لەبـەر چاوی عەزە خۆی وانیشان دەدا کە لەگەڵ من سارده و زۆر حەز بە بینینیشـم ناکـا ، بەڵام قەت بۆ حەزو دڵخۆشکردنی عەزە دژایەتی منی نەدەکرد ، مـن دەمزانـی ئـەو رکابەریەی کە هەندێ جار لەگەڵ مندا دەیکرد ، تەنیا لەبەر ئەوە بـوو کـە سـەرنجی (رەیحانە) بۆ لای خۆی رابکێشێ ، وەکیدیکە قەت لە چاوەکانیدا هەستم بەرقێکی وا گەورە نەدەکرد کە نیگەرانم بکا، یاخود لێیبترسم . کچە هاوڕێیەکەم ئەگەرچی کەیفی بەو کوڕە نەدەهات، بەڵام قەتیش هەوڵی نەدەدا من و ئەو والێبکا رووبەرووی یـەکتر ببینەوەو شەڕو شۆڕ لـە نێوانمانـدا هەڵایسـێ . پێدەچـوو ئـەو رۆژەش کـاتێ سـەبۆ مشکەکانی لەنێو پۆلەکەدا بەرەڵاکردن ، هەر بۆ ئەوە بووبێ من لەبەر چاوی رەیحانـە سووك بکات ، من هەر زوو بەر لەوەی بەڕێوەبەرەکە بانگم بکاتـە ژوورەکـەی خـۆی زانیم ئەوە کاری سەبۆیە . کاتێکیش بەڕێوەبەر پێمی وت :

-راستیەکەمان پێ بڵێ چ مەبەستێکت هەبوو لە هێنانی ئەو مشکانە؟!

من وەك کەسێکی بێ دەسەڵات کـە رووبـەرووی تـاوانێکی گـەورە بکرێتـەوە ، لەسەرخۆ وتم:

-من ئاخرین کەس بووم چوومە نێو پۆلەکە.

بەڕێوەبەر زۆر تووڕە بوو، مستێکی لەمێزەکەی بەردەمی دا و هەڵسایەوە:

- کێ شاهیدتە؟!

هەستم کرد کلیلی دەرگای کێشـەکەم دۆزیـەوە ، بـە خێرایـی بـۆ ئـەوەی نـاوی شاهیدەکە لە ناو مێشکم رەت نەبێ وتم:

-فەڕاش .

هەر زوو دەرگای ژوورەکەی کردەوەو بانگی فەڕاشەکەی کرد، فەڕاش هەر کە منی بینی بیچمی لەبەرچاوم گۆڕا، بەڕێوەبەر رووی تێکردوو لێی نزیك بۆوە:

-تۆ سەرمەدت بینی کە هاتە قوتابخانە؟

فەڕاشەکە وەك سەربازێکی بەردەم ئەفسەرێك، وەڵامی بەڕێوەبەرەکەی دایەوە:

-بەڵی مامۆستا...

-کێ لە دوای ئەو هات؟

فەڕاشەکە کەمێك وەستا، پێدەچوو چەهرەی قوتابیانی پۆلەکەمان بهێنێتە بەرچاوی خۆی، وەك ئەوەی هیچ بەپەلە نەبێ، لەسەر خۆ وتی:

-دوو یان سێ قوتابی.

-کێ یەکەم کەس و کێ ئاخرین کەس بوو؟

فەڕاشەکە وەك کارئاسانی بۆ کرابێ خێرا وتی:

-یەکەم کەس "سەبۆ" بوو ئاخرین کەسیش "رەیحانە"، بەڕێوەبەر کە ناوی سەبۆی گوێ لێ بوو یەکسەر تێڕوانینەکانی گۆڕا، کە ناوی رەیحانەشی بیست بەلاچاوێك کە پڕ بوو لە توانج و پلار سەیری کردم، بە پەنجەیەکیش وەك ئەوەی نەیەوێ چیدیکە لەبەر دەمی بووەستم، ئیشارەتێکی پێدام و بەسەر لەقاندنیش پێی گوتم، کە بچمە دەرەوە.. هەر کە لە ژووری بەڕێوەبەر هاتمە دەرێ، فەڕاشەکە بە دوای منەوە هات، یەکراست رووەو پۆلەکەمان چوو، من هەر لە خۆمەوە حەزم نەدەکرد لەوساتەدا سیمای سەبۆ ببینم، ئەو دەمە ئەگەر بچوومایە ژوورەوە ، رەنگ بوو شەڕێکی گەورە روویدابا، بەڵام ئەوەی باشبوو، کەمێکیش هێور بوومەوە ، رەیحانەی کچە هاوڕێکەم هەر لە دوورەوە لە چاو و جەستەی من ، بەرائەتی منی خوێندەوە ، هەستم کرد ئەگەر لە قوتابخانە نەبوایە لە دوورەوە بۆمی غاردەدا و توند باوەشی تێوەردەهێنام . لەو دەمەی من و رەیحانە پێکەوە وەستا بووین لەززەتمان لە خەندە پڕ بەرائەتەکانمان وەردەگرت، هەر بەچاو لەگەڵ یەکتر دەدواین. سەبۆ و فەڕاشەکە بەبەردەم ئێمەدا تێپەڕین، کە ئاوڕم دایەوە، دیار بوو بەڕێوەبەر وەك ئەوەی لەسەر

پشکۆ وەستا بیٚ ئۆقرەی نەبوو، کە سەبۆ گەیشتە بەردەمی هێشتا فەڕاشەکە دوور نەکەوتبۆوە، زرمەی زللەیەکی وامان هاتە گوێ، دەتوت لادیوارێکی قوتابخانەکەمان تەقی، بەدوایدا دەرگاکە داخرا، تەنیا گوێمان لە هاتو هاواری بەڕێوەبەرو پاڕانەوەی سەبۆ دەبوو، قسەکان هەموویان تێکەڵ و پێکەڵ ببوون، من و رەیحانە بە هێواشی وەك ئەوەی نەمانەوێ کەس لە خەوە خۆشەکانیان بە ئاگا بێنینەوە، هەنگاومان هەڵدەهێنا، یەکدوو شەقاومان نەمابوو بگەینە بەر دەمی پۆلەکە هەر زوو زانیمان کە ئەوە دەنگی سەبۆیەو لەتاو ئازارەکانی دەستی دەزیرێنیٚ... من خۆم چونکە گەلێك لێدانی وام بینیبوو، زۆریش لە دەست زەبری ئەو لێدانانە ئازارم چەشبوو، دڵم بە زیرەکانی سەبۆ خۆش نەبوو، بە دڵ حەزم دەکرد بچمە ژووری بەڕێوەبەر و ئەو کوڕە لەو ژوورە دەربهێنم... هەستم کرد رەیحانەش بە قیژانەکانی سەبۆ نارەحەت دەبوو، من و رەیحانە هێشتا دەرگای پۆلەکەمان نەکردبۆوە، جەستەیەك وەك ئەوەی بە چەند کەسانێك فڕی بدریٚ، لەبەردەمی دەرگای بەڕێوەبەر رەمبەی لێوەهات، سەبۆ لەگەڵ ئەوەی خراپیش کەوتبووە سەر زەویەکە کەچی چاوە بزێو و گەڕۆکەکانی لەسەر دیمەنی من و رەیحانە وەستا، کە فەڕاشەکە بەو شێوەیەی بینی، لەوە دەچوو سکی پیٚ سوتابیٚ، بۆی چووە پێش، وەك گیشەدارێك لە ئەرزەوە هەڵیگرتەوە، سەبۆی بڵند کردو لەسەر پیٚ وەستاندی، ئەو جارەش سەبۆ بە رقەوە سەیری منی کرد، ئەو نەیدەزانی کە ئەوە فەڕاشەکە بوو کارەساتی مشکەکانی بۆ بەڕێوەبەر ئاشکرا کردبوو، بەڕێوەبەر هەر زوو گەیشتبووە ئەو قەناعەتە، کە ئەو کەسەی نەخشەی بۆ ئەو کارە دانابێتەوە ئەوە دەبیٚ بەر لە هەموو کەس خۆی بخزێنێتە ژوورەو خێراش بێتە دەرەوە. سەبۆ کە فەڕاشەکە بۆ لای پۆلەکەمانی دەهێنا. گەیشتنە نزیك ئێمە، من ویستم پێی بڵێم کە ئەوە خەتای من نەبووە، کەچی وەها لێم مۆڕ بۆوە، ترسی ئەوەم لێنیشت لێمان ببێتە شەڕ. رەیحانە بە چاو ئیشارەتی بۆ کردم، کە نەچمە ژوورەوە، منیش بەگوێی ئەوم کرد، هێندێك لە پۆلەکە دوورکەوتینەوە، دەمانویست خۆمان لە شەڕی سەبۆ بەدوور بگرین، کەچی دوای ساتێکی کەم سەبۆ وەك ئەوەی بچێتە نێو جەنگێك

و بەشەهامەتەوە رووبەڕووی دوژمنەکانی ببێتەوەو بێ منەتیش بێ لەوەی کەچی روودەدا، رووبەرووی من هات ، منیش بۆ ئەوەی خۆم وانیشان نەدەم ، کە بە هاتنی ئەو تۆقیوم، وەك دار بۆی چەقیم، بینایيم لە بیناکانی گیرکرد، چاوم بۆی نەتروکاند، من زیاتر لەو هەستم بەهێز و پشتیوانی دەکرد، رەیحانە بۆمن هێزێکی گەورە بوو ، کە لە وەختی پێویستدا بە هانامەوە دەهات ، سەبۆ وەك ئەوەی دڵنیابێ لە سەرکەوتنی خۆی ، بێ وەستان بۆم هاتە پێش ، پەنجەکانی گرمۆلە کردن، لێوەکانی خۆی دەگەزی ، رەیحانە پێدەچوو وای بیرکردبێتەوە کە باشتر وایە بەر لەوەی بگا بە من ، رێ لە سەبۆ بگرێ، هەرواش بوو، هێشتا سەبۆ چەند هەنگاوێکی مابوو لێمان نزیك بێتەوە، رەیحانە چووە پێش ، بێ ئەوەی سەری بۆ دانەوێنێ ، رووبەرووی وەستا، دەتوت سەرە ژنێکەو لەو جۆرە شەڕانەی بینیوە ، سەبۆ ویستی خۆی لێ لابدا ، رەیحانە پێشی لێگرتەوەو وتی :

-دەتەوێ چ بکەیت... ئەگەر ئازابوویت بۆ وات بەسەر هات؟

جیڕەی دانەکانی سەبۆم گوێ لێبوو. بە تووڕەییەوە لە دوڕ چاوم راما:

-ئەگەر بەوان نەوێرم... خۆ بە تۆ دەوێرم!

(سەبۆ) وەك ئەوەی نەیەوێ لەوە زیاتر رەیحانە لێی بێتە پێش، خێرا خۆی گەیاندە من، بێ ئەوەی یەك وشەی لە دەم بێتە دەر، تا هێزی تیا بوو، مستێکی لە نێو چاوانم دا، لە پڕ بەر چاوم تاریك بوو، چەند جارێك بە دەوری خۆمدا خولامەوە ، تەکانێکم دایە خۆم ، ویستم هەنگاو هەڵێنم بۆ پێشەوە ، کەچی وەك ئەوەی بەسەر رێگەیەکی زگزاگدا بڕۆم بەملاو بەولادا لار دەبوومەوە ، کەمێك دەوەستام دواتر بۆ دواوە دەگەڕامەوە ، رەیحانە وەك کەونە جلێکی گەچراوی بە تەناف هەڵواسراو دەهاتە بەر چاوم ، ، بە چاوی خۆم بینیم کە چۆن لەو کاتەی من رمبەم لێوە هات، ئەویش وەك کۆلارەیەك ئاسمان هەڵیلوشی، من تەنیا ئەوەندەم گوێ لێبوو کەسێك هاواری کرد:

- سەبۆ بوو، هەلات ..سەبۆ بوو بیگرن .. نەهێڵن بڕوا.

که چاوم هەڵێنا، سەرم لەسەر کۆشی فەڕاشەکە بوو، چەند قوتابییەك دەورەیان دابووم ، هەندێکیشیان لە تەنیشتمەوە دانیشتبوون، رەیحانە دروست لە بەرامبەرم وەستابوو، لە یەکەم سەیرکردندا وەك پیرەژنێك هاتە بەر چاوم، دەتوت زەمەنێکە بەسەر سەرمەوەیە، لەخۆمەوە شەرمێك دایگرتم، خێرا هەڵسامەوە، بێ ئەوەی سەیری هیچ کەسێك بکەم هێندێك خۆم داکوتا، یەکڕاست چوومە پۆلەکەمان، کتێبەکانم هەڵگرتن و هاتمە دەرەوە، وەك ئەوەی هیچ کەسێك نەبینم بەبەر دەمی هەموویان رەتبووم، هەموو شتێك لەبەر چاومەوە وەك دیوارێکی پان و بەرینی لێهاتبوو. هەستم دەکرد ئەو قوتابیانەی لە راڕەو و حەوشەش وەستابوون هەموویان ببوونە دیوارێکی بەرز. لەچاو تروکانێکدا قوتابخانەکەم لە دوای خۆمەوە جێهێشت، کە گەیشتمە شەقامی بەر دەرگای قوتابخانە، سەبۆم لەو بەری جادەکەوە بینی، ئەویش هەر کە چاوی پێمکەوت خێرا بە کۆڵانەکەدا هەڵگەڕا، منیش بێئەوەی بیر لە هیچ مەترسییەك بکەمەوە لە جادەکە پەڕیمەوە، بە دوای سەبۆدا رامکرد، تا من جادەکەم بڕی ئەو لە هەورازی کۆڵانەکەش ئاودیوببوو، بیرم بۆ ئەوە چوو رەنگبێ سەبۆ یەکراست بچێتە ماڵەوە. لەوەش ترسام بیەوێ بەو هەڵاتنە ماندووم بکاو دواتر زەبرێکی خراپم لێ بدا، ئەو کاتەی بە هەورازەکەدا هەڵدەگەڕام بیرم دەکردەوە (ئەگەر سەبۆم بکەوێتە دەستان هەموو سەرو گێلاکی دەشکێنم) حەزم نەدەکرد هیچ کەسێك بە رێگاوە ببینم، لە بەختی من تا هەورازەکەم تەواو کرد چاوم بە کەس نەکەوت، چەند هەنگاوێکی دیکە چوومە پێش هەستم کرد چیدیکە ناتوانم بڕۆم، لەپڕ ئەوەی لەبەر چاوم بوو سەراونقوم بوو. لە شوێن خۆم دانیشتم، زانیم هێشتا لەژێر زەبری مست وەشاندنەکەی سەبۆ دەرنەچووبووم. بەبیرم نایێ چەند لەو شوێنە مابوومەوە ، ئەوەی بۆ من جێگەی سەرسوڕمان بوو، کە چاوم هەڵێنا سەبۆم بینی ، لەبەر چاوم قیت وەستابوو، وەك ئەوەی بەچەند کەسێك بەرزم بکەنەوە، خێرا لەسەر پێ وەستام، جارێکیدیکە بە دیقەت سەیرێکی سەبۆم کردەوە، عەجیب! ئەو کەسەی بینیم هەر لە سەبۆ دەچوو، ئیستا بۆ گۆڕا ! ئەی خودایە من شێت بووم، یان ئەمە بەڕاستی برا

گەورەکەمە؟ چەهرەی لەوە نەدەچوو بە هانای منەوە هاتبێ، هەر کە سەیری دەستو پەنجەکانیم کرد زانیم بۆ لێدانی من ئامادەی کردوون، بێ ئەوەی بهێڵم نقەی لێوە بێو دەستێکیش بوەشێنێ وەك فیشەکە شێت بۆی دەرچووم، بە نشێوەکە هاتمە خوارێ، لە سەری کۆڵانەکەی نزیك جادەکە بەلای راست بام دایەوە، دەمزانی براکەم لە من بەغارترەو هەر دەمگاتێ، ناچاربووم بچمە نێو دوکانەکەی (برایمە گۆج)و خۆم فڕێبدەمە بن دەستی. ئەو زۆر باش منی دەناسی، دیاربوو هەر زوو لەوە گەیشت کە شتێك روویداوە، بێ ئەوەی هیچم لێ بپرسێ بەهەردوو قاچی منی پاڵدایە بن مێزەکە، منیش خۆم وێکهێنایەوە، ماوەیەك بەو شێوەیە مامەوە، برایمە گۆجیش وەك ئەوی منی لەبیر چووبێ هەندێ جار قومپانی پێیەکانی بە پشتی من دەخوراند،من لە کونەکانی مێزە کۆنەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، هیچ ئاسەوارێکی براکەمم نەبینی، خۆم بە شتێکی سەیر هاتە بەر چاو، هەر لەو پشیلەیە دەچووم خاوەن ماڵ وەدەرینابێ و لە کونو قوژبنی ماڵێکیدیکە گیرسابێتەوە. بیرمکردەوە، تۆ بلێی هەموو ئەو شتانەی دەیانبینم خەیاڵ نەبن؟! من بەدوای کێدا چووم و کێ بە دوامدا هات؟ بەڵام کوا خۆ هیچ کەس نابینم بە دوای مندا بگەڕێ، ئەوەی هەیە تەنیا قاچە قوڕسەکانی برایمە گۆجن، کە خەریکە بە نێو پشتمدا دەچنە خوارێ، برایمە گۆج بێ ئەوەی تۆزقاڵێکیش خۆی تێکبدا هەرچی دەهاتە دوکانەکەی زۆر بە ئاسایی بەڕێی دەکرد، ئەگەر کەسێکیش بهاتبایە ژوورێ ئەوە لە شوێن خۆی هەڵنەدەستا، من ئەو شوێنەی خۆم تیا مەڵاس دابوو هەر وەکو کونە مارێك دەهاتە بەر چاوم، فکرم بۆ ئەوە چوو، ئەگەر ئێستا براکەم بزانێ من لێرەم بە نوکەداران پشتم کون کون دەکا، بە دەردی ئەو مارەم دەبا کە باوکم بەر لە سێ ساڵ لەکونی ئەو کۆڵکەدارەی دەرهێنا کە خۆی تیا حەشار دابوو، مار چ مار بە حیساب دوانزە پێ دەبوو، دروست دوو بەرابەری بەژنی براکەم، ئەو کاتەی مارەکەمان هێنایەوە شار خەڵکی بە سەرسوڕمانەوە تەماشایان دەکرد، هەبوو هەر بۆ حەزی خۆی چەند جارێك مارەکەی دەپێوا، زۆر لەو منداڵانەش کە بۆ سەیرکردن لە مارەکە نزیك دەبوونەوە لە ترسا

هۆپێکیان دەکرد، کەمێك بۆ دواوە دەکشانەوە، مارەکە بە نوکەداران هەموو لەشی کون کون ببوو، کە لە دەموچاوی ورد دەبویتەوە لەخۆتەوە خۆفێکت لێهەڵدەنیشت، واتدەزانی هاکا زیندوو بۆوەو پڕیدایە یەکێکتان ..لەشوێن خۆمەوە ئاوڕێکم لە برایمە گۆج دایەوە، برایم لەسەر کورسییەکە هاتە خوارەوەو چوار مەشقی چووە بەر دەمی دوکانەکەی، سەیرێکی راست و چەپی خۆی کرد، من هەر لە کونی مێزەکەوە دەموچاوی برایمە گۆجم خوێندەوە، زانیم شتێکی بینیوە، لەو ساتە ناخۆشەدا هەستم دەکرد بۆنی خەستی تەحینی نێو دوکانەکە بۆ لای خۆییم رادەکێشێ، ئێمە لەماڵەوە ئەگەر ئەو بەیانییەی تەحینمان هەبوایە وامان دەزانی کەسانێکی بەختەوەرین، هەر کاتێکیش تەحینمان بکڕیبایە ئەوە بە غاردان خۆم دەگەیاندە ئەو دوکانە و بایی دە فلسم تەحین دەکڕی ، زۆر بە ئاگاییەوە دەمگەیاندەوە ماڵێ . من لەکاتێکدا هەر لەژێر مێزەکەوە دانیشتبووم و چاوەڕێی هەواڵێکی مام برایم بووم، هەستم دەکرد لیکاوی دەمم تامی تەحینی لێدێ. مام برایم بەخێرایی هاتەوە ژووری، وەك ئەوەی تازە منی بیر هاتبێتەوە بیەوێ خەبەرێکم پێبدا ،خێرا دەستێکی بۆم درێژ کردو رایکێشامە دەرێ، نیگای لە نێوچاوانم گیربوو:

- ئەوە هەنیەت بۆ وا ئەستوور بووە؟!
- لەگەڵ سەبۆ سوور بە شەڕ هاتم.
- عەمرت نەمینێ، سەبۆ وای لێکردی؟
- بەڵێ.

مام برایم وەك ئەوەی غەدرێك لە کوڕەکەی کرابێ بە تووڕەییەوە وتی:

- ئەوجا هێشتا خۆتی لێدەشاریتەوە؟!
- نا، من برا گەورەکەم راویناوم!
- ئێستا کەس لە دەرەوە دیار نییە، تەنیا مامۆستایەکتان لەوبەر وەستاوە، خێراکە بڕۆ.

به ئاستەم سەرم بەرزکردەوە، هاتمە بەردەمی دوکانەکە بێ ئەوەی سەیری هیچ شوێنێك بکەم یەکسەر رووم لەکۆڵانەکەی پێشوو کرد، جارێکیدیکە رقێك لە قووڵایی دەروونمدا چەکەرەی کرد و بە نێو جەستەمدا هەڵگەڕا ، لە هەورازەکەی بەردەمم رامام، بڕیارمدا بەبێ راوەستان تا بەر دەرکی ماڵی سەبۆ نەوەستم. لە دڵی خۆشمدا دەموت (سەبۆ ئەگەر کوڕی پیاوانی ئێستا لە ماڵەوە دەبیت. نەڕۆیت ها! شەرتبێ لەبەردەرکەی ماڵەوەتان تۆڵەی ئەو مستەت لێبکەمەوە، تۆ ئەو پیاوە نەبوویت زەبری ئاوا لەمن بوەشێنی، دەزانم ئەوە سەمە بەرد بوو بە نێو چاوانم کەوت، کێوە دەچی، بچیتە بن پەڕەکەی هەور هەر دەتگرم، تۆ دەتویست لەبەر چاوی رەیحانە پۆتم بشکێنی، تازە مەگەر قوتابخانە تەرك بکەی، دیارە ئەو رۆژەت لەبیر چوو ئەگەر من پێترانەگەیشتبام گووی ئاودەستخانەی قوتابخانەیان دەرخوارد دەدای .

هەر کە گەیشتمە سەرووی هەورازی کۆڵانەکە ئاوڕێکم بۆ دواوە دایەوە، لەوە دەچوو لەمێژبێ کەسێك بەدواوەم بووبێ‌و زۆریش بانگی کردبم، لە پڕ رەیحانەم بینی، ئیشارەتی بۆ دەکردم کە بگەڕێمەوە لای، وەك تەنەکە ئاوێکی ساردم پێدا بکرێ لە شوێن خۆمدا چەقیم ، بەسەری لێوەکانمەوە وتم " ئەمە وەختبوو هاتی رەیحانە ؟!"

***

ئەو رۆژە لە بەر خاتری رەیحانە هەموو رق و کینەیەکم شاردەوە، ئەگەرچی ئەو هەستی بە تووڕەیی من کردبوو، دەیزانی زۆر زەحمەتبوو لە سەبۆ ببوورم، بەڵام ئەو نهێنییەشی لە مندا دۆزیبۆوە، کە بە نیگایەکی دڵسۆزانەی خێرا سارد دەبمەوە، راستییەکەی هێوربوونەوەی من تەنیا لەو کاتانە بوو کە ئەوم دەبینی، خۆ ئەگەر ئەوم لێ دیار نەبوایە ئەوە زۆر زەحمەت بوو لە کەسێ قەبول بکەم ئاوام بەسەر بێنێ، سەبۆ ئەگەرچی ئەو رۆژە رقێکی گەورەم لێ هەڵگرتبوو، بەڵام هەستم دەکرد لە دەروونمەوە خۆشمدەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارمدابوو هەر دەبێ تۆڵەی مستە بەردینەکەی ئەو

ڕۆژەی لێبکەمەوە. ڕەیحانە داوایەکی زۆری لێکردم و گەلێکیش پاڕایەوە کە تـوخنی نەکەوم، من ئەوکات بەڵێنم پێدا کە بە گوێی دەکەم، کەچـی ڕۆژی دوایـی لـەجیاتی ئەوەی ڕێگای قوتابخانە بگرمەبەر، بەیانی زوو لەسەر ڕێگەی نزیك ماڵی سەبۆ، خـۆم لەپشت دیوارێك مەلاس داو چاوەڕێ بووم بێتە دەرێ ، لە دوورەوە گـوێم لـە جـیڕەی کردنەوەی دەرگای حەوشەکەیان بوو، بە تەواوی خۆم بۆی ئامـادە کـرد، هێشـتا لـێم نزیك نەببۆوە لە دڵی خۆمدا وتم "سەبۆ دەمەوێ لەبەر چاوی خەڵکی بتشـکێنمەوە ، شەرتبێ دەرسێکت پێ بدەم قەت لەبیرت نەچێتەوە، تـۆ ئەگـەر پیاویـت بەبـەردەمی مندا تێدەپەڕیت، پیاوبە ڕێگاکەت مەگۆڕە، قـەت نـاهێڵم ئەمڕۆکـە بـە سـەلامەت دەرچیت، دەبێ منداڵانی گەڕەکیش هۆیهات لێبکەن، چما من ئەو کەسە بووم وا بـە ئاسانی بتوانی زەبری خۆتم لێبدەی؟ بزانە چیت بەسەر دێنم؟ دەبێ سەرت بخەمە نێـو ئەو تەنەکە زبڵەی بەر دەرکەتان ، خۆ من دەزانم لەبەر ڕەیحانە ڕقت لەمنە، ئاخر من چبکەم ، ئەوحەز ناکا لەمن زیاتر کەسێکیدیکە لێی نزیك بێتـەوە، مـن چـەند جـار پێموتووە سەبۆ کوڕێکی خراپ نییە، کێ دەڵێ ئەو ڕقەی ڕەیحانە، خەتاکەی تۆ نیتو تۆ شەڕت پێی نەفرۆشتووە؟ من لە گۆشەی چاوە سـوورەکانتەوە بـاش تێدەگـەم کـە شەوانیش ناخەویت، هەر لەبیری ئەوەیت چۆن بتوانیت ڕۆژێ لە ڕۆژان بچیتە تەنیشت ڕەیحانە، بۆ ئەوەی لە دڵەوە قاقا بەمن پێبکەنی، بۆ شەوی داهاتووش بە ئیسـراحەت تا بەیانی خەوت لێبکـەوێ، زۆر غەڵـەتی بـرادەر، ئـەوە مـن نـیم ڕێ لـەو خەونـە جوانانەت دەگرم، تۆ وادەزانی بەو مستەت، کە لە نێوچاوانمت دا ، من لـە تەنیشـت ڕەیحانە هەڵدەقەنی، یان ڕەیحانە رادەکێشیتە لای خۆت؟ سەیرکە ئەم پشقلانە دەبینی، دەبێ یەك یەك بیانخەمە ناو زارت، سەرو گێلاکت لەناو ئەم سییانە بگەوزێنم، ئەوەی بتبینێ دە کۆڵان لێت دوور کەوێتەوە، تازە یان دەبێ من مەکتەب تەرك بکەم ، یان دەبێ تۆ، من کە ئێستا هەموو روخسـارت دەشـێوێنم ئیـدی چـۆن غیرەتـت دێ لـە پۆلەکە دابنیشی؟ دەبێ وات لێبکەم هەفتەیەك لە ماڵەوە نەهێیتە دەرەوە، چاوت لە بەرامبەر هیچ کەس بەتایبەتیش ڕەیحانە هەڵنەیێ، دەبێ خەڵکی دەستە دەستە بێنـە

لات، دوعای خێرو چاکبوونەوەت بۆ بکەن، دەبێ دختۆری ئەم شارە بێنە سەرت نەزانن بە چ دەردێکەوە دەناڵێنی، نەزانن بە چ دەرمانێ قورتارت دەبێ، کەس نەزانێ کەی هەڵدەستیتەوە. بە نووشتەی هیچ شێخ ومەلایێ سەر بەرزنەکەیتەوە .. وەرە پێش، کەمێکیدیکە لێم نزیك بەرەوە، ئەوجا نیشانت دەدەم من کێم، نیشانت دەدەم کە من ئەو کەسە نیم ئەوەی لەبەردەم رەیحانە بە مستێکی بەردین بێهۆشت کرد ، من هاتووم لێرە لەنزیك ماڵی خۆتان تاقیت بکەمەوە، دەمەوێ بزانم تۆ هەمان ئەو کوڕە مەردەی کە ئەو زەبرە لەناکاوەت لەمن وەشاند ؟.

سەبۆ چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە بەر دەمی من ، وەك ئەوەی بە هیچ شێوەیەك ئاگام لەخۆ نەمابێ، دەنگێکی پڕ لەکینە لە قوڵایی هەناومدا دەرپەڕی:

- سەبۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ !!!!!!

سەبۆ وەك ئەوەی لەناکاو عەزیایێك لەبەردەمیدا قیت ببێتەوە لەپڕ ستۆپێکی کرد، وەك دار لەشوێن خۆی چەقی، هەردوو چاوی بە ئەبڵەقی وەستان، من چەند هەنگاوێك بۆی چوومە پێش، بە چاوی خۆم بینیم ترسێك وەك مار بە گیانیدا هەڵگەڕا، زانی کە من نیازم خراپە، خێرا رووی خۆی وەرگێڕاو کتێبەکانی دەستی فڕێدان، بێئەوەی هیچ ئاوڕێك بداتەوە رێك بەرەو ماڵ گەڕایەوە ، منیش بێ ئەوەی لە بڕیارەکەم دوودڵ بم، بە دوای ئەودا رامکرد، سەبۆ دروست لەبەر دەرگەی ماڵی خۆیان قاچی تێکئالاو لەسەردەم راکشا، تۆز بەر دەرگەیانی گرت، لەچاوترووکانێکدا گەیشتمە بان سەری، دەتوت لە دڵەوە قەراری ئەوەی دابوو خۆی تەسلیم بە دەست و پێیە شەڕاویەکانی من بکا، هیچ بەرگریەکی لەخۆ نیشان نەدا، منیش بێ ئەوەی حسێب بۆ هیچ کوێی جەستەی بکەم، یان بیر لەوە بکەمەوە کە کەسێکی ماڵەوەیان بەهانایەوە دێ، یان نا، بە هەموو هێزو توانام شاپێکم لە ناوەڕاستی پشتی دا، هاوارێکی ترسناك لە دەمیەوە دەرچوو، ویستم پێلەقەیەکیش بە تەپڵی سەری بکێشم، بەقیژەیەکی تیغئامێزی دایکی ، لەشوێن خۆم وەستام، چەند شەقاوێك بۆ دواوە گەڕامەوە، هێندەی نەبرد باوکیشی گەیشتە لامان، بێ ئەوی تاقە پرسیارێکیش

بکا وەك دڕندەیەکی برسی هەڵیکوتایە سەر من، کۆنە پێڵاوێکی تێگرتم کە ژێرەکەی وەك بەرد وابوو، ڕاست بە پشتی سەرم کەوت، هاوارێك لە دەممەوە دەرچوو، لەو دەمە دایکی سەبۆش ویستی شەپازللەیەکم لێبدا، بەڵام نەمهێشت بەرم کەوێ، هەستم کرد سەبۆ خەریکە هەڵدەستێتەوە، دەمزانی ئەگەر وابکا حەتمەن زەبرێکی نامەردانەم لێدەدا، گوێم لێبوو دەنگە دەنگی خەڵکی کۆڵانەکە وەك گیزە گیزی کۆمەڵە مێشێك زێترو زێتر دەبوون، تا دەهات لە ئێمە نزیك دەبوونەوە، لەساتە وەختێکی کەمدا بەر دەرگای ماڵی سەبۆ پڕبوو لە خەڵك، لە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا کەسێك وەك فیشەکە شێتە بۆ لای ئێمە دەهات، ڕووبەڕووی باوکی سەبۆ وەستا، سەرم سوڕما لە ئامادەبوونی برا گەورەکەم، وەك ئەوەی لەدوورەوە ئاگاداری هەموو ڕووداوەکە بێ، یەکسەر یاخەی باوکی سەبۆی گرت و وتی :

-چ بووە کاك ڕەحمانی خەرتەلی ..؟!

باوکی سەبۆ وەك ئەوی وەك ئەوەی بۆ شەڕ هاتبێتە دەرەوە ، تا هێزی تیابوو بە دوو دەست براکەمی بۆ دواوە پاڵدا، براکەم خۆی پێ نەگیرایەوە، پشتاوپشت کەوت، لەولاوە سەبۆ بە پارچە ئاسنێکەوە خۆی گەیاندە سەری، هێندە نەمابوو نێو چاوانی شەق بکا، من وەك ئەوەی لەسەر ئیسپرینگێك وەستابم لەشوێن خۆم بەرزبوومەوە ، کەللەیەکم بەنێوچاوانی سەبۆدا کێشا، سەبۆ هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە دەموچاوی خۆی بگرێو بەخێرایی بکشێتە داوە، براگەورەکەم وەك پڵنگێکی بریندار هەڵسایەوە، دوو کەس ڕێیان پێگرت، بەڵام نەخێر وەك ئەوەی لە نێو ڕووبارێکی تیژڕۆدا بێ و بە ئاڕاستەی پێچەوانە سەرکەوێ، هەردوو کەسەکەی بەلادا بردنو ڕمبەی لە باوکی سەبۆوە هێناو ئیدی بووە ڕۆژی حەشر، من سەبۆم ڕاودەناو خەڵکیش خەریکی برام و باوکی سەبۆ بوون، دایکی سەبۆش هەر چیڕەو هاواری بوو. من ئاگام لەشەڕی ئەوان نەمابوو، بەدوای سەبۆدا کەوتبووم، دووسێ کۆڵانیش بەدوایەوە ڕامکرد، ئاخیرەکەی لێم بزر بوو، ناچاربووم بگەڕێمەوە لای براکەم، هێشتا نەگەیشتبوومە ئەوێ پیاوێك

که برادەرێکی نزیکی باوکم بوو بە ( مچە گۆلك) ناوبـانگی دەرکردبـوو، رووەو مـن هات و بە تووڕەییەوە پێمی وت:

- دەی بڕۆ ماڵەوە، ملت بشکێنە!

ئەو پیاوە ئەگەرچی جوێنێکیشی پێدام، بەلاّم لێی تێگەیشتم کە شەڕەکە کۆتایی هاتووەو باشترە بەوێدا تێنەپەڕم، بیرم کردەوە ئێستا بـۆ کـوێ بـڕۆم؟ ئەگـەر بچـمە ماڵەوە دیسان تووشی گرفتێکیدیکە دەبم، لەوێش لێمدەپرسن بەو بەیانییە ئەو شەڕەم بۆچی خولقاند؟ ئەوجا نۆرەی جوێنو شەقازللەکانی دایکمو براکەمە، ئەگەر دەچم بـۆ قوتابخانە ئەوە پێموە دیارە لە شەڕێك هاتوومەتەوە، نەمدەزانی روو لە کوێ بکەم!

****

سەبۆ سێ رۆژان نەدەوێرا لە پۆلەکەمان نزیك بێتەوە، لە قوتابیەکم بیسـت، کـە هەموو رۆژێك لە ماڵەوە دەرچووەو لەوبەر جادەکەوە وەستاوەو چاوەڕێ بووە تا من لە دەرگـای قوتابخانـە چـوومەتە ژووریّ ، ئـەو کـات رێگایەکیدیکـەی گرتۆتەبـەرو لەجێگایـەك وەختەکـەی بەسـەر بـردووە کـەس نـازانیّ لـە کـوێ بـووە، زۆربـەی مامۆستاکانیش لە نەهاتنی سەبۆ سەریان سوڕمابوو، هەموو ئەو رۆژانەش بە غاییب دەنوسرا، رۆژی چوارەم قوتابیەکی پۆلەکەمان بەلێپاڕانەوە پێمیوت:

- گوناحە دەبێ لەگەڵی پێك بێیتەوە.

منیش وەك ئەوەی هیچـم لەدڵـدا نـەمابێ بەسـەر رەزامەنـدیم بـۆ قوتابییەکـە نیشاندا، ئەویش زۆر سوپاسی کردم و لەچرکەیەکدا لەبەر چاوم ونبوو، هێندەی نـەبرد خۆی و سەبۆ گەیشتنە لام، سەبۆ هەر کە منـی بینـی وەك ئـەوەی تـازە کـەتنێکی کردبێ، بەبێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە داوای لێکردم نەك هـەر لێـی ببـوورم بـەڵکو پەیوەندیشمان وەکو جارانی لێبێتەوە، منیش بێ ئـەوی بهـێڵم قسـەیەکیدیکە بکـا، یەکسەر بۆی چوومە پێش و توند باوەشم تێوەرهێنا، بەچاوی خـۆم بینـیم دوو دڵۆپـە

فرمێسك لە گۆشەی چاوەکانیدا بەپەلە دەرپەڕین. من کە ئەو دیمەنەم بینــی هــەموو جەستەم پڕبوو لە گریان، ئەو ڕۆژەم هاتەوە بەرچاو کە چۆن لەبەر دەرگای ماڵەکــەیان بەپێلەقان کەوتمە ســەری، چــەند بــێ دەســەڵات و لێقــەوماو هاتــە بەرچــاوم، لــەژێر پێیەکانمەوە هەستم بە لۆکەئاســای جەســتەی دەکــرد، لەوکاتــەی شــاپەکانم لێــدەدان وامدەزانی جەستەی منداڵیکی ساوام دەشێلا. بــۆ یەکــەمجار بــوو ســەبۆ ئــاوا ببیــنم لەگوناهەکانی پەشیمان بێتەوە، راستییەکەی من لەدڵەوە رقم لێنەدەبۆوە، زۆرجار ئەم قسەیەشم بە رەیحانە گوتووە، من ئێستاشی لەگەڵــدابێ لــەوە تێنەدەگەیشــتم بۆچــی رەیحانە رقی لە سەبۆ دەبۆوە؟ زۆرجار پێمگوتووە سەبۆ کوڕێکی خەراب نییە، کەچــی ئەو بە هیچ نەوعێ کەیفی پێنەدەهات. لەو وەختەی کە من و سەبۆ باوەشمان لەیەکتر نابوو رەیحانە لێمان نزیك دەبۆوە، هەر گەیشتە لامان خەندەیەکی شیرینی بۆم فڕێــداو بە نیگایەکی گلەییئامێز ســەیری کــردم، دەتــوت بــە چــاوەکانی پێمــدەڵێ (دەی .. کارێکی خەرابت نەکردووە !) رەیحانە بێئەوەی ئاوڕێکمان لێبداتەوە، بەلامانــەوە تیــژ تێپەڕی، یەکسەر دەرگای پۆلەکەی کردەوەو چووە ژوورەوە، منیش بێئەوەی قســەیەك لە زارمەوە دەرچێ سەبۆم بەجێهێشت، چووم لەتەنیشت رەیحانــە دانیشــتم، هێنــدەی نەبرد مامۆستاش هاتە ژوورێ، من ئەو ڕۆژە بیرو هۆشم لای هیچ کەسێك نەبوو، هەر نەمدەزانی مامۆستاکان چی دەڵێن، ئێمەش چی دەڵێینەوە، هەستم دەکرد رەیحانە لێم زیزبووە، ئەو ڕۆژە ببڕای ببڕای ئاوڕێکیشی لێنەدامەوە، منیش وەك ئــەوەی شــتێکی بەنرخم ونکردبێ، ئۆقرەم لەبەر بڕابوو، جــارێ ئــەو ســەبوورە رەشــەی بــەردەمم وەك تاریکی شەوی لێهاتبوو، قوتابییەکان دەتوت کۆمەڵە جەستەیەکی بێهێزو نەخۆشــن، مامۆستاکانی ئەو ڕۆژە دەتوت ( قاسمە قول) و لەبەر دەرگای رەشــی مزگــەوتی نــاو بازاڕ بەپێوە وەستاون، زۆرجار دەهاتە سەرم لەشوێن خۆمەوە هەڵسم و بێئەوەی هــیچ مۆڵەتێك وەرگرم بچمە دەرەوە، هەر کاتێك بمویســتایە هەڵســم، رەیحانــە وەك ئــەوی مێشکمی خوێندبێتەوە، زوو بەچاو پێیــدەوتم کــە نــابێ بچــمە دەرەوە، منــیش وەك بزمارێ بە جەستەم بکێشن بــە کورســییەکەوە دەنووســام، هــەر مامۆســتایەك لێــی

بپرسیبام (ئەوە چیتە سەرمەد؟) بیٚ یەکودوو دەموت:" کەمێك نەخۆشم!" لە ئاخرین دەرسەکانی ئەو رۆژە لەبەردەستی مامۆستای حیساب رزگارم نەبوو، ئەوەنـدەم زانـی لەپڕ زللەیەك بە روومەتم کەوت، بەڕادەیەك ترسام دەتوت لە سەربانێکەوە فڕێیاندامە خوارەوە. لەگەڵ زللەکەش لاجانگێکی بۆ سەرەوە راکێشام و وتی:

- ئەوە لە کویٚ دانیشتووی، هەستە برۆ دەرەوە!!

لەشەرمی رەیحانەو قوتابیانی پۆلەکەمان سەرم داخست و هەردوو چاوم پڕبوون لـە فرمێسك، هێندەی نەبرد دەستێکی گەرم لـە ژێـر مێزەکـەوە پەنجـەکانی گوشـیی، ویستم هەڵسم و بچمە دەرەوە، بینـیم رەیحانـە یـەکجیٚ لەسـەرپیٚ وەسـتاو رووی لـە مامۆستاکە کردو و پێی وت:

- مامۆستا ئەم کورە نەخۆشە بۆ لێیدەدەی؟!

مامۆستا وەك ئەوەی رقێکی زۆری لە رەیحانە هەڵگرتبیٚ، هەردوو چـاوی دەتـوت کەسێك لە پشتەوە رایاندەکێشیٚ، بێجولـەو ئەبلـەق وەسـتان، پەنجەیـەکی هـەر لـە دەندووکی مریشك دەچوو، لەچاوی رەیحانەی نزیك کردەوەو بەسەریدا قیژاندی:

- زمانت بگرە بێحەیا!!!

ئەو قسەیەی کردو راست لێیداو رۆیشت، هەرکە لە دەرگاکە چووە دەرەوە، دەتوت لە گۆڕەپانی تـۆپی پـیٚ دانیشـتبووین و فیتـەی گۆڵێـك لێـدرا، هـەموو قوتابیـانی پۆلەکەمان لێکرا هەڵسانە سەرپیٚ و کردیانە هەللا، تەنیا من و رەیحانـەو سـەبۆ لـە شوێن خۆمان نەجوولاینەوە، تـەواوی ئەوانیدیکـە لـە پۆلەکـە چـوونە دەریٚ، ئێمـە هەرسێکمان زۆر بە غەریبی سەری یەکترمان دەکرد، من ئیشارەتم بـە هەردووکیانـدا کە بچینە دەرەوە، کەچی رەیحانە لەگەڵ نەبوو، لەو دەمەدا سـەبۆ دەیویسـت لەئێمـە نزیك بێتەوە، جەستەیەکی پەشۆکاو هەر لەپارچە شاخێکی دارِماو دەچوو، خۆی کـرد بەژوورا، هەرسێکمان زەندەقمان چوو، وەك دارەبی نێو رووبـار دەلـەرزین، مامۆسـتا (حەسەنی حیساب) بەسەرسوڕمانەوە لەئێمە راما، یەکەمجار سەیرێکی سەبۆی کـرد، دواتر لەمن و رەیحانە وردبۆوە، بێئەوەی لێوی لێکـبترازیٚ، دارحەیزەرانەکـەی لـەمن

بەرز کردەوە، سەبۆ کە لەپشتەوە دانیشتبوو خێرا خۆی گەیاندە نزیك مامۆستاو پێیوت:

-مامۆستا بەخوا سەرمەد نەخۆشە!

دەنگێك لەوەدەچوو لەمێژبێ لەگەرووی مامۆستا عاسێ بووبێ لەگەڵ وەشاندنی دارحەیزەرانەکە دەرچوو، سەبۆ کەوتە سەر زەوی، قیژەیەك لە دەمی رەیحانە هاتە دەرێ، زەبری داروەشاندنەکە هێندە بەهێز بوو هەموو گیانم لەگەڵیدا گرژبۆوە، خەریکبووم بە مامۆستا بڵێم "سەبۆ چ خەتای هەبوو؟!" کەچی وەك ئەوەی هێشتا ئاگری پڕ لە رقی دەروونی دانەمرکابێ، دارحەیزەرانەکەی بەرووی رەیحانەشدا بەرز کردەوە، لە بەرزکردنەوەی دارەکە هەستمکرد مامۆستا وادەزانێ شمشێرکی بەدەستەوەیەو لەناخیشیدا رەنگبێ حەز بە سەربڕینی یەکێ لە ئێمە بکا!! من لەچاوی مامۆستا دەمارێکی شێتییەتیم بەدیکرد، نازانم رەیحانەش وابوو یان نا؟ قیژەکەی رەیحانە لەوە دەچوو، شتێك لەو دەوروبەرە قەومابێ، هەر دوای ئەو دەنگە، چوارپێنج قوتابی پێکەوە بەهەڵەداوان هاتنە ژوورەوە، مامۆستاش کە رادەی تووڕەبوونەکەی لەسەقفی پۆلەکەمان هەورازتر چووبوو، وایزانی ئەو قوتابیانە بە هانای ئێمەوە هاتن، ئەو دارەی کە لە بان سەری رەیحانەوە رایگرتبوو، بە پشت ملی یەکێ لەو قوتابیانەی کێشا کە لەپۆلەکەماندا لەهەموویان بێدەسەڵاتتربوو، دواتر مامۆستا وەك ئەوەی بەدەست ئازاری نهێنییەکەوە بناڵێنێ بە شێوەیەك دارەکەی رادەوەشاند وەك بڵێی هەر چواردەوری کەمین بووبێ و بیەوێ دەست لە هەموویان بوەشێنێ، من تا ئەو کاتەی لەژوورەوە بووم سێ چوار حەیزەرانم پێکەوتن، باشبوو رەیحانە زوو خۆی قورتار کرد، سەبۆش لەو بەزم و هەللایە بە خشکەیی بۆی دەرچوو، مامۆستاش لەگەڵ وەشاندنی هەر دارێك جوێنێکی پیسیشی لەدەم دەردەچوو، من خەریکبووم بچمە دەرەوە، کۆمەڵێك قوتابی وەك ئەوەی ئاژەڵێکی وەحشی راویان بنێ شەپۆل ئاسا بە پۆلەکەمان وەربوون، مامۆستا ویستی لە داروەشاندنەکە بەردەوامبێ، بەڵام کە ئەو هەڵمەتەی بینی پشتاوپشت هەنگاوی هەڵێنا، لەنزیك سەبوورەکە وەستا، پێدەچوو بۆ

یەکەمجار لە ژیانیدا هەڵچوونی بەکۆمەڵی قوتابیانی بەو شێوەیە نەبینیبێ، من هەستمکرد ترسێك لەهەناویەوە هەڵدەکشێ و پەراگەندەی سەروسیمای دەبێ، بۆ ئەوەی قوتابیانیش هەست بەو شلەژانەی نەکەن، نیوە تەماشایەکی کردین و حەیزەرانەکەشی بەڕووماندا بەرزکردەوە، کەچی لە لەپی دەستێکی خۆی داو چووە دەرەوە!!

***

( سەلیم چورچە ) تا پۆلی شەشی سەرەتایی تەواو کرد لە زیرەکیدا هیچ عەیبی نەبوو ، وەهادەهاتە بەرچاوی ئێمە کە لە هەموومان زیرەکتر بێ ،کەچی ئەویش زۆرجار بەبەر رەحمەتی دارحەیزەرانەکان دەکەوت ، ئەو کەمتر لەئێمە هاموشۆی قوتابییانی دەکرد ،زیاتر حەزی لەتەنیایی بوو، تێکەڵی گێروگرفتی هیچ قوتابییەك نەدەبوو، زۆرکەم لەکاتی پیاسە کردندا سەری بەرزدەکردەوە ، قەتیش لەبەرچاوی هیچ یەکێکمان بزر نەدەبوو ،چونکە یان لە پۆلەکە دادەنیشت و نەدەهاتە دەرەوە، یان لەناوەڕاستی گۆڕەپانی قوتابخانەکە بەتاقی تەنیا هەنگاوی ورد وردی هەڵدەهێنا ، هەر لەبەر ئەوەش بوو کەسانێك هەبوون پێیان دەوت (سەلیم تەنیا ) من دەمزانی سەلیم چەند ساڵێك بوو سەعیدی باوکی لە یەکێ لەشاخەکانی دەوروبەری شار خۆی شاردبۆوە ، دەیانگوت کە لە راو گەڕاوەتەوە کەسێك بۆسەیەکی لێداناوەتەوە و ویستویەتی بیکوژێ ، بەڵام گوللەی یەکەم چرووکی کردووە و ئەویش ئەو فرسەتەی بۆ هاتۆتە پێش خۆی لەپشت بەردێك قاییم دەکا ،کابرا لە ترسی ئەوەی نەوەکو گوللەکانی دیکەشی چرووك دەرچن خێرا لە کەمینەکە دەردەپەڕێ و هەڵدێ ، سەعیدیش لەپشتەوە تەقەیەکی لێدەکا ، کابرا بەلادا دەچێ و دەکەوێتە سەرپشت ، سەعید لێی نزیك دەبێتەوە ، وەك هێزێك لەجووڵەی بخا ، لەشوێن خۆی دەچەقێ ، کەسەکە دەناسێتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیار دەدا هەڵیبگرێ و بیباتەوە ، کەچی چەند هەنگاوێ نارِوا لە چەند لایەکەوە تەقەی دیکەی لێدەکەن ، ناچار دەبێ کەریم لەوێ

جێبهێڵێ لەو ناوە خۆی ونبکا .(کەریم کوارگ) وەختی خۆی بەر لەوەی عەیشێ ببێتە ژنی سەعید ، زۆر هەوڵی دابوو کچە رازیکا و بچێتە داخوازی ، بەڵام عەیشێ لە هەرەوەرزی داربڕیندا بەڵێنی بە سەعید دابوو کە لەو زیاتر شوو بە کەسیتر نەکا ،ئاخیرەکەش هەر وایلێهات ، عەیشێ بوو بە خێزانی سەعید ، دوای ساڵێك کوڕێکیان بوو ناویان نا (سەلیم) .

سەلیم لەپۆلی یەکی ناوەندیدا ، رۆژ بە رۆژ لە هاتنی بۆ قوتابخانە دوادەکەوت ، ئەو رۆژانەش کە دەماندیت بەهیچ شێوەیەك وەکو جاران نەدەهاتە بەرچاو ، هێندە بە بێزەوق و بێزاریی دەردەکەوت ، دەتوت مەرگ پەڕیوەتە چاوی ،پێنەدەچوو لەخزم و نزیکەکانیشی کەسانێك هەبن یارمەتی خانەوادەکەی بدەن . سەلیم رۆژانە ئەو کاتانەی بەیانیان دەوامی دەکرد ، ئێواران لەبەر دەمی دوکانێك رادەوەستاو پاقلەی دەفرۆشت ، ئەگەر پاش نیوەڕۆیانیش بچوبایە مەکتەب ، ئەوە لەگەڵ مەلا بانگدانێ بەنێو کۆڵانەکاندا دەگەڕاو هاواری دەکرد ( نۆکی دەشتێ،گەر تامی کەی ، لە خۆشیاندا پشتت دەشکێ ! ) من خۆم چەندجارێك لەو نۆکە گەرمەم لێکڕیوە ، ئێمە کەسمان لە بێئۆقرەیی و نەهاتنی سەلیم بۆ قوتابخانە تێنەدەگەییشتین ، زۆر لە مامۆستاکانیش لەبەر چاوی ئێمە پلاریان تێدەگرت و قسەی ناشیرنیان پێدەوت وەك ( کوڕی باوکی خۆیەتی ، حەز دەکا ببێتە ئەشقیبا، هەر لەپیاوکوژ دەچێ !!) لەودواییەدا گۆڕانێکی سەیر بەسەر رەفتاری سەلیمدا هاتبوو ،هەر بە ئانقەست دەبوایە شتێك بکا بۆ ئەوەی لێیبدرێ ، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانی هەمومان بوو ،پێدەچوو ئەوەی ناوی ترسە لە گیانی ئەو کوڕەدا نەمابێ ،قەت ئامادە نەبوو دەست و پەنجەکانی لەبەر زەبری داروەشاندنەکان بۆ ماوەیەکی کەمیش بشارێتەوە ، یان فووی لێبکا ، دەتوت بە هەقی خۆی دەزانێ ئەو لێدانەی پێبکەوێ ، بەردەوام وەك کەسێکی ئازاو نەترس لەبەر دەمی زەبری دارەکان دەوەستا ، زۆرجار ئەو ئازایەتی و بەرگریە لەخزمەتی ئێمەدا بووە ، چونکە ئەو مامۆستایەی کە لە سەلیم چورچەی دەدا ، هێندە ماندوو دەبوو ، توانای ئەوەی نەدەما بپرژێتە سەر ئێمەو

داركاريمان بكا ، تەنيا جارێك نەبێ ئەويش دوايين جاربوو كە سەليممان بينييەوە ، ئـەو كاتەی مامۆستای مێژوو لەبری دەرس نەكردنەكەی سەليم بڕياری دا سـزايەكی قوڕسـی سـەليم بـدا ، سـەليم كـەمترين نارەزايـەتی نيشـان نـەدا ،وەك سـەربازێك داواكـەی مامۆستای بەجێهێنا , هەستا و لەبەرامبەر ئێمەدا وەستا ، مامۆستا لێی نزيك بۆوە ، پێشەكی بەر لەوەی هيچ پرسيارێكی لێبكا ، زللەيەكی لە پەنا گوێچـكەی داو زرمـەی لێوە هێنا ، دواتر داوای لێكرد پەنجا جار لەشوێن خۆی دابنيشێ و هەڵسێتەوە ، وابزانم سەليم سی ودوو جار زياتر دانيشت و هەڵسايەوە ، ئيدی خۆی پێڕانەگيراو بەلادا كەوت ، هەوڵێكی زۆری دا هەڵسێتەوە و ئـەو چـەند جـارەی مـابووی تـەواوی بكـا ، بـەڵام لەدووسێ كەرەتی ديكە زياتر نەيتوانی ، هەر بەر دەبۆوە ، ئاخيرەكـەی بـەو شـەكەتيە هەڵسايەوەو لەدوڕ چاوی مامۆستاكە راما ، من بەچـاوی خـۆم شـەپۆلی ترسـێكم بـە سەروسيمای مامۆستاوە بينی ،بينيم كەچۆن دەست و پەنجەكانی دەلەرزين ، تێگەيشتم ئيدی دەمارێكی هێز لەجەستەی مامۆستا پساوە ، مامۆستا بەناچاری داوای لەسـەليم كرد دابنيشێتەوە ، بەڵام ئەوجارە سەليم نەك هەر نەهاتەوە سەر كورسـييەكەی خـۆی ، بەڵكو نيگای لە سەر چاوی مامۆستا هەڵنەگرت ، هەر بـە چـاوە تـووڕەو تيـژەكانی ، شتێكی بە مامۆستا گوت ، كە من تەنيا فكرم بۆ ئەوە چوو ، كە پێی بڵـێ ( فـەرموو چ شتێكی ديكـەت مـاوە ؟! ) لـەپڕ رووی خـۆی وەرگێـڕاو لـە دەرگاكـەوە نزيكبـۆوە ،بەرلەوەی دەرگاكە بكاتەوە ،مامۆستا بە هەناسە بڕكێوە پێی وت :

- بڕۆ باوكت چاوەڕێتە !!

سەليم ئەگەرچی كوڕێكی باريكەڵەو دەموچاو چورچيش بوو ، بـەڵام لـەو دەمـە مـن وام هەسـتكرد زەلامێكـی چـوار شـانەيەو بەدەرگاكـەوە ناچـيتە دەرەوە ، كـە مامۆستاش ئەو توانجەی تێگرت ،لەداخان بزەيەكی هاتە سەر لێوان و وتی :

- باوكم پياوێكی زۆر مەردە مامۆستا !!

ئيدی دەرگاكەی بە خێرايی كردەوەو بە توندیش لەدوای خۆيەوە دايخست . سەليم لەو رۆژەوە بەلای دەرگای قوتابخانەش تێنەدەپەڕی ، لەسەر فرۆشتنی نۆك و پاقلـەش

بـەردەوامبوو . مـن زۆر جـار بەتایبـەتی ئێـواران دەچـوومە لای ، لـە تەنیشـتی رادەوەستام ، زۆریش لێی دەپاڕامەوە بگەڕێتەوە مەکتەب ، کەچی وەك ئەوەی داوای شتێکی قورسی لێبکەم ، هەموو جارێ پێی دەوتم :

- تاقەتی مەکتەبم نەماوە ..

هەندێ جار لەخۆمەوە حەسودیم پێ دەبرد ، دەمگوت ( خۆ هیچ نەبێ لە لێدان رزگـاریبووە ) ئـەو رۆژە مامۆسـتای مێـژوو داوای لێمکـرد بچـمە لای سـەلیم و بیهێنمەوە بۆ قوتابخانە ، دڵم بەوە خۆشبوو ، کـە مامۆسـتا لـەو سـزادانەی سـەلیم پەشیمان بۆتەوە ، بەغار چـوومە ئـەو شـوێنەی سـەلیم پاقلـەی لێدەفرۆشـت ، کـە گەیشتمە ئەوێ نە سەلیمم بینی و نە عارەبانەکـەش ، لەخۆمـەوە نیگـەران بـووم ، بڕیارمدا بچمەماڵیان ، ئەگەرچـی ماڵیـان لـە مـاڵی ئێمـەوەش دوور بـوو ،بـەڵام نەمویست داواکەی مامۆستا دوابخەم ،بەپەلە ئەو شوێنەم جێهێشـت ،بـەو کۆڵانـەدا سەرکەوتم کە لەئاخیرەکەیدا دەچووە بەر دەمی ماڵی سەلیم ، هـەر بـە ڕێگـاوە بـیرم لەوە دەکردەوە ، ئەگەر بتوانم سەلیم بگەڕێنمەوە قوتابخانە ، وادەزانم کارێکی چـاك و خێرێکی گەورەش دەکەم ، بەڵام لەخۆمەوە ناڕەحەتییەك یەخەی گرتبووم ،هەر چـەند هەنگاوم هەڵدەهێنا دڵم زیاتر تەنگ دەبوو ، بۆچی ئـەم ئێوارەیـە سـەلیم لـە بـازاڕ نابینرێ ؟ تۆ بڵێی باوکی هاتبێتەوە و لەخۆشی هاتنەوەی باوکی نەچووبێتە دەرەوە ؟ ئەو زۆر جار بەمنی وتوە کە باوکی نـاوە بـە شـەوان سـەردانی کـردوون ، زۆر جاریش لە کەمینی پۆلیسەکان لـەمردن قورتـاری بـووە . حکومـەت زۆر بـە وردی بەدوای هەواڵێکی باوکیدا کەوتووە ، پۆلیس لەهەر کوێ زانیاریەکی دەست کەوتبا ، خێرا مەفرەزەیەك دەچوونە ئەوجێیەو کەمینیان دادەنایەوە ، سەعیدی باوکی سـەلیم زۆرباش ئاگاداری نەخشەو پیلانـی پۆلیسـەکان بـوو، قـەت رۆژێـك لەشـوێن خـۆی نەدەمایەوە ، تەنیا جارێکیان دەکەوێتە بۆسەی پۆلیسەکانەوە ، بەڵام نەك هـەر لێـی دەرباز دەبێ ، بەڵکو دوو پۆلیسیش بریندار دەکا و وەك جنۆکەش وندەبێ ..

*** 

سەلیم زۆرجار بۆ منی گێڕاوەتەوە ، کە هیچ کەسێك تا ئێستا نەیتوانیوە زەفەر بە باوکی ببا، هەموو کەلێن و عاسێ و دۆڵەکانی ئەو کێوانە بۆ ئەو وەك ماڵی لێهاتبوو، لە هەموو شوێنێك دەردەکەوت، لەهیچ شوێنێکیش نەدەبینرا . سەلیم دەیگوت (ئەو کەریمەی بەدەستی باوکم کوژراوە، خۆی نەخشەی بۆ کوشتنی باوکم دانابۆوە) ئەو پیاوە لەبەرئەوەی دایکی سەلیم بە کچێتی شووی پێنەکردووە، هەولێداوە کچەکە بکوژێ. (کەریم کوارگ) لە مانگەشەوێکی بەهاردا بڕیاری کوشتنی عەیشێی دەزگیرانی سەعید دەدا، ئەو شەوە چاوەڕێ دەکا تا هەموویان لە ماڵەوە خەویان لێدەکەوێ، بێئەوەی کەس هەست پێبکا تفەنگە ئینگلیزیەکەی بان سەری باوکی هەڵدەگرێ و خۆی دەگەیێنێتە پشت پەرژینی ماڵی باوکی عەیشێ، لەوێ خۆی لە بۆسە دەنێ، لوولەی تفەنگەکەی لە کەلێنێکی پەرژینەکە دەباتە ژووری، پەنجەی دەخاتە سەر پەلاپیتکەو دیقەت لە حەوشەکەیان دەگرێ، چاوەڕێ دەبێ تا عەیشێ لە ژوورەوە دێتە دەرێ، کەریم کە چاوی بە عەیشێ دەکەوێ جووڵە دەکەوێتە هەموو گیانی، عەیشێ لە کانییەکەی نێوەڕاستی حەوشەکە نزیك دەبێتەوە، رووناکی مانگەشەو وادەکا کەریم  بە ئارەزووی خۆی سەیری بەژن و باڵای عەیشێ بکا، عەیشێ دەرگای دەستاوەکە دەکاتەوەو ونەبێ، هێندە نابا عەیشێ دێتە دەرەوە، عەیشێ لە کانییەکە نزیك دەبێتەوە، لەسەرخۆ بەلوعەکە دەکاتەوە، دامەنی کراسەکەی بۆ سەرەوە هەڵدەکێشێ، لەسەرخۆ دادەنیشێ، ئاوڕێك لە دەوروبەری خۆی دەداتەوە، وەك ئەوەی هەستی بە خشپەی شتێك کردبێ، خێرا چەند گۆڵمە ئاوێك بە ناو لەشی خۆی دادەکا، کەریم هێندە نامێنێ هەردوو چاوی بەنێو کەلێنەکانی پەرژینەکە بچنە ئەو دیو، وادەزانێ خەون دەبینێ، بۆ چەند جارێك هەردوو چاوی هەڵدەگلۆفێ، باوەڕناکا ئێستا شتێك دەبینێ هەر لە بینینی خەونە خۆشەکان دەچێ. عەیشێ هەڵدەستێتەوە، بەهێواشی دامەنی دادەداتەوە، جارێکیدیکە بەگومانەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێ، هەستدەکا ترسێك رۆچۆتە گیانی، بەپەلە هەنگاو دەنێ بۆ

ژوورەوە. (کەریم کوارگ) نایەوێ ئەو فرسەتەی لەدەست دەرچێ، قورسایی زێتر دەخاتە سەر پەنجەی، پەلاپیتکەکە بۆ دواوە رادەکێشێ، شریقەیەك کشوماتی ئەو شەوە دەڕەوێنێتەوە، کەریم لەچاو ترووکانێکدا تێیدەتەقێنێ و لەو ناوە نامێنێ، عەیشێش لەگەڵ قیژەیەکی ترسناك خۆی دەکا بە ژووردا و لەوێ دەکەوێتە سەر زگ، کە دایك و باوکی دەگەنە سەری ئەو کات دەزانن گوللەکە وەبەر قۆڵی راستەی کەوتووە .. بەو شەوە عەیشێ دەگەیێننە خەستەخانە، لەوێ دەردەکەوێ کە برینەکەی سەخت نییە, گوللەکە تەنیا گۆشتەکەی بڕیوە، بۆ بەیانی هەواڵەکە دەگاتە سەعیدو ئەویش خێرا خۆی دەگەیێنێتە ماڵی عەیشێ، کە عەیشێ دەبینێ، لە تووڕەییان هەردوو چاوی دەپەڕنە پشتی سەری، بێئەوەی چاوەڕێی قسەی هیچ کەسێك بکا، لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

- دەردت لەگیانم کەریم !!

سەعید دەزانێ لە کەریم زیاتر کەسێکی دیکە کاری وا ناکا، چەند رۆژێکیش بەر لە رووداوەکە کەریم هەڕەشەی لە عەیشێ کردبوو کە ناهێڵێ عەیشێ بۆ کەس بێ، سەعید یەکڕاست دەچێتە ماڵی کەریم لەبەر دەرگاکەیان هاوار دەکا (کەریم کوارگ ئەگەر پیاوی دێیتە دەرەوە !!) کەریم لەترسان ئەو ناوە جێدەهێڵێ و دوو ساڵ خۆی شاربەدەر دەکا، سەعید لەو ماوەیە عەیشێ دەگوازێتەوە، دوای ساڵێك ئەو سەلیمەیان دەبێ کە بەسەلیم چورچە ناو دەبرێ، سەلیم تەمەنی ساڵێك دەبێ کە کەریم دەگەڕێتەوە شار، ئەوێ رۆژێ کەریم لەگەڵ دوو کەس لە خزمانی بڕیار دەدەن لەسەر ئەو رێگایە بۆسەیەك بۆ سەعید دابنێنەوە کە زۆربەی جاران لە کاتی گەڕانەوەیدا بەوێدا دەهاتەوە، کەچی پیلانی کوشتنی سەعید نەك هەر سەر ناکەوێ بەڵکو کەریم خۆی دەبێتە قوربانی نەخشەکەو سەعیدیش ناچار دەبێ دوای رووداوەکە نەگەڕێتەوە شارو ببێتە ئەشقییا..

چەند هەنگاوێکم مابوو بگەمە بەر دەرگای ماڵی سەلیم، لە دوورەوە برا گەورەکەمم بینی، دەیزانی بەرەو کوێ دەچم، بەدەست و دەموچاو ئیشارەتی بۆ کردم کە لەشوێن خۆم بووەستم، هەر کە لێم نزیك بۆوە، پێمیوت:

- دەچیتە لای سەلیم ؟

لە سەروسیما پەشێواویەکەی هەستم بە رووودانی شتێك کرد، ویستم قسەیەك بکەم، ئەو بەپێش من کەوت و وتی:

- سەلیم و دایکی لەدوێنێوە لێرە نەماون.

من بەسەرسوڕمانەوە وتم:

- بۆ کوێ چوون ؟!

براکەم وەك بییەوێ راستییەکەم لێ بشارێتەوە، بێئەوەی رووم تێبکا وتی:

- وابزانم لە دوێنێوە چوونەتە شاخ !

- بۆ چ روویداوە؟!

- هیچ خۆت ماندوو مەکە !!

کە ئەو قسەیەم گوێ لێبوو، زیاتر لەسەر ئەوە پێمداگرت کە هەر دەبێ لەو نهێنییە بگەم، ئەو کاتەی براکەم نیازی بوو شۆڕبێتە خوارەوە، خێرا چوومە بەردەمی و لێیپاڕامەوە کە دەبێ پێمبڵێ لەبەرچی چوونەتە شاخ، براکەم ئیستێکی سەیری بۆم کرد، وەك بڵێی بڕیاری دابێ راستییەکەم پێبڵێ، نیگاکانی لەهەر دوو چاوم گیرکردن، دەستێکی خستە سەر شانم، وەك هاوخەمێك خۆی نیشاندام، من چاوەڕێی ئەوەبووم کە شتێکم پێبڵێ، کەچی داوای لێکردم لە گەڵیدا بە کۆلانەکە بچمە خوارێ، براکەم نزیکەی حەوت ساڵ لەمن گەورەتر بوو، پێمشەرم بوو پێ لەسەر داوایەك داگرم، کە ئەو مەبەستی نەبێ بۆم جێبەجێ بکا، بەڵام ئەو لە پەنجەکانمەوە هەستەکانی منی دەخوێندەوە، دەیزانی رۆیشتنەکەم ناڕەحەتی پێوە دیارە، منیش لەشێوەی هەناسەدان و هەڵکێشانیدا، زانیم هەواڵی سەفەری ئەوانم هەر پێدەڵێ، هەر لەخۆمەوە کەمێکیش دەترسام، هەستمدەکرد دڵم خەبەرێکی پێدەگا کە پەیوەندیشی بە منەوە هەیە، هەموو گیانم بۆ بیستنی شتێك لە دەمی براکەمەوە لە ئامادەباشی دابوو، براکەم لەپڕ وەستا، زانیم لێرە بە دواوە گوێبیستی خەبەری نوێ دەبم. هەندێ جار سەروسیمای براکەمم وادەهاتە بەرچاو وەك ئەوەی زەینی لە شوێنێکی دیکە بێ، لە چاوی ڕا دیاربوو هێشتا لە گوتنی هەواڵەکە دوودڵبوو، ئەوەی

بەلای منەوە جێگەی پرسیارو سەرسوڕمان بوو ئەو دانبەخۆداگرتنەی براکەم بوو لە نەگوتنی هەواڵەکە، من لە خۆم دەپرسی ئاخۆ ئەو نەدرکاندنە چ پەیوەندی بەمنەوە هەیە؟ چ پەیوەندی بە براکەمەوە هەیە؟ بۆچی لە گوتنی خەبەرەکە خۆی دەدزێتەوە؟ من بەڕاستی نەمتوانی چیدیکە تەحەمولی ئەو بێدەنگییە بکەم لەپڕ وەك ئەوەی هێزێك بە هانامەوە بێت دەمم بە روویدا کرایەوە و وتم:

- ئەرێ چ بووە، بۆ نایلێی؟!

براکەم وەك ئەوەی رەحمێکم پێبکا بە ئاستەم زللەیەکی دڵسۆزانەی لە شانم داو بە ناچاری بزەیەکی بۆم کردو لێوەکانی لێکترازان:

-ئەوەی پێتیدەڵێم حەز ناکەم لە دەمی هیچ کەسێکیدیکە بیبیسمەوە!

من خێرا بە هەموو ئازای جەستەمەوە دڵنییایی خۆمم بۆ پاراستنی نهێنییەکە دەرخست و وتم:

- نا بۆچی باس بکەم!

براکەم دەستێکی خستەوە سەر شانم و لەسەرخۆ وتی:

- دوێنێ، لەبەیانییەوە لێرە نەماون، دەڵێن سەعید هاتووەو عەیشێ و سەلیمی لەگەڵ خۆی بردوون.

من وەك ئەوەی ئەو قسەیە هیچ بەلای منەوە گرنگ نەبێ، بەپەلە وتم:

- ئێ خۆ ئەوە جاری یەکەم نییە دەچنە شاخ !

- راستە، بەڵام ئەم جارەیان جیایە!

بە خۆفێکەوە وتم:

- بۆ؟!

- چونکە هەر دوای ونبوونی ئەوان، مامۆستای مێژووتان ئەمشەو کوژراوە!!!

***

ساڵێکی پێچوو کەس نەیدەزانی کێ مامۆستا (عەزیزی فاتە رەش) ی کووشتووە ،کەسیش بە تەواوی نەیدەزانی چۆن کوژراوە ، هێندێك دەیانگوت لەناو جێگا خنکاندویانە ، هەبوو دەیگوت ژەهرخواردنیان کردووە ، هیچ کەس ناوی باوکی سەلیم چورچەی نەدەهێنا ، تا رۆژێکیان بە رێکەوت ئەو کاتەی من دەچووم بۆ قوتابخانە (رەیحانە) رووبەرووم دەهات ، ماوەیەك بوو یەکترمان نەبینیبوو ،دیاربوو ئەویش لەمەکتەب دەگەڕایەوە ، هەر کە منی بینی نەك هەر پەشۆکاوی هەموو گیانی داگرت ، بەڵکو تا گەیشتە بەر دەمم دوو جار کتێبەکانی لە دەست بەربوونەوە ، کە لێم نزیك بۆوە شەرم رووخساری داپۆشیبوو ، روومەتی سوورسوور هەڵگەڕا بوو ، دڵنیابووم سەروسیمای منیش لەو خراپتری بەسەر هاتبوو ،کە نیگاکانمان بەر یەککەوتن لە چاکوچۆنییەکی بەپەلە زیاتر هیچ قسەیەکی دیکەمان لە دەم دەرنەچوو ، ماوەیەك بەبێ دەنگی بەشەرمەوە لەیەکتر رادەماین ، من هەر لە خۆمەوە قسەیەکم کرد تەنیا لە پێناوی دەرچوون بوو لە فەزای شەرم و رزگاربوون بوو لەو نارێکی دەروونییە :

- لە دەرسەکانت چۆنی ؟

سەیربوو لەو کاتەی دەیویست وەڵامم بداتەوە ، جارێکی دیکە کتێبەکانی لەدەست بەربوونەوەو منیش وەك ئەوەی بە ئەرکی خۆمی بزانم ، لەگەڵ خۆنزمکردنەوەکەی ئەودا خێرا خۆم نەوی کردو دەستم بۆ کتێبەکان درێژ کرد ، بەڵام هیچیەکمان کتێبەکانمان بۆ هەڵنەگیرایەوە ،چونکە سەری هەردووکمان پێککەوت ، لەگەڵێدا بزەیەکی شیرینی شەرمشکێنمان بۆ یەکترکرد و هاوکات بۆ یەکتر پێکەنین ، رەیحانە پێمیوت :

- تۆ لە گەڵ خوێندن چۆنی ؟

- زۆر باشم .

رەیحانە ئاوڕێکی لە دەوروبەری خۆی دایەوە وەك ئەوەی پێمبڵێ ، کە ئەو شوێنەی لێیڕاوەستاوین خەڵکی بە ئاسانی دەمانبینن و بۆ هەردووکمان باش نییە ،

خێرا خۆی نەوی کردو کتێبەکانی هەڵگرتنــەوەو کــەمێکیش لێمدوورکەوتــەوە ، لــە چاوەکانیدا بۆم دەرکەوت ، کە نیازی بوو شتێکم پێبڵــێ ، هــەنگاوێك بــۆی چــوومە پێش و وتم :

- رەیحانە دەتەوێ شتێك بڵێی..

هێندێك لێمنزیك بۆوە و گۆڕانێك بەسەر بیچمی داهات :

- ئەمشەو لە ماڵەوە بیستم کە دایکی سەلیم دوای ساڵێك لەکن خزمێکی خــۆی گوتوویەتی ، کە باوکی سەلیم مامۆستا (عەزیزی فاتەرەشی) کوشتووە !

یەکسەر موچڕکێك هەموو گیانمی داگرت بە گومانەوە لەرەیحانەم پرسی :

- چۆن ؟!

- ئەو نەچووبوو مامۆستا بکوژێ ، دیارە ویستوبووی بیترسێنێ ، کــە چــیتر لــە سەلیم نەدا ،مامۆستاش لە ترسان بەربۆتەوەو رۆحی لەبەر نەماوە !!

رەیحانە ئەو قسەیەی کردو بێئەوەی خواحافیزیش بکا رووی خۆی وەرگێڕاو پەلەی بوو بگاتە قوتابخانە . مــن لــەوێ بــە حەپەســاوی وەك ئــەوەی هەواڵەکــە پەیوەنــدی بەمنەوە هەبێ ، لەشوێن خۆمدا چەقیم ، مەراقێك لە کەللــەی دام کــە هــەر دەبــێ زانیاری دیکەم لەسەر کوشتنی مامۆستا عەزیز دەستکەوێ ، مــن لــەجیاتی ئــەوەی رێگەی ماڵەوە بگرمەبەر بەدوای رەیحانەدا کــەوتم ، رەیحانــە هەســتی بــە تەپەتــەپی هەنگاوەکانم کردو خێرا ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە ،بە سەرسوڕمانەوە وەستا ، بەچــاو پێمی وت " چ بووە ؟! " من ویستم پرسیارێکی دیکەی لێبکەم ،کەچــی لــە چــاوی ئەودا تیشکێکی ســەیرم بینــی ، تیشــکێك هــەموو گیــانمی پڕکــرد لــە موچــڕکە ، موچڕکەکان لە نێو جەستەمدا شەپۆلیان دەدا ، دەنگێك دەتوت بۆ یەکەمین جارە لــە قووڵایی دەروونمدا هەڵدەکشێ ، ئەو گەرووە بچــووکەمی بــە ئەنــدازەی ئەشــکەوتێك گەورە کرد ، دەنگەکە وەك ئەوەی لە جیهــانێکی دیکــەوە بێتــە دەرێ ، هەمووشــی تەنیا یەك وشە بوو ، ئەویش " رەیحانێ !!!!! "من هەستم کرد لەژیانمدا بۆ یەکــەمین جاربوو بەو شێوەیە ناوی ئەو کچە بێتە ســەر زارم ، هــەر لەگــەڵ دەنگــە پــڕ ســۆزو

غەریبەکەمدا رەیحانە لە شوێن خۆی حەپەسا ، ئەدای ناو هێنانەکەم هیچ پەیوەندییەکی بە و پرسیارەوە نەبوو ، کە من گەرەکم بوو بیڵێم ، ئەویش لەوە تێگەیشت کە من نیازمە شتێك بدرکێنم ، من ماوەیەکیش بێدەنگ وەستام ، خۆیشم نازانم بۆ هیچی دیکەم نەوت ،چاوەڕێ بووم ئەو شتێك بڵێ ، کەچی ئەویش لە زەردەخەنەیەکی پڕ لەسەرسوڕمان زیاتر، هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو ، هێندێك بەسەر خۆمدا شکامەوە ،خەریکبوو داوای لێبووردنی لێبکەم ، کەچی وەك ئەوەی بیەوێ رێ لە پەشۆکاویەکەم بگرێ بزەیەکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ فڕێدام ، لە خۆشیاندا ئەوەی بەنیازبووم بیڵێم لەبیرم چوو ، ئەویش دەستی بەرز کردەوەو بەپەنجە ناسکەکانی خواحافیزی لێکردم ،لەوەدەمە هەستمدەکرد بە شتێکەوە بەندبووم کە هیوام دەخواست قەت لێیدانەبڕێم ، لەبەرخۆمەوە دوعام دەکردو لەخوا دەپاڕامەوە کە رەیحانە لێمدوور نەکەوێتەوە ، هەر دوای ئەو دیدارە گۆڕانێکی سەیر لەژیانم روویدا ، شەوانە تا درەنگانێك نەدەخەوتم ، رەیحانە لەبەر چاوم ون نەدەبوو ،کەس لە ماڵەوە نەیدەزانی بۆ وام بەسەر هاتووە ،ئەوەی زیاتر لێی ببوە مەراق ونارەحەتی زۆری پێوە دیاربوو دایکم بوو ، ئەو زۆری حەز دەکرد لەو نهێنییەی من تێبگا ، دایکم سەری لەوە سوڕمابوو چ شتێك وایکردووە منێکی شەڕاوی ،منێکی عەجول و گەڕۆك ، ئاوا بەشەوو رۆژێك بگۆڕێم ؟ چۆن لەبێدەنگیمدا زمانی هەموویانم گرێدابوو ؟ لەو رۆژە بەدواوە زۆر بەزەحمەت لەماڵەوەش دەچوومە دەرەوە ، کارەکە بە شوێنێك گەیشتبوو دایکم وا فکربکاتەوە کە رەنگبێ تووشی نەخۆشییەك بووبم ، یان شێتێك دەستی لێوەشاندبم ، ئەو رەفتارەی من بۆ ماڵەوەمان کارێکی چاکبوو ، بەلاّم دیسان جێی پرسیارو سەرسوڕمانیش بوو ، زۆر جار بە گوێی خۆم دەمبیست دایکم بە برا گەورەکەمی دەوت "سەرمەد هەر لەو دونیایە ناژی !" برا گەورەکەشم لێی ببوە مەراق ، تا رۆژێکیان خۆی پێڕانەگیراو پێمی وت :

- ئەو ماوەیە کەم قسە دەکەی .. کەم دەچیتە دەرەوە .. کەم شەڕ دەکەی ..کەم دەخەوی .. کەم دەرس دەکەی .. زۆریش دالغە لێدەدەی .. مەسەلە چییە ؟!

نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە ، زۆرم لەخۆم کـرد شـتێکی پێبڵـێم ، کەچـی هیچم بۆ نەدەهات ،لە شلەژان و تێکچوونی مندا پرسیارێکی دیکەی بۆ هاتە پـێش :

- دەترسم نەچیتە مەکتەبیش ؟!

بەو پرسیارە دەمم کرایەوە ، بەرلەوەی قسەکەم بکەم ، لەدورِ چاوی براکەم رامـام ، هەستمکرد لە نیگاکانمدا شتێکی خوێندەوە،لەگەڵ ئەوەی کەمێکیش پەشۆکام،بەڵام هەر وەڵامم دایەوە :

- دەتوانی بپرسیت .

براکەم لە بێمنەتی وەڵامەکەم قەناعەتێکی لەلا پەیدا بوو ، کە من درۆیان لەگەڵ ناکـەم ، بەڵام ئـەوەی لێـی تێنەدەگەیشـتن ئـەو سـیمایە پڕخەندەیـەی مـن بـوو کـە لـە کـاتی ماندووبوونیشمدا پێمەوە دیار بوو ،من زۆربەی کاتەکانی نێو مـاڵ لـە دونیایـەکی دیکـەدا دەژیام، وردودرشتی ئەو دونیایەی کـە بـە سـادەترین شـێوە ، لـەنێو قوتابخانـە پـڕ گرفـت وقامچییە هەڵواسراوەکان و دارحەیزەرانەکانی سەر دۆلاب و بن مێزەکانی ژووری بەرێوەبـەرو مامۆستاکان ، دروستم دەکرد . ئەو دونیایە بۆمن مەفـەرێك بـوو ، زۆر زەحمـەتبوو بتـوانم لێیەوە دەرچم، چونکە لەناویدا ، لەهەموو کون و قوژبنێکی ئەو دونیایەدا رەیحانـە دەهـات و دەڕۆیی ،منیش نەوەکا لێم ونببێ دەستێکم لە دەستی ئەو دەبەستەوە ، بۆ کوێ چووبا ناچـار دەبووم لەگەڵی بم ، لەکوێ دانیشتبا ، پێکەنیبا ، گریابـا ، غـەمباربا ، خـەوتبا لەگەڵیـدا دەبووم .. ئەو گۆڕانەی من زمان و رەفتاری ئەوانیشی گۆڕیبوو ، زۆر جـار دایکمـم دەبینـی بە چاوی پڕ لە سۆزو زگپێسووتانەوە تێیدەڕوانیم ، من لەوەش جاروبـار دڵگـران دەبـووم کـە دەمدیت بوومەتە مایەی ئازاردانی ماڵـەوەم بـە تایبـەتیش دایکـم ، چـونکە زۆر پێمانـەوە ماندوو دەبوو ..دایکم زۆربەی رۆژەکانی ژیانی بەبێ باوکم دەبـردە سـەر، ئـەو دەبوایـە لـەو کاتانەدا جێگەی باوکمانیشی پڕ کردایەتەوە ..

* * *

من بۆ خۆیشم ئەو گۆڕانە لەناکاوەم پێ سەیر بوو، ئەوەی بەلای منــەوە شـتێکی عاجباتی بوو، گۆڕانی نەبڕەی دەنگم بوو، هەستم دەکرد لوولەی قوڕگم بەرین بۆتەوەو وشەکان قەڵەوترو گڕتر لەدەمم دەردەچن، زۆرجار لە شەرمی ئـەو دەنگـە، کـەمترین قسەم دەکرد، ئەوەی زیاتر منی نارەحەتو دڵگران دەکـرد، ئـەو دەسـتە بەزییانـەی دایکم بوون، کە بە سەرمی دادەهێناو لەگەڵیدا، قسەیەك لـەزاری دەردەچـوو، بـەڵام تێینەدەگەیشتم، بەفکری خۆم، دوعای بۆ دەکـردم، یـان ئایـەتێکی دەخوێنـد، ئـەو دایکەم، لەو ماوەیەدا هێندە هـۆگری مـن ببـوو، دەتـوت لـەزەینی ئـەودا بچـووك بوومەتەوەو بوومەتە منالێکی چکۆڵەی نەفام، زۆرجار نیوەی شەو، کە ئەو وایدەزانی خەوتووم، بەخۆیی‌و فانۆسەکەیەوە، دەهاتە سەرسەرمو بەنیازی ئـەوەی لێفـە لەسـەر لاچووەکەم پێداداتەوە، ماوەیەك دەوەستا، لەوە دەچوو باش دەیقڤـەت لەسەروسـیمام بگرێ، لەبەر خۆیەوە دەیوت" کێ دوعای خراپـی لێکـردووی؟ رەببـی خێـر لـەخۆی نەبینێ؟" دەستێکی بەنێو چاوانمدا دەهێناوماچێکی نەرمی دایکانەی لێدەکردم، کـە دەڕۆیی، شەپۆڵێك لە فرمێسکی خێـرا بـە گەروومـدا هەڵدەگـەڕان‌و لـە چـاوەکانمدا دەردەپەڕین، من نەمدەزانی چی بۆ دایکـم بـاس بکـەم، ئـەوەی لەدڵمـدا بـوو چـۆن دەریببڕم. لەوە دڵنیا بووم ئەگەر راستییەکەیان پێبڵێم، نەك هەر سەرسـوڕماو دەبـن، بەڵکو ئەو جارە هەر بەشێتم دادەنێن . بۆیـە پـێم باشـتر بـوو هـەروا بـە بێـدەنگی بمێنمەوەو ئاگاشم لە زمانی خۆم بێ. بەڵام پێدەچوو دایکم بڕیاری ئـەوەی دابـێ، کـە هەر دەبێ ئەو زمانە بەستراوەم بکاتەوە، لەدواییـدا بـۆم دەرکـەوت، کـە سـێ جـار نووشتەی بۆم لە خواردن کردووەو دوو جاریش، ئەو ئاوەی لەسـەر سـفرەی نـانخواردن خواردبوومەوە نوشتەیان تێهەڵێنابوو، کەچی هیچ گۆڕانێکیـان لەمنـەوە نـەبینیبوو، نهێنی ئاشکرا بوونی ئەو نوشتانەش لـەدەمی بـرا گەورەکەمـەوە دەرچـوو، دیـاربوو رۆژانە بەدوای مندا هاتۆتە قوتابخانەو لەگەڕانەوەشمدا لە دوورەوە بـەنهێنی چـاودێری کردووم، لە یەکێ لەو رۆژانە منی لەگەڵ رەبحانەدا بینیوە، پێدەچوو، زۆر لێمان نزیك بوو بێتەوەو گوێی لە قسەکانیشمان گرتبێ، ئەو رۆژە، بەرۆژی بـەفر ناویـان دەبـرد،

زیاتر لە بیستو چوار سەعات، بەبێ راوەستان، بەفر دەباری، منو رەیحانە بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك، لەبن دیواری خانووێك، یەكترمان بینی، هیچ كەسێك بەدەرەوە نەبوو، تەنیا ئەو كەسانە دەردەكەوتن، كە بەفرماڵیان بەدەستەوە بوو، سەربانەكانیان رادەماڵی، ترسێك دەوری هەردووكمانی دابوو، كە لە چاوەكانماوە بەدی دەكرا، راستە لەبەر لەرزینی جەستەمان دەمیشمان بە چاكی نەدەهاتەگۆ، بەڵام ئەو لەرزینە، لە سەرماكەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵكو لە ئەگەری ئەو چاوە نهێنیانە بوو، كە ئەگەر بمانیان دیتبا، ئەوە خوا دەیزانی چییان بەسەردێنایین ! ئێمە نەماندەزانی كێ لەو پەنایە عاسێیە دەمانبینێ، كێ گوێی لە قسەكانمان دەبێ، ئێمە هیچ كەسێكمان نەدەبینی، بەڵام براكەم كە بەدزی لە دوای تەواوبوونی ئەو رۆژەی مەكتەب، بەدوامەوە هاتبوو، تا ئەو شوێنەی منو رەیحانە لێی وەستابووین، نەوەستا بوو، دروست خۆی گەیاندبووە سەربانی ئەو خانووە كۆنە چۆڵكراوەی، كە منو رەیحانە لەبن دیوارێكیدا بەترسەوە وەستابووین. هەر لەسەربانەكەوە لەسەر زگ بۆی راكشا بوو، گوێچكەكانی بەرووی قسەكانی ئێمەدا ماتكردبوو، هەرچییەكمان وتبوو، بە گوێچكەی ئەودا تێپەڕیبوو، هەر كە گەیشتمەوە ماڵی، لەبەر دەرگای حەوشەكەوە وەستاندمی. بێ ئەوەی بهێڵێ دەمم بكەمەوە، بە تووڕەییەوە پێمیوت:

- ئەرێ چ عەجەب، بەنووشتەی هەموو دونیا، زمانت ناگەڕێ، كەچی لەگەڵ رەیحانە حكایەتی قیامەتیش دەگێڕیتەوە؟!

من ناچار بووم وەڵامی براكەم بدەمەوە، چونكە پێم سەیر بوو، كە چۆن كەسێك بەو سەرماو بەفربارینە، توانیویەتی گوێ لەو هەموو قسەی نێوان منو رەیحانە بگرێ:

- چۆنت زانی؟

هەموو شتێكی بۆ گێڕامەوە، ئەوەی بەلامەوە زۆر سەیر بوو، ئەو نووشتە بچووكەی ژێرەوەی چاكەتم بوو، كە دایكم زۆر بەوەستایی پێوەی نووساندبوو:

- ئەمە نووشتەی شێخی سەرانە!

ویستم بڵێم (خۆ من شێت نیم!) براکەم دەستێکی خستە سەرشانم، بزەیەك سیمای داپۆشی. لەوەدەچوو بڕوایەکی زۆری هەبووبێ، کە ئەو نووشتەیە وای لێکردبم، ئەو هەموو قسەیەم لەگەڵ رەیحانە کردبێ":

- دەست لەم نووشتەیە مەدە، بەهاناتەوە دێ!.

لەوە تێگەیشتم کە تازە ئیدی، ئەوان بەچاوی کەسێکی نائاسایی بەرخوردم لەگەڵدا دەکەن، لەراستیشدا خۆیشم هەستم دەکرد من ئەو کوڕەی جاران نیم، خەمی گەورەشم ئەوەبوو رەیحانە ئەو نووشتەیە ببینێ و ئەویش بەشێوەیەکی دیکە سەیرم بکا، بۆیە بڕیارمدا چیدیکە ئەو چاکەتە دەبەرنەکەم، کە نووشتەکەی پێوەبوو، خۆ چەند جارێك ویستم نووشتەکەی لێبکەمەوەو فڕێی دەم، بەڵام نەمدەتوانی، کە دەستم بۆ دەرێژ دەکرد ترسێك پەنجەکانمی گران دەکردو دەستمی بۆ دواوە رادەکێشا، ئەو بەیانییەی کە بڕیارمدا بوو چاکەتێکی دیکە بپۆشم نازانم لەترسی دایکم بوو پەشیمان بوومەوە، یان لەترسی خودی نووشتەکە بوو، کە رەیحانەشم بینی هەر لەخۆمەوە وەك ئەوەی چاوی رەیحانە کەوتبێتە سەر نووشتەکەوە، بە ئاسایی نەدەهاتمە بەرچاوی کچەکە، هەندێ جووڵەی سەیرم دەکردو کۆمەڵێك وشەی بێماناو پچڕپچڕ لەدەمم دەردەچوو. رەیحانە لەوە دەچوو بیری بۆ ئەوە چووبێ، کە من لەماڵەوە یان لەگەڵ یەکێ بەشەڕ هاتبم، چەند جارێك وەك باوەڕ بە ئاسایی بوونی من نەکا، چاوی نیگەرانیو دوودڵی دادەخستو حەزی دەکرد خێرا لێی دووربکەومەوەو کەسێکی دیکە بەو شێوەیە لەبەر چاوی ئەو ، نەمبینێ. رەیحانە لەمن پەشۆکاوترو حەپەساوتر دەهاتە بەرچاو هەر ئەوەندەی پێکرا پێم بڵێ:

- خۆ شەڕت نەکردووە؟

کە من بەچاو (نەخێر)م پێ وت، خێرا منی لەوێ جێهێشت، زانیم وەختی ئەوە هاتووە چیدیکە ئەو چاکەتە نەکەمە بەرمو بە ئاشکراش بەدایکم بڵێم" من شێت نیم ئەو نووشتانەم بۆ دەکەیت!"

بیرکردنەوە لەو نووشتانە، بۆ خۆی کێشەیەکی گەورە بوو، من بەر لەوەی بزانم کە ئەو هەموو نووشتانەم بۆ کراوەو ئاوی هەندێکیشیانم خواردۆتەوە ، لەنێو پۆلەکەمدا زۆر ئاسایی بووم، پەیوەندیم لەگەڵ قوتابییەکان هیچ گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا نەهاتبوو، کە ببێتەمایەی قسە لەسەر کردنم، یان جێی سەرسوڕمان‌و گاڵتە پێکردن، کەچی لەو ڕۆژەی زانیم، کە من نووشتەییێکی زۆرم بۆ کراوەو یەکێکیشیان لەژێر چاکەتەکەم گیرکراوە، هەر لەخۆمەوە وامدەزانی بەکەسێکی نائاسایی دێمە بەرچاوی ئەوانی دیکە، کە لە پۆلدا کۆدەبووینەوەو مامۆستا دەهاتە ژووری، هێزێك ڕێی پێنەدەدام وەکو قوتابیانی دیکە هەڵسمەوە، ئەویش بۆ مامۆستاکان گۆڕانێکی سەیرو رەوشتێکی ناشیرین بوو، لەبیٚ ڕێزی زیاتر بۆ مامۆستا، چ مانایەکی دیکەی نەدەگەیاند، هەموو جارێك لەسەر ئەو ڕەفتارەم بانگ دەکرامە ژووری بەڕێوەبەر، بەڕێوەبەریش لەبەرچاوی مامۆستاکان چ قسەو جوێنی ناشیرین بوو، پێمی دەوت، منیش تەنیا دەمتوانی بڵێم:

- بەخوا مامۆستا نازانم بۆ واملێهاتووە!

بەزمی مامۆستا لەلایەك‌و هاندان‌و فیتی هەندێ قوتابیش لەلایەکی دیکەوە، کێشەکەیان لیٚ گەورەتر کردم، وای لێهاتبوو، چەند قوتابییەکیش لاسایی منیان دەکردەوەو لە هاتنەژوورەوەی مامۆستا، خۆیان گێل دەکردو سەیری پەنجەرەکانیان دەکرد، مامۆستاش ناچار دەچوو، هەڵکوتێتە سەرمان‌و بەدارو مست‌و پێلەقە دەرمان کاتە دەرەوە. (سەبۆ) لەپێش هەموویانەوە، بڕیاریدا کە چیتر بۆ مامۆستا هەڵنەسێتەوە، ئەوان وایان دەزانی من بە ئانقەست ئەو کارە دەکەم، لەدوایەمین جاردا بەڕێوەبەر بڕیاریدا لیژنەیەکی سزادانم بۆ پێکبهێنی‌و ڕێگاش لەو ڕەفتارە ناشیرینە بگریٚ.

بەڕێوەبەر خۆیشی لەگەڵ دوو مامۆستای دیکە، منیان پەلکێش کردو لەگەڵم دانیشتن.. من وەك تاوانبارێك، کڕو بێدەنگ، سەرم خستبوە سەرمێزەکە. لەپڕ بەڕێوەبەر وتی:

- فەسلت دەکەم، ئەگەر راستییەکەم پێ نەڵێیت!

من نەمدەزانی چی پێ بڵێم، وەك لێقەوماو و تێشکاوێك سەرم هەڵبڕی، جورئەتی ئەوەشم نەبوو چاو لە چاوی بەڕێوەبەرو مامۆستاکان بکەم. بەزحمەت دەمم کرایەوە:

- باوەڕ بکەن بەقەست واناکەم!

مامۆستا (موحسین حەیزەران) رووی لە بەڕێوەبەر کردو پلارێکی بۆ من هاوێشت:

- رەنگە جنۆکەیێ چووبێتە لەشیەوە!

کە مامۆستا موحسین ناوی جنۆکەی هێنا، هەستمکرد نووشتەکەی ژێر چاکەتم جوولایەوە، هەموو گیانم لەگەڵیدا بێئارامی تێکەوت، لەخۆمەوە هەستامە سەرپێ، هەرچەند بەڕێوەبەر بەسەرمدا قیژاندی کە لە شوێن خۆم دانیشمەوە، نەمتوانی. لە چاوی هەموویان ئەوەم خوێندەوە، کە من کوڕێکی نائاساییم و لە کەسێکی بێئەدەبیش دەچم، ئەگینا چۆن بە ڕووی ئەواندا وەك مامۆستا حەسەن واتەنی " ئەو بێڕیزییە دەکەم " بەڕێوەبەر هێندە تووڕەو بێئۆقرە دەهاتە بەرچاو هەرکەس لەو ساتە بیدیبایە لە بەری هەڵدەهات، ئەو وەك ئەوەی بێحورمەتییەکی یەکجار گەورەی لەگەڵدا کرابێ، بێزی نەدەهات بەلای منەوە بێت، تەنیا تیری رق و تووڕەیی بۆ من دەهاوێشت و لەبەرخۆیەوە بۆڵەبۆڵی دەکردو وا خۆی دەردەخست کە ئێستا نا کەمێکی دیکە لەهەقم دێت، من نازانم نیگام چۆن چووە سەر دارحەیزەرانەکەی سەر مێزی بەڕێوەبەر، دارحەیزەران بەبەر چاومەوە قیت بۆوە، خۆم بینیم کە چۆن یەکڕاست چووە نێو دەستی بەڕێوەبەر، من وامدەزانی ئەوەی لەبەرچاومەوە روودەدا لە خەونێکی ناخۆش دەچێ، بەلاّم کە بەڕێوەبەر بە خۆی و دارەکەی نێو دەستی لێم نزیك بۆوەو نوکە دارێکی لەشانم دا، زانیم ئەوە ئەو رۆژەیە کە دەبوایە بە چاوی خۆم ببینم، ویستم پڕ بەگەرووم هاوار بکەم ( مامۆستاینە من هیچم نەکردووە، خەتا لە من نەبووە ) بەلاّم مامۆستا موحسین چاوەکانی لێ زەق و سوور کردمەوە، نەیهێشت لێوەکانم لێکبترازێن، ئاوڕێکم بۆ لای دەرگاکە دایەوە، بەڕێوەبەر وا تێگەیشت نیازێکی خراپم هەیە، هەر زوو وەلاّمی ئەو نیازەی منی دایەوە :

- پێت شەرمە بۆ مامۆستا هەڵسیتە سەرپێ ؟!

من نەمدەزانی ئەوەی روویدا چۆنیان بۆ باس بکەم. لەو دەمــە هــیچ شــتێك بــە مێشکمدا نەدەهات، هەستمدەکرد هێزێك خەریکە لە پەلوپۆم دەخا، هێندەم نەمابوو لەبەر دەمیان رابکشێم و ببوورێمەوە، تۆپەڵە گریانیك لە گەروومدا قەتیسببوو، لەپڕ دەستێکم بۆ ژێرەوەی چـاکەتەکەم بــرد، دامێنەکــەییم راکێشــایە دەرێ، نووشــتەکەم نیشان دان، هەرسێکیان لەو کارەی من واقیان وڕما، بەڕێوەبەر بەسەرسوڕمانەوە لــە نووشتەکە راما، پێدەچوو هەرســێکیان لــەو نەوعــە نووشــتەیان زۆر بینیبــێ، بــەڵام مامۆستا موحسین بە فرسەتی زانی جارێکیدیکــە جــەخت لەســەر قســەی پێشــووی بکاتەوە و بڵێ :

- ها، چیمگوت ؟! ئەوە ئیشی جنۆکەیە !

وام بیرکردەوە ئەو قسەیەی مامۆستا موحسین بۆمن نیشانە پێکـانێکی باشــبوو، ئەگەرچی ئەو بۆ نیازێکی خراپ ئەو قسەیەی کرد، بەڵام لە بەرژەوەندی منــدا بــوو، لەو دەمە ئەوەشم بینی کە چۆن سیمای بەڕێوەبەر گــۆڕاو تــەمی تــووڕەییش لەســەر روخساریدا رەویەوە، منیش زمانم وەگۆهات وتم :

- لەماڵەوەش هەروام پێدەڵێن !

بەو قسەی من خەندەیەك لێوەکانی مامۆستا موحسینی داگرت، لەوە دەچــوو دڵــی بەوە خۆشبووبێ کە قسەکەی لەسەر من، راست دەرچوو.بە لەخۆباییبوونێکەوە وتی :

- چیت پێدەڵێن ، شێت ؟!

منیش وەك کەسێکی بێچارەو لێقەوماو وتم :

- دەڵێن گوایە شێتێك دەستی لێوەشاندووم !

بەڕێوەبەر وەك قسەکانی من و مامۆستا موحســینی بــەبێ بایــەخ وەرگرتبــێو گرینگیش بەو نووشتەیە نەدا، لەسەرخۆ پێمی وت :

- بەڵام تۆ زۆر ئاساییت، لەمن هێمنتر دیاریت !

هەردوو مامۆستاکە بەسەر ئاماژەی پشتگیرییان بۆ بەڕێوەبەر کرد، من نەختێك سووکنایی بە دڵمدا هات، بەلاّم لە نزیکبوونەوەی هەرسێکیان لەیەکدی و پستەپستکردنیان بەدزی، جارێکی دیکە ترساندمیان، من وەك ئەوەی کەوتبێتمە تۆڕی نەخشەکانی ئەوان، دەبوایە چاوەڕێی بڕیارەکانیان بم، زۆرم هەوڵدا شتێکیان لێتێبگەم، بەلاّم بێهوودە بوو، تەنیا ئاخرین پەیڤی مامۆستا موحسینم گوێ لێبوو وەك وەلاّمی بڕیارەکانی ئەوان :

- زۆر باشە !

چاوم بڕیبووە دەمی بەڕێوەبەر ، لە چاوە گرژبووەکانیڕا تێگەیشتم کە ئێستا گوێبیستی هەواڵێکی ناخۆش دەبم، ترپەکانی دڵم وەخێراتر کەوتن، نیگام چووە سەر مشتە وێکهێنراوەکانی بەڕێوەبەر، وامزانی بەرلەوەی هەر بڕیارێك بدا مستێك بەنێو چاوانم دەکێشێ، هەرلەخۆیەوە ئازارێ ڕۆچووە هەنیەم، دەنگێك بە گەرووومدا هەڵگەڕا هەر لە هاوارێ دەچوو، ویستم بەسەر هەموویاندا بقیژێنم، بەلاّم دانم بەخۆمدا گرت وخۆم بەخۆم دەگوت" نەکەی ، نەکەی هەڵەیەکیدیکە بکەی"ڕاستییەکەی من لەوە دەترسام لەبری ئەو هەڵەیەی لە پۆلەکەدا کردم کەخۆیشم نەمدەزانی بۆ وامکرد، فەلاقە بکرێم، ئاخر بۆ ئەوان شتێکی زۆر ناحەزو قوڕس بوو قەبوڵی بکەن. تۆ وەرە لەپۆل دانیشەو مامۆستاش بێتە ژووری، قوتابیان بەپێوە بووەستن و تۆش ئاگات لە دونیا نەبێ و لەشوێن خۆتدا نەجوڵێی، مامۆستا چیت پێدەڵێ ؟ دڵنییام یان ئەوەتا تێروپڕت لێدەدا یا دەرتدەکاتە دەرەوە، لەوەش خراپتر ئەوەیە قوتابییان لاسایت بکەنەوە، من وامکردو ئێستاش ئەوە دەمبینن لە چاوەڕێی سزایەکدام، کە دەبێ قبوڵیشی بکەم، خەمەکە ئەوانە نین کە ئێستا لە بەرامبەرمدا وەستاون، من دە هێندە لەماڵەوەمان دەترسام، لە هەموویانیش ناخۆشتر قوتابییانی پۆلەکەم بوون، بیرم دەکردەوە ئەگەر بەتۆمەتی هەڵنەسانەوەم لە پۆلدا ، لە قوتابخانە دەرمبکەن بە چ چاو و ڕووێکەوە بچمە نێو خەڵك؟ چ بە رەیحانە بڵێم؟ کێ باوەڕم پێدەکا کە من لە خۆڕا ئەو کارەم کردووەو ئێستاش نازانم بۆ وامکرد. بە زەینمدا هات باشترین ڕێگا

ئەوەیە داوای لێبووردن بکەم، بەڵکە دڵیان پێمدەسووتێ و دەمبوورن، بە شێوەیەك سەیری بەڕێوەبەرم کرد وەك ئەوەی بمەوێ قسەیەك بکەم، بەڕێوەبەر رووی خۆی وەرگێڕاو چووە لای مێزەکەی خۆی، خێرا ئەو هەلەم قۆزتەوەو بە شەرمەوە وتم :

- داوای لێبووردنتان لێدەکەم ...

هەر کە ئەو قسەیە لە زارم دەرچوو، بەڕێوەبەر زیاتر لێمتووڕە بوو، دارحەیزەرانەکەی دەستی بەرزکردەوەو زرمەی لە مێزەکەی بەر دەمیەوە هێناو بە دەنگێکی بەرز قیژاندی :

- نەخێر دەبێ بتکەمە پەند بۆ هەموو قوتابیان .

ئەو قسەیە هێندەی دیکە ترساندمی، نەختێك لە بەڕێوەبەر نزیك بوومەوە، لە سەرخۆ وتم :

- بەلاّم باوەڕ بکەن بە دەست خۆم نەبووە .

- چەند رۆژێك دەتنێرینەوە ماڵێ !!

هەر کە گوێم لەو بڕیارە بوو، خۆم پێڕانەگیراو ئەستۆم شلبوو، لەپڕ کەوتمە سەر چۆکان، مامۆستا موحسین وەك ئەوەی هەست بەمەترسییەك بکا، خێرا گەیشتە سەرم، هەر دوو شانمی گرت و بە زەحمەت بەرزی کردمەوە، بە هێمنی پێیوتم :

- کاکە ، بۆ تۆ زۆر باشترە، ئەو ماوەیە ئیسراحەت دەکەی !

من راستە لە ژوورەکە کەوتبووم، بەلاّم لە دڵی خۆمدا لەگەڵ دایکم کەوتبوومە قسە " ئاخر دایە ئەو نووشتەیە چی بوو، چیم کردبوو، کێم لە ئێوە ئەزیەت دابوو؟ من تاکە شتێکم کردبێ دەرهەق بە خۆم بووە، من کەسێکی زۆر ئاساییم، هەموو ئەو خزم و دۆست و هاوڕێیانەم دەناسمەوە کە لە گەڵیاندا تێکەلاّوم، ناوی یەك یەکیانم لەبیرە، چەند شێخ و ئاغاو ردێنسپی ئەو شارە، چەند مامۆستا لە قوتابخانەکەمان و لە ئەوەی دوای ئێمەش هەن دەیانناسم ،حەز دەکەیت یەك یەکی گەڕەکەکانی ئەم شارەت بۆ دەژمێرم، ئاخر کەی من شێتم، من ئەوە چەند رۆژێکە وام بەسەر هاتووە، دەزانم ئەوە تەنیا تیشکە بەهێزەکانی چاوی

رەیحانە بوون، وایان لێکردم شەڕو قسەو خەو و گەڕانم کەمبێتەوە، خەیاڵ و بێدەنگی و لەگەڵ خۆدوانم زۆر بێ ..."

***

قەت لەو باوەڕەدا نەبووم، لەسەر کارێکی وا حەوت ڕۆژ لە قوتابخانە دەربکرێم، سەیر ئەوە بوو هەرچەند هەوڵم دا دڵیان نەرمکەم، کەچی بێسوود بوو، بەتایبەتیش بەڕێوەبەر کە تۆزقاڵێك دڵی پێم نەسووتا، لەوەش زیاتر بە پەنجە ئەستوورو درێژەکانی، ئەمری بە مامۆستا موحسین کرد، کە بمباتە دەرەوەی قوتابخانە، مامۆستا موحسین دەرگاکەی بۆم کردەوەو وەپێشم کەوت، تا بەر دەرکی گەورەی قوتابخانە لەگەڵم هات، من خۆم دەرگاکەم کردەوەو چوومە دەرەوە، ماوەیەك لەودیو شوورەی قوتابخانەکە بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك وەستام، نەمدەزانی بە چ ئاڕاستەیەکدا بڕۆم، لە لەحزەیەکدا خۆم وا هاتە بەرچاو، وەك ئەوەی لەم دونیایەدا هیچ کەسێکم نەبێ بەرگریم لێبکاو لەو گرفتە رزگارم بکا .. لەجادەکەی بەردەم قوتابخانەکەمان پەڕیمەوە، بەدالغەو تێڕامانێکی قووڵەوە هەنگاوم هەڵدەهێنا، هێندەم نەمابوو بگەمە (بەرباخچان) لە دوورەوە (خەلیفە حوسێن)م بینی، ئەگەرچی من تەنیا کەسێك بووم بەسەر جادەکەوە دیاربووم، کەچی ئەو پیاوە لە دونیای خۆیدا بوو، لەبەر خۆیەوە بڵمە بڵمی بوو، سەیری ئەو تەسبیحە دەنك گەورانەم دەکرد، کە بەشانی راست و چەپیدا لە شێوەی ( X ) بەسەر پشدێنیدا هاتبوونە خوارێ، ئەوەی بۆ من جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانبوو، ئەو نووشتە سەوزە چوارگۆشەیە بوو کە بە لاتەنیشتێکیدا شۆڕببۆوەو تا سەر سمتی هاتبوو، بیرم کردەوە سلاوێکی لێبکەم، هەندێکیش لەگەڵی رابوەستم، کەچی وەك ئەوەی هیچ شتێك نەبینێ، بە تەنیشتمەوە رەتبوو، پێنەدەچوو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا هەبێ، دەنا خۆ من مێشوولە نەبووم نەمبینێ، منیش وەك ئەوەی لە ركڕا چووبم، بامدایەوەو لەسەرخۆ لە پشتییەوە

هەنگاوم هەڵدەهێنا، لەناکاو ئیستێکی کردو وەك ژەنەڕاڵێکی سەربازیی ئاوڕێکی سەنگین و بە دەسەڵاتی دایەوە، منیش بە بزەیەکەوە بۆی چوومە پێش، بواری ئەوەی پێنەدام سلاویشی لێبکەم، بە چاو نوقاندنەوە پێمی وت:

- ها چت دەوێ؟

من یەکسەر دەستم بۆ درێژکردو تۆقەیەکم لەگەڵ کردو پێموت:

- چۆنی چۆن، من دەناسی؟

خەلیفە زۆر بەپەلە لارووەتێکی هەڵکشاو دەمی بۆ لای دەستی راستەی خواربۆوەو چەند وشەیەکی لە دەم دەرچوو، کە تەنیا لە دووانیان تێگەیشتم ئەویش هیچ پەیوەندی بە پرسیارەکەی منەوە نەبوو، ناچار بووم ئەوجارەیان بەباشی خۆمی پێ بناسێنم، ئەویش وەك ئەوەی بە گێلم دابنێ، قەبارەی چاوەکانی بچووك کردەوەو بزەیەکی بۆ کردم و وتی:

-- ئا، ئا، ئەدیکوو ناتناشمەوە؟!

خەلیفە حوسێن خوێن تاڵ نەبوو، خەڵکی وەك پیاوێکی ئیماندارو شان متفەرك سەیریان دەکرد، من بۆخۆم بینیومە کە چۆن ژنان رێیان لێدەگرت و شانیان ماچ دەکرد، ئەویش سەری بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوەو بە فسە زمانەکەی خۆی بۆڵەبۆڵێکی لە دەم دەردەچوو، کەس نەیدەزانی لەو دوعاکردنانەدا چی دەڵێ، گرنگ رازیکردنی ئەوان بوو .. ئەو پیاوە لە بۆنە خۆشەکانیشدا ئامادە دەبوو، زۆر حەزی لە هەڵپەڕین وشایی دەکرد، لە رۆژێکی ئاوادا کە دەیزانی داوەت دەکرێ، بۆنێکی تایبەتی لەخۆی دەدا، حەزتدەکرد لە تەنیشتی رابووەستی و بۆنەکەت بۆ بێ، زۆرجار بە ئانقەست دەیانبردە نێوەڕاستی شاییەکە بۆ ئەوەی لە هەموو لایێکەوە دەربکەوێ، کە سەرچۆپیشیان دەدایە دەست ئیدی گچکەو گەورە وەجۆش و خرۆش دەکەوتن، لەو رۆژەدا کەس نەبوو برێك لە خەمەکانی بە دیتنی سەمای خەلیفە کەم نەبێتەوە، کە یەکێ لەوبەرەوە هاواری دەکرد (هەلە کسێ ، هەلە کسێ) خەلیفە خێرا رستەکانی دیکەی تەواو دەکردو دەیوت:

-- هەلە کسیٚ، ئەمن و ئاییش، دەرپیٚ قاییش !

شانەکانی وەها هەڵدەتەکاندو قاچەکانی وەها بەرز دەکردنەوە، وەك داستانێکی پڕ لە حوزن و ماتەمین لە پشتی جووڵەو هەڵپەڕینەکانی خەلیفەوە بیٚ، یان لەوە دەچوو بیەویٚ ناوە ناوە خۆی لە ئازارێك خاڵی بکاتەوە، من وەها دەهاتە بەرچاوم وەك ئەوەی لە مەجلیسی دەروێشان بیٚ و زیکربکا، سەیر ئەوە بوو نەیدەزانی ماندووبوون چییە، هەموو جەستەی ئەو پیاوە لە نمایشێکی کۆمیدی دەچوو، هەر کاتێك بیدیبایە هاندەری زیاترو زیاتر دەبن، ئەویش لە هەڵپەڕیندا خێراترو بە گوڕتر دەبوو، توندتر قاچەکانی بە زەویدا دەکێشان و دەوروبەری خۆی دەکردە تەپوتۆز، من لەو دەمەدا هەستم دەکرد خەلیفە زیاتر دەبووە جیٚ سەرنجی ئافرەتان، هەموو ئەو ژن و کچانەی حەزیان دەکردو لە شەرم رادەچوون بچنە نێو شاییەکە خەلیفە ئەو ترسەی لێدەرەواندنەوەو هانی دەدان لە شاییکردنەکانا بێبەش نەبن .. خەلیفە حوسێن لە رووداوە ناخۆشەکانیشدا ئامادەیی هەبوو، دەتوت کەسێکی بەردەستی هەبوو ، هەموو هەواڵێکی پێدەگەیاند، ئەوەی کە بۆ من زۆر ناخۆش بوو، کەسانێك هەبوون هەندیٚ جار بەو پیاوەیان رادەبوارد .. ئەو رۆژە یەکیٚ لە پیاو ماقووڵانی شار بە دوای خەلیفەدا دەنێریٚ، خەلیفەش لە پرخەی خەودا دەبیٚ، بەپەلە لە دەرگای ماڵەوەی دەدریٚ.. تەق. تەق. تەق. خەلیفە وادەزانیٚ دونیا وێران بووە ، پێخەفەکەی فڕێدەداو هەڵدەستیٚ، لەبەر خۆشیەوە دەڵیٚ "باشە، باش هەی دەستت شکیٚ !" کە دەرگاکە دەکاتەوە، هەرزەکارێك بەپەلە پێیدەڵیٚ:

- مام خەلیفە ، رەفعەتە فەندی گوتی ئێستا بگاتە لام.

- نەیگوت چ ئیشی هەیە؟

کوڕە ئەوەندە دەڵیٚ و تێیدەتەقێنیٚ، خەلیفە خۆیشی نازانیٚ چۆن جلەکانی دەکاتە بەر، هێندە نابا لەبەر دەمی رەفعەتە فەندی رادەوەستیٚ و دەڵیٚ:

- فەرموو گەورەم، چیت لە من تەڵەبە؟

ڕەفعەتە فەندی بێئەوەی سەرسامی خۆی بەو هاتنــە دەربخـا، دەسـبەجێ داوا لــە خەلیفە دەکا کــە هاریکــاری بکــا لــە هــەڵگرتنی ئــەو گونیــەی کــە لــەبن دیــواری حەوشەکەوە دانراوە، خەلیفە چاوێ لە گونیەکە دەبڕێ و ســەیرێکی مــام ڕەفعــەتیش دەکاو دەڵێ:

- ئەوە چییە ڕەفعەتە فەندی؟!

مام ڕەفعەت لــە خەلیفــە دەچــیتە پــێش و خــۆی وەك لێقــەوماوێك نیشــاندەداو دەپاڕێتەوە:

- خەلیفە چیت لێبشارمەوە، یەکێکم لە دەست کوژراوەو نــابێ کەســیش بزانــێ، لەم شارە تەنیا باوەڕم بە تۆیە..

خەلیفە وەك ئەوەی پیاوەتی لەگەڵ کرابێ و مام ڕەفعەت لەو شارە تــەنیا بــاوەڕی بەو کردبێ، دڵی بەو داوایە خۆش دەبێ، دواتر وەك ئەوەی تازە بیری کەوتبێتەوە کــە مەسەلەکە زۆر گەورەیە، ترسێك ڕۆدەچێتە گیانی، بە مام ڕەفعەت دەڵێ:

- ئاخر گەورەم ئەگەر یەکێك بەو شەوە ئێمەی دیت ؟

- کێ دەمانبینێ، ئێستا سەعات دووی شەوە..

خەلیفە هیچی پێنامینێ لەسەرخۆ دەڵێ:

- ئێ باشە، بە تەمای خوای!

خەلیفە ناوی خوای دەهێنــێ و گونیەکــە دەخاتــە ســەر پشــتی، بــە کۆڵانەکــەی بەردەمی ماڵی مام ڕەفعەت شۆڕدەبێتەوە، لەبەر دەرگا مام ڕەفعەت پێیدەڵێ:

- لەبیرت نەچێ فڕێیدەدەیتە ناو خەرەند!

- باشە، باش، تێگەیشتم!

هێشتا زۆری دەمێنێ بگەنە خەرەند، وەختێك خەلیفە هەستدەکا شتێك بە قوونی دەکەوێ، دوو جار لەبەردەمی خۆی دەڵێ:

- بیشمییللا، بیشمیللا!

دڵی خەلیفە وەتەپە تەپ دەکەوێ، لەترسان بەرچاوی رەشکەو پێشکە دەکا و لێڵ دەبێ ، لەپڕ ئەو جارەیان مستێکی بە قاچ دەکەوێ، ئیدی خەلیفە هەر ئەوەندەی پێدەمێنێ گونیەکە فڕێبداو هەڵبێ، هەر بە رێگاشەوە دەڵێ "هەی لە قوژی داکتان بەم، دەتانەوێ شێتم کەن !!"

من کە بە ( خەلیفە حوسێن )م وت "ئەو نووشتەیەی بەرت چی تێنوسراوە ؟" هەستمکرد زۆر نارەحەت بوو، لەوە دەچوو پرسیارەکەم بۆ کەسێکی نیوە بێئاگا لە دەورووبەر، قورس‌و بێمانا بێتە بەرچاو، یان لەوانەشبێ بە گاڵتە پێکردن وەریگرتبێ، بۆیە بە لەپی دەستە خرپنەکەی، نووشتەکەی شاردەوەو بە تووڕەبوونێکەوە وتی :

-ئەتو هەقت بەو شتانە نەبێ!

ئەو نەیدەزانی من نیازم بوو بە نووشتە گەورەکەی، نهێنی نوشتە بچووکەکەی خۆمم بۆ دەرکەوێ، من ناچاربووم لە بەرامبەر تووڕەبوونی ئەودا نوشتەی ژێر چاکەتەکەمی نیشانبدەم، کەچی ئەو زۆر بەبێ بایەخ تەماشای کردو بەپەلە رووی خۆی وەرگێڕاو بە هەنگاوی چوست و خێرا لێمدوور کەوتەوە، ساتەوەختێك بەبێ ئەوەی بزانم بە چ لایەکدا بڕۆم، لەوێ وەستام، بیرمکردەوە " ئاخۆ چ بکەم باشە، بۆ کوێ بچم، ئەگەر بچمە ماڵەوە دایکم، براگەورەم، لەدوایشدا باوکم چی دەڵێن، چۆن رەفتارم لەگەڵدا دەکەن؟ کێ دەڵێ ئەگەر بەو بڕیارە بزانن لێدەگەڕێن ئەو حەوت رۆژە بە ئیسراحەت بژیم ؟ ئەوان لەسەر شتێکی بچووك، کە بە دڵیان نەبووبێ بەزمیان پێکردووم، ئەی ئێستا دەبێ چیم لێبکەن ؟ مەحاڵە لەبن دەستیان رزگارم بێ، زەحمەتیشە کەس بەیانی بمبینێتەوە، باشتر وایە نەچمە هیچ ماڵێك بۆنی خزمایەتی لێبێ " بیرمکردەوە بۆ کوێ بچم ، خۆ بۆ هەر کوێ بڕۆم، دەبێ ئێوارە لە ماڵەوە بم، لەپڕ بە مێشکمداهات باشترین جێگا مزگەوتە ! هیچ نەبێ دەتوانم لەوێ خۆم بشارمەوە، دەتوانم هەموو شتێك بە شێنەیی بۆ مەلا بگێڕمەوە، دڵنییام ئەویش پشتم دەگرێ، بەڵام زۆر زەحمەتە لێبگەڕێ لەوێ بمێنمەوە، مامۆستای مزگەوت پیاوێکی زۆر هێمن و بە سەبرە، دەچمە ئەوێ و هەموو شتێکی بۆ دەگێڕمەوە،

حەتمەن ئەویش ڕێگایەکم نیشان دەدا ..بڕیارمدا یەکڕاست بەرەو مزگەوت بەڕێبکەوم، وەك ئەوەی خۆم لەو دوو دڵیە ڕزگار بکەم، کە تێیکەوتبووم، ملی ڕێگام گرت، هەر بە ڕێگاوە خۆم وا دەهاتە بەرچاو وەك ئەوەی کەسێك ڕاوی نابم، پەشۆکاوو سەرلێشێواو هەنگاوم هەڵدەهێنا، لە دوای چەند شەقاوێك لەخۆمەوە ئاوڕم دەدایەوە، دەتگوت بە دوای کەسێکدا دەگەڕێم و پێناچێ بیدۆزمەوە، ئەوەی زۆری لێدەترسام و نەمدەویست لەو دەمەدا ببینم براگەورەکەم بوو، هاتە بەر چاوم ئەگەر منی بینی چی پێبڵێم ؟ خۆ تەنیا ئەوەندە بەسە چەهرەم بەو شێوەیە ببینێ، ئەو کات دڵنییام لەوە تێدەگا کە من کەتنێکم کردووە، چ بکەم خودایە، ئەمڕۆش ماڵەوەمان نەزانن سبەی هەر دەزانن، ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو، ئەوان پێدەچوو خۆیان بیانەوێ لەهەنجەتێك بگەڕێن، بۆ ئەوەی ئاوا توندبن لەگەڵمدا، دەنا ئەوەی من کردم ئەو هەموو سزایەی نەدەویست ؟ ئەگەر من لەجێگەی بەڕێوەبەر بوومایە نەك هەر سزای قوتابییەکەم نەدەدا بەڵکو هەوڵمدەدا یارمەتیشی بدەم، ئاخر کەی ڕاستە لەبەرامبەر هەڵەیەکی ئاوا بچووك سزایەکی ئاوا گەورەم پێبدرێ ؟ گوایا بەڕێوەبەر باوکیشم دەناسێ، کەچی لەهەموویان خراپتر بوو، باوکم ڕاستی دەکرد کە دەیگوت " بەڕێوەبەرەکەتان پیاوێکی تووڕەو قیچکە تەنگە، ئاگات لە خۆت بێ غەلەتێك نەکەی زمانت ببڕێ "ئێ تو ئەم خوایە من چ هەڵەیەکم کردبوو، تەنیا لەبەر ئەوەی بۆ مامۆستا هەڵنەساوم ؟ بۆ نەدەکرا وەك نەخۆشێك سەیر بکرێم ؟ ئەوجا کێ دەڵێ من هەر بە ڕاستی نەخۆش نیم ؟ ئەی ئەوە نییە هەموو گیانم گەرم داهاتووە ! لەوە دەچێ تاو لەرزم گرتبێ، سەیرە ئەو جادەیەی بەردەمم دەڵێی دەئاوسێ، یان دەڵێی شتێك لەژێرەوە پفی دەدا، دەبێ چیم بەسەر هاتبێ ؟ هەموو ئەو دوکانانەی بەردەمم دەڵێی تەنەکە ڕوونێکی قۆپاون، هەرچی دارو درەختی ئەو ناوە هەیە لە نێو زیکرێکی شێتانەدا نقوم بوون، قەدو گەڵاکانیان کەنەفتو ماندوو دیارن، ئەوەی ناوی سەوزەو میوەجاتە لەخۆیانەوە سەبەتەو شوێنەکانیان جێدەهێڵن، ئاسمان هەمووی کون کون بووەو لەهەر کونێکەوە پەلامیزی منداڵێك دادەبارێ، خوایە ئەوانە چین بەدەوروبەرمدا

دەڕۆن، هەر لە ئینسان دەکەن و ئینسان نین، هەر لە حەیوان دەکەن و حەیوان نین، من خۆیشم نازانم چیم، لە کوێ هاتووم و بۆ کوێ دەچم، سەیرە ئەو خەڵکە بۆ وا بە گومانەوە تێمدەڕوانن ؟ ئەمانە چین بەبەر چاومدا هەڵدەپەڕن، هەر لە چاوەکانی ئەو خەڵکە دەکەن کە لە دووری جەستەکانیان سەرەتاتکێم لەگەڵدا بکەن ، پێدەچێ ئەوانیش گەرەکیان بێ لە خەمەکانم بگەن، خەندەیەك لە سەروسیمایانەوە بەدیناکەم، هەموویان دەڵێی گرژو مۆنی دونیایان هەڵگرتووە، بە بوغزەوە تێمدەڕوانن دەڵێی غەدرێکم لێکردوون و دەیانەوێ تۆڵەم لێبکەنەوە، ئەوەتا هەموویان پێکەوە وەك کۆمەڵە بەردێکی لەیەك گرێدراو لە نێوەڕاستی ئەو ڕێگایەی بەبەر دەمی مزگەوتەکەدا تێدەپەڕێ، وەستاون، هەموویان بێئەوەی شتێك بڵێن بە چاو، ڕێژنەتیرم تێدەگرن، ئەی خودایە بە کوێدا بڕۆم؟ چۆن بتوانم درزێك بخەمە نێو ئەو حەشاماتە، ئەگەر پەلە نەکەم و بە کۆڵانەکاندا نەڕۆم حەتمەن بە ئاسانی دەکەومە دەستیان .. ڕاستە بە کۆڵانێکی دیکەدا ڕۆیشتم و خۆم لە چاوی ئەوان ونکرد، بەڵام هەستمدەکرد من کەسێك نیم بە ناوی سەرمەد، هەوڵمدەدا ئەو کەسانەی لە کۆڵانەکاندا دەیاندیتم لە پەشۆکاوی وسەرگەردانییکەم تێنەگەن، چەند جارێ هەورازو نشێوی گەڕەکەکانم بڕی، لە ئاخردا خۆم لە شوێنێك دیتەوە بە تەواوی لەلامەوە نامۆ بوو، کە تەماشایەکی دەوروبەری خۆمکرد سەرم لە هیچ شتێك دەرنەدەچوو، لەخۆمەوە دەستم بە گریان کرد، چرو چەهرەم بۆ هەر کەسێك ئەوەی دەنواند کە پێویستم بە فریادڕەسێکە، ماوەیەك لەپشت دیواری خانووی کەسێك دانیشتم کە نەمدەزانی هی کێیە، کاتێك سەرم بڵند کرد لە بەرامبەری مزگەوتەکە بووم، خێرا هەڵسامەوە، هیچ کەسێکم لە دەوروبەری خۆم نەبینی، ڕووەو مزگەوتەکە هەنگاوم هەڵێنا، هێندێك خۆم ڕێکخستەوە، کە چاکەتەکەم خستەوە ژێر شەلوارەکەم بە ڕێکەوت جارێکی دیکە دەستم بە نووشتەکە کەوتەوە، نوشتەکەی مام خەلیفە هاتەوە بەرچاوم وامدەزانی هەموو گیانم بۆتە نووشتە، کە بە ڕێگاوە دەڕۆیشتم نووشتەکان دەلەرینەوە، کۆمەڵێك منداڵ بە تەنیشتمدا تێپەڕین، بەسەر سوڕمانەوە بۆم وەستان،

منـیش بـە شـەرمەوە تەماشـام دەكـردن، لـە ناكـاو یـەكێكیان بزەیـەكی هـاتیٚو ئەویدیكەشیان هۆیهایەكی بۆم كردو هەردووكیان هەڵاتن، كەمێك لـە جـل و بـەرگی خۆم رامام دەستم بۆ سەرو گێلاكم  بـەرزكردەوەو ترسـام لـەوەی روخسـارم شـتێكی پێوەبیٚ، خۆم شۆڕكردەوەو بەردێكم لە مندالّەكان گرت، منالّەكان بـەو بـەردە زیـاتر وروژان، لە هەورازەكەوە بەردەبارانیان كردم، ناچاربووم خۆم لە پەنای دیوارێك بنێم، ماوەیەك لەویٚ مامەوە، دوای ئەوەی هەستمكرد ئەوانیش لەویٚ نەماون، بـە فرسـەتم زانی بە پەلە دەربپەڕم و خۆم بگەیێنمە مزگەوتەكـە، كـە گەیشـتمە سـەر جادەكـە كۆمەڵێك مێشولەی تووڕە پەلاماریان دام، ئەو كات فكرم بۆ ئەوە چوو، كە بۆنێك لە جەستەمەوە دیٚ، ئەو مندالانەش كە لە كۆلانەكـە لێمـدوور كەوتنـەوە، لەبـەر ئـەو بۆنەوە بووە، جیاوازی نێوان ئەوان و مێشولەش هەر ئەوە بووە، ئەوان هەلاتن، كەچی مێشولەكان لێمنزیـك دەبنـەوە ! مـن زۆرجـار بینیومـە، كـە چـۆن بـاوكم لـەكاتی تووڕەبووندا وەك ئەوەی لەگەڵ كەسێك بەشەڕ بیٚ، ئاوا پەلاماری مێشـولەكانی دەداو بە جوێنو بۆڵە بۆڵەوە شەڕی دەكردنو دەیكوشتن، من بەم چاوانەم بینیم كە چۆن ئەو رۆژەی ئاغای گەڕەكەكەمان لەگەڵ باپیرەم چووبوونە سەیران، هەڵمەتی مێشولە ئـەو ناوەی داگرت و ئاغا نەیتوانی لەنێو چـادرە تایبەتییەكەشـی بحەوێتـەوە، ناچـاربوون ئەویٚ جێبهێڵن.

من كە ئێستا یەكەم هەنگاو دەنێمە نێو مزگەوتەكە یەكسەر لەبەرامبەرمەوە دوو چاوی زیت و زەق رووبەرووم دەبنەوە، ئەو چاوانە دەتوت لە مێـژبوون لـە چـاوەڕوانی مندا بوون، هێندە بەدیقەت لەدەموچاوم رادەمان، لەوە دەچوو زەمانێـك بـیٚ منیـان نەبینیبیٚ، كەسە چاو دەرپۆقیوەكە لەسەرخۆ بۆم هەڵسایەوە، منیش بەپەلە رووی خۆم لێوەرگێڕاو رامكردە دەرەوە، لەبەر دەرگاكە خۆم بـە كەسـێك دادا، تـەنیا ئەوەنـدەم پێكرا پێیبلێم :

-- ببورە، فەقیٚ شێت بە دوامەوەیە !!

فەقێ شێت بێئەوەی هیچ قسەیەکم پێ گوتبێ، لەخۆیەوە بەدوام کەوت، کەس نەبوو لەو پیاوە نەترسێ، زۆربەمان شارەزای ببووین و نەدەوێراین رووبەروو تەماشای بکەین، ئەو بە گومانەوەلە هەموو کەسێك رادەما، ئەوەی لەو دەمە نیگای لەگەڵ نیگای ئەو تێکئالاّبوایە وەك ئاژەڵێکی دڕندەو برسی دەیقیژاندو هەڵمەتی بۆ دەبرد، ئەگەر یەکێ بەرەوانی نەکردبان ئەوە حەتمەن زەبرێکی لەو کەسە دەدا، فەقێ شێت کە دەستی دەوەشاند، بۆچەند رۆژێك هەستت بە قورسایی شوێن زەبری پەنجەکانی دەکرد، ئەو پیاوە تەنیا دوو پەنجەی ئەسپێکوژەو دۆشاومژەی لێکدەکردەوە، کە بۆ من نیشانەی ئامادەبوونی بەردەوامی بوو بۆ شەڕو هێرشبردن، کە بە ڕێگاوەش دەڕۆیی چاوەکانی لە مەودای نیوە بازنەیەك دەجوولانەوەو تەواوی دەوروبەری خۆی کۆنترۆڵ دەکرد، مەگەر یەکێ ئاگای لەخۆی نەبوایە، دەنا کەس جورئەتی نەدەکرد بە تەنیشتیەوە رەتبێ، چونکە مسۆگەر شەپازللەیەکی دەخوارد، من بۆخۆم لەهیچ شێتێکی ئەو شارە نەدەترسام، تەنیا لە فەقێ شێت نەبێ، زۆر جار وەکو ئەم کەڕەتە راویناوم بەلاّم تەنیا یەکجار بەردەستی کەوتوم، ئەویش لەرۆژێکی زستان بوو، بەرێکەوت لەتەنیشت ئەو پیاوە پێم هەڵخلیسکاو رمبەم لێوەهات، کە چاوم هەڵبڕی ئەو کات زانیم ئەوە فەقێ شێتە بەسەر سەرمەوەیە، هێشتا پەنجەی پێمنەکەوتبوو، وەك مانگا بۆڕاندم، من لەو باوەڕەدابووم هیچم لێنەکا ، زللەیەك و پێلەقەیەکم بۆ رەوانە دەکا، کەچی هەر خۆی لە هەڵسانەوەمدا دەستی گرتم، بەلاّم دوای چرکەیەك شەپازللەیەك بە پشتی ملم کەوت، دەتوت چەقۆیەکی تیژبوو بە ملمدا چۆوە خوارێ، ئەوجارەش لەوە دەترسام شەقێکی ئاوام پێبکەوێ، بۆیە بێ هیچ ئاوڕدانەوەیەك بە غاردان لە جادەکەی بەردەم مزگەوتەکە پەڕیمەوەو بە کۆلاّنەکەی تەنیشت دوکانی(برایمە گۆج)دا سەرکەوتم، من وامهەست دەکرد ئەو پیاوە هەر بە دوامەوەیە، تا هەورازەکانی ئەو کۆلاّنانەم بڕی رۆحم دەرچوو، وەختێك خۆم لەبەردەمی دەرگای ماڵەوەمان بینییەوە، لەوێ ئاوڕێکی بەترسم دایەوە، پێم باشتر بوو یەکسەر دەرگاکە بکەمەوەو بچمە ژوورەوە، هەرکە پێمنایە حەوشەکە، دایکم و براگەورەکەم رووبەرووم

هاتن، دایکم وەك لە سیمای من هەواڵێکی ناخۆشی پێگەیشتبێ دەمی واقوڕماوی کردەوەو بە حەپەسانەوە لێم هاتە پێش و وتی:

- ئەوە چییە سەرمەد چ کەتنێکت کردووە؟!

من لەبەر هەناسەسواری و تەنگە نەفەسی و ماندووبوونم، نەمتوانی هیچ بڵێم، زۆریشم هەوڵدا چەند وشەیەك بدرکێنم، بەڵام نەمتوانی، لەپڕ بەرچاوم ڕەشکەوپێشکەی کردو دونیا لێڵ و تاریك داهات، پێدەچوو ماوەیەك لەوێ لەهۆش خۆم چووبم، وەختێك کە چاوم هەڵێنا، دوو چاوی پڕ لە فرمێسکی دایکم بینی، براکەشم بەسەرسەرمەوە وەستابوو، گوێم لێبوو دووجار لەسەریەك داوای لێکردم کە ڕاستیی ئەو شلەژان و خۆفەی بە سیمامەوە دیار بوو ڕوونبکەمەوە، دایکم لەتاوی من چەند شلکەمستیشی لە خۆدا، من وەك ئەوەی شەرمێك دایگرتبم، سەرم هێنابووە خوار، زانیم هەر دەبێ لەو بێدەنگییە دەرچم، بەڵام هیچم بۆ نەدەهات، گریان لەنێو قورگمدا پێچی دەخوارد، براکەم وەك ئەوەی قسەنەکردنی من فشاری بۆ هێنابێ، توند هەردوو دەستی ڕاوەشاندم و وتی:

- بۆ قسە ناکەی؟ لە مەکتەب بووی، یان لە بازاڕ ...؟!

لە سەرخۆو بە کەمێك ترسەوە وتم:

- لە بازاڕ بووم ..

براکەم زۆر بە خێرایی هەڵسایەوەو لە سەرسەرمەوە وەستاو بە تووڕەییەوە وتی:

- ئەی مەکتەب؟

لە لەحزەیەکدا غیرەت گرتمی و هاتە سەر زارم ئەوەی لە قوتابخانە ڕوویدا بیڵێم، کەچی نەمتوانی، براگەورەکەم بەپەلە ئێمەی بەجێشت و دەرپەڕی، وام بیر کردەوە کە ئێستا خۆی دەگەیێنێتە قوتابخانەکەمان و لەوێ هەموو شتێکی پێدەڵێن، هەر کە ڕۆیشت ئەو کات هەستمکرد فرسەتێك هاتۆتە پێش و باشترە هەموو شتێك بۆ دایکم بگێڕمەوە، دایکم وەك ئەوەی لە هیچ قسەیەکی من تێنەگا بە سەربادان و حەپەسانێکەوە دوو چەپەرۆکی لە ڕوومەتی خۆی داو لێم دوورکەوتەوە، ئەوەی بەلای

منەوە گرنگ بوو هەموو شتێکم پێوت، منـیش بڕیـارم دا لـە ماڵـەوە نەمێنمـەوە، چونکە دڵنییا بووم ئەگەر براگەورەکەم بێتەوە، لەگـەڵم دەکاتـە شـەڕو چـینێکم بـە دەستی ئەو پێدەکەوێ، سەرەتا نەمدەزانی بۆ کوێ بچـم، دواتـر بیرمکـردەوە بـەلای ماڵی رەیحانەدا تێبپەڕم، خانووەکەی ئەوان هەر لە گەڕەکی ئێمە بوو، هەر بە رێگاوە دوعام دەکرد، ئەگەر بیبینم هێندێك شـتی پێـدەڵێم، کـە گەیشـتمە نزیـك دەرگـای ماڵەکەیان، سەیرێکی خانووەکەیانم کرد، ماوەیەك چاوم گێڕا، لەپڕ نیگام کەوتە سەر عامودی بەر دەرگای ماڵیان کە بە تەباشیری سپی نـاوی مـن لەسـەری نووسـرابوو، لەیەك کاتدا خۆشییەك رۆچووە نێـو جەسـتەم و نیگەرانییـەکیش هـەموو دەروونمـی داگرت، هاتە سەرم خۆم بگەیێنمە عامودەکەو تـا کـەس نـەیبینیوم خێـرا ناوەکـەم بسڕمەوە، وەك بڕیارم دا لە عامودەکە نزیك بوومەوە، بەپەلـە پەنجـەکانم پێـداهێنا، یەکەمجار پێم سەیر بوو کە ناوەکەم ناسڕێتەوە، کە جاری دووەم پەنجەم لێخشـاند ئـەو کات بۆم دەرکەوت کە ناوم بە بۆیەی سپی نوسراوە، بیرمکردەوە  دەبێ کێ بێ کـاری وەهای کردبێ، تەنیا فکرم بۆ ئەوە چوو کە هـەر دەبـێ ئیشـی (عـەزە گـوڕو) بـێ، تیشەبەردێکم هەڵگرتەوەو خش، خش، خش، لە بۆیەکەم خشاند، لەو دەمە لەسەرخۆ دەرگای ماڵی رەیحانە کرایەوە، کە سەرم هەڵبڕی یەکسەر چاوم لە نیگاکـانی رەیحانـە گیر بوو، هەردووکمان چەند چـرکەیەك بێـدەنگ لەیـەکتر رامـاین، لەیـەك لـەحزەش پێکەوە ناوی یەکترمان هێنا، رەیحانـە ئـاوڕێکی بـۆ دواوەی خـۆی دایـەوە، دیـاربوو دەیەویست لە پشتەخۆی دڵنییا بێ بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵم بدوێ، منیش  لەخۆمەوە ئاوڕێکی نیگەرانئامێزم دایەوە، کەسێك لەوناوە دیارنەبوو، رەیحانە بە سەرسوڕمانەوە لێمی پرسی:

- ئەوە چ دەکەی لێرە؟

من تا ئەو کاتەی پرسیارەکەشی لێکردم هەر خەریکی سڕینەوەی ناوی خۆم بووم، رەیحانە وەك بیەوێ وەلاٌمی پرسیارەکەی لە پەنجەکانم وەرگرێ، سەیری ئەو بەردەی نێو دەستمی کرد، کە چۆن ناوەکەمی پێدەسڕمەوە، بە ئەسپایی لێمهاتـە پـێش، لەگـەڵ

ئەوەی بەچاو پرسیاری لێدەکردم، کەچی لەو شوێنەش رادەما کە ناومی لەسەر نوسرابوو:

- ئەوە چی رەش دەکەیتەوە؟

- ناوی منە!

وادەهاتە بەرچاوم کە دەستێکی نامۆ لەپشت هاتنە دەرەوەی رەیحانە بێ، دەنا بۆ دەبێ من لە دۆخێکی ئاوا خراپ بچمە ئەوێ و بە رێکەوتیش ناوی خۆم لەسەر عامودەکەی بەر دەرگایان ببینم و ئەویش بێتە دەرێ و من ببینێ؟ رەیحانە وەك ئەوی ئەویش بۆ یەکەم جار ئەو نووسینەی دیبێ، کەمێك پەشۆکا، کە زێتر لە سەروسیمای من وردبۆوە، بە گومانەوە پێیوتم:

-سەرمەد بۆ وات بەسەر هاتووە، رەنگورووت تەواو تێکچووە؟

من لەوە ترسام، گومان لەمن بکا، کە من بەئانقەست ناوی خۆم لەوێ نووسیبێ، ویستم چۆنیەتی هاتنەکەمی بۆ بگێڕمەوە، کەچی بێئەوەی تۆزقاڵێك بترسێ توند پەنجەکانمی راگوشین و بەردەکەی لەنێو دەستم دەرهێناو فڕێی دا:

- با ناوی تۆ لێمەوە نزیك بێ، تا لە بیرت نەکەم!

ئەو قسەیەی کردو هەموو گیانی نوقمی خەندەو خۆشی بوو، رووی خۆی وەرگێڕاو خێرا دەرگاکەی پاڵداو چووە ژوورێ، ئەوەی لە دوایدا بۆ من بەجێما پاشماوەی بۆنی عەترێك بوو، کە بۆ ماوەیەك نەشئەیەکی شیرینی پێبەخشیم ...

ساتێکی کەم لەپشت دەرگای ماڵی رەیحانە مامەوە، شەپۆلی خۆشییەکی بێئەندازە هەموو گیانمی داگرتبوو، لەو دەمە هیچ شتێکم وەکو خۆی نەدەهاتە بەرچاو، خۆیشم بەدیتنی رەیحانە ببوومە کەسێکی دیکە، دەتوت دوو باڵم گرتووەو هیچ بەربەستێك لەبەر دەمم نەماوە، هەستمدەکرد ئەو زەویەی بەسەریدا تێدەپەڕم راستەڕێیەو بەردەمیشم دارستانێکی چڕوپڕە، وامدەزانی قەبارەی جەستەو کورتیی باڵام بەسەر شاردا پەخش بۆتەوە، من دەڕۆیشتم، بەڵام جەستەم بەدەر لە ئیرادەی خۆم دەچووە پێشەوە، هەر کە ئەوێم جێهێشت باوەڕ ناکەم کەسێکم بینیبێ، یان منیان

دیتبیّ، رەنگبیّ واش نەبووبیّ، خەڵكێك بەوێـدا تێپـەڕیبیّ، بـەلاّم نەكەوتبێتـە بـەر چاوم، من خۆیشم نەمدەزانی ئەو رۆژە بە كوێدا هەڵدەگـەڕام و ملـم لـە چ هـەورازو نشێوێك دەنا، ئەوەندەم لەبیرە وەختێك چاوم هەڵێنا خۆم لەژێر بنە دارێكـی گـەورەدا بینییەوە، وەك ئەوەی لە خەوێكی ناخۆش بە ئاگا بێمەوە، خێرا هەڵسامەوە، ئاوڕێكم لەدەورووبەری خۆم دایەوە، سەرم لەوە سـوڕما كـە چـۆن گەیشـتبوومە ئـەویّ، ئـەو شـوێنەی لێیڕاكشـابووم گۆڕسـتانی سـەرەوەی شـاریان پێـدەوت، هێنـدێك دامـام, سەیرێكی خۆمم كرد، ئەو كـات زانـیم كـە لـەدوای ئـەوەی فـەقیّ شـێت راوینـام و دواتریش رەبجانەم جێهێشت تا ئەو كاتەی لەژێر دارەكە بە ئاگـا هاتمـەوە، تۆزقاڵێـك ئاگام لەخۆم نەبووە، بیرمكردەوە "ئەوە ئێوارە داهات چـۆن بچـمە ماڵـەوە، چـۆن و لەكویّ ئەمشەوە بەڕێكەم، دەبیّ لەقوتابخانە چیان بە براكەم گوتبیّ؟"

ئەگەرچی برێكی باشـیش لـەژێر دارەكـە خـەوتبووم، بـەلاّم هێشـتا هەسـتم بـە داهێزرانی لەشم دەكرد، لەخۆمەوە بێئەوەی بە دروسـتی بـزانم بـەرەو كـویّ هـەنگاو دەنێم، ملی باریكە رێیەكم گرت، زۆرجار هاوسەنگی رۆیشتنەكەم تێكدەچـوو، هـەر كەس بەو شێوەیە منی بینیبایە وای بۆ دەچوو كە لەوانەبیّ نەخۆشبم، یان سەرخۆش، بەرلـەوەی بگەمـە ماڵـەوە، لەخۆمـەوە بامدایـەوەو چـوومە سـەر مـەزاری شـێخ عەبدولعەزیز، كە دەورو بەرەكەی بە دڕكەدارێكی چڕوپڕ داپۆشـرابوو، سـەر گۆڕەكـە كەسی لێنەبوو، یەكسەر نیگام چووە سەر ئەو بەردانەی كە خەڵكی بەتایبەتیش ژنـان بۆ بەخت و مراز بەكاریان دەهێنا، من خۆیشم نەمزانی بۆ چـوومە ئـەویّ، بـەردێكم هەڵگرتەوەو لە كێلی گۆڕەكەم گیر كرد، زۆرم هەوڵدا پێوەی بنووسیّ، كەچـی بـەردی مراز هەر بەردەبۆوەو خۆی نەدەگرت، هەسـتمكرد ترسـێك لـە قـوولاّیی دەروونمـەوە هەڵدەكشیّ، دەتوت دەستێكی غەیبەو بە نێو هەناومدا دەگـەڕیّ، هاوارێـك لـە نێـو گەرووم‌دا عاسیّ ببوو، سەیرێكی دڕكـەدارە چـڕوپڕەكەم كـرد سـیمای شـێوێندراوی كەسێكم بینی، هەڵمەتێكی دیكەی ترس وایلێكردم لەبەرامبەر ئەو دیمەنەدا دەست و پێم لە جوڵە بكەون، دەموچاوی كەسەكە لە هیچ یەكێك نەدەچوو لەوانەی دەمناسین،

ویستم روومی لێوەرگێڕم و هەڵبێم، کەچی وەك موگناتیس بـۆ لای خـۆی پەلکێشـی کردم، نەمتوانی رێگری لە چوونە ناو دڕکەدارەکان بکەم، بـۆ شـوێنێکی بـردم هـەر لەشاری حکایەتە خەیاڵییەکان دەچوو، شارێك تەنیا بە سـێبەری مرۆڤـەکان بـەڕێوە دەچوو، هەموو شتەکانی دیکەش وەك ئەو شتانە بوون کە لە شاری واقیعی هـەبوون، من خۆیشم لەگەڵ ئەو کەسەش کە منی راپێچی ئەوێ کرد پاش ساتێکی کەم بـووین بە سێبەر، لە پانتایی گۆڕەپانێکی گەورەدا هـەردووکمان وەسـتاین، لـەوێ سـێبەری خەڵکێکی زۆرم بینی، هەموویان بە پڕەپڕ خۆیـان گەیانـدە لای ئێمـە، لـەوە دەچـوو هەڵمەتەکەیان بۆمن بێ، رووی خۆم وەرگێڕاو ویستم هەڵبێم، کەچـی ئـەو سـێبەرەی لەگەڵمدا بوو رێیپێگرتم، وابزانم لەدڵی خۆمدا بوو کە پێموت "ئەوانە چ مەخلوقێکن بۆچی نایانبینین؟!" ئەویش پێمی وت "بۆچی تۆ خۆت دەبینی؟" هێندەی نەبرد یەکێ لە سێبەرەکان لێمهاتە پێش و خۆی پێناساندم و وتی:

- من بەڕێوەبەری قوتابخانەکەتانم، ئەوانەی پشتیشم هەموویان مامۆستای تۆن !!

جارێکیدیکە تەکانم دایە خۆم، ویستم هەڵبێم، بەلاٌم نەخێر من لەوە بێهێزتربووم لێیان دوورکەومەوە، پڕ بە دەمم هاوارم کرد:

- چیتان لێمدەوێ؟! لێرەش لەکۆڵم نابنەوە؟

هەموو سێبەرەکان لێمنزیك بوونەوە، بەڕێوەبەر، سێبەری پەنجەیەکی لە زەویەکـە گیرکردو بە دەوری مندا خولایەوەو بازنەیەکی دروست کرد، خۆیشی لەگەڵ من لەنێو بازنەکەدا مایەوە، دەنگێك بە گوێچکەمدا چرپاندی:

- ئەگەر توانیت من لەنێو بازنەکەدا تووڕدەیت، ئەوە لە مردن رزگارت دەبێ!

من چاوەڕێ بووم ئەو سێبەرەی لەگەڵ مندا بـوو لـە نێـو بازنەکـە دەرمبێنـێ، کەچی ئەویش پشتیوانی لە داواکەی بەڕێوەبەر کردو پێمی وت:

- ئەمە چارەنووستە دەبێ یەکێکیان هەڵبژێری!

مـن زۆرم هەوڵمـدا سـێبەری بەڕێوەبـەر فڕێدەمـە دەرەوە، کەچـی وەك ئـەوەی هـەردووکمان بچـینە نێـو جەسـتەی یـەکترەوە، یـەك سـێبەرمان لـەدوادا بـەجێما،

سێبەرەکە من بووم، بەڵام ئەوەی دەهات بەڕێوەبەر بوو، منی سێبەر کە زمانی بەڕێوەبەرم لێڕوابوو بەخۆم و قامچییەکەی باپیرەم چوومە پۆلی یەکێ لە قوتابخانەکانی شار، هەموو ئەو قوتابییە سێبەرانەی کە لەسەر کورسییەکانیان دانیشتبوون، هەر کە منیان بینی خێرا هەڵسانەوە، هەموویانم لەپۆلەکە دەرهێنان و بردمنە گۆڕەپانی قوتابخانەکە، هەر بە قامچییەکە بازنەیەکم بە دەوریاندا کێشاو خۆیشم لە نێوەڕاستی بازنەکە لەگەڵیان وەستام، داوام لێکردن هەرچی هێزو توانایان هەیە بۆ فرێدانی من بەکاری بێنن، قوتابییان وەك ئەوەی بۆ شەڕێکی یەکلاکەرەوە بجەنگن بە دەنگێکی ترسناك و هەڵمەتێکی خێراوە گەیشتنە سەرم، سێبەرەکان بە نێو سێبەری مندا رۆچوون، تەنیا سێبەرێك لەناو بازنەکەدا مایەوە، ئەویش سێبەری یەکێکی دیکە بوو، بەڵام بە زمانی من دەئاخڤی و قامچییەکەشی بە دەوری خۆیدا دەوەشاند!!

دڵنییا نەبووم لەوەی ئەو کەسەی بەنێو دڕکەدارەکاندا پەلکێشی دونیای سێبەرەکانی کردم لەگەڵم ماوەتەوە، یان جێیهێشتووم، دەنگێك لە دەممەوە دەرچوو، هەر لەدەنگی ئەو ئافرەتە دەچوو کە لە ساتی منداڵبووندا دەقیژێنێ، لەگەڵیدا هەستمکرد سەرم بە شتێکی رەق کەوت، کە چاوم هەڵێنا، لەپی دەستم بە سەر نێوچاوانمەوە بوو، ئەو کات زانیم کە لەسەر گۆڕی شێخ عەبدولعەزیز نووستبووم و خەونێکی ناخۆشیشم بینی، بە هەڵەداوان ئەوێم جێهێشت، پێدەچوو تازە دونیا بییەوێ نوقمی تاریکی ببێ، خۆم گەیاندە سەربانیماڵەکەمان، گوێچکەم لە بۆڕی دووکەڵکێشەکەی سەربان نزیککردەوە، گوێم لە دەنگی براکەم بوو، شتێکی بۆ دایکم دەگێڕایەوە، سەرەتا هیچی لێتێنەگەیشتم، لە دواییدا بۆم روونبۆوە ، باس لە دەستڕاستی تەقەکانی خۆی دەکا لەکاتی راوکردندا، کە چۆن جارێکیان بە گوللەیەکی ساچمە، بیست کەو دەکوژێ، ئەگەر واینەکردبایە، ئەوە شەو بە دەستی باپیرەم سزایەکی دەخوارد، چونکە وەك خۆی گوتەنی "لەوە بەدوا چیدیکە بە دزی راوناکا" من لە بێدەنگبوونی دایکم لە بەرامبەر ئەو هەموو حکایەتانەی براکەم سەرم

سوڕما، وام به مێشك داهات، كه ئێستا دایكم بیر له من دهكاتهوه، لهوانهبێ لهمێژبێ چاوهڕێی من بووبێ و چهند جارێكیش له دوای چوونه دهرهوهی من، چووبێته بهر دهرگاكه، له خهمی من دڵی لهسهر لهپی دهستی بووبێ، وهك نیگای دهروێشه حاڵگرتووهكان چاوی نیگهرانی گێڕابێ، رهنگبێ ئێستا به فكری هاتنهوهی له ناكاوی من بێ، چاوی لهوه بێ لهپڕ لهبهر دهمی ئامادهبم، ئهو كات چاوی دڵنیایی لێكدهنێ و ههموو ترس و نیگهرانییهكانی دهڕهونهوه، منیش پڕ به دڵ باوهشی تێوهردێنم و خهمه پڕ ئێش و، ئازارهكانی نێو جهستهو رۆحم بۆ ئهو دهگێڕمهوه ...

گوێم له زۆر قسهی دیكهی برا گهورهكهم بوو ، هیچی پهیوهندی به منهوه نهبوو، زۆرم ههوڵدا ههر له كونی دوكهڵكێشهكه گوێبیستی تهنیا وشهیهكی دایكم بم، كهچی وهك ئهوهی ههر لهوێ نهبێ، نقهی لێوه نهدههات، لهوه دهچوو براكهشم لهگهڵ خۆی بدوێ و بهس. له گوێگرتن بێزاربووم و ههڵسامهوه، له رۆخی سهربانهكه نزیككهوتمهوه، چاوم بڕیه حهوشهی ماڵهكهمان، لهپڕ دهنگێكی سهیرم بیست، لهنێو باخچهكهدا ههستم به جوولانهوهی قهدی دارگوڵهكان كرد، هێشتا دونیا ئهوهنده تاریك نهببوو دیمهنهكان لهیهكتر جیا نهكهمهوه، زیاتر دیققهتم دایه ئهو بنه گوڵهی كه به نائاسایی دهجوولایهوه، سهرهتا هیچ شتێكم نهبینی، كه لهو شوێنه بهو شێوهیه رایبتهكێنێ، ههر ئهوهش بوو وایلێكردم ترسێكی زۆر بخزێته گیانمهوه، من دڵی خۆمم بهوه دهدایهوه، كه رهنگبێ پشیلهیهك، یان فهرخه سهگێك یان مریشكێك لهپشتی گوڵهكهوه بێ، یا له نێو دڕكوداڵی بنه گوڵهكه عاسێ بووبێ، كهچی وادهرنهچوو، دوو كورته دهستی ئافرهتێكی به تهمهنم بینی، به هێمنی دوو قهدی دارگوڵهكهیان لهیهكتر جیادهكردهوه، هێندهی نهبرد سهرێكی پڕ له كهزی پیرهژنێك له نێو گوڵهكان دهركهوت، پیرهژن سهری بهرز كردهوهو چهند جارێك به رووما پێكهنی، بالآی نهدهگهیشته چۆكم، تهكانێكی دایهخۆو لهناو دارگوڵه چڕوپڕهكه خۆی رزگار كردو له بهرامبهر من وهستا .... ئهی خودایه چی دهبینم، ژنیكی كورته بالآی جلوبهرگ رهشی پێخاوس، ههر لهوه دهچوو جنۆكه بێ، دهستم بۆ ژێر كراسهكهم بردو

نووشتەکەم نیشاندا، لە دڵی خۆیشمدا چەند جارێك بیسمیللام بۆ کـرد، کەچـی ئـەو وەك ئەوەی تۆزقاڵێك نووشتەکە کاری تێنەکردبێ، خەندەیەکی بۆم کـردو بـە دەسـت ئاماژەی پێدام کە خۆمی بۆ فڕێبدەم، هێندێ قسەی دیکەشی بۆم کـرد، کـە هیچـی لێتێنەگەیشتم، دواجار زۆر بە نەرمونیانی، زۆر بە سۆزو ئیشتیباقەوە بانگی کردم :

- سەرمەد .. لەبەر خاتری تۆوە هاتوم، وەرە خۆت فڕێدە!!

نیوە هەنگاوێك چوومە پێشـەوە، راسـتە لەیەکـەم دیتنـی ئـەو دیمەنـەدا، ترسـێکی بێئەندازە هەموو گیانمی داگرت، بەلاّم کە بینیم دەستە چکۆڵەکانی وەك منداڵێکی ساوای بێگوناح، بۆم بەرز دەکاتەوەو لەگەڵیدا ئەو خەندە موگناتیسئامێزە سەروسـیمای دەگـرێ، لە قووڵاییی دەروونمدا هەستم بە هێزێکی بێپایان کـرد، کـە بـەرەو ئـەو پەلکێشـم دەکـا، ئاورێکم لە تەنیشت خۆم دایـەوە، کەسـێك بـە هێواشـی قـۆڵی دەگـرتم، کەچـی هیچـم نەدەبینی، پیرەژنیش لە خوارەوە وەك منـداڵێکی تـازە پێگرتـوو، لەوسـەری باخچـەکەوە دەچووە ئەو سەری و ناوە ناوەش دەوەستاو هێمایەکی دڵسۆزانەی بۆ دەکردم کە بـۆی بچـم و لەگەڵیدا بڕۆم، ئەو کەسە نادیارەش کە قۆڵی گرتبووم قورساییەکی زۆری دەخستە سـەر پشتم و نەیدەهێشت بۆ دواوە بگەڕێمەوە، منیش بەرگریم لەخۆم دەکرد بۆ ئەوەی نەکەومە خوارەوە، پیرەژنیش بە دەستە وردو چکۆڵەکانی، بە دەنگـە نـەرم و پـڕ لـە پاڕانـەوەکانی هانیدەدام و حەزی خۆفڕێدانی لەلامەوە زێتر دەکرد، کە بینی هیچ کاردانەوەیـەکم نـەبوو، لە باخچەکە چووە دەرێ، خۆی فڕێدایە سەربانی خانووەکـەی خـوار باخچـەکەمان، لـەوێ وەك ئەوەی حەز حـەزۆکێم لەگەڵـدا بکـا، پێڵـووی چـاوە بازنەییـەکانی دادەخسـتن و بـە هێواشیش دەیکردنەوە، لە دوورەوە پەنجەکانی لە لێوی دەخشاندو لەسەر لەپی دەسـتییەوە ماچی بۆم فڕێـدەدا، مـن دیسـان نوشـتەکەم نیشـاندایەوە، ئـەو جارەیـان بـە غـەزەبـەوە تەماشای کردم و لە هیکرِا دوو باڵی گەورە لە راستو چەپی جەستەیدا دەرچـوون، پـیرەژن لە شەققەی باڵی داو فڕی، لەسـەربانە بەرزەکانـەوە پێچـی دەکـردو بـە سـەر سـەرمەوە دەسوورِایەوە، من دەمزانـی کەوتبوومـە نـاو چ داوێکـی ئـاڵۆزەوە، ئـەو جارەیـان تـرس فشارێکی زۆری بۆ هێنام، کە سەرم بەرز کردەوە پیرەژن قیژەیەکی وەهای لـە دەم دەرچـوو

هەستمکرد دڵمی لە بنوبۆتکەوە راکێشایە دەرێ، پیرەژن وەك گوللە بۆم هاتە خوارێ، کە لێمنزیك بۆوە چەقۆیەکی بۆم دەرهێناو ئەمری پێکردم کە خۆم فرێبدەمە خوارێ، دەستێك وەك ئەوەی رۆحم دەربکێشێ لە هەناوم گیربوو، شریقەیەك لە پشتمەوە هات، بۆ لەحزەیەك هەستمکرد بە نێو هەوادا کەروێشکە دەکەم و تیژ تێدەپەرِم، واهاتە بەرچاوم سەرم لە نێوان دوو قەدی دارێك عاسێ بووەو چیدیکە نەمدەتوانی هەناسە بدەم ....کە پێلووی چاوەکانم لێککردنەوە، چەند کەسێکم لە دەورو بەری خۆم بینی، هیچیانم نەدەناسینەوە، چاوم بڕیە دەرودیوارو ئەو شوێنەی لێیڕاکشابووم، هەمووی بۆ من نامۆ بوون، یەك یەك لە چاوە مۆڵەق و حەپەساوەکانم دەڕوانی، نەمدەزانی ئەو چاوانە هی کام سەرو کەللەن، تەنیا چاوێك نەبێ کە فرمێسك تیاییدا ئۆقرەی نەدەگرت، بەسەر سەرمەوە وەستابوو، ئەویش چاوە پڕ لە سێبووریەکانی دایکم بوون، کە نازانم بۆ بە تەنیا چاوەکانی ئەوم ناسینەوە، لەپڕ نیگاکانم لەبێئۆقرەییدا، راست و چەپی ژوورەکەیان دەپشکنی خۆیشم نەمدەزانی لە چ شتێك دەگەڕێم، هەر ئەوەندەم زانی لە پڕمەی گریانم دا، ئەوانەش کە لە دەوروبەرم دانیشتبوون و وەستابوون لە هەنسکی گریانیان دا، من ئەو دیمەنانەی دەمدیتن بۆم لێکنەدەدرایەوە، نەمدەزانی من بۆ لەوێم و چ شتێك روویداوە، دایکم کە لەپی دەستی خستبووە سەر نێوچاوانم، لەسەرخۆ بە قورگێکی پڕ لە گریانەوە وتی:

- هیچ نییە کوڕی خۆم چاك دەبیتەوە.

زۆرم هەوڵدا بە مێشکێکی ساف و بێگەرد، سەرەداوی ئەو رووداوەم بکەوێتە دەست، کەچی نەمتوانی، فکرم بۆ ئەوە چوو قاچێکم راکێشمە سەرەوە، لەویشدا سەرکەوتوو نەبووم و ئێشێکی زۆر رێی لێگرتم، جارێکی دیکە دایکم پێمی وت:

- هیچ نییە گوێ مەدەرێ.

ویستم بە دایکم بڵێم "ئێستا شەوە، یان رۆژ ؟" هەر خۆم سەیرێکی پەنجەرەکەم کردو بێدەنگ بووم، دەستێکم بەرز کردەوە، کەچی نەك هەر نەمتوانی، بەڵکو وەهاش قیژاندم کە هەموو ئەوانەی لەوێبوون روویان لە ئاسمان کردو دوعایان بۆ دەکردم، دایکیشم هەر دەیوت:

- ئاخر بەو شەوە چی ئەتۆی گەیاندە ئەویٚ؟

شەوی چی دایە، ئۆھ .. تازە لەوە تیٚدەگەم کەمن ھەبیٚ و نەبیٚ لەسەربانەکەوە بەربوومەتەوەو ئاگام لەخۆم بڕاوە، چاویٚکی بەزەییم بڕیە دایکم، دایکم ھەر زوو تیٚگەیشت کە پرسیاریٚکی ئاڕاستە دەکەم، بە سۆزیٚکی دایکانە پیٚمی وت:

- ھا کوڕەکەم چییە؟

- دایە من چیم لیٚھاتووە؟

دایکم ھەولیٚدەدا ریٚ لە ھەڵمەتی گریانەکەی بگریٚ و خۆی وانیشان بدا کە ھیچ شتیٚك روونەداوە خۆمی پیٚ سەخڵەت بکەم:

- کوڕم ئەوە سیٚ رۆژە لە خەستەخانەی ...

ھیٚندیٚك بە ھەڵچوونەوە وتم:

- بۆ چی بووە؟!

دایکم سەری کیٚلکردەوەو لەپی دەستەکانیشی بۆ دووعاکردن راگرت، بە کەمیٚك دەنگ ھەڵبڕینەوە وتی:

- قوربانی خوا بم کە تۆی وەقسە ھیٚنا.

ئەوجارەیان ھەستمکرد مەودای بینینم زیاتر دەبیٚ و ئەوانەی لەویٚ دانیشتبوون یەك یەك تەماشام دەکردن و دەمناسینەوە، تەنیا کەسیٚك نەبیٚ چاوە بازنەییەکانی زیت و زەق کردبوونەوەو لەمن رادەما، چاوی ھەر لە چاوی ئەو پیرەژنە کورتە بالآیە دەچوو، کە لەپڕ لەنیٚو باخچەی ماڵەکەماندا پەیدابوو، لە ترسان پیٚلووی چاوەکانم داخست و ھاوارم کرد:

- ئەو پیرەژنە کیٚیە دایە؟!

دایکم خیٚرا وەلآمی دامەوە:

- ئەوە داپیرەتە کوڕم!!

***

زیاتر له دوو هەفتە لە نێو جێگادا کەوتم، خزم و برادەرێکی زۆر سەردانیان کردم، لەو ماوەیەدا باوکیشم گەڕایەوە، ئەوەی بۆمن جێگەی سەرسوڕمان و لێوردبوونەوە بوو، ئەو ماوەیە باوکم لەبەر خاتری من، زۆر کەم دەچووە دەرەوە، لەوەش زیاتر بۆ یەکەمین جاربوو لە چاوەکانیدا فرمێسك ببینم، قەتیش ئەوەندە باوەشی تێوەرنەهێنابووم، لەوەدا ترسێکی زۆر کەوتبوە گیانم، کە من شتێکم بەسەر هاتووەو پێینازانم، باوکم هەوڵێکی زۆری دا کە بزانێ چۆن لە سەربانەکەوە کەوتوومەتە خوارێ، منیش نەمدەتوانی ئەوەی بینیم و روویدا بۆی بگێڕمەوە، چونکە دەترسام باوەڕم پێنەکەن و وابزانن وڕێنە دەکەم، من ناچاربووم بە هەموو کەسێك بڵێم کە لە سەربان پیاسەم دەکردو لە ناکاو بەربوومەوە.

مانگێکی برد تا لەناو جێگا هەڵسامەوە، لەو ماوەیەدا باوکم و براکەم دووجار چووبوونە قوتابخانەو لەگەڵ بەڕێوەبەر قسەیان کردبوو، پێدەچوو هیچیەك لە مامۆستاکان بە بەڕێوەبەریشەوە لەبەر ئەو رووداوە باسیان لە دەرکردنەکەی من نەکردبوو، ئەو رۆژەش کە چوومەوە قوتابخانە وەك ئەوەی هیچ شتێك روویندابێ بە گەرمی پێشوازیان لێکردم، بەڕێوەبەر خۆی دەستی گرتم و بردمیە ژوورەکەی خۆی، بە زمانێکی ئەوەندە خۆش لەگەڵم دەدوا، باوەڕناکەم لە ژیانیدا بەو شێوەیە قسەی لەگەڵ هیچ قوتابییەك کردبێ، دواتر هەر خۆی بردمیە پۆلەکەی خۆم و وەك بۆ یەکەمین جار بە قوتابییەکان بمناسێنێ وتی:

- ئێوە دەزانن ئەو ماوەیە سەرمەد زۆر نەخۆشبوو، ئێستاش چاکبۆتەوەو لە خوێندنی بەردەوام دەبێ.

منیش وەك ئەوەی یەکەمجارم بێ بچمە ئەو پۆلەو دەموچاوەکانیش نوێ بن، بەشەرمەوە هەنگاوی وردم هەڵێناو ویستم بچم لەسەر کورسییەکی بەتاڵ دانیشم، کەچی ئەو قوتابییەی کە لە جێگەکەی من دانیشتبوو، لە شوێن خۆی هەڵساو چووە پشتەوە، کە ئەوەش بۆخۆی مانایەکی زۆری بۆمن هەبوو، من لە جێگەی جارانی خۆم دانیشتم، بۆ ساتێکی کەم دەتوت پۆلەکە لە بێدەنگیدا نقوم بووە، کەس نقەی

لێوەنــەدەهات، مــن وام هەســتدەکرد هــەموویان گــوێ لــە ترپــەکانی دڵــم دەگــرن، بیرمدەکردەوە ئەگەر لێمبپرسن بۆچی وات بەسەر هات، چی بڵـێم؟ دەمزانــی ئەگــەر مامۆستاش نەپرسێ ئەوە قوتابییەکان هەر دەپرسن، بەڵام وا دەرنەچــوو، مامۆســتاکە هەر زوو پێمی وت:

- ئێستا چۆنی؟

لە شێوەی پرسیارەکە تێگەیشتم کە مامۆستا لە ڕووداوەکەی من بێخەبەر نییــە، هەر زوو وەڵامم دایەوە:

- زۆر باشم ..

لە ڕیزی پشتەوە یەکێ لە قوتابییەکان وتی:

- دەکەواتە مامۆستا هەر بەمبۆنەوە با ئەمڕۆ دەرسەکەمان نەخوێنین!

مامۆستا وەك ئەوەی هەستی بە ئیهانە کردبێ و گوێی لە داوایەکی زۆر بێتــام و بێمانا بووبێ، بە تووڕەییەوە ڕووی تێکردو بە زمانێکی هەڕەشەئامێز وتی:

- کێ ڕێگەی پێداوی بە ناوی هەمووانەوە ئەو داوایە بکەی؟!

- ببوورە مامۆستا من هیچ نیازێکی خراپم نەبوو.

لەو دەمە وەك سەدای ڕەهێڵە بارانێکی لەناکاو، کۆمەڵە دەنگێکی تێکقژقژاو لە پۆلەکەمان بەرزبۆوە، هەموویان دەیانگوت "لەبــەر خــاتری ســەرمەد" مامۆســتاش یەکبەخۆ هاواری دەکرد:

- بێدەنگ، بێدەنگ، بێئیحتڕامینە، ئەوە کەی ئەخلاقە؟!

پۆلەکەمان بۆ لەحزەیەك لە نێو بێدەنگیدا مایەوە، منیش ســوودم لــەو فرســەتە بینی و هەڵسامەوەو خێرا وتم:

- براینە من لە دەرسەکانم زۆر دواکەوتووم، یارمەتیم بدەن.

گوێم لێبوو لە پشتمەوە قوتابییەك بە توانجەوە وتی:

- های، هێشتا ناڕازییە!!

دیاربوو مامۆستاش گوێی لەو قسەیە بوو، بەچاو تێیگەیاند کە ئەو وەختە هەر دێ لە بەرامبەر ئەو قسەیە سزا بدرێ، دڵنییابووم ئەگەر قوتابییەکە بێدەنگ بوایە، ئەو رۆژە مامۆستا لەبەر من هیچی پێنەدەگوت، بەڵام کە قوتابییەکە وتی:

- هیچی خراپم نەوتووە مامۆستا!

مامۆستا وەك زەبرێك بە نێوچاوانی بکەوێ، لەگەڵیدا راچەنی، یەکسەر خۆی گەیاندە لای قوتابییەکەو یاخەی چاکەتەکەی گرت، یەکجێ هەڵیساندەوەو بە دوای خۆیدا بردیە لای دەرگاکە، تا هێزی تیابوو پاڵێکی وای پێوەنا، کە قوتابییەکە نەتوانێ خۆی بگرێتەوە، قوتابی پشتاوپشت رۆیی، من چونکە لە پێشەوە دانیشتبووم، بە باشی بینیم کە چۆن خۆی پێنەگیرایەوەو رمبەی لێوەهات، مامۆستا دەرگاکەی بە روودا پێوەداو وەك ئەوەی لە شەڕێکی سەرکەوتودا هاتبێتەوە، رووی لەو قوتابییە کرد کە یەکەمجار قسەی کرد، بە تووڕەییەکی لەڕادەبەدەرەوە وتی:

- پێم بڵێن کێی دیکە نایەوێ گوێ لە دەرسەکە بگرێ؟!

دەتوت ژوورەکە کەسی تیا نەمابوو، مامۆستاش لە حەیفان هەر لێوی خۆی دەگەست، بێئۆقرە لەوسەری پۆلەکەوە دەچووە ئەو سەری، نیگەرانییەك سیمای داگرتبوو، لەوە دەچوو ترسێکی لێنیشتبێ و لەو کارەشی پەشیمان بووبێتەوە، بەڵام نەیدەویست بەسەرخۆی بێنێ، لەبەر خۆیەوە وەك ئەوەی دەرس بڵێتەوە دەستی بە قسان کرد:

- ئێوە ئینسانی ئاوا بێرێزتان بینیوە؟ کەسێك بێتەربییەت نەبێ ئاوا دەکا؟ ئەوە کوڕی من بێ لەتوپەتی دەکەم، ناهێڵم یەك دەقیقە لەسەر دونیا بمێنێتەوە، بێشعور! کەسێك لەگەڵ مامۆستاکەی ئاوابێ، لەگەڵ دایك و باوکی دەبێ چۆن بێ، من لە ژیانمدا دەمرووتی وەهام نەبینیوە، زمان درێژی هیچوپوچ، ئاخر تۆ هاتوویتە مەکتەب، یان سەیران ؟! ئەگەر حەز لە دەرسی من ناکەی دەتوانی لەدەرەوە بوەستی، کە ساقیتیش دەبی دەڵێی مامۆستاکان غەدرییان لێکردووم، لە چایخانە دانیشتووە ! ئێوە دەزانن ئەم کوڕە مانگێکە لە هەموو دەرسەکان پاشکەوتووە، خواخوایەتی ئەو وەختەی کە لە

دەستی چووە بە هەر نەوعێك بێ بۆی بگەڕێتەوە، شەرتبێ بەوەندە لێتنەگەڕێم، بزانە چیت بەسەر دێنم ! دیارە تا ئێستا من ناناسیت، بە نەعلەت بیت ..!

مامۆستا لەکاتی قسەکردنیدا چەند جارێك ویستی دەرگاکە بکاتەوە، دواجار کە بێدەنگ بوو، ئیشارەتێکی دایە چاودێری پۆلەکەو داوای لێکرد کە بچێ قوتابییەکە بێنێتەوە ژوورێ، چاودێر دەرگاکەی کردەوەو چووە دەرێ، من بۆخۆم بەو کارەی مامۆستا زۆر تێکچووم، دیمەنی بەربوونەوەی قوتابییەکەشم لەبەرچاو لانەدەچوو، مامۆستا وەك ئەوەی بیەوێ دۆخی پۆلەکە بگۆڕێ، لە من نزیك کەوتەوەو بەزۆر بزەیەکی بۆم کردو وتی:

- تو شەڕەفت حەقم نەبوو؟ ئاخر تۆ چیت گوت تاکو ئاوا گاڵتەت پێبکا؟ ئەوە ئەگەر لە بێعەقڵی نەبێ چۆن دەبێ قسەی وابکا؟

منیش بۆ ئەوەی زیاتر دڵی مامۆستا نەرم بکەمەوە، هەر زوو وتم:

- ئێ راستە بێعەقڵ بوو، بەڵام ...

مامۆستا بەو بەڵامەی من جارێکیدیکە وەقسە هات:

- بەڵامی چی؟ ئەو دەیەوێ دەرسەکان بە فشە بەڕێبکا، تەعلیق لەتۆ دەداو بە منیش دەڵێ خۆ قسەی خراپم نەکردووە مامۆستا! من دەزانم ئەوە موستەحەقی چییە، بەڵام دەی با ئەوجارەش لەبەر خاتری تۆ بێ!

دیاربوو مامۆستا هێشتا قسەی زۆری مابوو بیکا، بەڵام چاودێر دوو جار لە دەرگاکەی داو بە تەنیا هاتە ژوورێ، یەکسەر رەنگوڕووی مامۆستا گۆڕا، چاودێرەکەش بە ناڕەحەتییەوە وتی:

- بە داخەوە مامۆستا گیان، لێرە نەمابوو، فەڕاشەکە پێمی وت چوو بۆ خەستەخانە!

- بۆ؟!

- سەری شکاوە!

***

من لەو هەموو برادەرانەی هەمبوون تەنیا یەکێك لە زۆربەی شتەکانمدا کێبڕکێی لەگەڵمدا دەکرد، لەیەك شت نەیدەتوانی، یان هەر خۆی حەزی لێنەدەکرد، ئەویش خوێندن بوو، من قوتابییەکی زیرەك نەبووم، بەلاّم لە (میرۆ سەرسپی ) زۆر باشتربووم، راستە من لەو کوڕە بە قەوڵی مامۆستاکان، هێندێك بزێو و شەیتانتربووم، بزێویشم تەنیا لەو کاتانە زێدەتر دەبوو کە مامۆستاکان دەرسێکی زۆریان پێئەداین، منیش لەبەر هەر هۆیەك بووبێ بەلای کتێبەکانەوە نەدەچووم، سزاکەم پێباشتر بوو لەوەی بخوێنم، ئەوەی بەیەکجاری کەللەیی دەکردم، ئەو کاتانە بوون، کە لەبری دەرس نەکردن ئەو هەموو لێدانەم پێدەکەوت و میرۆش لەو سەری پۆلەکەوە بزەی دەهاتێ و گۆشتی پێدەگرت. سەیر ئەوەبوو ئەو کوڕە، لە مانگی رەمەزاندا لە رقی من هەرسی رۆژەکەی دەگرت، خۆ ئەگەر منیش سی رۆژەکەم بگرتبا، ئەو دوای رەمەزانیش هەر بەرۆژی دەبوو ! جاریێ لە نوێژکردن هەر بێتامی کردبوو، رۆژانی هەینی بەر لەوەی کەسێك بگاتە مزگەوت، ئەو وەك پاسەوانی بەر دەرگا لەوێ ئامادە دەبوو، تا منی لە دوورەوە نەدیبایە نەدەچووە ژوورێ ، لە ژوورەوەش بەهەر نەوعێ بوایە خۆی دەگەیاندە پشت مەلا، لەو وەختانەدا زۆر حەزی دەکرد بە لاچاوێك سەیری بکەم و بیبینم کە چۆن بستێکی ماوە ببێتە مەلا، من بەناچاری کە دەمزانی هەموو ئەو کارانەی دەیکا لەبەر منە، هەوڵمدەدا منیش لاسایی بکەمەوە، لە یەکێ لەو رۆژانە بەنێو حەشاماتی ژووری مزگەوتەکەدا تێپەڕیم و خۆم گەیاندە تەنیشت میرۆ، ئەو برادەرە زۆری پێناخۆش بوو، بەلاّم تازە چ بکا، ئەو نەتەنیا حەزینەدەکرد لە هیچ شتێکدا پێشی بکەوم، بە هاوتابوونیشم ئۆقرەی نەدەما، کە ئەو رۆژەش منی لە تەنیشت خۆیدا بینیەوە، حەزیدەکرد بەر لەوەی نوێژ دەست پێبکا، لەوێ بڕوا، بەلاّم بۆی رێکنەکەوت، مەلا بەرنوێژی راگەیاندو دەستی بە گوتاری هەینی کرد، ئەو رۆژە ئەو مامۆستایە قسەی زۆر سەیری دەکرد کە زۆر لەو پیاوانەی لەوێ دانیشتبوون، یان ئەوەتا لێیتێنەدەگەیشتن، یان ئەگەر لەسەر زاری یەکێکی دیکەیان بیستبا بە کوفرو بێدینییان دادەنا، کەچی ئەو مەلایە لەو سەردەمە زووە پڕ بەدەم هاواریدەکرد:

- بزانن عیلم و مەعریفەت گەیشتۆتە کوێ؟ ئینسان دەگاتە ناو مانگ، بە دوای دۆزینــەوەی نهێنییــەکانی خــوادا دەگــەڕێ، کەچــی ئێمــە هــەتا ئێستــاش نــازانین ئەشکەوتەکانی کوردستان چیان تێدایە ! دڵنییابن ئەوانەی لە ئێمە عــاقڵترن، خــوای گەورە نەك هەر لە خۆشگوزەرانیدا دەیانهێڵێتەوە، بەڵکو لە دونیای فانیش هــەر بــە زیندوویی دەمێننەوە ! ئەمەیە جیاوازی نێوان ئێمەو ئەوان، ئێمە بەوان دەڵێین کــافر، ئەوانیش بە ئێمە دەڵێن ئینسانی دواکەوتوو، توخوا کامەمان راستین؟

پیرەمێردێکیش کە لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو، ناوە ناوەش دەستی بــە ردێنــە سپییەکەی دادەهێنا، دیاربوو حەزیدەکرد بەرلەوەی کەسێك لــە قســەکانی مامۆســتا بەجواببێ خێرا خۆی شتێك بڵێ، پێدەچــوو مــەلاش حــەز لــەوە بکــا کەســێ هــەبێ پشتیوانی لێبکا، هەرواش بوو، پیرەمێرد سەری بۆ مامۆستا بەرزکردەوەو وتی:

- حاشا وەلیللا ئێمە قسەی وا ناکەین!

مەلا ئەحمەد بەو قسەیە دڵی خۆشبوو، بەڵام کە گوێی لە هیچ دەنگێکــی دیکــە نەبوو، دڵگرانییەك سەروسیمای داگرت، دواتر نوێژەکە دەستی پێکرد، مــیرۆ کــە لــە تەنیشت منەوە بوو، هەوڵیــدەدا لــە نوێژکردنەکــەدا بــە تــەواوی لاسـایی مامۆســتا بکاتەوە، لەپڕ لەو کاتەی ویستی خۆی بنوشتێنێتەوەو سەری لە زەوی نزیك بکاتەوە، کەلابەردێك لەگیرفانی چاکەتەکەی دەرپەڕی و لە بن قوونی مامۆستا لەنگەری گرت، کە مەلا خۆی قیتکردەوە، هەســتیکرد شــتێك دەچــەقێتە ژێریــەوە، مــن نــەمتوانی لەبەرامبەر ئەو دیمەنە نقەم لێوە نەیێ، پێکەنینێکی زۆر فشاری بۆ دەهێنام، بەڵام لە ئاخردا توانیم بەسەر خۆمدا زاڵبم، کەچی ئەوەی بە زەینمدا نەدەهات، ئەو پێکەنینە بەهێزەی میرۆ بوو، کە هەموو گیانی لەگەڵیدا هەڵدەپەڕی، هەموو گوێیان لە دەنگی پێکەنینەکە بوو، لەوەش خراپتر میرۆ کە بۆ جاری دووەم خۆی نووشتاندەوە، دەنگێــك لە دواوەشی دەرچوو ! هەر لە ژێرەوە سەری خۆی بــۆ لای مــن وەرســووڕاندو زۆر بــە شەرمەوە سەیری کردم، دەموچاوی بە رادەیەك سوورهەڵگەڕابوو دەتوت ئێستا خــوێن

به لەشیدا دەچۆڕێتەوە، ڕاستییەکەی مـن دڵـم پێیسـوتا، بەتایبـەتیش ئـەو کاتـەی لەسەرخۆ پێیوتم:

- کەس گوێی لێنەبوو؟!

منیش بە ئاستەم دەمم جوولاندەوەو وتم:

- نا، خۆت نارەحەت مەکە.

میرۆ بە قەولی خۆمان پۆتی شکا، ئیدی ئەوە ئاخرین نوێژی هەینی بـوو ئامـادە ببێ، لەوە بـەدوا بـەلای مزگەوتەکـەش تێنەدەپـەڕی، لـەوەدا ئەگەرچـی بـۆمنیش ناخۆشبوو، بەلاّم شانسێکم هێناو لەو یاریەدا بە خۆی گۆڵێکی لە خۆی کـرد. مـیرۆ هەوڵیدەدا لە قوتابخانەش خۆی لێمدوور بخاتەوە، ماوەیەکی زۆر کە بەلامدا تێدەپەڕی سەری خۆی نزمدەکردەوەو ڕەتدەبوو، کەس لەوە تێنەدەگەیشت کە چ شتێك لە نێـوان من و میرۆدا ڕوویداوە، زۆر لەو قوتابیانەی پۆلەکەمان لە لالووتبـوونی مـیرۆ لێیـان دەپرسیم، منیش ناچار دەبووم پێیان بلێم "هیچ نییە وردە شەڕێکمان کردووە!" نازانم چەندە باوەڕیان بە قسەکەم دەکرد، زۆرجاریش بەدوای دۆزینەوەی پاسـاوێدا دەگـەڕام کە بە هۆیەوە بتوانم دۆخەکەی ئاسایی بکەمەوە، کەچی بۆ ڕۆژی دوایـی وەك جـاری پێشووی لێدەهاتەوە، لەوە ناخۆشتر ئەوەبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندی لەگەڵ زۆرێـك لـە قوتابیانی پۆلەکەمان بەرەو ساردی دەچوو، تا دەهـات لـە خوێنـدنیش دوادەکـەوت، مامۆستاکانیش هەستیان بەو گۆڕانە دەکـرد، ئـەوانیش لـەجیاتی ئـەوەی یارمـەتی بدەن، بە لێدان و جوێن زیاترئازاریان دەدا.

میرۆ لە یاری تۆپانێش لە ئێمە چالاکترو بە تواناتردەهاتە بەرچاو، لـە بەرامبـەر منیشدا بەردەوام هەوڵیدەدا لە یاری یەکبازیدا بە پێشمکەوێ. لە یەکێ لەو یاریانەی سالاّنە بۆ قوتابخانەکان دەکرا، من و ئەو، دوو ڕکابەری بەهێزی قوتابخانەکەمان بووین بۆ قۆناغی کۆتایی، ئێمە لە گۆڕەپانی شارەکەمان خـەریکی ئـەو یەکلاییکردنەوەیـە بووین، ئەو ڕۆژە خەڵکێکی زۆریش لەوێ ئامادەبوون، لەنێو حەشاماتەکەشدا ئـەوەی بیرم لێنەدەکردەوە کە لەوێ بێ، ڕەیحانە بوو، ڕاستییەکەی لەو کاتەدا حەزم نـەدەکرد

چاوم پێی بکەویٚ، چونکە لەوە دەترسام لەو کێبڕکێیە لەگەڵ میرۆ بدۆڕێنم، ئەو کات هەردووکمان بەناڕەحەتی دەگەڕاینەوە، بەلاّم لەگەڵ دەستپێکردنی بازدانەکە هێزێکی سەیر رۆدەچووە گیانم، هەر کە مامۆستای وەرزش فیتەی دەستپێکی بازدانەکەی بۆ من لیّدا، من لە دوڕ چاوەکانی رەیحانە رامام، بە خێرایی هەناسەیەکم هەڵکێشاو دەرمدایەوە، لە هەنگاوی یەکەمدا هەستم بە قوڕسایی جەستەم کرد، کە لە هێڵی خۆفرێدانەکە نزیککەوتمەوە وا هاتە بەرچاوم کە رەیحانە لەنێو لمەکەدا بۆم دانیشتووەو ئاماژەم بۆ دەکا، کە گەیشتمە سەر هێڵەکە، بە هەموو هێزێکمەوە خۆم هەڵدا، هەر کە پێیەکانم چەقینە نێو لمەکە، گوێم لە چەپڵەرێزانی خەڵکەکە بوو، سەیرێکی خۆمم کردو ئاوڕێکیشم لە دەوروبەری خۆم دایەوە، لەنێو هەموو ئەو خەڵکەی لەوێبوون، رەیحانەم بینی، کە چۆن وەکو منداڵێك چەپڵەی لیّدەداو هەڵدەپەڕی...

من هێشتا هەر بەسەر لمەکەوە بووم و هەڵنەستابوومەوە ، میرۆ بە نیگەرانییەوە خۆی گەیاندە سەرم ، لەشوێن قومپانی پێیەکانم وەڕاما، زانیم کە دەیەویٚ ، بەراوردێك لە نێوان توانایی خۆی و بازدانەکەی مندا بکا ، بەر لەوەی بگەڕێتەوە لای مامۆستای وەرزش ، هەردوو برۆکانی بۆم هەڵتەکاندو بە سەرسوڕمانەوە وتی :

- ئۆی لە سیٚ مەترو نیویشت تێپەڕاندووە !!

بیرمکردەوە ئەگەر ئەوە راست بیٚ کەواتە میرۆ فت ، بەلاّم کە دیقەتم دایە هەنگاوە چوست و پڕ هێزەکانی میرۆ ، خێرا دڵگرانییەك دایگرتم ، من نازانم ئەوانەی لە دەوروبەرمبوون هەستیان بەو ناڕەحەتییە لەناکاوەی من کرد، یان نا ؟ بەلای منەوە رەیحانە گرنگ بوو ، کە ئەوم بینی هیچ گۆڕانێك بەسەریدا نەهاتبوو، وەك کەسێکی براوە هەستامە سەر پیٚ و خۆم داتەکاند، لەنێو لمەکە هاتمە دەرەوەو بەرەو ئەو شوێنە چووم کە میرۆی لیّوەستابوو، میرۆ بە گومانەوە سەیری کردم و ئاوڕێکیشی بە ئاراستەی ئەو شوێنە دایەوە کە رەیحانەی لیّدەردەکەوت، نەمزانی لەو دەمە رەیحانە بۆ کویٚ چووبوو، وا بیرمکردەوە کە لەوانەبیٚ بە ئانقەست خۆی

شاردبێتەوەو نەیەوێ سەرکەوتنەکەی میرۆ ببینێ. میرۆ چەند جارێکیش چاوەکانی بەملاو بەولادا دەگێڕاو، دڕدۆنگ دەهاتە بەر چاو، دەتوت شتێکی ونکردووەو تا نەیدۆزێتەوە دڵی ئۆقرە ناگرێ ، مامۆستاش هەستی بەو نیگەرانییە دەکرد، بەلاّم ئەو، بە بۆچوونی من، وایدەزانی بە بازدانەکەی من ترسی لێنیشتووە، دووجاریش ئاگاداری کردەوە کە خۆی بۆبازدانەکە ئامادە بکا، کەچی وەك ئەوەی هەر لەوێش نەبووبێ، خەیاڵی لە شوێنێکیکە بوو، من ناچاربووم خۆمی لێنزیك بکەمەوە، بە هێمنی دەستم خستە سەر شانی و لەسەرخۆ وتم :

- مامۆستا دەڵێ ئامادە بە ..

هەر خێرا وەلاّمی دامەوەو وتی :

- باشە باشە ئەوە هاتم !

من پێمباشبوو لەوە زیاتر هیچ قسەیەکی دیکە نەکەم، گەڕامەوە لای مامۆستاکە، لەخۆمەوە ئاوڕێکم دایەوە سەیرێکی ئەو گردەم کرد، کە خەڵکێکی زۆر، لەوێ دانیشتبوون، رەیحانە لەنێو هەموویاندا جوانترو بەرچاوتر دیاربوو، بە پەنجەکانی سلاّوێکی بە پەلەی لێکردم، سەیرێکی میرۆشی کرد، میرۆ وەك ئەوەی رۆحی هاتبیتەوە بەر، بە سێ شەقاو گەیشتە لامان، مامۆستای وەرزش بۆ ئەوەی ترسەکەی لێبڕەوێنێتەوە، دەستێکی خستە سەر شانی، میرۆ چاوێکی لەمن داگرتو بزەیەکی بۆم کرد، وا هاتە بەرچاوم وەك ئەوەی دڵنییام بکاتەوە، کە لەو شەڕەدا هەر دەبێ سەرکەوێ، ترسێك بە نێو دڵمدا هات، کە سەیری قاچە توندو تۆڵەکانیم کرد، لە سەرکەوتنەکەی خۆم بە گومان بووم، موچڕکێکی ناخۆش هەموو گیانمی داگرت ، وام هەستدەکرد ئەو ئەرزەی میرۆ بەسەریدا تێدەپەڕێ، پشتی منە، نازانم بۆ هێندە زوو، بێتاقەت بووم، بەڕاستی حەزمدەکرد ئەو رۆژە هەمووی خەون بوایە ، چونکە دەمزانی ئەگەر میرۆ بەو بازدانە پێشم بکەوێ، ئەوە زەبرێکی کوشندەم لێدەداو لەبەر چاوی رەیحانەش کەسێکی بێتوانا دەردەچم، من دەمزانی رەیحانە تەنیا لەبەر خاتری من هاتبوە ئەوێ، لەو باوەڕەشدا بووم چاوەڕێی ئەوە بکا میرۆ لە مەیدانەکە وەدەرنێم،

بەلاّم رەنگە ئەنجامەکە بە حەزی هیچ یەکمان نەبیّ، لە زۆر یاری و گەمەی هەراش و هەرزەکاراندا رکابەری منی کردووە، بەلاّم لە زۆربەیان سەرنەکەوتووە، ئەوەی کە من تێیدا دۆڕام و بۆ هەتا هەتاش ئەو یاریەم دووبارە نەکردەوە، ئەو رۆژە بوو کە ئێمەی منداڵانی گەڕەك، بە سواری کەر غارغارێنمان دەکرد، لەو یاریەشدا من و میرۆ کەوتینە تەنیشت یەك، کەرەکەی میرۆ زۆر هارو هاج دەهاتە بەر چاو، ئەوەکەی من هێندە وڕوگێژ بوو، مێشی لەخۆی دەرنەدەکرد ، تەنیا لەو کاتانە گورجوگۆڵ دەبوو، کە لەپشتەوە یەکێك نەقیزەیەکی لێبدایە، گرفتەکە ئەوە بوو بەو نەقیزەیە وەك فیشەکە شێتە دەردەپەڕی، ئەگەر کەسێکی نەزان لەسەر پشتی بوایە، ئەوە بە سەلامەتی دەرنەدەچوو، ئەو رۆژە خۆو شانس میرۆ نەقیزەیەکی لە کەرەکەمدا، پێدەچوو وای بیرکردبێتەوە ، کە ئێستا نەك هەر کەرەکە فڕێم دەداو سیّ چوار تەقلەشم پیّ لێدەداتەوە، بەڵکو رەنگبیّ لە بن پێی کەرەکانیش بشێلدرێم ، کەچی وا دەرنەچوو، کەرەکەی من راستە بەو نەقیزەیە لە ناکاو دەرپەڕی، بەلاّم فڕێی نەدام، زۆر بە رێکوپێکی غاریدا میرۆش لەداخان کەرەکەی خۆی دایە بەر شوولکە داران و زۆری هەوڵدا پێش من بکەویّ، من هەر لە پێشەوە بووم تا گەیشتمە ئەو هەورازەی بەرەو (سەر تۆپ ) دەچوو، لەویّ کەرەکەم وەستاو ببڕای ببڕای بستێکی دیکە نەچووە پێش، لەپڕ کەرەکەی میرۆ بە خێرایی بە تەنیشتم تێپەڕی وبەبیّ ئەوەی تۆزقالێك لە غاردانەکەی کەم بێتەوە، بە سەر گردەکە کەوت، لەویّ وەك ئەوەی ئالاّی سەرکەوتن هەڵبدا هەردوو دەستی بۆم بەرزکردەوەو هاواری کرد :

- سەرمەد ، دۆڕاندت یان نا ؟!

منیش وەك ئەوەی شتێکی خراپم دەرهەق کرابیّ ، هەستم بە ئیهانەیەکی زۆر کرد، بەلاّم هیچم نەوت، ملی کەرەکەم بە لای خوارەوە سوڕاندەوەو شۆڕبووینەوە خواریّ، میرۆش لەپشتەوە هەر هاواری دەکرد "بۆ کویّ سەرمەد ، وەرە بگەڕێوە ئەم کەڕەتەیان قەبول نەبوو ! "

که ئەو رووداوەم بیر هاتەوە ، ترسێکی زۆرم لێنیشت ، لەوە ترسام میرۆ لە یاری یەکبازیشدا پێشم کەوێ ، ئەو هەر کـە مامۆسـتا ئیشـارەتی پێـدا یەکسـەر بـەبێ دوودڵی خۆی ئامادە کرد ، لەوە دەچوو باوەڕی تەواوی بە بردنەوەی خۆی هەبێ ، بـە شێوەیەکی زۆر سەیریش بینایی لە دوڕ چاوەکانی من گیرکرد ، ئـەو کاتـەی چـۆك و هەر دە پەنجەی خستە سەر زەوی ، وا هاتە بەرچاوم ، خۆی بـۆ ئـەوە ئامـادە دەکـا، پڕمداتێ، هەر لە پڵنگێك دەچوو خـۆی بـۆ پـەلاماردانی نێچـیرێك لەکـەمین نـابێ، دواجار ئاوڕێکیکەم بۆ سەر گردەکـە دایـەوە ، رەیحانـەم بینـی بـە پێـوە وەسـتابوو، دیققەتی دابووە میرۆ، من لەو ساتە پێویستییەکی زۆرم بە چـاوەکانی رەیحانـە بـوو، کەچی وەك ئەوەی من هەر لەوێ نەبم، چاوەکانی تەنیا بە ئاڕاستەی مـیرۆ راگرتبـوو، لەو دەمە مامۆستا فیتەی دەستپێکردنی یاریەکەی لێدا، میرۆ خێرا هەسـتایە سـەر پێ و دەرپەڕی، لەنێو گەرمەی غاردان و جەستەی پـڕ جوولـەی مـیرۆدا سـەمایەکی شـێتانەم بینـی کـە جێسـەرنجی مـن و مامۆسـتاش بـوو، مـیرۆ هەرلـە سـەرەتای غاردانەکەیدا تاقەتێکی زۆری دایە خۆو رەنگبێ وای بیرکردبێتەوە، کـە ئەگـەر بـەو شێوەیە بەردەوامبێ ئەوە لە سەداسەد سەرکەوتن بەدەست دەهێنـێ ، مـن پێمسـەیر بوو ئەو خێراییەو ئەو توانایەی لە کوێ هێنا، بە یەك نەفـەس گەیشـتە سـەر هێڵـی بازدان ، وەها بەرزبۆوە ، کە بە فکری من ئەگـەر لـە یـاری ( بـازدانی بـەرزیی )ش بەشداری بکردایە بە مسۆگەری پلەیەکی زۆر باشی بە دەسـت دەهێنـا، ئـەو کاتـەی میرۆ لە هەوادا هەردوو قاچی دەجوولاندەوە، رووداوێکی نائاساییم بینی، وامهەسـت کرد دەستێك لە غەیبەوە قاچەکانی میرۆی تێکئالاند، میرۆ بەلادا هات و بەو دۆخـە کەوتە سەر لمەکە، من ئەگەرچی هەناسەیەکی دڵنیاییم هەڵکێشا، بەلاّم لـە خراپـی کەوتنەکەی، دواتریش لە هاوارو قیژانەکەی ، نیگەرانییەکی زۆری خستە دڵمەوە، من و مامۆستا بەپەلە گەیشتینە سـەری، بـە هـەردووکمان زۆر بـە زەحمـەت توانیمـان هەڵیبستێنینەوە ..

میرۆ شانسی له یاری بازدانەکه نەبوو ، ئەو رۆژە من و مامۆستا زۆر به زەحمەت توانیمان بیگەیێنینه خەستەخانه ، لەویٚ خێرا بۆمان دەرکەوت، کـه هـەردوو قاچـی شکاون، میرۆ که ئەو هەواڵه ناخۆشەی بیست، هیچ نارِحەتییەکی پێوه دیـار نـەبوو، تەنیا به چاوێك که له تێرِاماندا بیٚ، سەیری دەکردم و زارێکیش که له خۆوه قسەبکا پێمی دەوت:

- هەمووی خەتا لەتۆ بوو سەرمەد !

منیش هیچ وەڵامێکم نەدەدایەوە، مامۆستاش لـەو بێدەنگییـەی مـن خۆشـحاڵ دەبوو، میرۆ دوای چەند سەعاتێك له خەستەخانه، به کۆنه جێبێك بردیانەوە مـاڵیٚ، ماوەی مانگێك له نێو جێگادا کەوت، من بۆخۆم لەو ماوەیه دووجار سەرم لێـداوە، زۆر به پەله بوو هەڵسێتەوە، لەلای یەکیٚ له برادەرەکانم وتبـووی "سـەرمەد دوعـای لێکردووم، ئەگینا بۆ له هاتنه خـواره لاقـم تێکـدەئالا ؟" راسـته ئـەو کاتـەی لـه بازدانەکه خۆی فرِێدا، لەخوا پارِامەوە که له من کەمتر بێنیٚ، بەڵام حـەزم نـەدەکرد وایلێبیٚ، دڵنیام ئەویش هەر وەکو منی کردووە، رەنگبیٚ دوعای خرابتریشی لێکردبم، میرۆ بەردەوام بەرنامەی خراپی بۆ من دادەرِشت، هەموویشی بۆ ئەوە بوو، که من له بەر چاوی رەیحانه بشکێنیٚ و خۆی رەپێش بکا، کەچی له زۆربەی نەخشەکانیدا کورتی دەهێنا، ئەتواری ئەو کورِە هەر لە( سەبۆ سوور)ی برادەرم دەچوو، جیاوازیەکەی ئەوە بوو سەبۆ به بەرنامه کارینەدەکرد، به قەولی خۆمان هەموو شتێکی له سەر دەستان بوو! سەبۆ یەکێك بوو لەو قوتابییانەی، تەنیا بۆئەوە دەهاتە قوتابخانه، که له ماڵەوە دوور کەوێتەوە، وادەهاتە بەر چاومان که قوتابخانه بۆ ئەو، شوێنی کـات بەسـەربردن بوو، لەگەڵ ئەوەشدا قەت به کورِێکی تەمبەڵ ناویان نەدەهێنا، چونکه لەو کاتانـەی مامۆسـتا دەرسـەکانی شـەرح دەکـرد، لـه هـەمووماں چـاکتر گـوێی دەگـرت، لـه تاقیکردنەوەکانیشدا له زۆربەمان باشتر بوو، ئێمه هەمووماں سـەرمان لـەو کـارەی سەبۆ سوورِمابوو، مامۆستاکانیش گومانی ئەوەیان لێدەکرد، که هەبیٚ و نـەبیٚ پـەنا بۆ قۆپیەکردن دەبا، کەچی بۆ جارێکیش قۆپیەی لێنەگیرا، من زۆر جاریش پێمدەوت

"سەبۆ چ سرێکە تۆ هیچ ناخوێنیت ، کەچی  لە هەموو دەرسەکانیش سەرکەوتووی ؟" ئەو بەکورتی وەڵامی دەدامەوەو دەیوت :

- دڵنییابە قۆپیە ناکەم، تەنیا گوێ لە مامۆستا دەگرم.

من باوەڕم پێهێنابوو، بەڵام زۆربەی قوتابیان و مامۆستایان بە گومانەوە تێیان دەڕوانی، تا رۆژێکیان مامۆستای جوگرافیا لە کاتی تاقیکردنەوەدا سەبۆی هێنایە لای سەبوورەکەو دوو پرسیاری لێکرد کە جیا بوون لەو پرسیارانەی بۆ ئێمە هاتبوون، سەیر ئەوە بوو هەر بە پێوە وەڵامی هەردوو پرسیارەکەی دایەوە، ئەو کات مامۆستا قەناعەتی هات، کە توانایەك لە سەبۆدا هەیە، لە ئەوانیدیکەدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستاکان کەیفیان پێنەدەهات، چونکە بە قسەی ئەوان نە دەرسی دەکردو نە لە کاتی ئەزموونەکانیش لاپەڕەی کتێبەکانی هەڵدەدایەوە، هەر ئەوەش بوو وای لە مامۆستاکان کردبوو، کە هەموو رۆژێك سزای بدەن، ئەویش وەك ئەوەی خووی بە لێدانەوە گرتبێ، منەتی بە هیچ جۆرە سزاو لێدانێك نەبوو، جاری وا هەبوو، بەرلەوەی مامۆستا قسەیەکی ناشیرینی پێبڵێ یان شوولکە دارێك بوەشێنێ، یەکجێ هەڵدەستاو هەردوو دەستی بۆ مامۆستا رادەگرتن زۆر بە جورئەتەوە دەیگوت:

- فەرموو مامۆستا !

هیچیەك لەئێمە ئەو غیرەتەی نەبوو، وەك سەبۆ ئازار بە جەستەی خۆی بگەیێنێ، ئەو هەموو لێدانەی دەخوارد، کەچی نە ئاهێکی لە دەم دەردەچوو، نە دەستەکانی خۆی لە بەرامبەر هەڵمەتی دارحەیزەرانەکان دوور دەخستەوە، ئێمە لەبەردەم ئەو دیمەنەدا شۆك گرتبوومانی، ئەوەی کە هەمووشمانی بە پێکەنین دەهێنا، هانکە هانك و هەناسە سواری مامۆستا بوو کە چیدیکە توانای نەدەما دارەکە بوەشێنێ، ناچار دەبوو دارەکەی دەستی فڕێبداو بۆینباغەکەی ملی شل بکاتەوە، سەبۆش بزەی سەرکەوتنی دەهاتێ، وەك براوەیەك لە ململانێ و کێبڕکێیەکی سەختدا، سەیرێکی هەموومانی دەکرد، ئەو کات لە سەرخۆ دادەنیشتەوە، بەڵام ئەو بەرگریە بۆ هەتا هەتا نەبوو، کە مامۆستاکان هەستیان پێکرد، بەو رێگایە هیچیان پێناکرێ بیریان

لەوە کردەوە، کە بیبەنە لای بەڕێوەبەرو لەوێ ئامۆژگاری بکەن، ئەگەر هەر سوودی نەبوو هەڕەشەی فەسڵکردنی لێبکەن، هەر وایشیان کرد. ڕۆژێك سەبۆ بە بیانووی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا دەبردرێتە ژووری بەڕێوەبەر، لەوێ بەڕێوەبەر بەوە تاوانباری دەکا کە سەبۆ ڕەوشتی هەموو قوتابیانی پۆلەکەی تێکداوە، ئەگەر دەرسەکانی نەخوێنێ و زمان درێژیش بکا ئەوە ناچار دەبن لە قوتابخانە دەریبکەن و بینێرنە ماڵەوە، سەبۆش زۆر لەسەرخۆ بە بەڕێوەبەر دەڵێ:

- من پێویستیم بەوە نییە دەرس بخوێنم، ئەوەندەم بەسە گوێ لە مامۆستا بگرم.

بەڕێوەبەر بەو قسانەی سەبۆ خۆی پێناگیرێ، تا هێزی تێدا دەبێ زللەیەکی توند لە بناگوێی دەداو وەك شێتیش بەسەریدا دەقیژێنێ، سەبۆ هیچی بۆ نامینێتەوە دەرگای ژووری بەڕێوەبەر دەکاتەوەو بە غاردان دەچێتە دەرەوە، بەڕێوەبەریش هەڕەشەی لێدەکاو پێیدەڵێ:

- بڕۆ لەم قوتابخانەیە نەتبینمەوە !

لەو ڕۆژەوە سەبۆ ناگەڕێتەوە قوتابخانەو بێ ئیش لەو سەری شارەوە دەچێتە ئەو سەری، من زۆر جار دەمبینی و لێمدەپرسی:

- بۆ کارێك ناکەی سەبۆ ؟

سەبۆ بەو پرسیارە زۆر پەست دەبوو، وا خۆی نیشان دەدا وەك ئەوەی تێبگرن، بە ناڕەحەتییەوە دەیوت:

- ئیشێك هەر دەبینمەوە !

من پۆلی سێی ناوەندیشم تەواوکرد، سەبۆ هیچ ئیشێکی نەدۆزیەوە خۆی پێ خەریك بکا، تەنیا ئەوەندەم لێدەبینی، کە هەموو ڕۆژێ دەهاتە بەردەمی دەرگای دەرەوەی قوتابخانەو لەوێ لەبن دیوارەکانی ئەوبەری مەکتەب دادەنیشت و شوولکەدارێکی بە دەستەوە دەگرت و بەردەمی خۆی دەنەخشاند، کەس نەیدەزانی بیر لەچی دەکاتەوە، بەڵام من لە سەروسیمای پڕ نیگەرانیدا، هەستمدەکرد بیر لە شتێکی خەتەرناك دەکاتەوە، لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو، ئەو کوڕە لەوێ نەدەجوولایەوە تا

هەموو مامۆستاکان دەردەچوون، ئەوکات هەڵدەستایەوەو خۆی دادەتەکاند، بەڵام بەر لەوەی ئەویَ جێبهێڵێ دەبوایە خۆی نیشانی بەڕێوەبەر بدا !

❊❊❊

ئێمە زۆربەی بەیانیان شتێك نەبوو لەگەڵ چا بیخۆین، جاروبار دەمبینی کە چۆن دایکم جامەساوارێکی بەجامە ماستێك دەگۆڕیەوە، گرفتەکە ئەوە بوو کە دەبوایە ئەو رۆژە هەموو ماستەکەبخوریَ، بەتایبەتیش ئەگەر هاوین بوایە، چونکە تا رۆژی دوایی ترش دەبوو، لەو کاتەشدا ئەگەربمابایەوە، ئەوە دەمانکردە ماستاو، من بۆخۆم زۆر کەیفم بە ماست نەدەهات، زیاتر حەزم لە تەحین بوو، ئەویش بە ساوار نەدەگۆڕدرایەوە، بۆیە بەیانییێکیان بڕیارێکی زۆر قورسم داو بە دایکمم وت:

- من رۆژانەکەی خۆمم ناویَ، هەفتانە جارێك تەحینمان بۆ بکڕە .

دایکم بەو قسەیە سەری خۆی داگرت، دەتوت هەواڵێکی ناخۆشی بیست، من کە بەو شێوەیە دایکمم بینی خێرا پەشیمان بوومەوەو وتم:

- دایە گاڵتەم کرد. تەحین هیچ خۆش نییە!

کەچی دایکم وەك ئەوەی گوناحێکی کردبیَ و تازە هەستی پێبکا، لەسەرخۆ دەستێکی بەسەرم داهێناو بزەیەکی پڕ سۆزو خۆشەویستی بۆ کردم و وتی :

- نا کوڕم، زۆریش خۆشە.

بەپەلە جامێکی بچووکی بۆ هێنام و دەفلسیشی خستە نێو دەستم:

- ئەم بەیانییە تەحین دەخۆین. دەی خێراکە.

پێچەیەکم بە دەوری دایکمدا کردو وەك تەڵقە بۆی دەرچووم، خۆیشم نەمزانی چۆن گەیشتمە لای ( برایمە گۆج )و جامەکەم خستەسەر تەرازووەکەو بە دەنگێکی بەرز پێموت :

- مام برایم تەحینم دەویَ !

ئەو کاتەی برایيمە گۆج تەحینی بۆ تێدەکردمە ناو جامەکە، لەپڕ سەری هەڵبڕی و بە حەپەساویەوە هاواری کرد :

- ئەها سەبۆی برادەرت.... نەکەی کوڕە هەستە عەیبە !

کە ئاوڕم دایەوەو سەبۆم بینی، دەتوت کارەبا لێمیدا، سەبۆ بەم بەیانییە زووە لەبن دیواری قوتابخانەو لەبەر چاوی خەڵك شەلواری خۆی هێنابوە خواریٰ، وەك ئەوەی لە چۆلی دانیشتبیٰ، ئێمە سەرمان سوڕمابوو، ئەویش وەك ئەوەی هیچیەك نەبینیٰ و منەتیشی بە کەس نەبیٰ بەتەواوی خۆی بەتاڵ کردو لەسەرخۆش هەڵسایەوەو شەڵوارەکەی هەڵکردو رۆیشت، من لە دوکانی برایمە گۆج هاتمە دەرەوەو بە دوای سەبۆ کەوتم، چەند جارێك بانگمکرد، وەك ئەوەی لەگەڵ ئەویشم نەبووبیٰ، ئاوڕێکیشی لێنەدامەوە، خێراتر هەنگاوم هەڵێنا، هێندەم نەمابوو شانم بە شانی بکەویٰ، لەناکاو لە شوێن خۆی وەستاو زۆر بە تووڕەییش ئاوڕی لێمدایەوە، بە نارحەتییەوە پێموت :

- ئەوە چیتە سەبۆ گیان ؟

سەبۆ وەك ئەوەی لە ژیانیدا منی نەبینیبیٰ، تا هێزی تیابوو پاڵێکی پێوەنام و چەند شەقاوێك بۆ دواوەی گێڕامەوەو هەردوو قاچم تێکئالاَن و رمبەم لێوەهات. ئەو تەحینەی کە لەناو جامەکەدا بوو، بڕێکی زۆری رژایە سەر سنگم، نازانم بۆ لەو ساتە رقێکی زۆرم لە سەبۆ بۆوە، خێرا بۆی هەڵسامەوەو جامی تەحینەکەم لە تەپڵی سەری دا، لە نێوەڕاستی جادەکە ملمان وەبەر ملی یەکتر نا، هێندەی نەبرد کۆمەڵە خەڵکێك پێمانڕاگەیشتن و لێکیان کردینەوە، کەس نەیدەزانی شەڕەکەمان لەسەر چی بوو، ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر دڵتەنگی کردم، قسەی ئەو پیاوە بوو، کە پێمی وت :

- عەیب ناکەی، کەس لە سەبۆ شێتی داوە؟!

لە دڵی خۆمدا وتم "سەبۆ کەی شێت بووە؟ ئەی بۆ من نەمزانیوە؟ ئای خودایە کەی ئەوە راستە، بۆ دەبیٰ سەبۆ گیان شێت بووبیٰ؟"

زۆر بەسەر خۆمدا شکامەوە، نەمدەزانی چی بەو خەڵکە بڵێم، بە ناچاری رووی خۆم وەرگێڕاو بە جامە بەتاڵەکەوە بەبەر دەمی دوکانی برایمە گۆج رەتبووم، پێدەچوو ئەویش شەڕەکەمانی بینیبێ، بۆیە بەر لەوەی بچمە نێو کۆڵانەکە لە پشتەوە گوێم لێبوو هاواری کرد :

- بێنە ئەو جامەت بینە با تەحینت بۆ تێکەمەوە!

کە ئەو قسەیەم بیست لە شوێن خۆم وەستام، بیرم کردەوە ئاخر کە پارەم پێنەمابێ چۆن تەحین بێنم ؟ لەو دەمە برایمە گۆج لە دوکانەکەی هاتە دەرێ و قاچێکی توند راتەکاندم و یەکسەر گوتی :

- باشە ئەو شێت بووە، خۆ تۆ شێت نی، چ زوو گەیشتییە لای سەبۆ شێت ؟پێم سەیربوو، هەمووی دوو مانگ بوو، سەبۆم نەبینیبوو، ئەو گۆڕانە چیبوو بەسەریهات ؟ کەمێك دامام، هاتەوە بەرچاوم، کە چۆن ئەو کاتەی سەبۆ پاڵی پێوەنام و بەربوومەوە، نووشتەیەکی گەورەم بینی بە ملیدا شۆڕببۆوە، ویستم بە مام برایم بڵێم کە ئەوە چەند دەبێ سەبۆ شێت بووە؟ بەڵام برایمە گۆج جامەکەی لە دەست دەرهێنام وخۆی خزاندە نێو دوکانەکەی ، منیش بەدوایدا چووم، لەو کاتەی بەدەستێکی تەحینەکەی تێدەکردە نێو جامەکە، بە دەستەکەی دیکەی پەڕۆیەکی بۆ راگرتم و چەند وشەیەك لە بن سمێڵیەوە دەرچوون :

- ها بگرە، چاکەتەکەت جوان بسڕەوە.

پەڕۆیەکەم لێوەرگرت، ئەو کاتەی شوێنی تەحینەکەم دەسڕیەوە، بە مام برایم وت :

- ئاخر پارەم پێ نەماوە بۆتەحینم دەدەیتێ ؟

مام برایم جامی تەحینەکەی دایە دەستم و بە بزەیەکەوە وتی :

- ئاگات لەخۆت بێ ، سەبۆ رێت لێنەگرێتەوە!

- ئەدی کەی پارەکەت بۆ بێنم؟

- بڕۆ کوڕم بڕۆ.

به شەرمەوە ئەوێم جێهێشت، خەمی هیچم نەبوو، تەنیا عەدەمبوونی چاکەتەکەم نەبێ، کە هەر چۆن سەیرت بکردایە، شوێنی تەحینەکەت بە سەریەوە دەبینی، لەوەش دڵنییابووم، کە ئێستا دایکم لەبەر دەرگای دەرەوە وەستاوەو چاوەڕێی من دەکا، بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر لێمی پرسی بۆ وا دواکەوتیت، چ وەڵامێکی بدەمەوە؟ خۆ ئەگەر چاکەتەکەشم بەو شێوەیە ببینێ چ بڵێم؟ لە هیکڕا ترسێك وەك برووسکە هات و لەنێو دڵم گیربوو، ئاوڕێکم لە لا چەپی خۆم دایەوە، تارماییەك لەبەر چاوم قیت بۆوە، لەخۆمەوە وامزانی سەبۆیە، هەنگاوەکانم خێراتر کردن، ئەوەی هێزبوو بە قاچەکانم بەخشی، وامهەست دەکرد، هەر بەڕاستی سەبۆ بە دوامەوەیە، زۆرم نەمابوو بگەمە ماڵەوەمان، هەستم دەکرد قاچەکانم بە دوامەوە نایێن ، لەو دەمە کەسێکیشم نەدەبینی بە هانامەوە بێت، گەیشتمە هەورازەکەی پێش ماڵمان، خۆفێکی بێئەندازە هەموو گیانمی تەنی بوو ، نەمدەوێرا ئاوڕێکیش بدەمەوە، هەر کە پێم نایە بەر دەمی دەرگاکە، نازانم چ شتێك روویدا ، ئەوەندە نەبێ کەسێك خێرا باوەشی تێوەرهێنام ، ئیدی لەو دونیایە دابڕام !!

***

من ئەو رۆژە زۆر لە سەبۆ ترسابووم ، بۆ ماوەیەك دیمەنی شێتانەی ئەوم دەهاتە بەرچاو ، زۆربەی ئەو شوێن و رێگایانەم تەرککردن کە سەبۆ پێیاندا تێدەپەڕی ، هەرجارێکیش بە ئیشێك چووبامە بازاڕ، دەبوایە لەسەری کۆڵانەکەی کن دوکانی برایمە گۆج خۆم مات بکەم ، دیققەت بدەمە راست و چەپی جادەکە و لەوە دڵنییابم کە سەبۆ لەو ناوە نییە ، ئەو کات بە خێرایی شتەکانم دەکڕین و بە پەلەش دەگەڕامەوە ماڵێ ، ماوەیەکی زۆری پێچوو تا ئەو ترسە بەسەر روخسارمەوە نەما، زۆر جار لەماڵەوەش پێیان دەوتم " دەڵێی شێت دەستی لێوەشاندووی ! "من بەو قسەیە زۆر تێکدەچووم، جاری واهەبووە لە رقان دەستم وەشاندووەو تا ئێوارەش

نەگەڕاومەتەوە ماڵ، ئەوەی لە هەموویان زیاتر نارەحەتی کردم کە بە هیچ مەبەستێکی خراپیشەوە نەیوت ، قسەکەی رەیحانە بوو ، کە بە رێکەوت چاوی بە دایکم دەکەوێ و پێیدەڵێ:

- ئەوە سەرمەد نەخۆشە پلە نەسرین ؟ دایکیشم دەزانێ ئەو ماوەیە رەنگو رووم تێکچووە ، ناشتوانێ بیشارێتەوە راست بە رەیحانە دەڵێ :

- ماوەیەکە تەواو نییە ، بەکەسیشمان ناڵێ نەخۆشم .

رەیحانەش بەو قسانە زۆر تێکدەچێ ، هەفتەیەك لەبەیانییەوە تا ئێوارە چاودێری کۆڵانەکەیان دەکا تەنیا بۆ ئەوەی من ببینێ ، منیش ئەو هەموو وەختە بە ئانقەست بەوێدا نەدەڕۆیشتم ، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە روخسارم نەبینێ ، دواتر خۆی پێڕاناگیرێ وبە فێڵی ئەوەی بچێتە ماڵی پووری ، خۆی دەگەیێنێتە سەر رێگای قوتابخانەکەمان و دەزانێ من بە چ رێگایەکدا دێمەوە ماڵێ ، لەوێ دەوەستێ و چاوەڕێ دەبێ تا دەگەمە لای. من ئەو کاتەی لە دوورەوە ئەو دەبینم دەمەوێ رێگاکەم بگۆڕم ، بەلام ناتوانم ، ئەو خێرا لێم دێتە پێش و بە خەندەیەکی تێکەڵ بە ترس و نیگەرانییەوە لێمنزیك دەبێتەوە ، هەر زوو پێمدەڵێ :

- چییە دەتەوێ لە دەستم هەڵبێیت ؟

من هەوڵدەدەم خۆم بە ئاسایی دەربخەم ، کەچی کە لێینزیك دەبمەوە زۆر لە جاران شپرزەو پەشۆکاوتر دێمەبەر چاوی ، خۆیشم نازانم بۆ زمانم لەگۆ دەکەوێ و سەریشم دادەخەم ، ئەو جارێکی دیکە بە شەرمەوە وەقسە دێتو لە گەڵێشیدا ئاور لە راست و چەپی خۆی دەداتەوە :

- سەرمەد نەخۆشیت ؟

من نازانم بە چ شێوەیەك تێیبگەیێنم کە نەخۆش نیم ، بەلام ناشمەوێ درۆی لەگەڵدا بکەم ، هەر دەبێ هۆی ئەو تێکچوونەمی بۆ باس کەم ، نەوەکو بە جۆرێکی وا بیربکاتەوە ، وەك ئەوەی بمەوێ شتە نهێنی و تایبەتییەکان لەو بشارمەوە :

- دەزانی (سەبۆ سوور) چی لێهاتووە ؟!

ڕەیحانە وەك ئەوەی لەوددەمە هەموو شتێکی لەبیر بچێتەوە ، هەردوو چاوی بە مۆڵەقی و ترسەوە دەوەستێ وبە تەنگەتاویەوە دەڵێ :

- چی لێهاتووە ؟!

لەجیاتی ئەوەی خێرا وەڵامی بدەمەوە ، هەردوو چاوم پڕ دەبێ لە فرمێسك ، گەرووم نوتقی تیا نامینێ ، کە ڕەیحانە چاوە پڕ لە ئەسرینەکانی من دەبینێ ، ئەویش وەك هەواڵێکی ناخۆش لەسەر کەسێکی نزیکی خۆی ببیسێ ، چاوەکانی لە فرمێسك غەرق دەبن ، بە پەرۆشەوە دەڵێ :

- بۆ ناڵێی چی لێهاتووە ؟

من زۆر لە خۆم دەکەم بۆ ئەوەی بە زمانێك قسە بکەم ئەوەندە کاریگەری نەبێ لەسەر ڕەیحانە ، بەڵام کە دەمم وەقسە دێ ، نازانم بۆ دەڵێم :

- ڕەیحانە ، سەبۆماوەیەکی زۆرە شێت بووە !

من خۆم کە وشەی شێت لە دەمم دەردەچێ ، یەکسەر دەگرییێم ، ڕەیحانەش لەگەڵ من ، هەر بەدەم گریانەوە دەڵێ:

- ئەی ئێستا لە کوێیە ؟

- هەموو ڕۆژ لەبن دیواری قوتابخانەکەیان دادەنیشێ و لەوێ بەر لەوەی بڕوا، شەلوارەکەی دادەکەنێ و هەموو دەورو بەری خۆی پیس دەکا !

هەست دەکەم ڕەیحانە ئێستا لەوە تێدەگا کە لەبەرچی من وامبەسەر هاتووە، پڕ بە دڵیش حەزدەکەم بەو پەنجانەم فرمێسکەکانی بسڕمەوە، بەڵام لەوە دەترسم کەسێك بمانبینێ و گرفتێکی گەورەمان بۆ دروست بکا، کەچی ڕەیحانە زۆر لەمن بە غیرەتتر دێتە بەرچاو ، بە پەلە ئاوڕێك لە دەورو بەری خۆی دەداتەوە ،دەستێکی دەخاتەنێو دەستم و دەڵێ :

- ئاگات لەخۆت بێ ، ئیشاڵڵا ئەویش چاکدەبێتەوە .

ئەگەرچی دڵیشم زۆر تەنگ دەبێ ، بەڵام گەرمیی پەنجەکانی ڕەیحانە هەموو شتێکم لەبیر دەباتەوە ، بۆ دواجار کە لە یەکتر دەڕوانین ، هەست بە خۆشیەکی زۆرو

لەززەتێکی بێسنوور دەکەم ، رەیحانەش لەترسی ئەوەی نەوەکو یەکێك بیبینێ بە چاو خواحافیزیم لێدەکا و دەڕوا، منیش هەر بە هەمان ڕێگادا بەرەو ماڵەوە هەنگاو هەڵدێنم ، کە سەر هەڵدەبڕم کەسێك لە دووری چەند مەترێك لە ناوەڕاستی ڕێگاکە دەبینم ، هەر لەوە دەچێ چاوەڕێی من بکا ، ترسێك ڕۆدەچێتە گیانم ، قاچەکانم تێکدەئاڵێن ، لەیەك لەحزە بڕیار دەدەم ئاڕاستەی هەنگاوەکانم بگۆڕم ، کەچی ئەو زەلامەش لەگەڵ من قاچی دەجوولێنێ ، هەست دەکەم بە دوای منەوە دێت ، من ئەو کەسە ناناسم و یەکەمجاریشم بوو بیبینم ، من هەرچەند خێرا دەڕۆم ، ئەویش هەنگاوی پەلەتر هەڵدێنێ ، من لە ڕێگاکەوە دەردەچم و بە کۆڵانێکی تەسکدا دەچمە خوارێ ، ناچاردەبم زیاتر پێ هەڵێنم و دەست بە غاردان بکەم ، من ئەگەرچی شارەزای هەموو کوچەو کۆڵانەکانی شارەکەم بووم ، بەڵام نەمزانی بۆ لەو دەمە هەموو تولە ڕێگاو پێچ و پەنای کۆڵانەکانم لێ تێکەڵوپێکەڵ دەبێ ، هەر ئەوەشە وادەکا لەپڕ ئەو پیاوە وەك شاخێك لەبەر دەمم قیت بوەستێ و تا هێزی تیا دەبێ مستێك لە ناوەڕاستی سینگم دەدا ، وەك کەلەشێکی مردوو دەکەومە سەر زەوی ، هەموو دونیا لەبەر چاوم تاریك دەبێ ، تەنیا هەست بەوە دەکەم ، لە هەموو لایەکەوە پێلەقەم پێدەکەوێ ، خۆیشم نازانم هاوارو پاڕانەوەم دەگا بە گوێی کەس ؟ ئەوەندە ئاگام لەخۆم دەبێ ، هەست بەوە بکەم وەك میزراحم لێدێ و بە دەوری خۆمدا دەسووڕێمەوە ، وا دەزانم تەنیا یەکجار گوێم لە دەنگی کابرا دەبێ ، وەك شێت بەسەرمدا دەینەڕێنێ :

- ئەوە ئاخر جارتە رەیحانە دەبینی ، باشە ؟!

بەر لەوەی کابرا بڕوا پێلەقەیەکیدیکەشم لێدەدا ، ئیدی هیچ هەست و خوستێك لەو ناوەدا نەمینێ . کە چاو دەکەمەوە ، دوو مناڵ بەسەر سەرمەوە وەستاون ، یەکێکیان دەڵێ : هەستە ، هەستە زەلامەکە ڕۆیشت !ئەویدیکەیان بەترس و سەرسوڕمانەوە بە منداڵەکەی دیکەی دەڵێ :

-خۆ سەریشی شکاوە !

***

من تا پۆلی شەشی ئامادەییشم تەواو کرد ، چەند جارێك لەسەر رەیحانە هەڕەشەیان لێکردووم و چەند جارێکیش خراپ لێیان داوم ، لەهەموویان ناخۆشتر لێدانەکەی باوکم بوو ، کە ئەگەر دایکم و برا گەورەکەم رێیان لێنەگرتبا لەوانەبوو بیکوشتبام ، ئێستاش نازانم کێ نهێنی پەیوەندی من و رەیحانەی بە باوکم گوتبوو ، من هەندێك گومانم لە دایکم هەبوو ، چونکە تەنیا ئەو هەستی بە شتێك کردبوو ، ئەویش لەڕێگەی سڵاوناردنەکانی رەیحانەوە بوو ، زۆر زەحمەتیش بوو کەسێك لە دەرەوەی خێزانەکەمان ، ئەو کارە بکا، ئەوەش بە ئاشکرا لەقسەکەی باوکم دەرکەوت ، کاتێ پێمی وت :

- جارێکیکە بزانم قسەت لەگەڵ رەیحانە کردووە ، پارچە پارچەت دەکەم و لاشە تۆپیوەکەشت فڕێدەدەمە بەر دەمی سەگان !

من کوفرم کرد وەڵامی باوکمم دایەوە و وتم :

- بە خوا باوکە شتی وامنەکردووە ، بوختانیان پێکردووم !

هەر کە ئەو قسەیە لە دەمم دەرچوو ، باوکم وەك ئەوەی یەکێك بە ئانقەست تووڕەی کردبێ ، تا هێزی تیابوو سیدارەکەی سەری داگرت و فڕێی دایە حەوشەی ماڵ و پڕ بە دەم هاواری کرد :

- ئەوەی تۆی دیوە درۆ ناکا ، ئەوە تۆیت درۆ دەکەیت ، کوڕی سەگ !

ویستم بڵێم ( نا باوکە وانییە ) تا زللە گرتی لە بنا گوێمی دا ، بەوەش نەوەستا ، مەترەقێکی لەوێهەڵگرتەوەو بۆم هات ، من نەمزانی بۆچی تۆزقاڵێکیش لێیدوورنەکەوتمەوە ، وەك دار لە بەردەمیدا چەقیم ، وەك چۆن سەبۆی برادەرم بەر لەوەی مامۆستا سزاکەی جێبەجێ بکا هەردوو دەستی بۆ رادەگرت و بە مامۆستاکەی دەوت ( فەرموو ! ) منیش بێئەوەی دەمم بجوولێنمەوە ، یان لێیبپاڕێمەوە ، دەستم بۆی بەرزکردەوەو بە ئیشارەت تێمگەیاند ، کە لەپی دەستم بۆ لێدان ئامادەیە ، من لەو دەمە سەروسیمای باوکمم بە شێوەی جاران نەدەبینی ، هەر لەو مامۆستایانەی دەکرد ، کە بۆ سزادانی قوتابییان خۆیان ئامادە دەکرد ، تاکە

جیاوازیەك لە نێوان ئەوان و باوکم ، جلوبەرگ و ئەو دارەی دەستیان بوو ، باوکم لەو کاتانەش زیاتر لێیدەدام کە جلی پۆلیسی لەبەردادەبوو ، من لە نهێنی ئەو رەفتارە تێنەدەگەیشتم ، ئەو جارەش کە بە هۆی رەیحانەوە لێمی دا ، هەر ئەو جلانەی لەبەر دابوو ، ئەو کە مەترەقەکەی لێمبەرز کردەوە و منیش لەپی دەستم بۆی پانکردەوە ، وایهەستکرد گاڵتەی پێدەکەم ، هاوکات لەگەڵ وەشاندنی مەترەقەکە ، بە توڕەبوونێکی بێئەندازە و دەنگێکی نوساوەوە بە سەرمدا قیژاندی و وتی :

- خوێڕی من مامۆستا نیم ئاوا دەستت بۆم رادەگری !

بێننە بەر چاوتان ، جەستەی منێکی لەڕو لاواز چۆن بەرگەی ئەو هەموو زەبرە دەگرێ ، ئەگەر ئێوە ئەو دیمەنە ترسناکەتان بینیبایە چیتان دەگوت ؟ حەتمەن بە گومانەوە لە خۆتان دەپرسی تۆ بڵێی سەرمەد لە مرۆڤ بچێ ؟! منیش لەو باوەڕەدا بووم ، ئەگەر بەو لێدانە هیچم لێنەیێ ، ئەوە قەتاوقەت مەرگ بە چاوی خۆمەوە نابینم ، من لەوەدا حەپەسابووم کە زۆر بە حەماسەتەوە وەك ئەوەی بە تەورێك قەدی دارێك ببڕێ ، ئەو مەترەقەی بەرز دەکردەوەو زرمەی لێوە دەهێنام ، رەنگبێ لە زەینی خۆیدا ئەو لێدانەی بە بەشێك لە پەروەردەو ترساندن دانابێ ، بەڵام لە زەینی مندا شتێکیکە دەگوزەرا ، من وا دەهاتە بەر چاوم ، کە باوکم بڕیاری کوشتنی منی دابێ ، ئەگینا چۆن بە لەتبوونی مەترەقەکەش هەر وازی لێنەدەهێنام ؟ باوکم لەوەدا جورئەتێکی زۆری هەبوو کە توانی پێ لە جەرگی خۆی بنێ وئاوا بێڕەحمانە بکەوێتە سەرم ، وەك کوێرێ دەست و قاچی دەوەشاند ، دیاربوو بە لایەوە گرنگ نەبوو کوێی جەستەم هەلاهەلا دەبێ ، ئەو دەبوایە داوایەك بەجێبێنێ کە لە دەروونیدا ئەمری پێدەکرا ، دەبوایە ئەو رقە پەنگخواردووەی نێو هەناوی ، بەو شێوەیە دەربێنێ ، لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو ، ئەوەی باوکمی شێت و هەراسان کردبوو ئەو بێدەنگی و بەرگریەی من بوو لە ئاست ئەو هەموو لێدانە ، هەرکەس لەو دەمە باوکمی بەو دۆخە بدیبایە نەك هەر نەیدەتوانی پێشی لێبگرێ ، بەڵکو لەوە دەترسا زەبرێکیشی بەرکەوێ . ئەو کاتەی باوکم هیچی بۆ نەمایەوە هەموو ئەو توانایەی هەیبوو

سەرفیکرد ، لە داروەشاندن و جوێندان وەستا ، من ئەو کاتە لە سەر زەوی ڕاکشابووم ، دەتوت بۆ سەربڕین ئامادە کرابووم ، بە زەحمەت باوکمم دەبینی کە چۆن لە ماندیبوونیان بەلادا دەکەوت ، گوێم لە هەناسە بڕکێکانی دەبوو ، دەتوت کەسێك لەپی دەستی خستۆتە سەر دەمی و لە حالّی خنکان دایە ، یاوەك ئەوەی بە هەورازێکی سەختدا سەربکەوێ و چیدیکە توانای ڕێکردنی نەمابێ ، لە ناکاو ڕمبەیەکم گوێ لێبوو زانیم ئەوە جەستەی لە توانا خالّیبووی باوکم بوو کەوتە سەر پشت . دلّم بەوە خۆشبوو ، ئیدی لەکۆلّم بۆوە و ڕەنگبێ پاش کەمێکیکە پەشیمان بێتەوەو لەسەرم بگریێ ، کەچی وادەر نەچوو ، من هەر لە شوێن خۆمدا دەگەوزیم ، لەپڕ گوێم لە هاڕژنی باوکم بوو ، وەك ئەوەی کەسێك خۆی پێدا بدا و بییەوێ بیخنکێنێ ، کە سەیرم کرد بەخۆیی و پارچە دارەکەی دەستی ، بە سەر سەرمەوە وەستابوو ، لەو کاتەی دەیەویست بە مەترەقەکە تەپلّی سەرم بپێکێ ، گوێم لە قیژەو هاواری دایکم بوو ، لەولاوەش برا گەورەکەم خێرا خۆی گەیاندێ و بە هەردووکیان نەیانهێشت چیدیکە جەستەم بکەوێتە بەر زەبری مەترەقەکانی باوکم ، بە چاوی خۆم بینیم ، کە چۆن دایکم بە هەردوو دەستی هەولّیدەدا مەترەقەکە لە چنگ باوکم دەربهێنێ ، براکەشم خۆی کردبوە پەرژینێکی قاییم ، بۆ ڕێگرتن لە مەترەقەکانی باوکم ، هەستمدەکرد دایکم لە یەك وەختدا سێ شەڕی دەکرد ، بە دەستەکانی دارەکەی توند گرتبوو ، بە سیما دەگریاو پڕ بە دەمیش هاواری دەکرد :

- کوشتت هەی کافر ، بەس نییە ؟!

من بە گریانە پڕ لە پاڕانەوەکەی دایکم ، هێزێکم وەبەر هات ، دەتوت بە دە کەس هەلّیانساندمەوە ، هەستمکرد گەرووم پڕە لە قسە ، پڕە لە گریان و ڕق ، من و باوکم پێکەوە سەیری یەکترمان کرد ، نیگاکانمان تێکئالّان ، نە من هیچم پێوترا نە باوکم ، خۆزیا دیمەنی نێو چاوەکانی باوکمم نەبینیبایە ، ئەو هەموو فرمێسکە چی بوون لەو دەمە دادەڕژانە سەر ڕوومەتی ، ئەو دەنگە پڕ لە ئازارە چی بوو ، کە لە گەرووی دەردەچوو ؟ هاوارەکانی هەر لە هاواری ئەو مانگایەی دەکرد ، کە لە کاتی

سەربڕینیدا لە قورقوڕاگە بڕاوەکەی دەردەچوو ، من وا هاتە بەر چاوم کە ئەو هاوارو گریانە نیشانەی شێتبوونی باوکمە ، لەپڕ تۆپەڵە گریانێکی خنکاو لە دەمم دەرپەڕی ، ویستم ئەویٚ جێبهێڵم ، کەچی باوکم دارە شکاوەکەی دەستی فڕێداو بە چاوی پڕ لە فرمێسك و پاڕانەوە لێمنزیك کەوتەوە ، بەسۆزەوە هەر دوو دەستی بۆم درێژ کرد ، گریانی دایکم قوولٚترو خەستتربۆوە ، ئاگام لێبوو براگەورەکەشم بە نهێنی فرمێسکەکانی دەسڕینەوە ، من خۆیشم نەمزانی چ هێزێك وایلێکردم بە ئاراستەی باوکم هەنگاو هەلٚێنم ؟ وەختێك خۆم لەنێو باوەشی ئەودا بینییەوە ، فرمێسکی هەردووکمان تێکەلٚ بە یەکتر بوون ، باوکم وەك ئەوەی من لەسەفەرێکی دوور هاتبێتمەوە ، تێرو پڕ ماچی کردم و چەند جارێکیش داوای لێبووردنی لێکردم ، لە ناکاو هەستم کرد هەموو گیانی شلوخاو بۆوە و لە نێو دەستمدا خزی و کەوتە سەر زەوی .

***

من نازانم بۆچی مالٚمان لە گەڕەکی سەرەوە گواسترابۆوە خواریٚ ، لەبیرمە جۆرێك لە بێزاری و ناڕەحەتیم پێوە دیاربوو ، بەبەردەمی چایەخانەی مام سەعید چایچی دا سەر دەکەوتم ، کات لە ئێوارە نزیك دەبۆوە ، من خۆم گوێم لە هەراو هوریای تێکەلٚوپێکەلٚی چەند کەسانێك بوو ، بەلاٚم نەمدەزانی چی دەلٚێن ، لە ساتە وەختێکی زۆر کەمدا ئەوەی لەنێو چایخانەکەدا بوون دەرپەڕینە دەریٚ ، سەرەتا هیچیەکم لەوانە نەدەناسی ، وەك ئەوەی لەژیانمدا نەمبینیبن ، هەموویان بە ئاراستەی شوێنی دەنگەکان هەنگاویان هەلٚدەهێنا ، دەتوت رێککەوتوون بۆ ئەنجامدانی کارێکی هاوبەش ، ئەوەی بۆ من جێگەی سەرنج بوو ، لە ساتێکی زۆر کەمدا خەلٚکێکی زۆر لە کوچەو کۆلاٚنەکان دەردەچوون و بەرەو لای مزگەوتی سەرەوەی چایخانەکە دەڕۆیشتن ، منیش بێئەوەی بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە ، بە دوایاندا رامکرد ، کە گەیشتینە سەرەوە چ حەشاماتێکم بینی ! لە پێشەوەی هەموویاندا شێتەکانی شار لەیەك ریزدا

وەستابوون ، (سەبۆ) چووبوە سەر شانی (خەلیفە حوسێن)و هوتافی لێدەداو هاواری دەکرد :

- چیتان دەوێ شێتەکان ؟

ئەوانیدیکەش لێکڕا دەیانگوت :

- زیندانی بۆ عاقلەکان !

هەرکە سەبۆ لەنێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا منی بینی ، هێندە نەما لە سەر شانی خەلیفە حوسێن بکەوێتە خوارەوە ، لە خۆشیان هاواری کرد :

- سەرمەد کوڕی هەژارە .

هەرخۆیشی وەڵامی خۆی دەدایەوەو دەیوت:

- بمرن ئاغای ئەم شارە !

من خۆیشم نەمزانی چۆن لەتەك سەبۆ ، لەسەر شانی فەقێ شێت وەستابووم ، لەگەڵ ئەواندا هوتافەکانەم دەگوتنەوە ، سەبۆ توند دەستمی رادەگوشی و پڕ بە گەرووشی هاواری دەکرد :

- سەرمەد باوکی پۆلیسە...بۆیە داییم موفلیسە !

من بێئەوەی بزانم ئەو هەرایە بۆ چ مەبەستێك دەکرێ ، ببوومە کەسێکی گرنگی نێو خۆپیشاندەرەکان، لەبەر حەماسەت و هەڵچوونی لە رادەبەدەری خەڵکەکە خۆم ونکردبوو، دواجار (عەبدوڵڵا شێت)م بینی کە چۆن لە نێو خەڵکەکە وەك گەردەلوول بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوەو جەمەدانییەکەی دەستی رادەوەشاندو هاواری دەکرد:

- هۆو خەڵکینە گوێبگرن ... وەك دەزانن رەنگە نەشزانن ! من تاقە شێتی ئەم شارە بووم ، ئەو کاتەی ئێوەی بەڕێز هاتنە ئێرە ، کەس لێرە پاشایەتی نەدەکرد ، ئەوە من بووم یەکێکم لەولا هێناو یەکێکیش لەولا ، ئێستا منتان دیوەو خۆشتان دەبینن ؟ هیچ کەسێکتان هەیە وەك من پاسەوانی لەم شارە بکا ؟ کوا پێمبڵێن ئەوە کامەتانن جورئەتی ئەوە دەکەن هەموو شەوێك پاسەوانی لەم شارە بکەن ؟ منم تەنیا

خۆم بەرگەی سەرمای زستان و گەرمای هاوین و شەڕە بێمـەعناکانی ئێـوە دەگـرم ، ئێوە هەمووتان لە پرخەی خەودان ، کەچی منی بـێ مـاڵ و حـاڵ ، منـی بـێ ژن و منداڵ ، لەو سەری شارەوە دەچمەوە ئەو سەری شار ، رێ لە دزو جـەردەو پیـاوکوژو شەولەبانو جنۆکەکان دەگرم ، ئەوە منم ناهێڵم تـوخنی ماڵـەکانتان بکـەون ، ئێـوە رۆژێ لە رۆژان رەحمێکتان بەمن کردووە ؟ نـەخێر ئەگـەر وابڵـێن درۆ دەکـەن، ئێـوە هەموو بەیانییەك منداڵەکانتان دەنێرنە سەر سەرم ، تەنیا بۆ ئەوەی ئەشکەنجەم بدەن ، ئەویش دەزانن بەچی ؟ ئێوە شەرم لە خۆتان بکەن ، ئاخر مـن چـیمکردووە بـەردە باران بکرێم ؟ ئێوە چ لەزەتێك لەو خوێنە دەبینن، کە بە جەستەی مندا دێتە خوارێ ؟ ئەگەر ئێوە( زولەیخا)تان پێبدابام ، لە بەر چاوی مندا بەزۆر بەشووتان نەدابوایـە ، ئەگەر هەڕەشەتان لێنەکردبام کە دەست لەو کچە هەڵگرم ، قەت واملێدەهات ؟ مـن کەسێکی بەدبەختی ئەم شارە بووم ، رۆژ تا ئێوارە لەسەر پـێ بـووم و نەدەوەسـتام ، بەبێ دەنگی کارەکانی خۆم دەکردن و ئێوارەش ئەوەی لە گیرفانمدا بوو ، دەناو دەستی دایکمم دەکرد ، دایکە کلۆڵ و بێکەسەکەشم مەسروفاتی رۆژانەمانی لێـدەردەهێناو ئەوەیدیکەشی لە کونە دیوارێکی ماڵەکەمان دەئاخنی و بـە قسـەی خـۆی بـۆ رۆژی رەش خڕی دەکردەوە ، تا زولەیخا بکا بە بووکی خۆی ، کەچی نەئەو زولەیخای بینی و نە منیش ، ئاخرەکەش بینیتان ، بە چاوی پڕ شەرمەزاری خۆتان بینیتان ، کـە چـۆن زولەیخا بەبەر چاوی هەمووتانەوە ئاگری لەخۆ بەرداو بەر لەوەی بمرێ بۆ دواجار ناوی منی هێنا ، لە بیرتانە من هەرچەند پێتانم دەگوت زولەیخا گوناحە بەزۆر مەیدەن بەو کابرایە ، کەچی ئێوە نەگوێتان بەمن داو نە بە زولەیخا ، ئاخر من چ عەیبێکم هەبوو ، چ گوناحێکم کردبوو ؟ بۆ ئەو تاوانە گەورەتان کرد ؟ ئـەها دەمبیـنن چـیم بەسـەر هاتووە ، شێتێکی رووت و رەجاڵ ، کەس باوەڕ ناکا من مەلیکی ئـەم شـارەم ! مـن ئێستا دەتوانم تۆڵە لە هەموو ئەو کەسانە بکەمەوە ، کە ئێمـەیان بـەو دەردە بـرد ، بەڵام هێشتا ئێمە لەئێوە بە ویژدانترین ، ئێمە ئێستا دەسەڵاتی تەواومان بەسەر ئـەم شارەدا هەیە ، کەچی خۆتـان دەبیـنن وەکـو ئێـوە ناکـەین ، ئێمـە لـەمڕۆ بـەدواوە

بڕیارمان دا سزای ئەو تاوانەی بەرامبەر ئێمە کردووتانە هەڵگرین ، پێکەوە ئاشت بینەوە ، بەڵام بە یەك مەرج ئەویش جێگۆڕینەوەی هەردوولامانە ، ئەوجارەیان ئێمە عاقڵ دەبین و ئێوەش شێت ! رازین ، یان نا ؟

هەموویان پێکەوە وەك ئەوەی لە مێژ بێ چاوەڕێی ئەو قسەیە بکەن ، هاواریان کرد :

- رازین ، ئێوە عاقڵ و ئێمە شێت !

لەنێو خەڵکەکەدا کەسێکی کورتە باڵا بەرز کرایەوەو بە چەپڵە رێزان لە من و سەبۆ نزیککرایەوە ، کورتە باڵاکە نیو شووتی و نیو گندۆرەی بە دەستەوە بوو ، خۆپیشاندەرەکان دەستیان کرد بە فیکە کێشان و هوتاف لێدان ، من سەرم لەم دیمەنانە سورمابوو ، نەمدەزانی ئەو شتە پێچەوانانە چین لەو دەمە روودەدەن ، من بۆچی تێکەڵ بە ئەوان بووم ، ئەو شێتانە دەیانەوێ چی بکەن ؟ بۆچی (عەلیە جرِ)ی کورتە باڵا نیو شووتییەکەی خستە بان سەری سەبۆ ، نیوگوندۆرەکەشی خستە سەر سەری من ؟ هێندەی نەبرد لە نێوەراستی گۆڕەپانەکە (قاسمە قول) یەك یەك جلەکانی خۆی دادەکەندو بێئەوەی هیچ شەرمێك بکا ، لەگەڵ ئیقاعی دەف لێدانێکی نەرم دەکەوتە سەما ، (فەقێ شێت) یش بە دەوریدا دەخولایەوە ، من و سەبۆ ناوە ناوە لەیەکتر رادەماین ، سەبۆ بە دیتنی من لە تەنیشت خۆی زۆر دڵخۆشبوو ، من سەر بە گندۆرەو ئەویش سەر بە شووتی ، لە پڕ کەسێك لەنێو حەشاماتەکە دەستی بەرز کردەوە ، ئەویشیان بڵند کردو خستیانە سەر شانی خۆیان ، کەسەکە بە هوتاف لێدانەوە لێمان نزیك بۆوە ، داوای لە خەڵکەکەش کرد ، بێدەنگ بن ، دواتر سەیرێکی ئێمەی کردو هاواری کرد :

- بژی شفتی و گوندۆرە .. پاشاکەمان سەر مۆرە !!

هەموو ئەوانەی لەوێ وەستابوون ، پێکەوە هوتافەکەیان دووبارە کردەوە . ئەو شارە یەکپارچە بۆ ئاهەنگی دیاریکردن و تاج لەسەرنانی پاشایەك خرۆشابوو ، هەموومان لە چاوەڕێی ئەوەدا بووین گوێ لە وتاری سەبۆ بگرین ، کە لەوێدا بە

پاشای شێتەکانی شار هەڵبژێردرا ..
سەبۆ شێت بەر لەوەی دەست بە  قسەکانی بکا، چاوێکی لە مـن نوقانـدو بزەیـەکی دڵسۆزانەشی بۆ کردم، وەك سەرکردەی هەڵبژێرداروی کۆمەڵە کەسێك بێ، سەرەتا لە یەك بەیەکی خۆپیشاندەرەکان راما، پاشان ئەمری کرد کـە (قاسمـە قـول) جلـەکانی بکاتەوە بەر، دواتر لەسەرخۆ وتی:

- ئێوە هەمووتان ئاگادارن کە بۆچی بڕیارمان دا ئەو کۆبوونەوە فراوانە بکـەین؟ وەك دەزانن ئێمە لە چاو ئەو کەسانەی بە خۆیان دەڵێن عاقـل، کەسـێکی بـەڕەڵڵای سەر جادەو بن دیوارو کۆڵانەکانی ئەم شارەین، کە لەڕاستیدا کـەسمان وانـەبووین، بـا نموونەی خۆم بێنمەوە، من دەزانم کە ئێوە هەمووتان دەمناسن، هەندێکیش لـە ئێـوە دەزانن کەی لە دایك بووم و چۆنیش بەسەر پـێ کـەوتووم، بـا زۆر دوور نـەڕۆم، ئـەو برادەرەی کە لە تەنیشتمەوە لەسەر پشتی (فەقێ شێت) دانیشتووە، سەرمەدی کوڕی ئەحمەد پۆلیسە، ئەمە چاك دەزانێ کە من لە قوتابخانە چۆن قوتابییەك بـووم، تاکـە عەیبی من ئـەوە بـوو، کـە رۆژانـە نەمـدەتوانی وەك ئـەوەی مامۆسـتا دەیویسـت دەرسەکانم بخوێنم، بەڵام لە هیچ تاقیکردنەوەیەکی مانگانە نەدەکەوتم، بە پێچەوانەوە نمرەیەکی زۆریشم دەهێنا، کەچی هیچییەك لە مامۆسـتاکان باوەڕیـان پێمنـەدەکرد، تاکە کەسانێك کە گوێیان بەو قسانە نەدەدا، سەرمەد و رەیحانە خان بوون ، سەبۆ کە ناوی رەیحانەی هێنا لە پڕمەی گریانی داو داوای لە (خەلیفە حوسێن) کرد کە لەسـەر شانی بیهێنێتە خوارەوە، کەچی خەلیفە وەك ئەوەی لە دونیـای خۆیـدا بێـت لـە پـڕ دەنگی خۆی هەڵبڕی و هاواری کرد :

- دەی ، گوێ مەدەرێ ، هەڵپەڕە دەی ، هەلە کسـێ ، هەلـە کسـێ ، ئـەمن و ئایش ، دەرپێ قایش !

رەنگبێ من لە نێـو خەڵکەکـە تاکـە کـەس بـووبێتم زانیبـێم بۆچـی سـەبۆ بـە ناوهێنانی رەیحانە چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك و گریا، من لەو بـاوەڕەدا بـووم کـە چیتر نەتوانێ بۆ خەڵکەکە قسە بکا، کەچی وەك شێرێك کـە لـە هەناویـدا برینێکـی

کوشندەش ئازاری بدا، سەری پڕ هەیبەت و پیاوانەی بەرز کردەوە، جارێکیکە لە هەموویان راماو دەستی بۆیان بەرز کردەوەو وتی:

- ئەم قوتابخانەی پشتمان دەبینن، ئەمە وەستا عەزیزی باوکم دروستی کرد، بۆ ئەوە نەبوو منی تێدا فەللاقە بکرێ، بۆ ئەوە نەبوو من لەنێویدا زیندانی بکرێم، من زۆرجار هاتۆتە سەرم ئەوەی باوکم دروستی کردبوو، بیڕوخێنم، ئێستاش کە من بە بڕیاری ئێوە بوومەتە گەورە دەسەڵاتداری ئەم شارە، ئەگەر رازی بن تاروماری دەکەین، ئێمە لە دەسەڵاتمان دایە هەموو ئەو مامۆستایانەش دادگایی بکەین، کە چارەنووسی هەموومانیان بەم دەردە برد، ئەوانە بوونە باعیسی ئەوەش دایك و باوکم لە تاوی من هەردووکیان لە یەك رۆژدا بمرن، ئایا ئەوان لەوە تێدەگەن کە دەرهەق بەمن دووجار تاوانبارن؟ ئێوە کە منتان بە گەورەی خۆتان هەڵبژاردووە، لەبەرامبەردا داوای چیم لێدەکەن کە بۆتانی جێبەجێ بکەم، دەزانم ئێوەش هەر وەکو منن، زۆر گرفتی شاراوەتان هەیە و جورئەت ناکەن وەکو من بیاندرکێنن، ئێوە لەچی دەترسن؟ کوا لەم شارە کەسێ ماوە بەردەبارانمان بکا؟! کەسێ ماوە خۆی پێ لەمن عاقڵتر بێ؟ ئێستا دوای ئەوەی لەسەر پشتی کورسییەکەی خەلیفە حوسێن پاڵم داوەتەوە، هەموو عاقڵەکان جێگۆڕکێمان لەگەڵدا دەکەن، ئەوان شێت و ئێمەش عاقڵ ، منیش کە سەرداری ئێوەم کەواتە لە هەمووتان عاقڵترم! ئێستا نۆرەی ئەوە هاتووە پڕ بە دڵمان پێبکەنین و هاوار بکەین، بژی ئەحمەد پۆلیس و وەستا عەزیزی باوکم! بژی خەلیفە حوسێن و عەبدوڵلا شێت و عەلیە جرو فەقێ شێت و قاسمە قول و سەرمەدی هاوڕێم .....!

ئەو کاتەی سەبۆ ناوی منی لەگەڵ شێتەکان ریز کرد، دڵم زۆر پەست بوو، ئاوڕێکم لێدایەوە، لەبیرم نایێ چیم پێوت، بەڵام قسەکەی ئەوم لە یادە کاتێك بە بزەیەکەوە وەڵامی دامەوەو وتی:

- ببووورە تۆش ئێستا لە ریزی عاقڵەکانی، ئەی نابینی تۆش وەکو ئێمە نوشتەکانت فڕێداوەو بوویتە جێگری من! تۆ گندۆرەت بەسەرەوەیەو منیش شفتی،

ئەوانەی لێرەش کۆبوونەتەوە هەموویان وەکو من و تۆن، کوا یەکێکم بۆ ببینەوە لە من و تۆ نەکا .. ئەی هاوولاتیانی شارە شیرین و شێتەکان، شەرمە بۆ هەموومان لێبگەڕێین چەند کەسانێك هەبن شەوە ئارامەکانمان لێتێکبدەن، ئێمە شانازی بە خۆمانەوە دەکەین، کە ئەو کاتانەی تووڕەش دەبین، ئەوە شیرینییە بە ئێوەی ئازیزانی دەدەین، لێمان تووڕە مەبن کە ئێستا لە جیاتی ئەوەی تاجی شاهان بخەینە سەرمان، دوو نیوە شفتی و گندۆرەمان داناوە، هەمووتان بەچاوی خۆتانەوە دەبینن کە ئێمە چەند عاقڵین، چەندە گوناح و بەدبەختیشین، ئێمە دەمانویست وەك ئەوانیدیکە بە ئارەزووی خۆمان بە نێو شەقامەکانی شار بێین و بچین، کەسێك هەڕەشەمان لێنەکا، کەسێك گاڵتەمان پێنەکاو بەردە بارانمان نەکا، حەزمان دەکرد وەك خەڵکی ئاسایی کە لە ماڵەکانمان دێینە دەرەوە، خەڵکی وەك دۆست و خزم و دراوسێی خۆیان تێمان بڕوانن. بە داخەوە هەر ئەوان وایان لێکردین یان ئەوەتا لە کونجی ژوورێکی ماڵەکانمان هەڵتروشکێین، یان لە بن دیوارەکانی مزگەوت و بەر دەرکی دوکانو کۆڵانە تاریکەکان خۆمان بشارینەوە، لەسەر ئەو حاڵەش نەوێراوین قسەیەکی ناشیرن بە هیچ کەس بڵێین، ئەگەر هەندێ جاریش تووڕە دەبووین، ئەوە خەتا لەئێمە نەبووە، ئەوان لە شەڕفرۆشتن دەست پێشخەر بوونە، وەك ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵ بکەن ئاوا دەکەوتنە گیانمان و بە دار نەقیزەیان لێئەداین و منداڵ وکوڕە هەراشەکانیان بە سەرو گێلاکی ئێمە وەردەکرد، ئەرێ پێمناڵێن ئەوانە چ مەخلوقێك بوون؟ بۆ وایان لە ئێمە دەکرد؟ ئێوە ئێستا چاوتان لە جاران تیژترو دووربینترە، سەیری دەست و پەنجەکانم بکەن، یەك پەنجەی ساغی پێوە نەماوە، سەیری نێوچاوانم بکەن، دەڵێی مرۆڤێکی هەشتا ساڵەم، ئایا من و سەرمەد لەو تەمەنەداین ئاوا بە زوویی سەرو ریشمان سپی ببێ؟ سەرمەد هی ئەوەیە هەموو عومری گندۆرەی نەخواردبێ؟ ئەوە یەکەمین جاریشە گندۆرە ئەوەندە لە لووتیەوە نزیکە، ئێستا بە ناوی هەمووتانەوە بڕیار دەدەم ئەم شفتی و گندۆرەیە بخۆین، کە لە راستیشدا ئەوە لە سای سەری ئێوەیە چاومان

پێیان کەوتووە، بەڵام بەر لەوەی دەست بە خواردنیان بکەین، تکام وایە هەمووتان بڵێین:

- شفتی و گندۆرە خۆشە .. چونکە گیرفانمان بۆشە!

من لەنێو ئەو حەشاماتەدا حەیران و سەرگەردان مابوومەوە، تەنیا گوێم لە قسەکان دەبوو نەمدەزانی بۆچی زمانم لە گۆ کەوتووە، ئەوەی زیاتریش هەراسانی کردبووم، ئەو نیو گندۆرە بوو کە تا دەهات قورسایییەکەی زیاترو زیاتر دەبوو، لەوەش ناخۆشتر نەمدەتوانی لە پشت ملی فەقێ شێت خۆم فڕێدەمە خوارەوەو، لە دەستیان رزگارم بێ. من ئەو دیمەنەم وا دەهاتە بەرچاو وەك ئەوەی بۆ ئازاردانی من رێکخرابێ، تەنیا ئەوەندەم لە دەست دەهات، بە چاو بێزاری خۆم بۆ سەبۆ دەربڕم، کەچی ئەو وەك ئەوەی هێشتا قسە راستەقینەکانی خۆی نەکردبێ، بزەیەکی دڵسۆزانەی بۆم دەکردو دەستی دڵنیایی لە پشتم دەدا، من بە جوانی لە ئاماژەو مەبەستەکانی دەگەیشتم، چەند جارێکیش خۆم راپسکاند، کەچی فەقێ شێت توندتر قاچەکانمی رادەگوشی و نەیدەهێشت بەملا، یان بەولادا خوارببمەوە، هەوڵم دا گندۆرەکەی بان سەرم فڕێبدەم، کەچی سەبۆ دەستێکی خستە سەر شانم و بەچاوە پڕ لە سیحرو جادووەکانی، هەردوو دەستمی لە جوڵە خست ، ئەو دەیزانی گەرەکمە لێیان دوور بکەومەوە ، بە چاو لە فەقێ شێتی گەیاند کە توندتر بمگرێ و رێگەم پێنەدا بڕۆم ، چەند جارێك هەوڵمدا خۆم لە دەست فەقێ رزگار بکەم ، کەچی تا دەهات هەستم دەکرد قاچەکانم لە شوێنێکی عاسێدا گیردەبن و جەستەشم وەك ئەوەی بتوێتەوە، تێکەڵ بە جەستەی فەقێ شێت دەبوو ، هەموو ئەوانەش کەلەوێ وەستابوون ، لەخۆڕا بچووك و بچووکتر دەبوونەوە، سەبۆش حیت حیت پێدەکەنی و ناوە ناوەش دەوەستاو لە پڕمەی گریانی دەدا ، من هەر ئەوەندەم بۆ مابۆوە پڕ بە دەمم لە هاواردەم و بەسەر فەقێدا بقیژێنم ، فەقێ هیچی بۆ نەمایەوە ، تا هێزی تیابوو منی بەرز کردەوەو چەند شەقاوێك تورِی دامە ئەو بەر، گوێم لە قرچە قرچی شکانی ئێسکەکانی قاچ و ملم بوو ، کە سەرم هەڵبڕی ، هەموو ئەوانەی لەوێ بوون

لەبەر چاوم بوونە مرۆڤی کورتە باڵا ، هیچکەس لەویدیکە درێــژترو پــانترو گــەورەتر نەبوو ، سەیر ئەوە بوو منیش لەوان دەچووم ، کە خۆم و ئەوانم بەو شــێوەیە بینــی ، خێرا هەڵسامەوە و تێمتەقاند ، هەموو ئەو ئازارەی هەمبوو ، لە چرکەیەکدا ئەسەری نەما ، من غارم دەداو ئەوانیش راویان دەنام ، من نەمدەزانی بۆ کوێ هەڵدێم ، لەوە دڵنییابووم ئەگەر دەستی موعجیزەیەك پێمڕانەگا ، دوای ساتێکیکە شێتەکانی شــار دەمگرن ، ئەو کات، یان ئەوەتا بە توندی دەستم لێدەوەشێنن ، یان لەتوپەتم دەکەن ، سەرم بەرز کردەوەو هاوارم بۆ خوا برد ، لە پڕ هەردوو قاچــم لــە زەویەکــە بوونــەوەو رووەو ئاسمان هەڵفڕیم ، هێندە بەرز ببوومەوە هەموو ئەوانەی لە خوارەوە بە دوامــدا رایان دەکرد ، وەکو مێرووله دەهاتنە بەر چاو ، من خۆمم پێ سەیر بــوو ، دەفــڕیم و باڵندەش نەبووم ،بۆ هەر کوێش ویستبام ، دەمتوانی بە ئاسانی بادەمەوەو بۆی بچم . سەفەرێکی ئاسمانی پڕ سەرەڕۆییم دەکرد ، حەزم لە هەر کوێی ئەم زەمینە بوایە ، لە ناکاو خۆم لەوێدا دەبینیەوە ، چەند جار بەنێو دۆڵ و پەناوپێچە عاســێکانی خەرەنــدا تێدەپەڕیم ، شاخەکانی دەوروبەری شارەکەمانم دەپشکنی ، لەو فڕینەدا حەزمــدەکرد لە تەلیسم و نهێنییەکانی نێو ئەشکەوتی جنۆکان تێبگەم ، ئەو ئەشکەوتەی ســەدان ساڵە خەڵکی ناوچەکەمان ناوێرن توخنی کەون ، وەك دەڵێن ئەو ئەشــکەوتە شــارێکە بۆخۆی ، هەر کەس بەوێدا تێبپەڕێ گوێی لە هەراو هوریای منداڵ و قیژەی ئافرەت و کۆخەو ناڵەناڵی نەخۆش و هانکە هانکی پیرەمێردان دەبێ ، پێتان ســەیر نــەبێ لــەو دواییەش دەیانگوت ئەگەر دیققەت بدەیتە دەنگەکان گوێت لە هاژەی ئــاوی رووبــارو هۆڕنەی ئۆتۆمبیل وتەقو تۆقی ئــەنواعی تفــەنگیش دەبــێ . بۆیــە بڕیــارم دا رووەو ئەشەوتی جنۆکان بفڕم ، من هەربە ئاسمانەوە بووم حەشاماتێکی زۆرم بینی بەرەو من دەهاتن ، لە دوورەوە هەر لە هەڵمەتی کۆمەڵە باڵندەیەکی زۆر دەچــوون لــە شــێوەی فڕینەکەیان هەستم بە رق و تۆڵەیەکی زۆر دەکرد ، خێــرا دابەزیمــە خــوارێ و لەبــەر دەرکی ئەشکەوتەکە هەڵنیشم ، کە لێم نزیکبوونەوە سەرو سیمای زۆربەیانم ناســیەوە ، ویســتم لــەوێ دوورکەومــەوە ، تــەکانێکم دایــە خــۆم و زۆرم هەوڵــدا جارێکیکــە

هەڵفڕمەوە ، کەچی هەردوو قاچم لە زەویەکە گیر بوون و نەمتوانی لە شوێن خۆم بجولێمەوە ، هەموو ئەوانەی بەر لە ئێستا لە خۆپیشاندانەکەدا بوون لە ساتە وەختێکی کەمدا لە دەورووبەرم هەڵنیشتن ، سەبۆ لە پێش هەموویانەوە بۆم هات و داوای لێکردم بچمەوە نێو کۆڕی ئەوان و لێیان جیانەبمەوە ، من ئەو کاتە لەسەر رۆخی خەرەندەکە نزیك ببوومەوە ، سەبۆ زۆر بە ئاگاییەوە لێم دەهاتە پێش منیش زۆر بە ئەسپایی دەچوومە دواوە ، لە پڕ ئەو لە سەر چۆکان دانیشت ، لە پڕمەی گریانی دا و لێم پاڕایەوە :

- بۆ خاتری رەیحانە بگەڕێوە ، تۆ لە ئێمەی ، ئەوەتا رەیحانەشمان لەگەڵە ! نایبینی ؟!

هەر کە رەیحانەم بینی هەردوو قاچم لە زەوی بوونەوەو جارێکیکە هەڵفڕیم ، وەك ئەو باڵندانەی لەبەر هەر هۆییێکەوە بێت لە ناکاو دەوەستن ، منیش دروست بە سەر سەری رەیحانەوە وەستام ، ویستم لە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکە دەریبێنم ، کەچی لە یەك ساتدا لە هەموو لایەکەوە تیرباران کرام ، لەو دەمە قەناعەتێکم لا دروست بوو ، کە ئەوەی ئێستا روودەدا خەونێکی ناخۆشەو بەس ، خۆم بە خۆم گوت (هەڵسە ، بە ئاگاوەرەوە ، خۆت لەو خەونە قورتارکە ) لەخەونەکەمدا پاش ئەوەی ئەو هەموو تیرەم پێکەوت ، هەوڵمدا نەکەومە نێو خەرەندەکە ، لەگەڵ ئەو قیژەیەی لە دەمم دەرچوو ، هەستمکرد بە ئاگا هاتوومەتەوەو لەنێو باوەشی کەسێك دام و روومەت و نێوچاوانم دەسڕێتەوە ، کە چاوم هەڵێنا دوو چاوی پڕ لە فرمێسکی دایکمم بینی و پێمی وت :

- بیسمیللا ، بیسمیللا کوڕە شیرینەکەم ، ئەوە چی بوو ؟ خەونت دەبینی ؟

زۆر جار لەخۆم پرسیوە ( تۆ بڵێی کەسانی وەك من هەبن،خەونی ئاوا سەیرو ترسناك ببینن ؟) ئاخر خۆپیشاندانی شێتەکانی شار یانی چی ؟ ئەوان چ پەیوەندییەکیان بەمنەوە هەیە ؟ بۆ شفتی و گندۆرە بە تاجکران؟ فڕین و ئەشکەوتی جنۆکان بۆچی ؟ هەر ئەو شەوە هەموو شتێکم بۆ دایکم گێڕایەوە . بەیانی زوو

هێشتا تیشکی خۆر بە پەنجەرەی ماڵەکەمان نەکەوتبوو ، دایکم بە خشکەیی بێئەوەی هیچیەکمان هەستمان پێکردبێ ،خۆی دەگەیێنێتە لای مەلا ئەحمەد و خەونەکەمی بۆ دەگێڕێتەوە ، مەلاش وەك ئەوەی گوێی لە هیچ نەبووبێ و ئەو جۆرە خەونانەی بەلاوە گرنگ نەبن ، لە سەرخۆ دەڵێ :

-- دایکی سەرمەد ، ئینشاڵلا هیچ نابێ ، ئەو خەونانە شتی هەللەق و مەللەقن ، نەسەریان دیارە نەبن ، بەس دەبێ ئەوەش بڵێم ، کوڕەکەتان مشەووەشە !

"مشەووەشە !" چ وشەیەکی قێزەوەن بوو ، رۆژێ سەدجار لە دەمی دایکمەوە دەردەچوو ، وای لێهاتبوو لە ماڵەوە پێیاندەگوتم سەرمەد مشەووەش ! هەر بەراستیش لەو شەوەی ئەو خەونەم بینیبوو ، گۆڕانێك بە سەر ژیانمدا هاتبوو ، هەر لەخۆمەوە زیاترو زیاتر لە شێتەکانی شار نزیك دەبوومەوە ، هەندێ جاریش وەختی زۆرترم لەگەڵ دەبردنە سەر ، هەر کاتێکیش سەبۆم بدیبایە ، بە سەعات لەلای دەمامەوە ، هەموو جارێکیش لە دڵەوە حەزی دەکرد باسی رەیحانەی بۆ بکەم ، سەیر ئەوەبوو کە ناوی رەیحانەی دەهێنا ، شەرم تەواوی روخساری دادەگرت ، من لەمێژ بوو گەیشتبوومە ئەو قەناعەتە کە سەبۆ رەیحانەی خۆشدەویست ، رەیحانەش هەستی بەوە کردبوو ،بەتایبەتیش ئەو کاتانەی کە لە بەرامبەر زەبری داروەشاندنی مامۆستاکان ئازایەتی و غیرەتی زۆری نیشاندەدا ، ئەمەش هەمووی  بۆ ئەوە بوو کە جێسەرنجی کچەکە بێ و ببێتە مایەی رەزامەندی رەیحانە ، راستییەکەش ئەوەبوو کە رەیحانە قەت رقی لێنەدەبۆوە ، هەر جارێکیش سەبۆ شەڕی لەگەڵم بکردایە ، رەیحانە پێکی دەهێنایەنەوە . سەبۆ لەو جۆرە شێتانە نەبوو شتی لەبیر بچێتەوە ، زۆر بەخێرایی ناوی یەکە یەکەی مامۆستاو بەڕێوەبەرو فەڕاش و نزیکەی هەموو قوتابیانی پۆلەکەشی دەهێناو ناوە ناوەش چاوی پڕ دەبوو لە فرمێسك ، کە بەجێشم دەهێشت ، زۆر بە غەریبی ئاوڕی لێمدەدایەوەو بۆدواجار دەیوت :

- ئاگات لە رەیحانە بێت !

***

ڕەیحانە !! لە کوێیت ، خەریکە لە حەژمەتی نەهاتنی تۆوە، دڵم دەوەستێ، ئاخر دەزانی هاتنی تۆ دەرمانی چ ئازارێکە بۆ من؟ ڕەیحانە من چیتر ناتوانم لەم تاریکی شەوەدا چاوەڕوان بم، من لە دواکەوتنی تۆ دەترسم، خەریکە لە نێو تاریکیدا دەتوێمەوە، کەی دێیت ڕەیحانە؟ ئەی خودایە ئەگەر تاریکی شەو نەبوایە چۆن دەمتوانی دەستم بە دەستی ڕەیحانە بکەوێ، چۆن لە نێو باوەشی خۆمدا دەمدیتەوە؟ تۆبڵێی لەو ساتانەدا کەسێکی نزیکی ڕەیحانە بمانبینێ نەمانکوژێ؟ دەی چی دەبێ با ببێ، گرنگ ئەوەیە ئەمشەو ڕەیحانە دەبینم، ڕاستە لە تاریکیدا بەر پێی خۆمان نابینین، بەڵام بە هەموو گیانمان هەست بە یەکتری دەکەین، ئێمە لە مانگە شەودا، قەت نەدەوێراین یەکتر ببینین، لە شەوانی تاریکیشدا تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت لە ئامێزی یەکتر دەماینەوە، ئەگەر ئەو ترسە نەبوایە، قەت یەکترمان جێنەدەهێشت، بەڵام ئەمشەو جیا لە شەوانی پێشوو، بڕیارمان داوە، زۆرتر بمێنینەوە، چونکە ناچارم بەر لەوەی چەند ڕۆژێکی سەفەر بکەم و شارەکەمان جێبهێڵم، بەڵێنی لەگەڵ نوێ بکەمەوەو، زۆر شتیدیکەشی بۆ باسبکەم، دەزانم ئەم کارەم پڕە لە سەرەڕۆیی، پڕە لە مەترسی، کێ دەڵێ ئەو چەند دەقەیەی کە لەگەڵ ڕەیحانە دەمێنمەوە، کارەساتێ بۆ خۆم و ئەو ناخولقێنم؟ کێ دەڵێ ئەمە ئاخرین ژوان و ئاخرین باوەش و کۆتایی ژیان نییە؟ تۆ بۆ نایێیت ڕەیحانە؟ ئۆقرەم نەماوە، نازانم خەریکی چیت، قەت بۆ بینینی من ئەوەندە دوا نەکەوتویت، من ئەگەر ئەم شەو نەتبینم، بەیانی زۆر زەحمەت دەبێ، من چۆن بتوانم بەبێ بینینی تۆ سەفەر بکەم؟ من تازە ئیدی لەم شارە دوور دەکەومەوە، دەچمە شارێکیکە، بە مانگیش نایێمەوە، ناچارم لەوێ خوێندن تەواو بکەم، دوای دوو ساڵیدیکە دەبمە مامۆستاو دەگەڕێمەوە لات، ئەو کات بەبێ ترس دایکم دەنێرمە داخوازیت، چ دەڵێی شووم پێدەکەی؟ ئەمە چیت گوت؟ منت ناوێ؟! نا توخوا جارێکیکە قسەی وا مەکە، من بەبۆنەی تۆوە ماوم، خۆ ئەگەر تۆ لە پشتم نەبوای نەمدەتوانی خوێندنیش تەواو بکەم، ئەگەر چاوە پڕ سیحرو بە تواناکانی تۆ نەبوایە، ئێستا دەبوایە لە بن دیواری ماڵەکان، لە نێو کۆڵان و سەرجادەکان، هاوڕێی

سەبۆو شێتەکانیدیکە بوومایە، مەگری رەیحانە گیان! من خەونم بەوە دەبینی رۆژێ دابێ هەردووکمان پێکەوە ئەم سەفەرە بکەین، بەلاّم چ بکەین هیچ شتێك لەم دونیایەدا مەرج نییە بە حەزی ئێمە بەڕێوە بچێ، من و تۆ لە خێزانێکی هەژارین، تۆ لەمن زیاتر حەزت دەکرد بخوێنی، ئەگەر باوکت وای بەسەر نەهاتبایە، ئێستا پێکەوە ئەم سەفەرەمان دەکرد، تۆ کە تاقانەی دایك و باوکت بووی، دەبوایە بە هەردووکیان رابگەی، دایکت نەخۆش و باوکیشت پشت شکاو، ئاخر ئەمە کەی راستە، بۆ دەبێ ئێمە وابژین و تەلاری باوکی عەزە گڕووش بەسەر ئێمەو شارەکەدا قیت بێتەوە؟ ئەگەر فەردە ئاردە قوڕسەکانی ماڵی ئاغا نەبوونایە، ئەو پشتە بەهێزەی باوکت چۆن دەشکا؟ ئێستاش دەبینی، کوا ئاغاو کوڕەکانی، کوا سەردان و یارمەتییەکانی؟ من پێم سەیرە ئێوە چۆن دەژین رەیحانە، کێ بژێوی رۆژانەتان بۆ پەیدا دەکا؟ نا توخوا دڵگران مەبە، بەس ئەو یەکدوو ساڵە دان بەخۆتدا بگرە، ئەو کات من دەبم بە مامۆستاو تۆش دەبی بە خێزانم، رازیت رەیحانە یان نا؟ ئەگەر دایك و باوکت رازی نەبوون ئەو کات ناچارم هەڵتبگرم! بەلاّم نا، نامەوێ لەوە زیاتر دڵیان بڕەنجێ، ئەوان لە دارەتی دونیا تۆیان هەیەو بەس، من ئێستا لەوە دەترسم تۆ نەتەوێ ئەمشەو ببینی ، نەتەوێ گوێت لە دوایین قسەکانم بێ، خۆزیا دەمزانی چ شتێك لە بەردەم هاتنی تۆ رێگرە، خۆزگە لە نزیکەوە دەمبینی کە لەبەرچی نابێ ئەمشەو بتبینم، لە بەرچی ئەم تاریکییە وەحشەتناکەم بۆ روونناك ناکەیتەوە، چۆن دڵت دێ لەم چاوەڕوانییە کوشندەیە بمهێڵیتەوە؟ من کە لە خەونەکانیشمدا تۆم هەر لەبیرە، چۆن ئێستا تۆی بەخشندە لەبیری مندا نیت؟ تەنیا ئەمجارەیان وەرە، ئیدی بەسمە بۆ شەوانی تەنیایی و دووریم، من ئێستا کەسێ نییە مەگەرخودا لەنێو ئەم تاریکیەدا بێئۆقرەیی و نیگەرانیەکانم ببینێ، خودایە یارمەتیم بدە، تۆ لە هەردووکمان بەخشەندە تری، من و رەیحانە شتێکمان نەکردووە ئازاری بۆ کەس هەبێ، بۆ دەبێ ئەمجارەیان نەتوانم چاوم پێی بکەوێ؟ هەبێ و نەبێ شتێکی بەسەر هاتووە، رەیحانە دەزانێ من ئیتر ئەم شارە جێدەهێڵم، بەلاّم نازانێ بەیانی چاوی پێمناکەوێتەوە، دڵنییام ئەگەر بیزانیبوایە،

ئێستا له بەر دەمم ئامادە دەبوو، ئای خودایــە چــەند ئەســتەمە بــەیانی بــڕۆم و تــا ماوەیەکیکە نەیبینمەوە، ئەو دەزانیٚ ئیٚستا من لە کویٚ چاوەڕوانی دەکەم، باشتر وایە بچمە پشت دەرگاکەیان و گویٚ رادێرم، بەڵکە هەواڵێکم دەست بکەویٚ، رەیحانــە وەرە تەنیا بۆ ساتێك گویٚ لە ترپەکانی دڵم بگرە، ئەو کــات بــۆت دەردەکــەویٚ کــە چــۆن هەموو گیانم بە زمانی پاڕانەوە بانگی تۆ دەکەن، کە چۆن بە هەناسەکانی تــۆ هێــور دەبمەوەو رۆحم دێتەوە بەر، من دەتوانم تا بــەیانی لێــرە بمێنمــەوە، تــەنیا بــۆ ئــەوەی هەست بکەم لە نزیکی تۆدام، بەلاّم نا ئەو کارەش ناکەم، دەزانم تۆش تا رۆژ هەلّــدیٚ لە نیگەرانیدا دەمێنیتەوە، رەیحانە پەنا بەخوا، دەبیٚ ئێرە جێبهێلّم، ئەگەر هەواڵێکی تۆ نەزانم، ئەمشەو شێت دەبم، تازە هەر دەبیٚ لەوە تێبگەم بۆچی ناتەویٚ ببینی؟ من ناتوانم لەو چاوەڕوانی و دوودلّیەدا بمێنمەوە، ئەمشــەو ئەگــەر هــەموو ئەســتێرەکانی ئاسمان بڕژێن، ئەگەر هەموو خەلّکی ئەم شارە لەم کۆلاّنە خڕببنەوە، ئەگەر لەتوپــەت بکرێم، لەنێو تاریکیدا بی، یان روناکی هەر دەبیٚ دەستم بــە دەســتت بکــەویٚ، هــەر دەبیٚ گویٚ لە چرپەو هەناسەکانت بگــرم. رەیحانــە ! ئێســتا لەبــەر دەرگــای دەرەوەی مالّتان وەستاوم، مەپرسە بۆ هاتی، لەوە گەڕیٚ کە ئێستا چ دەقەومیٚ، من لە کونی دەرگاکەوە تۆ دەبینم ئەی خانمە شیرین و بێئۆقرەکەم، کەمێکیکــە هــەنگاو هەلّێنــە، من زۆر لە تۆوە نزیکم، تۆ دەلّێی هەست بەبوونی مــن دەکــەی، ئــەوەتا نیگاکانمــان تێکدەئالّێن، بە چاوەکانتدا دیارە، کە ئێستا لەگەڵ مندا قســە دەکــەی، ئــەوە مــنم خاتوونە گیان! هاتووم لە ئەحوالّت بپرسم، هاتووم دوا ساتەکانی بەر لە سەفەرەکەمت بۆ باس بکەم، دلّنییام هەست بە بوونی من دەکەیت، ئەو وەستان و سەرنج لێدانــەت نیشانەی ئەوەن کە تۆ لەو لەحزەیە لەگەڵ مندا ئەدوێی، دەی خاتوونەکەم ئــەوە مــنم رۆحم لە رۆحت نزیك بۆتەوە، ئەوە منم وەك سوالّکەریٚ لە پشت دەرگاکەتان وەستاوم، چاوەڕێی رەحمی دەستی تۆم، تا دەرگاکە نەکەیتەوە لێرە ناڕۆم، خوای دەکــرد ئێســتا هەموو خزم و کەسوکارت، لێرە ئامادە دەبوون، خوای دەکرد لێرە سەرم لــە جەســتەم جیا دەکرایەوە، لاشەکەشم پارچە پارچە دەکراو ئاژەلّە گۆشتخۆرەکانیش لە سەریدا بە

شەڕ دەهاتن. ئەمشەو هەر دەبێ ئەم دەرگا لەعنەتییەی نێوانمان بکرێتەوە، دەبێ ئەم پەنجانەم شانەئاسا بە نێو قژی خاوت دابهێنم، من ئەگەر ئەمشەو بۆنی گەردەنت نەکەم و هالاوی هەناسەت هەڵنەمژم و سەر نەخەمە بان سینەت و حەرفە خۆشەکانت بەنێو گوێچکەمدا رۆحم داگیر نەکەن، ئەگەر پەنجە جوان و نەرمەکانت بەسەر لێومدا تێنەپەڕن، ئاگر لەم شارە بەردەدەم! رەیحانە ئەگەر دەرگاکە نەکەیتەوە، ناچارم لە بنوبۆتکەوە هەڵیتەکێنم، ناچارم بەنێو گڕی ئاگرو غەزەبدا تێبپەڕم، ئەوە هاتم رەیحانە، ببوورە کە هەڵەیەکی وا دەکەم .. ئەوە چۆن بوو ئەو بڕیارەت داو دەرگای بەهەشتت لێکردمەوە؟ ئەوە تۆی خانمەکەم؟ ئەوە ناترسی ئاوا بەبێ منەت لەباوەشی خۆتم دەکەی، خودایە ئەمە خەونە، یان خەیاڵ؟ ئەمە تۆی، ئەی بۆ دواکەوتی؟

- لەسەرخۆبە، با گوێیان لێمان نەبێ! ببوورە ئەمشەو مێوانمان هەبوو، نەمتوانی دەقەیەکیش خۆم بدزمەوە، دەزانم بەیانی دەڕۆیت، سەفەری خێرت بێ، بڕۆ خێراکە با نەمانبینن..

ئەو کاتەی رەیحانە دەستەکانی خستبوە نێو هەردوو دەستم، هەستم دەکرد رۆح و جەستەی تێکەڵ بە گیانم دەبێ، دواجار کە دەستمان لە یەکتر بەردا، بە هەناسەیەکی گەرمەوە، لە بن گوێمدا وتی:

-خۆشمدەوێی! بیرت دەکەم تا دێیتەوە.

***

سەرمەد ! من نەمدەویست ئەو هەواڵە قێزەونەت بۆ باس بکەم ، بەراستی هەر ئەو کاتەی تۆ ئۆغرت کردو ئێرەت جێهێشت، دڵم لە نێو نیگەرانیدا نقوم بوو، زۆرجار هەستم بە ترپەو لێدانی نەکردووە، شەو نییە لەناکاو لە قوولایی خەوەکانما رانەچڵەکێم بێدار نەبمەوە، خەمەکە ئەوەیە ناوێرم هیچ شتێکیش بە کەس بڵێم، ناچارم دوای ماوەیەك لە فرمێسك رشتن و بیرکردنەوەی بێهوودە، بخزێمەوە نێو جێگاکەم، باوەڕم

پێبکە تا بەیانی چەند جارێك بەو خەون و خەیاڵـە وەحشـەتناکانە رۆژ دەکەمــەوە..
سەرمەد ! دەزانم تاك تاکی وشەکانم وەك سەنگێکی قورس دڵـت دەپــێکن و ئـازارت دەدەن، لەوەش دڵنییام وەك چۆن من شەو و رۆژ شەکەت‌و ماندوو دێمە بــەر چـاوان، تۆش هەروا دەبینم، رەنگبێ نیگەرانییەکانی تۆ لە هی من زۆرتر بن، رەنگبێ لــەوێ کەسێکی نزیکت نەبێ گوێت لێڕابگرێ و لێت تێبگا، ئەگەر ئێستا تۆ لێــرە بووایـت دڵی یەکترمان دەدایەوەو ترس‌و نیگەرانییەکانمان دەڕەواندەوە، خۆت باش دەزانی مــن و تۆ لەمێژە یــەکتر دەناسـین و زۆریـش یەکـدیمان خـۆش دەوێ، لــەو ماوەیــە چـەند جارێکیش دایکتم بینیــوە، وەلێ نــەمتوانیوە دەردی دڵــی خــۆمی بــۆ بــاس بکــەم، راستییەکەی نەمویستووە بە قسەکانم ناڕەحەت ببێ، زیاتریش لەوە ترسام ئەو ئاگای لە پەیوەندی نێوانمان نەبێ‌و هەر لە خۆڕا کێشەیەکی بــۆ دروســت بکــەم، بۆیــە بــیرم کردەوە هەر دەبێ ئەو مەسەلەیە بۆ کەسێکی نزیکی خۆم باس بکــەم، لــە هــەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو، دوای ئەوەی بڕیارم دا نامەیەکت بــۆ بنووســم و لەهــەموو شــتێك ئاگادارت بکەمەوە، گرفتەکان گەورەترو ئاڵۆزتر بوون، ماوەیەك تاقەتی هیچم نەماو تەواو بێحەوسەڵە ببووم، تاقە شانسێك کە بە دەستمەوە مابووبێ تۆ بووی، هەر ئــەو شانسەش بوو لە نیوە شەوێکی پڕ دڵتەنگی و بێزاریدا، دەستم دایە ئەو قەڵەمەی کە تۆ بە دیاری پێتدام، ئەم نامەیەم نووســی. خــۆت لــەوە ئاگــاداری پەیوەنــدی مــن و (سەبۆ) لە چ ئاستێکدا بوو، رەنگبێ ئێستا بــە ناوهێنــانی ئــەو بــرادەرەت هێنــدێك ناڕەحەت بی، بەڵام دڵت ختووره نەکا، ئەو کوڕە بە داخەوە بەر لە دوو رۆژ هــەر لــە کۆڵانەکــەی ئێمــە (نــازانم بــۆ رێگــەی کــەوتبوە ئێــرە) لەبــەر دەرگاکــەمان پێــی هەڵدەخلیسکێ و تەوقی سەری بە بەردێك دەکەوێ، کە خەڵکی دەگەنە سەری، لە نێو خوێنی خۆیدا دەگەوزێ، خێرا هەڵیــدەگرن و دەیگەیێننــە خەســتەخانە، لــەوێ دوای سەعاتێك چاو لێکدەنێ. سەرمەد ! من قەت لەو بــاوەڕەدا نــەبووم شــێتەکان بمــرن ! ئێستا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، هەموو ئەو رۆژو ساڵانەم دێنەوە یاد، کــە چــۆن پێکەوە لە قوتابخانە بەسەرمان دەبرد، سەبۆ کوڕێکی گەلەك چاك بوو، تەنیا من و تۆ

لێیتێدەگەیشتین، باش دەزانم بەم هەواڵە زۆر تێکدەچی، ببوورە کە ئەو خەبەرەم پێدای، من کە بڕیارم دا ئەم نامەیەت بۆ بنووسم نەمدەویست هەواڵی مەرگی سەبۆت پێڕابگەیێنم، ئەوە لە دڵتەنگیو گرفتە ناخۆشەکانی خۆم بوو بەسەر زمانم داهات، بە هەرحاڵ ئەوەی مەبەستمە بۆتی باسکەم ئەو رووداوە لە ناکاوەبوو کە لە دوای سەفەری تۆ یاخەمی گرت، باوەڕیش ناکەم وا بە ئاسانی لە کۆڵم بێتەوە. تۆ باش عەزە گورو دەناسی، هەر دوای سەفەری تۆ، شەوێکیان لەگەڵ باوکی و چەند پیاوێکیان بە ناوی سەردان هاتنە ماڵمان، ئێمە لەسەرەتا وامان زانی بۆ ئەحواڵ پرسینی باوکم ودایکم هاتوون، کەچی من هەر زوو لە چاوەکانی عەزە تێگەیشتم، کە ئەوان بۆ مەبەستێکیکە ئەو سەردانەیان رێکخستبوو، ئاغاش لە کاتی قسەکردنیدا چەند جارێك دیقەتی لەمن دەگرت و بزەیەکی بۆ فڕێدەدام، من لە نیگاکانی ئاغا زۆر شتم دەخوێندەوە، چارم نەبوو دەبوایە ئەو ماوەیەی ، ئەوان لەوێ مانەوە لە جیاتی دایکیشم خزمەتیان بکەم، باوکم کە خۆت دەزانی تا ئێستا لەسەر پشت راکشاوەو توانای دانیشتنیشی نییە، سەرەتا لە نیازی ئاغا تێنەدەگەیشت، بەڵام دواتر کە لە باوکمی پرسی :

- رەیحانەش هەڵێداوە!

باوکم وەك بێدەسەڵاتێك سەیرێکی منی کردو بە چاو تێیگەیاندم کە بچمە دەرەوە، راستییەکەی من حەزم لێبوو لەوێ بمێنمەوەو زیاتر لە نییەتیان تێبگەم، بەڵام لەبەر خاتری باوکم چوومە دەرەوە، هێندەی نەبرد عەزە زۆر بێشەرمانە بە دوامدا هات، من هێشتا لە حەوشەکە بووم، ئەو گەیشتە لام، ویستم هەنگاوی خێرا هەڵێنم و خۆم بگەیێنمە ژوورەکەی دایکم، کە ئەویش لەبەر نەخۆشییەکەی لەوێ راکشابوو، کەچی عەزە گورو خۆی گەیاندمێ و لەسەرخۆ پێمی وت :

- رەیحانە ، ئەمە یارمەتی باوکمە، هیوادارم لێموەرگری!

منیش بێئەوەی ئاوڕی لێبدەمەوە، لێی دوورکەوتمەوە، کەچی ئەو کوڕە هێندە بێچاوو رووبوو، هات لەبەر دەمم وەستاو وەك ئەوەی یەکێ بم لە خزمەتکارەکانی، بە کەمێك تووڕە بوونەوە وتی:

- ئەم زەرفە بگرە ! ئەمە یارمەتییەکە بۆ باوکت ..

من بۆ یەکەم جارمبوو ئاوا بە غەزەبەوە سەیری عەزە بکەم، قەت نەمدەزانی پیاوێکی ئاوا نەفس نزم و ترسنۆکە، هەر کە تێگەیشت زۆر لەو زەرفە بچووکەو لە بالآی ئەو گەورەترم، بێدەنگ بوو، بەوەش نەوەستام و داوام لێکرد بچێتە ژووری باوکم، ئەگەر هەر کەسێکیکە لە جێگەی ئەو بوایە لەوێ دڵی دەوەستا، کەچی ئەو چونکە بۆ مەرامێکیکە هاتبوو، بە پەنجە هەڕەشەی لێکردم و زەرفەکەشی خستەوە گیرفانی، من ناچاربووم بێمنەتی خۆم نیشان بدەم و پێی بڵێم:

- دەتوانی ئەم یارمەتیە بدەیتە باوکم ئەگەر لێتوەربگرێ!

عەزە ملی شۆڕ کردو چووە ژووری، ئیدی ببڕای ببڕای گوێم لە دەنگی نەما، هێندەی نەبرد خواحافیزیان لە باوکم کرد، کە هاتنە دەرەوە من لەپەنجەرەکەوە سەیرم کردن، خۆشبەختانە کەسێك نەبوو تا دەرەوە بەرێیان بکا. کە گوێم لە داخستنی دەرگای دەرەوە بوو، یەکڕاست خۆم گەیاندە کن باوکم، پێش هەموو شتێك ویستم بزانم باوکم زەرفەکەی لێوەرگرتوون، یان نا؟ باوکم بێئاگایی خۆی لەو یارمەتیە دەربڕی، من وەك ئەوەی بە دوای شتێکدا بگەڕێم، ژێر سەرین و بن رۆخی دۆشەکەکەی باوکمم پشکنی، بە داخەوە دەستم بە زەرفەکە کەوت، خێرا هەڵمگرتەوەو نیشانی باوکمم دا ..

- ئەمەتا باوکە ...ئەم زەرفە دەگەڕێنیتەوە!

کە باوکم زەرفەکەی بینی، پێڵووی هەردوو چاوی داخست، دواتر وەك ئەوەی بەزۆر وشەکان لە دەمیەوە دەربچن، لە سەرخۆ پێمی وت:

- ئەوان شتیدیکەشیان بە جێهێشت!

هەر زوو هەستمکرد شتێکیان بە باوکم گوتوەو رەنگبێ ئەویش لە شەرمان دەمی گیرابێ. سەرمەد ! ئارام بگرە ، هێشتا هەموو شتێکم پێنەوتی، لەوانەبێ تـا ئێسـتا سەرە داوێکت دەست کەوتبێ، من لەوە دلنییام کە تۆ بەرگەی بیستنی ئـەم هەواڵـە ناخۆشەش دەگری، ئەوەی بەلای منەوە زۆر سەیرە بۆچی دەبێ لە دوای رۆیشتنی تـۆ ئەمە رووبدا ؟ هەندێ جار وەها دێتە بەر چاوم وەك ئەوەی، ئەوان بە وردی ئاگـاداری هەڵسوکەوتی رۆژانەی من و تۆ بن، ئەگەر وانییە چۆن هەر لە دوای سەفەرەکەی تۆوە ئەمە روویدا ؟ من ئەو قسـانەم بـۆ ئـەوە نـەکردووە، دەسـت بدەیتـە جانتاکـەت و بگەڕێیتەوە، خۆت دەزانی ژیان هەر وایەو زۆر شـتی لەمــەش ناخۆشـترو زەحمــەتتری تیایە، بۆیە هیوادارم بە مێشکێکی سارد، رووبەرووی ئەم گرفتـە نـاخۆش و ئـاڵۆزە ببیتەوە، من باوەڕێکی زۆرم بەتۆ هەیە، بۆیە لەوە ناترسم هەر چییەکت بۆ بنووسم .. ئارام بگرە تا قسەکانیکەشم دەخوێنیتەوە !

زۆرم هەوڵدا لەوە تێبگەم ئاغا چی بە باوکم گوتووە ، کەچـی بـاوکم وەك ئــەوەی زمانی لە گـۆ کـەوتبێ ، هـیچ شـتێکی نەدەدرکانـد ، مـن بۆخـۆم لـە سەروسـیما گرژاویەکەی شتێکم دەخوێندەوە ، بەڵام حەزم دەکرد ئەوەی لـەدڵی دایـە بـە زمـانی خۆی بیڵێ ، باوکیشم وەك ئەوەی هەستی بە نارەحەتی من کردبێ ، بـۆ دواجـار بـە چـاوێکی پـڕ سـۆزەوە سـەیرێکی منـی کـردو بـە پەنجـە لەرزۆکـەکانی فرمێسـکە قەتیسماوەکانی سەر هەردوو روومەتی سڕینەوەو لەگەڵیدا چاوەکانی ئەویش غـەرقی فرمێسك بوون ، هێزێك منی بۆ لای بـاوکم راکێشـاو خـۆمم لـەنێو ئـامێزی ئـەودا دیتەوە . نازانم رەنگبێ ئەوە گریانی کپکراوەی چەند ساڵەی ئەو بووبێ ، لەو سـاتەدا تەقییەوە . سەرمەد ! قەت باوکمم ئاوا غەریب و بێدەسەڵات نەبینیوە ، لـە ژیانمـدا نەمبینیبوو باوکم ئاوا بگریێ ، دەتوت دەیەویست لە دەسـتی کەسـێکی زاڵـم دوورم بخاتەوە ، منی توند لە باوەشی خۆی گیرکرد ، ناوە ناوەش دەیگوت " نـا ، نـاهێڵم ! " چەند جارێك پێموت " ئەوە چییە باوکە ناهێڵی ؟" خێرا وەك ئەوەی بەبیری بێتەوە کە نابێ نهێنیەکە بدرکێنێ ، بێدەنگ دەبوو ، لە پڕ بە مێشـکم داهـات کـە دەبـێ

کارێك بکەم ناچار بێ ئەو قسەیەم بۆ بکا کە ئاغا پێی گوتبــوو ، یەکســەر لــە نێــو باوەشی دوور کەوتمەوەو هەســتامە ســەر پــێ ، دیــاربوو بــاوکم بــەو رەفتــارەم لــەوە تێگەیشت کە من زۆر نارەحەتم ، لە تاوان خەریکبوو لەگەڵ من هەڵسێتە سەر پــێ ، بەڵام ئازاری پشتی رێی لێگرت ، من لــەوەش زیــاتر وەك لێــی زویــر بــووبم ، چــەند هــەنگاوێکیش لێــی دوورکەوتمــەوە ، بــەو شــێوەیە بــاوکمم ناچــارکرد داوام لێبکــا دانیشمەوە ، منیش لەگەڵ ئەوەی نەمدەویست لەوە زیاتر ئەزیەتی بــدەم ، بــەڵام بــە فرسەتم زانی هێندێك خۆمی لەسەر گران بکەم و پێی بڵێم :

- بە یەك مەرج دادەنیشمەوە !

باوکم هەولێکیکەشی دا بۆ ئــەوەی هەڵســێتەوە ، هــەر نــەیتوانی . ســەرمەد ! دروست لەو کاتەدا بوو پێدەچوو باوکم بڕیاریدابێ هەموو شــتێکم پێبڵــێ ، زیڕەیــەك هەردووکمانی راچڵەکاند ، من سەرەتا وام هەست کرد ئەو دەنگە لە غەیبەوە هات ، تەنیا بۆ ئەوە بوو دەمی باوکم دابخرێ ، کەچی وانــەبوو ئــەوە دەنگــی دایکــم بــوو ، بەپەلە رامکردە دەرەوە ، خۆم گەیاندە ژووری دایکم ، هەر کــە دایکــم منــی بینــی باوەشی بۆ کردمەوەو منیش یەکسەر ئامێزم تێوەرهێنا :

- چی بووە دایە گیان ؟

دایکم وەك ئەوەی هەواڵێکی ناخۆشی بیستبێ و لە مێژیش بێ منی نــەبینیبێ ، بە پەشۆکاویەوە پەنجەکانی بە دەموچاوم دادەهێناو ماچی دەکردم ، من وا هاتە بــەر چاوم شتێك لە دەورو بەرم روودەداو پێی نازانم ، ویستم لێیبپرسم ئەو زیــڕەو هــاوارە چیبوو ، کەچی ئەو لە قسە کردنەکەیدا بە پــێش مــن کــەوت و بــە چــاوی پــڕ لــە فرمێسکەوە وتی :

- ئەمە تۆی رەیحانە گیان ؟!

سەرمەد ! بێنە بەر چاوت ، شتەکان چۆن تێکەڵوپێکەڵ دەبن ، خۆ ئەگەر شێتیش ببام ئاسایی بوو ، ئاخر ئەو شەوە بۆ من شەوێکی پڕ لوغزو ســیحراوی بــوو ، تــرس سەروسیمای دایکمی داپۆشــیبوو ، دایکــم وەك ئــەوەی نابینــا بــێ ، بــە دوودڵــی و

نیگەرانییەوە دەست و پەنجەی بە سەر جەستەی مندا دەگەڕاند ، دەتـوت گـەرەکیبوو لەوە دڵنییا بیْ ئاخۆ ئەوە منم لە باوەشی ئەودام، یان نا ؟ :

- دایە منم رەیحانەم !

چەند جارێك ئەو قسەیەم دووبارە کردەوە ، کەچی هێشتا هەر گومـانی هــەبوو ، لەوە دەترسا لە بن دەستی ون ببم ، ینا لەو دەمە بەجێی بهــێڵم ، هەوڵمـدا هێـوری بکەمەوەو تێیبگەیێنم ، کە من ئەوەتام لە ناو باوەشی ئەودام ، کەچی بــە پاڕانــەوە پێمی وت :

- رەیحانە گیان لێمدوورمەکەوە !

سەرمەد ! تۆش لە جێگەی من بوای تووشی حەپەسان و سەرلێشێواوی دەهاتی ، ئاخر بۆ دەبێ لە یەك وەختا دایك و باوکم ئەوەندە دڵیان بە منەوە بــێ ؟ لــەو دەمــە بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئەگەر تۆش لێرە بــوای ، ئــەو دیمەنانەشــت بینیبایــە چــیت دەکرد ؟ حەتمەن تۆش لە گۆشەیەکی ئەم ژووره سەرت دادەخست و لــە بــەر خۆتــەوە دەگریایت ، رەفتاری دایکم لەوە نەدەچوو کە بە دەست نەخۆشیەکەیەوە بناڵێنێ ، یان ترسی لەوە هەبێ نەمبینێتەوە ، زیرەی دایکم وەك ئەوە وابوو کە بە ئانقەست بیــەوێ رێ لە باوکم بگرێ ، بۆ ئەوەی نهێنی ئەو داوایەی ئاغام بۆ نەگێڕێتەوە ، بــەڵام خــۆ ئەو ئاگای لەو بەزمە نەبوە ، لە نێو جێگاکەی خۆی هەڵنەساوەتەوە ، ئەی بۆچی لەو کاتەی باوکم ویستی دەمی بکاتەوە ، ئەو لە هاواری دا ؟! ئەی خوایــە چ شــتێك لــە پشت سەری منەوە روودەدا ؟ تۆ بڵێی دایکیشم ئاگای لەو کەین و بەینە نەبێ ؟ مــن هەقم بوو ئاوا بیر بکەمەوە ، تۆش لە جێگەی من بوای هەر وا بۆی دەچــووی . مــن سەرم خستبوە سەر رانی دایکم ، ئەو بە هێمنی پەنجەکانی بە نێو قژم دادەهێنا ، من دواجار لێیپاڕامەوە وتم :

- دایە پێت نەوتم ، ئەو قیژەیە چی بوو ؟

دایکم چاوێکی بەزەیی بە سەر جەستەی مندا تێپەڕاند و لە سەرخۆ وتی :

- خەونم بینی کچەکەم ، خەونێکی ناخۆشبوو !

دەستبەجێ هەڵسامەوە ، حەزێکی بێپایان بۆ گوێ گرتن لە خەونەکە یەخەی گرتم ، داوام لێکرد بۆم بگێڕێتەوە ، دایکم بە چاو داواکەمی ڕەتکردەوە، بەڵام من پێمداگرت و ئاخیرەکەی ناچارم کرد قسە بکا :

- لە خەونمدا سیحربازێك لە بەر چاوی من تۆی کردە کەروێشك و ڕەوانەی کێوەکانی کردی ، هێندەی نەبرد بەم چاوانەم بینیم کە چۆن ڕاوچییەك گوللەیەکی لە تەپڵی سەرت داو بەر لەوەی کەسێك بە برینداری بتڕفێنێ ، هەر بانگی منت دەکرد ، دایکت کوێر بێ ، نەمزانی بەرەو کوێیان بردی !

ئەگەرچی بە خەونەکەی دایکم ، هێندێك دڵگران بووم ، بەڵام نەك هەر بەسەرخۆم نەهێنا ، بەڵکو بە سیمایەکی پڕ خەندەو پێکەنینەوە ، بە لە ئامێز گرتنێکی پڕ لە سۆزو خۆشەویستییەوە بە دایکمم وت :

- دایە ! ئەمە خەونێکی یەکجار خۆشە ، ئەی ئەوە نییە ڕاوچییەکە منی هێناوەتە لای تۆ ؟

دایکم وەك بڕوای بە قسەکەم هاتبێ، یان لەبەر دڵی من بووبێ ، بە هێمنی دەستی بە نێوچاوانم داهێناو بزەیەکی دایکانەی بۆم کردو وتی :

- ڕاست دەکەی کچم ، گوێی شەیتان کەڕ بێ ، ئیشاڵڵا کەس زەفەرت پێنابا !

کە لە ئارامبوونەوەی دایکم دڵنییا بووم ، دەستیم ماچ کردو داوام لێکرد ، کە بۆمن هیچ نیگەران نەبێ و بە ئیسڕاحەت بخەوێ ، بەپەلە ئەوێم جێهێشت و گەڕامەوە لای باوکم ، دیاربوو ئەو هەر لە چاوەڕێی مندابوو کە داخوازیەکەی ئاغام پێڕابگەیێنێ ، هەر کە لە تەنیشتیەوە دانیشتم ، زۆر بە غەریبی سەیری کردم ، وا دەهاتە بەر چاوم وەك ئەوەی گوناحێکی کردبێ و داوای لێبووردنم لێبکا :

- کچم ! ئاغا حەز بە خزمایەتیمان دەکا ، تۆ چی دەڵێی ؟

دەتوت دەستێ بەپەلە پڕیدامێ و کەللەمی کێشا بە سەقفی خانووەکەمان ، بۆ ماوەیەك بەر دەمم تاریك بوو . سەرمەد گیان ! لەو دەمە وامزانی فڕێدراومەتە ژوورێکی تاریك ، لە نێو ژوورەکەدا هیچم نەدەبینی ، کەچی تۆ لەناو جەستەی مندا

هەناسەت دەداو دەنگت دەهات ، من ویستم بە توندی وەڵامی باوکم بدەمەوە ، بەڵام نەمتوانی ، ئەو جارێکیکە وەقسە هات و وتی :

- دیارە عەزیز ئاغا داوای لە باوکی کردووە !

خۆیشم نازانم بۆ نەمتوانی بە سەر خۆمدا زاڵبم ، کە ناوی عەزیزم گوێ لێبوو ، بە سەرسامیەوە هاوارم کرد :

-- عەزە گوڕوو ؟!

***

ئەو نامەیەی رەیحانە بۆی نووسیبووم ، زۆر بە درەنگ بە دەستم گەیشت ، هەر خۆی دوای یەك مانگ ئینجا جورئەتی بە خۆی دابوو ، کە دایکم ببینێ و نامەکەی پێبدا ، دایکیشم کە لەو دواییە هەستی بەو مەیلەی نێوان من و رەیحانە کردبوو ، نامەکەی لێوەردەگرێ و ئەویش وەك لە دواییدا بۆمی گێڕایەوە ، دوو هەفتە لەلای خۆی دەیشارێتەوە ، کاتێك باوکم مۆڵەتەکەی تەواو دەبێ و دەگەڕێتەوە شوێن کاری خۆی ، کە لە شارۆچکەیەکی دووری شارەکەمان بوو ، دایکم نامەکە و هەندێ شتیدیکەشم بە برادەرێك بۆ دەنێرێ ، کە پێکەوە لە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان دەمانخوێند ، من کە نامەکەم خوێندەوە ئەوەندەی بە هەواڵی مردنی سەبۆ تێکچووم ، نیو ئەوەندە بە داخوازیەکەی ئاغا نیگەران نەبووم ، چونکە لەوە دڵنییابووم کە رەیحانە ئەگەر شوو بە منیش نەکا ئەوە قەتاو قەت قەبول ناکا ببێتە خێزانی عەزە گوڕوو ،بەڵام خۆیشم نازانم بۆچی رۆژێك دوای خوێندنەوەی نامەکە ، وەسوەسەیەکی توند یەخەمی گرت و ئۆقرەی لە بەر بڕیم ، لەخۆمەوە وا دەهاتە بەر چاوم ، کە رەنگبێ ئاغا بتوانێ باوکی رەیحانە رازی بکا ، خۆشتان دەزانن ئاغا لەو شارە چ دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو ؟ ئەو بتوانێ کۆشك و تەلارێك بە پشت و بازووی پیرو گەنجەکان لە سەر تەپۆلکەی بەرزترین گردی ئەو شارە دروست بکا ، ئەو لە توانایدا بێ جوانترین ژن لە بن دەستی مێردەکەی دەربێنێ، بە قسەیەك خەڵکی

بنێرێته زیندان و به ئیشارەتێك ئازادیان بکا ، بۆ نەتوانێ رەیحانه لـەمن بسـتێنێ ؟ بیرم کردەوه ئەگەر شتێکی وا رووبدا ، چیم پێدەکرێ ؟ من که دەسەڵاتم بەسەر ئاغاوە نەبێ چۆن بتوانم رێ لەو داخوازیەی ئەو بگرم ، ئاغـا چـەکداری هەیـەو دەسـتی بـە هەموو کون و قوژبنێکی ئەو شاره رادەگـا ، ئاغـا چـەکی هەیـەو گـەر بیـەوێ لـە چاوتروو‌کانێکدا بۆ هەتا هەتایێ بێدەنگم دەکا ، ئەوانه فێرن که چاویان چـووه سـەر کچێك یان ژنێك ویژدان لەلایان دەبێته پولێك و دەیخەنه ژێـر پێیـان ، ئـەی خودایـە مەگەر تۆ به هانامەوه بێیت ، مەگەر تۆ ئەو هێزەم پێببەخشی کـە بتـوانم چـاو لـە چاویان بنێم و نەهێڵم رەیحانه بچێته کۆشك و تەلاریان ، خۆ ئەگـەر ئـەو رۆژە رەشـە ببینم ، مەحاڵه بتوانم بگەڕێمەوه شارەکەم ، ئەگەر ناچاریش بم بچمەوه ، ئەوە دەبـێ خۆم بگەیێنمه شاخ و ببمه پێشمەرگه ! ئـەو کـات دەزانم چـی دەکـەم ، دەزانم لـەچ کونێکەوه بۆ عەزه دێمه ژوورەوه ، ئەو کات پیشانت دەدەم عەزه گوڕوو که من کـێم ! بەبیرت دێنمەوه که چۆن له منداڵیشمەوه لەسەر رەیحانه شەڕم لەگەڵ دەکـردی ، وا ئەمڕۆکەش له پشت سەرتەوه وەستاوم و رێگه نادەم رەیحانه به زۆر له باوەش بگریـت ، من که به هێزی ئەوینی ئەو له دووری ئەو ، ژیانی تەنیایی بەسـەر دەبـەم ، چـۆن رێگه ئەدەم پەنجه دڕکاویەکانت خەنجەر ئاسا بەسەر جەستەیدا تێبپەڕن؟ شەوەکانت پڕ دەکەم له تارمایی ، پڕ دەکەم له مێردەزمەو جنۆکه ، کوچەو کۆڵانەکانت لێدەکەم به سەنگەر ، لێناگەڕێم بستێك له هەوارگه گەورەکەت بێیته خوارەوه ، تخـووبی مـاڵ و باخچەو شیوو دۆڵی ئەو ناوه ببەزێنی ، مەگەر من ئەو کەسه نەبووم له کۆنەوه تـۆم بەزاند ؟ ئەو جارەیان هیچ رەحمێکت پێناکەم ، رۆژێ دادێ بکەویته ژێر چنگم ، ئـەو رۆژە هەر دێ له پەنایەك بۆت دەرکەوم و تۆڵەی منداڵیشـمت لێبکەمـەوه ، مەگـەر دونیا هەر ئەو دوو سێ رۆژەیه که له پشتی رەیحانەوه خۆت بشـاریتەوه ؟ مـن دەزانم رەیحانه رقی ئەم دونیایەی لەتۆ دەبێتەوه ، له بەر چاومه که چۆن رەیحانه به گریـان و دڵێکی توند وەك بەرد ، بەر دەرکەی ماڵیان جێدەهێڵێ ، لەبەر چاومه ، که چۆن بـە سەر مەرگی خۆیـدا تێدەپـەڕێ ، دڵنییـام لـەوەش کـە دایـك و باوکیشـی لـە خـوا

دەپارێنەوە ،کە ئەو رۆژە بکا بە رۆژی قیامەت ، زەمین بکا بە ئاگرو تۆفان ..
خودایە دڵی هەمووان بکە بە بەرد ، درك بکە بە چاوی هەمووان ، نێوان ماڵی
ئاغاو رەیحانە بکە بە خەرەند ، هەرچی مەلاو شێخی ئەو شارەیە زمانی لە گۆ بخە ،
هەرچی حەز بکا رەیحانە لە عەزە گوڕوو مارە بکرێ موو لە دڵی بڕوێ ! رەیحانە بەس
تەنیا ئەو چەند رۆژە ئارام بگرە ، مەهێڵە پەنجەت بە پەنجەی ئەو کەوێ ،
خۆشەویستی نێوان من و تۆ بەسە بۆ ئەوەی عەزە بێئومێد بکاو منیش بەتۆ
بگەیێنێ ، رەیحانە مەترسە لەوەی لەو شەڕەدا سەر دەکەوم یان نا ، مەترسە ئاخۆ
پیاوەکانی ئاغا چیم بەسەر دێنن ، گرنگ ئەوەیە لێنەگەڕێم عەزە خەونی منداڵییم لە
ژێر گڵ بنێ ، بەڵێنت پێدەدەم ، ئەو کۆشکە بەرزەی کە تۆ لەنێویدا دەشارنەوە ، بە
سەر سەریاندا بڕووخێنم ، من تازە بستێك لە خاکی شارەکەم شك نابەم کە لە سەریدا
بحەوێمەوە ، ئیدی چۆن رێگا دەدەم ئەوان بەسەر ئەو زەویەدا تێبپەڕن کە لە ئێمەیان
زەوت کردووە .. خودایە چۆن بتوانم هەواڵێك بگەیێنمە رەیحانە ؟ چۆن پێیبڵێم من
ئەوەتام لە پشت سەری تۆوە بەرەو رووت غارئەدەم ، شەوو رۆژەکانم دەکەم بەیەك ،
بەم زووانە بەتۆ دەگەم .. رەیحانە گیان ئەمشەوە بۆ من پڕە لە تەنیایی ، ئەمشەوە
رەنگبێ درێژترین شەوی عومرم بێ ، بەڵام کورتترین مەودای خەیاڵەکانمە ، تۆ ئێستا
هێندە لێمەوە نزیکی هەست بە سەرتاپای وجودت دەکەم ، هەست بە بۆنی جەستەو
تامی شیرینی نیگاکانت دەکەم ، ئەمشەو بڕیارم داوە تا بەیانی لەگەڵتدا بم ، لە
باوەشم بی لەئامێزتدا بم ، رەیحانە ! تۆ کە ئێستا لە سەفەری خەیاڵمدا هاوسەفەرمی
، لە دونیای تەنیاییمدا هاوژینمی ، تۆ کە ئێستا لە دوور دووری خەمەکان و نزیك
نزیکی منی ، بۆ دەترسی ، لە چی هێندە نیگەرانی ؟ من ئەوەتام لە تەنیشت تۆوە
راکشاوم ، پەنجەکانت تێکئاڵاوی پەنجەکانمە ، مەگری رەیحانە خان ! ئەی ئەوە نییە
دڵم لەنێوچاوەکانتدا ئۆقرەی گرتووە، ئەی ئەوەنییە شاباش بۆ رۆژی بوکێنیت دەکا ؟
تۆ لە ئێستادا شاژنی ئەو کەسەیت کە تاجی خۆشەویستی لە سەر نای ، لە ماڵی ئەو
کەسەیت ، کە دڵێکی بۆ کردیتە تەلار ، ئەی بە بیرت نایێ کە چۆن لە نێو تاریکیدا

کۆشکی ژوانمان رووناك دەکردەوە ، مـن و تـۆ کـەی لـە تـاریکی ترسـاوین ، کـەی گوێبیستی هەڕەشەکانی عەزەو داخوازیـەکانی ئاغـا بـووین ؟ بەبیرتـە هـەر کاتێـك مامۆستاکان بیانویستایە دارکاریم بکەن تۆ دەبوویتە قەڵغان و داوات دەکرد دارمازو و حەیزەرانەکان بە پەنجەکانی تۆ بکەون نەك بە هی من ؟ ئەگەر ئەوە خۆشەویسـتی تۆ نە بووبێ بۆ من ، ئەی دەبێ چی بووبێ ؟ رەیحانە من واهەست دەکەم عەزە گوڕوو خۆی بۆ رۆژێکی وەك ئەمڕۆ لە کەمین نابوو ، ئەوە تۆڵەی ئەو رۆژەیـە کـە بـە بـەر چاوی یەکێ لە پیاوەکانی عەزە لە سەر رێگای قوتابخانە ، ژوانێکی سەرپێییمان کرد ، هێندەی نەبرد عەزە گەیشتە سەرم ، بەڵام باشبوو ئەو کات تۆ لـەوێ نـەمابووی ، عەزەی نامەرد دوو زەلامی چوار شانەی لە گەڵ خۆی هێنابوو ، من دەمزانی تازە لە بن دەستیان رزگارم نابێ ، هەوڵێکم دا بۆ ئەوەی خـۆم لـە دەسـتیان دوورخەمـەوە ، کەچی نەمتوانی ، عەزە دەمانچەکەی دەرهێناو لە سەر سنگمی راگـرت ، بەراسـتی ئەو رۆژە بە چاوی خۆم ، مەرگی خۆمم بینی ، چـونکە دەمزانـی پیاوەکـانی عـەزە هەموو شتێکیان بە زیادەوەش بۆ عەزە گێڕاوەتەوە ، من ئەو کاتە زۆر ترسـام ، کـە عەزە پێمی وت :

-- هەردووکتان بە قوربانی یەك گوللە دەکەم !خۆت دەزانی ئـەوە باوکمـە بڕیـار لەسەر شووکردنی رەیحانە دەدا نەك باوکت، یان جەنابت !

من نەمدەویست لە گەڵیدا بکەومە دەمەقاڵێ ، بەڵام لەو دەمە دەبوایـە شـتێك بڵێم ، دەبوایە رێ لە کەمترین فشار بۆ سەر رەیحانە بگرم ، بۆیە ناچـاربووم ئەوەنـدە بڵێم کە :

- من و رەیحانە هیچمان نییە لەگەڵ یەکتر !

زانیم باوەڕ بەو قسانەم ناکا ، لولەی دەمانچەکەی زێتر چەقاندە نێوەڕاستی سنگم ، بە چاوێکی کراوەو چاوێکی نوقاوەوە کە بەردەوام لە کاتی تووڕەبوونیدا وایلێدەهات ، پێمی وت :

-- ئم ! هیوادارم وابێ !

من دەمتوانی زەبرێکی گەورە لە عەزە گوڕوو بدەم و کۆتایی بەوترسەش بێنم کە هەر لە منداڵییمەوە یەخەی بەرنەداوم، بەڵام دەبوایە لە بەرامبەریدا بەرگەی زۆر شتی خەتەرناك بگرم، کە باوکی عەزە بەسەر هەمووماني دەهێنا، ئەوان ئەگەر هەستیان بەوە کردبا کە من کۆسپی سەر رێگەی گەیشتنی ئەوانم بۆ سەر حەزو ئارەزووەکانیان، ئەوە لە چرکە ساتێکدا دەیانڕفاندم و نەیاندەهێشت هیچ کەسێکیش بزانێ، بەڵام ئەوانیش بۆبڕیارێکی ئاوا گەورە ، دەبێ سەدجار بیر بکەنەوە، بە تایبەتی بۆ کەسێکی وەك من، راستە من لە خێزانێکی هەژار بووم، بەڵام لە خانەوادەیەکی گەورەی ئەو شارە بووین، خودی ئاغا بۆ زۆر کێشەو گرفتی ناوچەکە لە دوای باپیرمی دەناردو راوێژی پێدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەوان بیانویستایە شتێك بکەن ئەوە زەحمەت بوو کەس بتوانێ رێگریان لێبکا، بەڵام لەو حاڵەتەدا دەبوایە ئەوانیش بەرگەی ئاکامە خراپەکانی ئەو کارەیان بگرن و باجەکەشی بدەن، چونکە بۆ کەسێکی وەکو ئاغا ئاسان نەبوو لە بری گەیشتن بە حەزێك، کۆمەڵە خەڵکێك لە دەست بدا، هەر ئەوەشبوو ئەو کاتانەی براگەورەکەشم ئەگەر لە عەزە گوڕووی بدابا ئاغا ئەو حیسابەی بۆ دەکردو دەیزانی لەگەڵ باپیرەم رووبەڕوو دەبێتەوە، بەڵام بۆ گرفتێکی ئاوا کە من تێیکەوتبووم، زەحمەتبوو بێدەسەڵاتی خۆی لە بەرامبەر ئێمە نیشان بدا، منیش هیچ رێگەیەکم بۆ نەمابۆوە، دەبوایە رێگایەك هەڵبژێرم، یان ئەوەتا لێگەڕێم رەیحانە بۆعەزە بێ، یان ئاگر لەو ناوە بەردەم و خوێنێکی زۆربڕژێ، خۆ ئەگەر رەیحانەش پێداگرێ و شوو بە عەزە نەکا ئاخیرەکەی عەزە لەمن ناگەڕێ بە رەیحانە بگەم، ئەی چارە خودایە، پەنا بۆ کێ بەرم؟ رەیحانە تا ئێستا چاوەڕێی ئەوە دەکا من رێگایەك هەڵبژێرم، هەردووکیشمان ئەوەمان دەزانی ئەگەر بێتو بە نهێنی ئەو شارە جێبهێڵین و رابکەین ئەویش مەترسی زۆری بە دواوە دێ، رەیحانە چەند جارێك داوای لێکردووم ئەگەر ئەوم خۆشدەوێ دەبێ لە دەست عەزەی رزگار بکەم، بەڵام من ئەو کارەم پێباش نەبووە، ئەگەرچی لەو دواییانە لە ئاخرین ژووانماندا بەڵێنم پێدا کە لە دوو رۆژی دادێ هەڵێدەگرم، کەچی من تەواوی

ئەو دوو رۆژە بۆ یەکجاریش نەدەهاتە بەر چاوم کە من لەو کارەمدا سەرکەوتوو دەبم، هەرچەند بیرم لێدەکردەوە و تێدەفکریم، ئاخیرەکەی بە کوشتنی من و رەیحانە کۆتایی دەهات، ئاخر بۆ کوێ بچوباین ؟ منێکی هەژارو ئەوێکی دستکورت، چۆن دەمانتوانی بە گیرفانی بەتاڵەوە رێگەی هاتونەهات بگرینە بەر؟ من کە چەند مانگێکم مابوو ببم بە مامۆستاو خانەوادەکەم چاوەڕێی ئەو رۆژەیان دەکرد دابمەزرێم و ئەوانیش لە سای سەری من بحەوێنەوە، چۆن دەمتوانی کارێکی ئاوا بکەم، کە بۆ ئەوان قەباحەتێکی گەورە بوو؟ کێ لەو شارە دەستخۆشی لێمدەکردو چەپڵەی بۆ لێدەدام؟ هەر ئەو ترسە وایلێکردم مەسەلەکە بۆ براگەورەکەم باسبکەم, رای ئەو وەربگرم، کەچی براکەم نەك هەر بەو کارەم رازی نەبوو، بەڵکو زۆریش لێم تووڕە بوو، بەڵام کە هەستی کرد دەستهەڵگرتنم لە رەیحانە مەحاڵە، پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم، کە کێشەکە لای باپیرەم باسبکا، بەڵکە ئەو بتوانێ چارەسەرێك بدۆزێتەوە، من گومانم هەبوو هیچ کەسێك بتوانێ ئاغا والێبکا دەست لە داخوازیکردنی رەیحانە هەڵگرێ، باپیرەشم هەمان قسەی بە براگەورەکەم گوتبوو، بەڵام بەڵێنی ئەوەشی پێدابوو کە ئەگەر ئاغا ببینێ شتێکی لەگەڵ باسدەکا، دواتر زانیم ئاغا بە باپیرەمی وتبوو:

-عوسمان بەگ ! من بۆ خۆم نەچوومەتە داخوازی، بۆ عەزیز بووە !

باپیرەشم لەسەرخۆ پێیدەڵێ:

-دەزانم ئاغا ، قابیلە نەزانم ؟ بەڵام ئێوە قسەتان لەگەڵ کچە کردووە؟

ئاغا کە ساڵانێکی دوورو درێژبوو دۆستایەتیەکی باشی لەگەڵ باپیرەم هەبوو، بۆ یەکەمین جار بە کەمێك هەڵچوونەوە، لەگەڵ باپیرەم دەدوێ، وەك ئەوەی بەو قسەیە نهێنیەکی خراپی ئاغا ئاشکرا بووبێ:

- بۆچی ، دەبێ من قسەی لەگەڵ بکەم، یان دایکی؟!

باپیرەم وەك ئەوەی سەرەداوێکی چارەسەری کێشەکەی دەستکەوتبێ، بزەیەك بۆ ئاغا دەکاو دەڵێ:

- ئەگەر بتەوێ تۆش دەتوانی، باشترە بەخۆت گوێی لێبگری.

ئاغا بەو قسەیە هێندێك دادەمێنێ، بە تێڕامانەوە سەیری باپیرەم دەکاو سەری رازیبوونی بۆ دەلەقێنێ، دواتر داوا لە یەکێ لە چەکدارەکانی دەکا بانگی عەزە بکا، ئەوەندە نابا عەزە لەبەر دەمی ئاغاو باپیرەم ئامادە دەبێ، عەزە بە گومانەوە لەبەر دەمی هەردووکیان دەوەستێ و دووجار بە باوکی دەڵێ "فەرموو بابە، فەرموو ئەوەتەم" کەچی ئاغا وەك ئەوەی عەزە کارێکی خراپی کردبێ و زۆری لێ تووڕە بووبێ، هیچ قسەیەك ناکا، باپیرەم ئەو بێدەنگییە دەقۆزێتەوەو روو لە عەزە دەکاو دەڵێ:

- حەزت لە راوە کەو نییە عەزیز ئاغا؟

عەزە هەر زوو هەست بەوە دەکا، کە ئەو لەدواناردنە پەیوەندی بە راوکردنەوە نییەوچەهرەی باوکیشی بە ئاسایی نایێتە بەرچاو، ترسێك رۆدەچێتە گیانی و بە نیگەرانییەوە سەیری باپیرەم دەکاو دەڵێ:

- بۆ نا؟ ئێستا وەختییەتی!

ئاغا بێئەوەی هێندە رووبداتە عەزە، بە سەری زاریەوە پێیدەڵێ:

- وەڵام نەدانەوەی ماڵی رەیحانە بە رای تۆ عەزیز چ مانایەك دەگەیێنێ؟

عەزە رووی لە باوکی وەردەگێڕێ و بە جۆرێك سەیری باپیرەم دەکا وەك ئەوەی شتێك لە چاوەکانیدا بخوێنێتەوە، یان هۆی وەڵام نەدانەوەکە بە باپیرەم گوترابێ، لەبەر ئەوە خۆی پێناگیرێ و رووی قسەکانی لە باپیرەم دەکاو دەڵێ :

- بابە، مام عوسمان باشتر دەزانێ!

ئاغا لەپڕ لە سەر کورسییەکە هەڵدەستێ وەك ئەوەی لە ژێرەوە شتێك پێوەیبدا، پێدەچێ قسەکەی عەزە کاری زۆری تێکردبێ، یەکسەر کورسییەکە جێدهێڵێ و کەمێك لە وان دوور دەکەوێتەوە، بە تووڕەبوونێکەوە لە عەزە دەڕوانێ و بەسەری زاریەوە دەڵێ:

- ئەو نازانێ، مەگەر ناتناسم عەزە!

عەزە خۆی وا نیشاندەدا کە لەو مەسەلەیەدا ئەو هیچ تاوانێکی نییە، لە پڕ زەینی بۆ شتێ دەچێ وەك ئەوەی نهێنییەکی دۆزیبێتەوە خێرا وەڵامی باوکی دەداتەوەو دەڵێ:

- بابە، ئەوان کێیان هەیە لە دوامان بنێرن؟ دایك و باوکێکن ئەویش نەخۆشن!

ئاغا زۆر بە خێرایی بە رووی عەزەدا دەتەقێتەوە، باپیرەم هەستدەکا کێشەیەکی لە نێوان کوڕو باوکدا ناوەتەوە، دەیەوێ دۆخەکە هێمن کاتەوە، بەڵام سوودی نابێ، چونکە ئاغا تازە بۆی دەردەکەوێ، کە ماڵی رەیحانە ئەوە نین لە بەرامبەر داخوازییەکانی ئەودا مل نەدەن، رقێك بە هەموو گیانی ئاغا هەڵدەگەڕێ، هەستدەکا تەنێکی قوڕس بەسەر جەستەیدا پەخش دەبێت و دەروونی وێران دەکا، دەگەڕێتەوە لای باپیرەم، دەیەوێ شتێك بڵێ، بەڵام ناتوانێ و روو لە عەزە دەکاو چاوی دەنێتە نێوچاوی، ماوەیەك بێدەنگ دەبێ، وەك ئەوەی بیەوێ ئەوەی لە دەروونیدایە لە نیگاکانیەوە دەربیبێنێ، پاشان دەستێکی دەخاتە سەر شانی و بە بێزاربوونێکەوە پێی دەڵێ:

-ئەو ئیهانەکردنە لە تۆی دەزانم عەزە!

***

وەك ئەوەی باپیرەم بۆی گێڕامەوە ، ئاغا بە نهێنی لە دوای رەیحانە دەنێرێ و لەبەرچاوی باپیرەم داوای لێدەکا کە شوو بە عەزیز ئاغای کوڕی بکا ، رەیحانە زۆر بە ڕێزەوە بێئەوەی تۆزقاڵێك ترس بە دیمەنیەوە دیاربێ ، روو لە ئاغا دەکاو دەڵێ :

- ئاغا من خۆم بە قابیلی کوڕەکەت نازانم !

ئاغا بەو قسەیە دڵگران دەبێ و بە سەرسوڕمانەوە وەك ئەوەی رەیحانە بێحورمەتی پێکردبێ ، روو لە باپیرەم دەکاو دەیەوێ شتێك بڵێ ، بەڵام ئاڕاستەی نیگاکانی

دەگوازێتەوە سەر رەیحانەو بێئەوەی توڕەبوونەکە لە سیمایدا دەرکەوێ ، لە رەیحانە نزیك دەبێتەوەو بەتوانجەوە دەڵێ :

- یان کوڕەکەم بە قابیلی خۆت نازانی ؟!

رەیحانە هیچ خۆی تێکنادات ، لەسەرخۆ وەڵامی ئاغا دەداتەوەو دەڵێ :

- نەخێر ئاغا ئێوە گەورەی ئەم شارەن ، عەزیزش کوڕی پیاوێکی وەك تۆیە ، رێزم بۆی هەیە ، بەڵام من لە خانەوادەیەکی هەژارم ، لەگەڵی ناگونجێم !

ئاغا پێنەدەچوو بۆ ئەوە بانگی رەیحانەی کردبێ بۆ ئەوەی قەناعەتی پێبهێنێ شوو بە عەزیزی کوڕی بکا ، دەنا ئەگەر بیویستایە دەیتوانی قسەی زۆر توند بە رووی رەیحانەدا بدا . وەك باپیرەم پێمی گوت ، ئاغا هەر خۆی ئەوەندە کەیفی بە کوڕەکەی نەدەهات ، بۆیە لەوە زێتر پێ لەسەر قسەکانی داناگرێ ، دواجار روو لە باپیرەم دەکاو وەك ئەوەی بیەوێ کۆتایی بەو دانیشتنە بێنێ ، داوای لێدەکا رێگایەك بۆ دوورکەوتنەوە لەو کێشەیە بدۆزێتەوە ، باپیرەشم بیردەکاتەوە کە هەر لایەنگیریەك بۆ ئەو یا ئەم بە قورس لەسەری دەوەستێ ، بۆیە ناچارە بڵێ :

- دوا بڕیار لە دەست تۆیە ئاغا .

ئیدی رەیحانە لەو رۆژەوە لە خۆشترین ساتەکانی ژیانیدا دەژیا ، وەك خۆی واتەنی لە دەست عەزیایەکی حەوت سەر قورتاری بووە ، بەڵام ئەو عەزیایە ژیانی لەمن کردبوە جەهەنەم ، رۆژانە خۆیی و چەند چەکدارێك بەبەر دەرگەیماڵمانەوە تێدەپەڕین ، خەڵکی کۆڵانەکەیان لە زەواق نابوو ، چەند جارێکیش نیوە شەوان هەر لە کۆڵانەکەمان بە ئانقەست تەقەیەکیان دەکردو بە خێرایی ئەو ناوەیان جێدەهێشت ، ئەوەی راستی بێت ئێمەیان هەراسان کردبوو ، من زۆر لەوە دەترسام ئەو بەزمەش بە رەیحانە بکرێ ، بەڵام عەزە گوڕوو لە هەموو ئەو تەشقەڵانەیدا کە بە منی دەکرد ، رۆژێك نەمبینی و نەمبیست توخنی رەیحانە بکەوێ ، عەزە لەو رەفتارەیدا زۆر پیاوانە دەرچوو ! من لەو ماوەیەدا هەوڵمدەدا خۆم لە شەڕەکانی عەزە بەدوور بگرم ، لەگەڵ رەیحانەش وا رێککەوتبووم ، کە جارێ نەچمە داخوازی، نەبادا ئاغا وای

لێکبداتەوە ، کە ئەو هەڵوێستەی رەیحانــە پیلانێــك بــووە دژ بــەوان و لــە باپیرەشــم بکەونە گومان .

عـەزە گوڕوو لە هەڕەشەو تۆقاندنی من بـەردەوامبوو ، پێدەچـوو بڕیـاری ئـەوەی دابێ ، کە بە هـیچ شـێوەیەك دەسـت لـە رەیحانــە هەڵنــەگرێ و منــیش لــە قــافی تەنگەتاویدا بهێڵێتەوە ، تا گەیشتە ئەوەی رۆژێکیان بەم چاوانەی خـۆم بینــیم کــە چۆن بە مەبەستی کوشتنم لە بەر دەرگەی ماڵەکەمان گوللەیەکی پێوەنام ، منیش بۆ ئەوەی خۆم لە تەقەی گوللەیەکیکە دوورخەمــەوە تــا هێــزم تیــابوو خــۆم کێشــا بــە دەرگەی حەوشەکەمان ، لەبەر خۆفڕێدانەکەم و خۆ بــە دەرگەدادانەکــەم ، دەرگاکــەم خستە سەر پشت و هاوارێکی سەیریش لە گەروومەوە دەرچوو ، دەستبەجێ دایکــم و براگەورەکەم دەرپەڕینە دەرەوە ، گەیشتنە سەر سەرم ، دایکم بە لەخۆدان و هاوارەوە لێمهاتە پێش ، من بێئەوەی فزەیەکم لێوەبێ ، لەسەرخۆ هەڵسامەوەو خۆم داتەکانــد ، دایکم و براکەم پێکەوە گوتیان :

-چی بووە سەرمەد ؟!

-هیچ ئەوە دیسان عەزە گوڕووە ، حەیوانی دەست نەکەوێ تەقە لە ئینسان دەکا!

براکەم بە حەپەساوی بە دەوری مندا سووڕایەوە ، دیاربوو دەیەویست لەوە دڵنییا بێ گوللەکەم پێکەوتووە یان نا ، هەسـتم کـرد رقێکـی زۆر بــە ســەر دەموچـاویەوە جێگیربوو ، پەنجەکانی دەستی وێکدەهاتنەوەو وەك ئەوەی خۆی بۆ شەڕێك ئامادە بکا ، دەستەکانی گرمۆڵە بوون ، لەپڕ بێئەوەی وشەیەك لە زاری بێتە دەر لە ئێمــە دوور کەوتەوەو بۆی دەرچوو ، هەر چەند من و دایکم لێیپاڕاینەوە نەچێتە دەرەوە ، سوودی نەبوو ، ناچاربووم منیش دایکم جێبهێڵم و بە دوای ئەودا رابکەم ، وا هاتە بەر چاوم دوای کەمێکیکە کارەساتێکی گەورە روودەدا ، خودایە خەلیلی بـرام گەرکیــەتی بــۆ کوێ بچێ ؟ لەو دەمە حەزم دەکرد بڕێك ئازایەتی براکەمم هەبوایە ، تــا بمتوانیبایــە بە پێش ئەو بکەوم و بە دەستی خۆم تۆڵەم لە عەزە کردبایەوە ، بەڵام نەءئــەوەی بــە براکەم دەکرێ قەت بە من ناکرێ ، ئەو وەك دەڵێن عەزەی جوجکە ترسـێن کردبــوو !

باوەڕ ناکەم لە شارەکەماندا کەسێك هەبووبێ دەرەقەتی عـەزە هـاتبێ ، ئـەو کـوڕە تەنیا لە بەرامبەر براکەمدا زمانی نەدەگەڕا ، کەس لە ئێمە ئێستاشی لەگەڵـدا بـێ لەو لوغزە تێنەگەیشت ، ئەو نهێنیە بەلای ئێمەوە ئەوەندە بایەخی نەبوو ، گرنگ بۆ ئێمە ئەوە بوو ئەو کاتانەی عەزە بیویستایە غەدرێکمان لێبکاو براکەشم لەوێ بوایـە ، ئەوە دەبووە جەژن بۆ هەموومان ،عەزە لەو کاتانەدا دووسێ جوێنی موسـتەحەقی دەخوارد ، خۆ ئەگەر دەستی لە یەکێ وەشاندبا ، ئەوە براکـەم رەحمـی پێنـەدەکرد و دەبوایە عەزە ئەوێ جێبهێڵێ ، لە دواییدا بە خۆیی و دوو چەکدار بگەڕێتەوە .. مـن ئەوجارەش لەوە دەترسام خەلیلی برام لەهیچ شتێك نەگەڕێتەوە ، دەمزانی تـا عـەزە نەبینێتەوە ، دڵی ئاو ناخواتەوە ، نازانم ئەو برایەم چ سیحرێکی لێـدەکردو لەوپـەڕی ناخۆشی و شەڕەکانیاندا نەیدەهێشت عەزە دەست بـۆ دەمانچـەکەی بـەرێ . بـۆمن هێندە ئاسان نەبوو ئەو رقی تۆڵەسـەندنەوەیە لـە دەروونـی براکـەم دەربهێـنم ، یـان هەرنەبێ بە رێگاوە کەللە گەرم و هەڵچووەکەی سارد بکەمـەوە ، مـن کـە براکـەمم بینی بە ئاڕاستەی ماڵی ئاغا بە گردەکە سەردەکەوت ، زانیم گەرکییەتی ئاغـا لـەو هەڕەشە جیددییانەی عەزە ئاگادار بکاتـەوە ، بـەڵام پرسـیارەکە ئـەوەبوو کـە چـۆن دەتوانێ وا بەئاسانی ئاغا ببینێ ، ئەوە بینیشی ، خەلیل چۆن دەتوانێ بە رووی ئاغا هەڵشاخێ و شکایەت لە عەزە بکا ؟ قابیلە لەوە زیاتری پێبڵێ کە عەزە بێحورمەتی بە خەڵکی ئەم شارە دەکاو بێ هیچ هۆیەك تەقەیان بە سـەردا دەکـا ؟ باشـە ئەگـەر ئاغا وتی ( خەلیل تۆ چ هەقێکت بە سەر ئەو خەڵکەوە هەیـە بـۆ تـەنیا تـۆ هـاتی شکایەت دەکەی؟) ئەو کات خەلیل ناچار دەبێ بە ئاغا بڵێ (ئاخر لـە بـەر دەرگـەی ماڵی ئێمە تەقەی لە سەرمەدی برام کردووە )ئاغاش هەقیەتی بپرسێ (بۆچی عـەزیز تەقە لە سەرمەد دەکا؟!) ئیدی هەموو شتەکان تێکەڵوپێکەڵ دەبن،ئاغا بە پێویستی دەزانێ لە دوای باپیرەم بنێرێ ، لە کێشەکە بکۆڵنەوە،ئاخیرەکەی دەگەنە ئەو ئەنجامە کە عەزە کێشـەی لەگـەڵ مـن هـەبوە دەنـا بـۆ تەقـەم لێـدەکا ؟ کەواتـە هـەموو نهێنییەکان ئاشکرا دەبن ، ئاغاش بۆی دەردەکەوێ کە ئەو گۆبەنـدە لـە بـن سـەری

باپیرەم بووە !خودایە چۆن بگەمە خەلیل ؟ کورە خەلیل ،بۆخاتری خوا بگەڕێوە ! نا باوڕناکەم گوێی لە هیچ مەخلوقێکی ئەم شارە بێ ، ئێستا دەزانم ئەو تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر عەزە ببینێ دەمانچەکەی لێبسێنێ و بیداتە دەست باوکی و پێیبڵێ (ئاغا لەبەر خاتری تۆ هیچم لێنەکرد ، ئەمەش دەمانچەکەی،بۆ ئەوەی باوەڕ بکەیت،کە دەمتوانی هەقی ئەو تەقەیەی کە لە برامی کرد ،بسێنمەوە !) خەلیل نازانێ ئاغا هەست بە چ ئیهانەیەکی گەورە دەکا ..

***

پاش ئەوەی ئاغا بۆی روون دەبێتەوە کە عەزەی کوڕی بۆتە مایەی سەرئێشە بۆی، ئیدی ئۆقرەی نامێنێ و لەبەر چاوی باپیرەم بانگی عەزە دەکاو پێیدەڵێ (ئەو خەڵکە بۆ هەراسان دەکەیت ، دەتەوێ لە رقی ئێمە هەموویان ببنە پێشمەرگە ؟!) عەزە ناچار دەبێ سوێند بە سەری باپیرەم بخواو بەڵێن بدا کە چیتر کاری وا نەکا. من لە دواییدا لە براکەمم بیست، کە ئەو کاتەی ئاغا چاوی بە خەلیلی برام دەکەوێ یەکسەر پێیدەڵێ:

- دەزانم بۆ شکایەت هاتووی ، ئەوە بۆ من لێگەڕێن !

باپیرەم بۆمی گێڕایەوە کە جگە لە خەلیلی برام چەند کەسێکیکەش لە بەرامبەر ئەو رەفتارەی عەزە گلەییان لە ئاغا کردبوو ، ئاغاش بۆ رازیکردنی دڵی خەڵکەکە بە هەموویانی گوتبوو (بۆ منی لێگەڕێن !) ئەو کاتەی ئاغا لە عەزە دەپرسێ ( کوڕم بۆ وا دەکەیت ؟!) عەزە نازانێ چۆن وەڵامی باوکی بداتەوە ، باپیرەم بۆ دوورخستنەوەی ئەسڵی کێشەکە ، یەکسەر روو لە عەزە دەکاو دەڵێ:

- ئەگەر نیشانیش دادەنێنەوە ، بڕۆنە دەرەوەی شار !

عەزە بەو قسەیەی باپیرەم لە کێشەکە رزگاری دەبێ ، لە دوایشدا زۆر سوپاسی باپیرەم دەکاو بەڵێن دەدا کە چیتر کاری وەها نەکا ، بەڵام لە هەر کوێیەك چاوی

بەمن کەوتبا مۆڕەی لێدەکردم ، دەتوت بابە کوشتەی ئەوم ، هەر کەس لەو دەمە بیدیبایە رقێکی زۆری لە چەهرەی بوغزاویدا دەبینی ، من بۆ خۆم وا هەستم دەکرد ، عەزە بەردەوام لە کەمینێکی ئەبەدیدایە بۆ لەناو بردنی من ، هەقم بوو وا بیربکەمەوە ، چونکە بۆ جارێکیش بێ ئەو رۆژە کە گوللەی پێوەنام ، مردنی نیشان دام ، لەوەش زیاتر بە یەکێ لە چەکدارەکانی پێڕاگەیاندبووم کە هەر دەبێ دەست لە رەیحانە هەڵگرم و بە خەونیش بیری لێنەکەمەوە. ئەو ترس و تۆقاندنەی کە عەزە بۆی خولقاندبووم وایلێکردم لەگەڵ رەیحانە رێکبکەوم کە تا ساڵێکیکە باس لە خوازبێنی ئەو نەکەم ، بۆ ئەوەی وا لە عەزە بگەیێنم کە ئیدی هەقم بە سەر رەیحانە نەماوەو خەریکی ژیانی تایبەتی خۆمم. لەو ماوەیەدا هەر لەو قوتابخانە سەرەتاییە دامەزرام کە خۆم تیایدا خوێندبووم ، ئەوەی کە بۆمن زۆر ناخۆشبوو دووبارەبوونەوەی هەندێك لەو چەهرانە بوون ، کە لە کاتی خۆیدا زۆریان ئەزیەت دابووم ، بەڵام چارەم نەبوو دەبوایە خۆمیان لەگەڵ بگونجێنم و بەسەر خۆمی نەهێنم ، زۆرم هەوڵدا ژیانێکی ئاساییان لەگەڵدا ببەمە سەر وباس لە رابردوو نەکەم ، کەچی ئەوان هەر کە زاریان دەکردەوە سەردەمی منداڵیمیان بەبیر دەهێنامەوە، زۆر جار لەگەڵ گێڕانەوەی هەندێ یادگاری کۆن پێکەنین دەیگرتم ، بە هەندێ قسەش برینە کۆنەکانم دەکولانەوە و هێندە نەدەما بگرییێم ، ئاخر رۆژانە بەزمی جارانم بە چاوی خۆم دەبینیەوە، بە هەمان شێوەی جاران، ئەو مامۆستایانەی کە ناوبانگیان بە تۆقێنەرو زەبروەشێن دەرکردبوو، بە شانازیەوە بۆیان دەگێڕامەوە کە چۆن دەستو پەنجەی قوتابییەکانیان شین و مۆر کردووە، جاری وا هەبوو، گلەییان لە یەکتر دەکرد کە چۆن مامەڵەی توندتریان لەگەڵ قوتابییە شەڕاویەکان نەکردووە، من بۆخۆم زۆرم هەوڵدەدا دەست لە هیچ قوتابییەك نەوەشێنم، کەچی مامۆستاکان سەرزەنشتیان دەکردم و زۆرجاریش گاڵتەیان بەو رەفتارەی من دەهات، بە ئاشکرا پێیان دەوتم "ئەگەر وا بڕوا نەك هەر دەبیتە قەشمەرجاری قوتابییەکان، بەڵکو مامۆستاکانی دیکەش لەبەر چاوی قوتابییان بێحورمەت و رەزاقورس دەبن."خۆ بەڕێوەبەر لە یەکەم رۆژی دەستبەکاربوونمدا ،

پێیوتم "خۆت دەزانی لە هەر قوتابخانەیەك، کەسانی هەمەجۆر هەن، من نالێم هەموویان خراپن، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم زۆربەیان لە هەناویاندا گەرای شەیتانیان هەڵگرتووە !" من لەیەکەم رۆژی دەستبەکاربوونمدا وەك مامۆستایانی دیکە بەلای ئەو دارحەیزەران و مازووانە نەچووم کە وەك ریزە تفەنگێك بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون ! یەکسەر رووم لەو ژوورە کرد کە لەوێدا دەرسگوتنەوەم هەبوو، ئەو کاتەی چوومە پۆلەکە سەر لەبەری قوتابییان بە سەرسوڕمانەوە لە هەردوو دەستمیان دەڕوانی، زانیم من شتێکم کردووە لە عورفی قوتابخانە بەدووره، دوایی ماوەیەك لە وانە گوتنەوەکانمدا بۆ یەکەمجار لە قوتابییەك تووڕە بووم بەڵام هەستمکرد لە چاوەکانی مندا هیچ رقێك بەدیناکا، بۆیە بێدوودڵی و نیگەرانی لە شوێن خۆی دانیشتەوە، قوتابییەکی دیکەم هەڵساند بۆ ئەوەی سەبوورەکە بسڕێتەوە، کەچی کڕوبێدەنگ لە شوێن خۆی وەستا، من سەرەتا وامزانی کەڕو لاڵە، لێینزیك بوومەوە، ویستم قسەیەك بکەم، لەپڕ کۆمەڵە قوتابییەك پێکەوە وتیان "مامۆستا باوەڕی پێمەکە، درۆ دەکا!" لە دوڕ چاوی قوتابییەکە رامام، بێئەوەی تۆزقاڵێك توڕەبوونم پێوە دیار بێ، لەسەرخۆ دەستم بە سەری داهێناو دەمم بردە بن گوێچکەیی و وتم:

- بۆ ناتەوێ سەبوورەکە بسڕیتەوە ؟

جارێکیکە قوتابییان کردیان بە هەڵڵا، تەزووی تووڕەبوونێك بە گیانمدا هەڵگەڕا، بە چاو تێمگەیاندن کە نامەوێ گوێم لە دەنگی هیچ کەسێك بێ، هەوڵێکیکەم دا بۆ ئەوەی لە قوتابییەکە تێبگەم بۆچی نایەوێ سەبوورەکە بسڕێتەوە، ئەوەندەم زانی لە پڕمەی گریانی دا، گریانەکەی هێندە بە سۆز بوو، هەر لەوە دەچوو چاوەڕێی فریادرەسێ بکا، دەسەسڕێکم دەرهێناو فرمێسکەکانیم سڕینەوە، لەو دەمە قوتابییەك بێئەوەی رەزامەندی من وەرگرێ، هەڵساو دەستی دایە مساحەکەو سەبوورەکەی سڕیەوە، سەرەتا ویستم رێگەی لێبگرم، بەڵام دەمم گیرا، دواتر بزەیەکی بۆ کردم منش ناچار بووم بە ئیشارەت سوپاسی بکەم، ئەو قوتابییەش کە نەیویست سەبوورەکە بسڕیتەوە، بە هێمنی و تێکەڵ بە هەنسکی گریان پێمی وت:

- مامۆستا ئەمن بە تۆزی تەباشیر هەناسەم دەگیرێ!

کە قوتابییەکان گوێیان لەو قسەیە بوو، هەندێکیان قاقا پێکەنین، بە دەست خۆم نەبوو، تا هێزم تیا بوو، مستێکم لە رەحلەی بەردەمی قوتابییەك داو پڕ بە دەمم هاوارم کرد:

- شەرم ناکەن؟ بەچی پێدەکەنن ؟!

پۆلەکە لە بێدەنگیدا نقوم بوو، دەتوت کەس لە ژوورەکەدا نەماوە، بەوەندەش نەوەستام یەکێکم لە قوتابییە هەرە بزێوەکان هەڵساندوو لەلای سەبوورەکە وەستاندم، داوام لێکرد لەسەر یەك قاچ بوەستێ، ئەویش قاچێکی بەرزکردەوە، بەڵام هەر زوو بەلادا کەوت و رمبەی لێوەهات، ئەو دیمەنە وای لە هەمووان کرد جارێکیکە پۆلەکە نوقمی هاوارو پێکەنین بکەن، رقێك کە لەوە دەچوو رەگو ریشەیەکی کۆنی لە دەروونمدا هەبووبێ، لە قووڵایی جەستەمدا هەڵکشایە سەرێ، بە هیچ شێوەیەك نەمتوانی رێگری لێبکەم، بە رادەیەك کەللەیی بووم، خۆم پێڕانەگیراو هەردوو دەستم خستە سەر پشتەملی قوتابییەك، وەك بلێی بمەوێ تەواوی پەنجەکانم بە نێو گۆشت و ئێسکیدا ببەمە خوارێ، بە سووکوسانایی بەرزم کردەوە، زللەیەکی وام لە پەنا گوێی دا، یەکراست لەگەڵیدا کەوتە بن رەحلەکە، ئەو کات هەستم بە سوکناییەك کردو بە تیلەی چاوێکیشم لە ئەوانیکە رامام، نازانم بۆ حەزم دەکرد زیاترو زیاتر سەرو پۆتەلاکی قوتابییەکە بدەمە بەر شەپازللەو کۆڵە مستان؟! هەمان ئەو دیمەنانەم دەهاتنە بەر چاو ، کە چۆن لە کاتی خۆیدا مامۆستاکان ئەو بەزمەیان بەمن دەکرد ، هەستم کرد هەردوو چاوم پڕ بوون لە فرمێسك ، لە حەژمەتان دەرگای پۆلەکەم کردەوەو ئەوێم جێهێشت .

***

حەزم نەدەکرد لە ژووری مامۆستاکان باسی ئەو رۆژە بکرێ کە لە قوتابییانی پۆلی سێ توورِ بووم و یەك دووانێکم سزا دان ، نازانم چۆنیان بە مەسەلەکە زانیبوو، ئەوەی لە هەموویان زیاتر دەهری کردم ، مامۆستا (مەزەری سەرسپی) بوو ، دەتوت لە هەموو ژیانیدا خەبەری وا خۆشی نەبیستبوو، وەك هەرزەکارێك لە بەر دەمم وەستاو چەند جارێك بە دەوری خۆیدا سوورِایەوەو هەر بە هەناسە هەڵهەڵەیەکی لێداو دواتر کەمێك بۆم چەمیەوەو پەنجەیەکی لە چەناگەم خشاندو بە تەوسەوە وتی :

- ئەمرِۆ لە زاوایەکی بە غیرەت دەکەی !

هەستێکی سەیر هەموو گیانمی داگرت ، هەر لەوە دەچوو بە زۆر لە شوێنێك ئاخنرابم و نەتوانم بچمە دەرەوە ، خۆم وا دەهاتە بەرچاو وەك ئەوەی کێشم لە جاران زۆر زیاتر بێ ، ویستم هەڵسم و ئەوێ جێبهێڵم ، بەڵام مامۆستاکە هەستی بە بێزاری من کردو بە نەرمی دەستێکی خستە سەر شانم و پێمیوت :

- عادز مەبە مامۆستا ، بە راستی ئێستا دڵمان خۆشە !

خەریکبوو قسەیەکی ناشیرن لە دەمم دەرچێ، بەڵام توانیم دان بە خۆمدا بگرم ، لەو دەمە بەرِێوەبەر هاتە ژوورەوە، بێئەوەی سلاوەمان لێبکا، یەکسەر رووی لە من کردو وتی:

- مامۆستا سەرمەد ، عەیاری قوتابخانەکەمانت تێکدابوو ، باشبوو راستت کردەوە!

من زۆر بە باشی لە هەموو قسەو توانجەکانی ئەوان تێدەگەیشتم ، بیرم کردەوە ئەگەر قسەکانیان رەتبکەمەوە ، ئەی چ وەلامێکم بۆ ئەو توورِەبوون و سزادانەی ئەوێ رۆژێی قوتابییەکان پێیە؟ پێمباشتربوو هیچ شتێك نەڵێم، بەڵکو باسەکە دەگۆرِن و لە یەخەم دەبنەوە ، بەڵام نا، ئەوان وەك برِیاریان دابێ ئەو رۆژە بۆ من تەرخان بکەن ، هەرچی هاتە ژوور پیرۆزبایی لێکردم، دەتوت رۆژی لە دایکبوونمە، منیش ناچار بووم، یان باشتر وایە بڵێم وایانلێکردم وەلامی هەموویان پێکەوە بدەمەوە و بڵێم:

- ئەگەرچی من دەستووری ئێوەم بەجێهێنا ، بەڵام هێشتاش باوەرِم پێی نییە !

بەڕێوەبەر وەك ئـەوەی بـەو قسـەیەی مـن زەبرێكـی قوڕسـی پێكـەوتبێ ، بـە هەڵچوونێكەوە  لە شوێن خۆی هەڵساو بازنەی چاوەكانی وێكهێنانەوە و بـە هێمنـی لێمنزیك بۆوەو وتی:

- تۆ عەسكەریت كردووە ؟!

منیش بە بزەیەك و مێشكێكی ساردەوە وتم :

- نەخێر مامۆستا ، لە فەحسكردنەكان دەرنەچووم !

كە ئەو وەڵامەم دایەوە ، بینیم هەر هەموویان گوێ قوڵاغ بوون ، بەڕێوەبەر خێرا وتی:

- سەلامەتە ، چیت بوو؟

تازە زانیم ئەوەی نەدەبوایە بیڵـێم ، دركانـدم ، كـە بەڕێوەبـەر ئـەو پرسـیارەی لێكردم ، وامزانی لە ژوورێكی دادگـا دانیشـتووم و كەسـێك لێكۆڵینـەوەم لەگەڵـدا دەكا، بەبی مەبەست هەڵسامە سەرپێ و وتم:

- هەردوو پێم فلاتن، ناتوانم نە زۆر بە پێوە بوەستم و نە زۆریـش بـڕۆم، بڕبـڕەی پشتیشم كەمێك خوارە !

بەڕێوەبەر وەك ئەوەی سەری لەو شتانە دەرچێ، برۆكانی هەڵتەكانـد و (ئمێكـی) درێژی لە دەم دەرچوو، پاشان بە پێكەنینەوە دەستێكمی راتەكاندو پێمی وت:

- ئەوە خەتای كورسییەكانی قوتابخانەكەمانە!

منیش بۆ ئەوەی بەڕێوەبەر قسەكەم بە پلار تێنەگا ، زۆر بە سادەیی وتم :

- بەڵام كورسییەكان خوار نەبوون.

- خۆ بە تەمانیت ئێمە بە خوارو خێچ لە قەڵەم بدەی ؟!

هەستمكرد ئەگەر درێژە بە قسەكانم بـدەم سـنووری ئـادابی نێـوان مامۆسـتا و بەڕێوەبەر دەبەزێنم ، ناچار بووم شێوەی قسەكردنم بگۆڕم و پێیبڵێم:

- ببوورە مامۆستا خەتا لە هیچیەكمان نییە.

ئەویش وەك ئەوەی بیەویَ فـەزای دانیشـتن و گفتوگۆکانمـان ئاسـایی بکاتـەوە ، جارێکیکە دەستمی گرت و کەمێك رایگوشی و بەر لەوەی بچێتە دەرەوە وتی :

- گرنگ بە دەستی سارد نەچینە پۆلەکانەوە !

لەو دەمە زەنگی چوونە ژوورەوەی قوتابییان لێدرا . من ئەو رۆژە لە پـۆلی سـێ وانەی حسابم هەبوو ، هەر کە چوومە ژوورەوە چاودێری پۆلەکە دوو قوتابی نیشـاندام کە بە شەڕە شەق دەموچاوی یەکتریان سوور هەڵگەڕاندبوو ، هێشتا قسەیەکم لـە دەم دەرنەچووبوو ، هەردووکیان پێکەوە دەستیان کرد بە گریان ، هەر یەکەو ئەویدیکـەی تاوانبار دەکرد ، دەتوت لەو ژوورەدا تەنیا ئـەو دوو قوتابییـەی تیایـە ، هـەموویان چاوەڕێی ئەوە بوون کاردانەوەی من ببینن ، چاوێکم لە چاودێرەکە کرد ، دیاربوو ئەو لە مەبەستی من تێگەیشت، هەر زوو پێمی وت :

- مامۆستا ئەوانە هەردووکیان بران ، جمکەن !

کە دیقەتم لە چاوی هەردووکیان گرت ، ئەو کـات هەسـتم کـرد رەنگورووشـیان لەیەکتر دەچێ ، بۆ یەکێکیان دانەویمەوە ، هەوڵم دا وەك باوکێك قسەی لەگەڵدا بکەم ، قژی ئاڵۆزو تێکئاڵاویم بۆ رێککردەوەو بە سۆزەوە پێموت:

- ئێوە لەماڵەوەش شەڕ دەکەن ؟

بە ئیشارەتی سەر ( بەڵێ )ی پێوتم ، لەخۆمەوە بەزەییم بـەو برایـە هـات، هەردوو دەستم خستنە سەر شانی هەردووکیان و لە نێوەڕاستیاندا وەستامو پێموتن :

- کە شەڕ دەکەن کەس پێکتان دێنێتەوە ؟

یەکێکیان خێرا وتی:

- نە ، ئێمە کە بە شەڕ دێین باوکیشـمان لێمـان دەدا ، دوایـش خۆمـان ئاشـت دەبینەوە !

من بەو قسەیە دەیان دیمەنی منالێی خۆمم هاتەوە بەر چاو ، لە هەر کـوێی ئـەم دونیایە شەڕێکم بکردایە ، دەبوایە لە ماڵەوە یان لە قوتابخانە باجەکەم بدایە ، ئەگەر لەو شەڕانە سەرکەوتبام ، یان بدۆڕابام ، گرنگ نەبوو ، من دەبوایە سزای ئەو شەڕانە

هەر وەربگرم . لەگەڵ ئەوەشدا کە سەیری روومەتی یەکێکیانم کرد ، رووشانی چەند شوێنێکم بینی ، کە عەجولی و شەڕاویبوونی منالەکەی دەردەخست ، لە پڕ هەمان ئەو دەنگەی بەڕێوەبەر لەبن گوێم چرپێندرا "بە دەستی سارد ، نەچیتە ژوورەوە !"لە منالەکە کەمێك دوور کەوتمەوە ، لە تەنیشت سەبوورەکە وەستام ، بەبێدەنگی سەیری یەکە یەکەی قوتابییانی پۆلەکەم کرد ، بینابیم لەسەر ئەو قوتابییە لەنگەری گرت ، کە تا ئەو کات هەر بە پێوە وەستابوو ، هەناسەیەکی قوولم هەڵکێشاو بە خێرایی دەرمدایەوە ، یەکسەر گەڕامەوە لای منداڵەکە و هێندێك جدییەتم لە قسەکانم نیشانداو لەسەرخۆ پێموت :

- ئەگەر چیدیکە لێرە شەیتانی بکەن ، ئەوە منیش وەك باوکتان لێتاندەدەم ! تێگەیشتن ؟

هەردووکیان زۆر بە نەرمی سەری رەزامەندییان بۆم جوولاندەوە ، کەچی لەولاوە چاودێری پۆلەکە هەڵسایەوەو پێمیوت:

- مامۆستا هەر زەنگ لێبدا دیسان بەشەڕ دێنەوە!

***

ئەو رۆژە ئەگەرچی زۆریش نائارام و بێتاقەت دەهاتمە بەرچاو، بەڵام هەر دەبوایە بۆ شەوەکە رەیحانە ببینم، ناڕەحەت بوونەکەم ئەوەبوو کە بەیانییەکەی لە قوتابخانە شەپازللەیەکی خراپم لە قوتابییەك داو خوێن لە هەردوو لووتیدا فیچقەی کرد، خۆیشم نازانم بۆ بەو شێوەیە دەستم لێوەشاند، گوناحی ئەو منداڵە ئەوە بوو تەنیا لە کاتی دەرس وتنەوەدا جوێنێکی بە هاوەڵەکەی تەنیشت خۆی دا، منیش لە جیاتی ئەوەی لێی تووڕە بم زللەیەکی توندم لێدا، لەدوایشدا زۆر ناڕەحەت بووم وپەشیمان بوومەوە، هەر خۆیشم بردمە دەرەوەو دەموچاوم شوشتو خوێنپژانەکەیشم وەستاند، کە چوومە ژووری مامۆستاکانیش بێئەوەی تۆزقاڵێك بەسەر خۆمدا زاڵبم، لە هیچ و خۆڕایی لەگەڵ مامۆستا مەزەری سەرسپی کەوتمە دەمەقاڵێیەکی بێمانا، نەمن

دەمتوانی قەناعەت بەو بێنم نە ئەو دەیتوانی قەناعەت بە من بێنیٚ، گرفتەکە ئەوە بوو خۆی لە هەموو کەسێك پێزاناتر بوو، لەوەش خراپتر باسی هەر شتێکت بکردایە دەبوایە خۆی تێهەڵقورتێنیٚ و شەکرێکی بۆ بشکێنیٚ. ئەو رۆژە بێئەوەی ناوی شارەکەمان بهێنم هەر لەخۆیەوەو بەبیٚ ئسوڵی پرسیارێکی رووبەڕوو کردمەوەو وتی "تۆ دەزانی ناوی ئەم شارە لەچی هاتووە؟"منیش بۆ ئەوەی خۆم لە وەڵامدانەوە نەدزمەوە لە سەرخۆ وتم "تا ئێستا بۆ کەس یەکلا نەبۆتەوە" سەیرم لێهات دەتوت فیشەکە شێتەبوو، بە هەنگاوی خوارو خێچ رووبەڕووم هات، وەك ئەوەی مژدەی هەواڵێکی خۆشم پێبدا پێمیوت:

- بێئاگا لە دونیا، عومرێکە لەم شارەیت، ئێستاش نازانی لە کویٚ دەژی !

من خەریکی ئەوە بووم وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە، کەچی ئەو نەك هەر رێگەی لە کرانەوەی دەمم گرت، بەڵکو بە چاوێکی پڕ لە قین و بە زمانێکی بەدەر لە دۆستایەتی پێمیوت:

- سەرمەد تۆ شارەزاییت لە جوگرافیاو مێژوو نییە، بۆیە ناتوانیت قسە لەبارەی ئەو بابەتانە بکەیت !

بەو قسەیە دەتوت مستێکی ئاسنینی لە کەللەی سەرم دا، چونکە من دەمزانی ئەوپرسیارەی، نەك هەر بۆ شکاندنەوەی من بوو بەڵکو بۆنی خۆدەرهێنانی لێدەهات ، لە دواییشدا هەر خۆی لە جیاتی من وەڵامی دایەوەو وتی :

_ (رەواندز ) لە رەوان + دز ، واتە( رۆحی ترش)ەوە هاتووە ؟!

منیش ناچاربووم بە پێکەنین و گاڵتە پێکردنەوە بڵێم :

- ئەوە بۆییٚ ئێمە هەموومان کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستین دەموچاومان ترشاوە !! دیارە پێش نووستنیش لیمۆن دزی زۆر دەخۆین !

ئەوجارەیان بێئەوەی کەس پرسیاری لێبکا هەر لەخۆیەوە وتی (خەرەند) لە ( خەرە یا غەرە)وە هاتووە، واتە شوورە ! من هەقم بوو کەللەیی بم، چونکە ئەو شتانە بە عەقڵمدا نەدەچوون، هەر ئەوەشبوو چیدیکە حەوسەڵەی گوێگرتنم نەما، ناچاربووم

لەو قسانەی دواییدا روو لە دیوار بکەم، هەر وەکو ئەوە وابوو پێیبڵێم چیدیکە درۆیان مەکە، ئەویش لە مەبەستم تێگەیشت ، بۆیە بەو رەفتارەی من زۆر تێکچوو. مامۆستا مەزەر زۆر بە بێئەدەبی وەك هەرزەکارێك هات و قیت لە بەرامبەرم وەستا، من سەرەتا وامزانی گلەیی ئەوەم لێدەکا کە گوێ لە قسەکانی ناگرم، کەچی لەپڕ بەسەرمدا قیژاندی، هەر لەوە دەچوو بیەوێ ئازارێکی کۆن بە پڕەپڕ لە هەناویدا دەربێنێ:

- من کەسێکی ئەوەندە ناکەس بەچە نیم، کە قسەت بۆ دەکەم روو لە دیوار دەکەی!

کە سەیری دەموچاوی مامۆستا مەزەرم کرد دیمەنی باوکمم هاتە بەرچاو، خۆمم لێگۆڕاو بوومە منداڵە هەراشەکەی ئەو ئێوارانەیەی کە درەنگ دەچوومەوە ماڵو باوکم بە شوارکە دارێکەوە لە پشتی دەرگاکە دەوەستاو هەر کە دەرگاکەم دەکردەوەو یەکەم هەنگاو دەچوومە ژوورەوە، زرمەی لێوەدەهێنام، بە مست و پێلاق دایدەگرتم و بە شوارکە دارەکە حەسرمەیدانی دەکردم، پڕ بە دەمیش دەیقیژاند:

- خوێڕی بەڕەڵلا، تۆ هێندە ناکەس بەچەی، ماڵی خۆت پێنەزانییەوە؟!

ویستم مامۆستاکە هێورکەمەوەو تێیبگەیێنم کە هیچ شتێك رووی نەداوە، کەچی ئەو هەر بەردەوامبوو لەسەر قسەی ناشیرین و هەڕەشەی منالانە، لەو دەمە زۆرم حەزدەکرد مامۆستایەکی دیکە بێتە ژوورەوە، بۆ ئەوەی دەمی لە قسەکردن بکەوێ و باسەکە بگۆڕێ، من لەگەڵ خۆمدا بڕیارم دا بە هیچ شێوەیەك وەڵامی نەدەمەوە، بەڵام ئەو بەوەندە نەوەستاو دواجار پێمی وت:

- تەنیا عەزیز ئاغا دەتناسێ ، لەخۆڕا نییە ژیانی لێ تاڵکردووی !

هەر کە ئەو قسەیەی لە دەم هاتە دەر، هەستم بە ئیهانەیەکی زۆر کرد، وامزانی لە بەرامبەر یەکێ لە پیاوەکانی عەزە وەستاوم. ئەو پیاوەش ئاگاداری وردو درشتی پەیوەندییەکانی نێوان منو رەیحانەیە، هەموو ئەو ساتو رۆژانە لەبەر چاوم دووبارە بوونەوە، کە عەزە بە دەست و پێوەندەکانی هەڕەشەی بۆ دەناردم و جاروباریش

ئازاریان دەدام. مامۆستا مەزەر منی ناچار کرد بێدەنگ نەبم و بەتوندیش وەڵامی بدەمەوە:

- دیارە زەبری عەزەت تاقیکردۆتەوە، بۆیە منی پێدەترسێنی!

مەزەرە فەندی بەو قسەیە هەموو گیانی لەرزی، هەستم کرد لە شوێن خۆی رادەقەنێ، دەتوت دارێکەو بایەکی توند بە سەریدا هەڵدەکاو گەرەکییەتی لە بنوبۆتکەوە دەربیێنێ، ئەو کاتەی ئەو مامۆستایەم بەو شێوەیە بینی، بۆم دەرکەوت ئەو مرۆڤە پایەکانی بە عەرزەوە نین و هەر لەو باڵندە خەیاڵییانە دەکا کە بە ئاسمانەوە نێچیرەکانیان دەگرن و هەر بە هەواوەش دەیانخۆن.

❊❊❊

من ئەو رۆژە کە بڕیاربوو وەکو جاران شەوژوانی لەگەڵ رەیحانەدا بکەم، بۆ ئەوەم بوو پێیڕابگەیێنم کە چەند رۆژی دیکە دایکم دەنێرمە داخوازیو بە زووترین کاتیش دەیگوازمەوە، کەچی ئەو شەوە زۆریش چاوەڕێم کرد، هیچ ئەسەرێکی نەبوو، هەموو ئەو کاتەش کە لەوێ مابوومەوە وامدەزانی لەسەر ئاگر وەستابووم، لە چاوەڕوانیدا چاوەکانم رەشکەوپێشکەیان دەکردو گوێچکەکانم پڕدەبوون لە دەنگو سەدای نائاشناو هەندێجاریش ترسناك، بیرکردنەوەو خەیاڵەکانم هەمووی ناجێگیرو دڕدۆنگبوون، گومانم لەوە هەبوو کەسێکی ئاسایی بم، کە شوێنی ژوانەکەم جێهێشت، بە نیگەرانییەوە چوومە پشت دەرگای ماڵەکەیان، گوێچکەم بە دەرگاکەوە نا، دونیا کشومات بوو، تەنیا دەنگی تەنگەتاوی دڵم نەبێ هیچ شتێکم نەدەبیست، بەو شەوە وەك ئەوەی بە دوای شتێکی ونبوودا بگەڕێم، بە کوچەو کۆڵانەکانی ئەو دەوروبەرە هەڵدەگەڕام و شۆڕ دەبوومەوە، لە پڕ بە مێشکمدا هات، کە ئەگەر پیاوانی عەزە گوڕو منیان بینیبێ ئەوە لێناگەڕێن پێم بە ماڵەوە بکەوێتەوە، زۆریش ئاسانبوو بۆیان بوختانێکم پێبکەن، ئەوان هەموو شتێکیان لە دەست دەهات، من نەمدەویست وەکو

سەردەمی هەرزەکارییم بجوولێمەوە ، من جاران قوتابی بووم و ئێستا مامۆستام ، ئەگەر خەڵك ببینێ چ وەڵامێکیان بدەمەوە ، کێشەکە ئەوە بوو لەو گۆڕە کەسێکی دیکەم لە ناو قوتابخانە بۆ پەیدابوو ، پێدەچوو لەپەیوەندی نێوان من و ڕەیحانە ئاگادار کرابێەوە کێ دەڵێ ئەومامۆستا مەزەرەش هەر لە سەرەتاوە پیاوی عەزە گوڕو نەبووە ؟ بۆ نا ، هەموو شتێك دەبێ، ئەو کە ناوی عەزەی هێنا لە خۆڕا نەبوو، لەوانەبێ باسی شەڕەکەی ئەو ڕۆژەشی بۆ عەزە گێڕابێتەوە، عەزەش چەکدارێکی خۆی ناردبێ بۆ ئەوەی لە دوورەوە بە نهێنی چاودێری هەڵسوکەوتم بکا ، خۆ ئەگەر بەو شەوە گوللەیەکیشم پێوە بنێن و کەللەی سەرم هەڵبگرن، کێ دەزانێ بە دەستی کێ کوژراوم، کێ دەزانێ بۆچی لە خوێنیان گەوزاندووم ؟ ئەوە منیان کوشت، خۆ کەس لەگەڵ خۆم نابەمە ژێر گڵ، ڕەیحانەش ناتوانێ لەبەرچاوی خەڵك بۆم بگریێ، پێش هەموو کەسێکیش ئەوەی لەسەر گۆڕم ئامادە دەبێ، عەزە گوڕووە، سەیر ئەوەیە فاتیحەشم بۆ دەخوێنێ. ڕەنگبێ هەرسێ ڕۆژیش لە تازیەکەم دابنیشێ، دڵنیام هێشتا بە سەر چلەمدا تێناپەڕێ، عەزە جارێکی دیکە دەچێتەوە داخوازی ڕەیحانە، ڕەیحانەش وەك من بیناسم هەمان قسەی جارانی لە دەست دەنێتەوە، ئەو کات عەزە زیاترو زیاتر لەبەر چاوی باوکی سووك و ریسوا دەبێ، یان ئەوەتا لە حەژمەتان شێت دەبێ، یان خۆی دەکوژێ، بەڵام کێ دەڵێ ڕەیحانەش ناکوژێ؟ ئەو کە بیەوێ من بکوژێ بۆ لە کوشتنی ڕەیحانە سڵدەکاتەوە؟ ئەوجارە ئەگەر دڵنییا بێ من و ڕەیحانە بۆ یەکتر دەبین ، زەبرێکمان هەر لێدەدا ، بۆ ئەو، ئاسانترە خۆی بگەیێنێتە ڕەیحانە و شتێکی لێبکا ، نا ڕەیحانە نامەوێ هەر بە خەیاڵیش بیری لێبکەمەوە ، نازانم ئەو کوڕە چی دەوێ لە من و تۆ ، تۆڵەی کێمان لێدەکاتەوە ، بۆ ناچێ یەخەی کچێکی دیکە بگرێ ،ئاخر کەسێك منی نەوێ بۆ دەبێ هێندە بە دەوریدا بچم و بێم ؟ ڕەیحانە چیتر ناتوانم چاوەڕێ بم ، هەست دەکەم هەموو کوچەو کۆڵانەکای ئەم دەوروبەرە بوونەتە پیاوەکانی عەزە ، کە لە تاریکی ئەم شەوەدا ورد دەبمەوە ، چاوەزەق و ئەبڵەقەکانی عەزە دەبینم ، لەوە دەترسم ئەمشەو کارەساتێکمان بەسەر بێ ، لەو کاتەی باوەش لە یەکتر

وەردێنین بگەنە سەرمان ، هەر لە ئامێزی یەکتردا بمانکوژن ، نا تۆ نابێ بێیتە دەرەوە ، من هەر چییەکیشم بەسەر بێ با ببێ تۆ دەبێ بمێنیتەوە ، تۆ دەبێ شاهێدی ئەو تاوانە بیت ، کە عەزەو چەکدارەکانی دەیانەوێ ئەم شەو پیشانمی بەن ، ئەوە تەنیا تۆیت کە دەزانیت کێ بە دوای کوشتنی منەوەیە، کێ وایکرد بەردەوام لە بێئۆقرەییدا بژین، شەوانی ژوانییمان پڕبێ لە ترس و لەرز، خەونەکانمان پڕبن لە خوێن و دووربن لە خەندە. رەیحانە پێناچێ ئەمشەو بتوانین ئامێز لەیەکدی بگرین، لەوە ناچێ پێتبکرێ بە عاستەمیش دەرگای حەوشەتان بکەیتەوەو خۆتم نیشان دەی من ئەمشەو ناتوانم ئەو خەبەرە خۆشەت پێبڵێم ، کە بەیانی دایکم دەنێرمە داخوازیت ..

***

بە درێژایی ژیانم ئەوەی نەختێك هێوربوونەوەی پێدەبەخشیم و گرێ کوێرەکانی دەروونمی شل دەکردەوە، ئاوێنە بوو، لە ئاوێنەدا هەموو شتێکم دەبینی تەنیا خۆم نەبێ، روونتر بڵێم  هەر کە دەچوومە بەرامبەر ئاوێنە دەبوومە تارماییەك و بەس لەنێو تارمایی مندا ئەشکەوتێکی لە رادە بەدەر قووڵ و بێ کۆتایی دروست دەبوو، لە ماوەییێکی کەمدا هەموو ساتەکانی تەمەنمی بە چاوترووکانێك هەڵدەلووشی و بە نێو تونێلە تاریك و پڕ پەناو پێچەکانیدا دەگەڕاند، من ئاوێنەم وەك حەرەمی کڵێساکان دەهاتە بەرچاو، کە چۆن لە پشت پەنجەرەی ژوورێکی ئەو حەرەمەدا کەسێك دەوەستێ و ژیانە پڕ لە سەرەڕۆو گوناهەکانی خۆی بۆ قەشە دەگێڕێتەوە، ئاوێنەش بۆ من نهێنیترین و بێگرفتترین ئەو ئامرازە بوو، کە رۆژانە چەند جارێك لە بەرامبەری دەوەستام و دەردی دڵی خۆمم بۆ دەگێڕایەوە، ئەوەی حەزم لێبوایەو لە دەرەوە بۆم نەکرایە ئاوێنە رێی پێئەدام و گوێی لێدەگرتم، لەوە نەدەترسام کە قسەکانم لە شوێنکیکەدا ببیستمەوە، لە نێو ئەو دونیایە بێسنوورەدا دەرەقەتی هەموو کەسێك دەهاتم، دەمتوانی لە ساتێکی زۆر کەمدا ئەوەی بە دوای بەدبەختکردنی

مندا بگەڕایە بە ئارەزووی خۆم، هەر کوێی جەستەم بویستایە ئازارم پێدەگەیاند، هەر قسەیەك لە هەر کوێ و لەگەڵ هەر کەسێ نەمتوانیبایە بیکەم لە بەرامبەر ئاوێنــەدا دەمکرد، من زۆر جار عەزە گوڕوم لە نێو ئاوێنەدا دادگایی کردووەو دواتر بە دەستی خۆم لە سێدارەم داوە، کەم مامۆستا هــەبووە لــە ژێــر دەســتم رزگــاربووبێ، ئــەوەی نەمدەتوانی لەگەڵیان بکەم، لەنێو ئاوێنەدا دەمکرد، لە هەمووشی خۆشتر ئەو ســاتە ناسکانە بوون کە من و رەیحانە بە دوور لە چاوەکانی عەزە سەفەری تولانیمان دەکــرد و حەزمان نەدەکرد لەنێو ئاوێنەکەدا مانایەك بۆ وەخت بهێنێتەوە، زۆر جار لە دونیای ئاوێنەدا رەیحانەم دەگواســتەوەو بەبــەر چــاوی عــەزەوە تێدەپــەڕیم، هــەر کــاتێکیش ویستبای ئەزیەتم بدا، وەك قارەمانی داســتانە خەیاڵییــەکان خــۆم دەگەیانــدە پشــت سەری و بە جامانەکەی خۆی هەڵمدەواسی و دەمکردە عیبرەت بــۆ هــەموو ئەوانــەی بەوێدا هاتووچۆیان دەکــرد، هــەر لــەنێو ئاوێنــەدا یــەك یــەك چــەکدارەکانی ئاغــام قۆڵبەست دەکردن و بۆ خۆیشم لەگەڵ رەیحانە بەبەردەمیانــدا رەتــدەبووم و بەبێمنــەت دەچووینە کۆشکی ئاغاو بەبێترس لە بەرامبەریدا دەوەستاین و داوامان لێدەکرد گوێ لە ئازارو دەردەکانمان بگرێ، ئاغا وەك ئەوەی ئێمە لە فریشتەکانی ئاسمــان بــین و بــۆ گلەیی روومان لە ماڵی ئەو کردبێ، لەبەرمان هەڵدەستایەوە. لــەوە دەچــوو ئاوێنــە رەنگورووی ئێمەی لەسەر شێوەی فریشتەکان نیشــانی ئــەو دابــێ، بۆیــە بــە تــرس و کڕنۆشەوە، لێمان دەهاتە پێش و بە پاڕانەوە دەیوت (ئێــوە چ بخــوازن، مــن ئامــادەم جێبەجێی بکەم !) منیش بەڕێزەوە پێمدەوت ( ئاغا، بە کوڕەکەت بڵێ چیدیکە راوی ئەویندارانی نــەکا، ئــەگینا بەبــەر لەعنــەتی خــودا دەکــەوێ، پێیبڵــێ ئــەو نــاتوانێ ئەویندارانی لە خوا دووربخاتەوە، هەرچەند ئەویندارانی لە یەکــدی نزیــك بــن، خــوداش ئەوەندە لێیان نزیك دەبێتەوە !) ئاغای نێو ئاوێنە، هــەموو قســەکانی پەســندەکرد، بەڵێنی ئــەوەی پێــدەداین کــە ئیــدی لێناگــەڕێ، کوڕەکــەی راوی ئەوینــدارانی بکــا، لێناگەڕێ خەڵکی لە شەوژوانی دڵدارانی بێدار بکرێنەوە. ئاغا هەر لەوێ بڕیاردەدا سێ رۆژو سێ شەو لە گۆڕەپانی بەردەمی ماڵی خۆیان ئاهەنگێکی گەورە بۆ من و رەیحانە

بگێڕێ، دەنگخۆشترین کەس و باشترین زوڕنـاژەن و دۆڵ لێـدەری ناوچـەکەش داوەت بکا. من کە ئاغام لەنێو ئاوێنەدا بەو شێوەیە دەبینی، لە دڵـمـەوە قاقـا پێـدەکنیم، هەر خۆم دەستم دەخستەوە سەر شانی خۆم و لە ئاوێنەکەوە دەهاتمە دەرەوە، هـەموو جارێکیش بە خۆمم دەوت " چ دەبـوو ئەگـەر ژیـانی نێـو ئاوێنـە راسـتیی بوایـەو ئەوەیدیکەش خەیاڵ؟"

من دوای ئەوەی بووم بە مامۆستا، چەند جارێك لەگەڵ بـاپیرەم چـوومەتە مـاڵی ئاغا، راستییەکەی من بۆخۆم حەزم نەدەکرد بچمە شـوێنێکی ئـاوا ، چـونکە لەبـەر چاوم بوو، کە رۆژێ دادێ ئاغا بە ژنهێنانی من دەزانێ، ئەوکات باپیرەم چ وەڵامێکی ئاغا دەداتەوە ؟ هەستم دەکرد هەرچـەند لـە ئاغـا نزیـك ببمـەوە لـە رەیحانـە دوور دەکەومەوە. من سەرم لەوە سوڕمابوو باپیرەم چ بەرژەوەندییەکی لەوەدا هەبوو، منی لەگەڵ خۆیدا بۆ لای ئاغا ببا ؟ لەوەش سەیرتر ئاغـا بـوو، هـەر کـە منـی دەبینـی بزەیەکی بۆم دەکرد وماشەڵڵایەکی لە دەم دەردەچوو، نەمدەزانی چ نیازێك لـە پشـت ئەو رەفتارەیدا هەبوو. هەموو جـارێکیش وەك ئـەوەی نـاومی لەبیربچـێ، بـە نـاوی باوکمەوە بانگی دەکردم، من نەمدەتوانی چاوی پڕ ئەزموون و نیگا ئاڵۆزەکانی ئاغـا بخوێنمەوە، چونکە زۆرجار کە دەستی دەخستە سـەر شـانم، هـیچ رقوکینەیـەکم لـە جوولەی ژێر پەنجەکانیدا هەست پێنەدەکرد، باپیرەشم وێنەیـەکی ئـاوای لەبـەر چـاوم دروست کردبوو، کە ئاغا منی خۆش دەوێ، بەڵام من چ شتێکی زیاترم لە کوڕەکـەی ئەو پێدەکرا، ئەسڵەن من چ سوودێکم هەبوو بۆ ئاغا ؟

ماوەیەك بوو دەمویست ئەو پرسیارانە لە باپیرەم بکەم، بەڵام رێکنەدەکەوت، تـا ئـەو رۆژەی مـن و بـاپیرەم لەگـەڵ ئاغـا چـووینە دەرەوەی شـارو لـەوێ بـەزمی نیشاندانانەوە دەستی پێکرد، لە دووری سەد مەترێك بوتڵێکی شووشـەیان دانایـەوە، ئاغا دروست دە گوللەی تێگرت، کەچی نەیپێکا، باپیرەشم بە هـەمان شـێوە، ئاغـا نیوە ئاوڕێکی لە من دایەوە و بە چاو پێیوتم کە نۆبەتی من هات. سەرەتا شـەرمێك دایگرتم، کە لە ژیانمدا بەو جۆرە شەرمە ئاشنا نەببووم، بۆ منێك کە یەکەم جارمبوو

لەگەڵ ئاغا بچمە دەرەوەی شـار، ئاسـتەمبوو لـە بـەر چـاوی ئـەوان گوللەیـەك بـە نیشانەکەوە بنێم و بیپێکم، تازە چارم نەبوو هەردووکیان داوایان لێکـردم تفەنگەکـە وەربگرم و سێرە لە بوتڵەکە بگرمەوە، ئاغا بە دووربینەکەیەوە تەماشای نیشـانەکەی دەکرد، باپیرەشم لەدەست و پەنجەکانی من رامابوو، منیش وەك ئەوەی بمەوێ گرەوێك لە ئاغا ببەمەوە، زۆر بە دیقەت سێرەم لە نیشـانەکە گرتـەوە، هەناسـەیەکی قـووڵم هەڵکێشاو پەنجەم لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکە گران کرد، لەو دەمـە ئاغـا وتـی " دەی لەمنت نەکەوێ !" هەستم کرد هاوسەنگی تفەنگەکە تێکچوو ، ئەو هەناسەیەی کە لەنێو سنگمدا گلمدابۆوە، بە خێرایی دەرمدایەوە ، پەنجەم بۆ دواوە هێناو گرمـەم لێوە هێنا، تۆز لە دەوروبەری نیشانەکە بەرز بۆوە، ئاغا بە دەم پێکەنینەوە هەڵسایە سەر پێ،من بە راستی وامزانی نیشانەکەم پێکا،بەڵام ئاغا لە سەرخۆ وتی :

- دەستخۆش ، کەمێکی مابوو پێیبکەوێ .

نازانم بۆ لە قوولایی دڵمەوە پێمخۆش بوو نیشانەکەم نەپێکا، رەنگبێ هەر لەبەر ئەوە بووبێ کە ئاغاو باپیرەم لەبەر چاوی من نەشکێنەوە، یان حەزم نەکردبێ تواناکانم بۆ ئاغا دەربکەون، من لەوە دەترسام ئەگـەر نیشـانەکەم بپێکابـا، ئاغـا پێیوتبـام( لەمرۆ بە دواوە لەگەڵ من دێیتە راو !) ئەو کات قورم بەسـەر دەبـوو، دەبوایـە مـن بکوژم و ئاغاش بخوا. دوای ئەوەی منـیش نیشـانەکەم نـەپێکا، تفەنگەکـەم دایـەوە دەست باپیرەم، کەچی ئاغا داوایلێکردم بەردەوامبم، من چەند جارێـك نـا ئامـادەیی خۆم نیشان دا کەچی ئاغا سووربوو لەسـەر داواکـەی، بـە ناچـاری جارێکیکـە بـۆی دانیشتمەوە ، سێرەم لە بوتڵەکە گرتەوە، لە پڕ نیشانەکە لەبەچاوم بوو بە شتێکیکە، کەسێك لە شوێن بوتڵەکە بە قیتی بۆم وەستا، زیاتر دیقـەتم لێگـرت گـۆڕان بەسـەر هەناسەدان و دانەوەمدا هـات، چـەندجارێك چـاوەکانم هـەڵگلۆفتن، بـە بـێ نیشـانە لێگرتنـەوە سـەیری بوتڵەکـەم دەکـرد، دەمزانـی ئـەوانیش بـەو تێکچـوونەی مـن ئاگاداربوون، باپیرەم داوایلێکردم کە نەشلەژێم و لەسەرخۆ کارەکە ئەنجام بدەم، دواجار بڕیارم دا هەر چۆنێك بێ دەبێ گوللەیەکی دیکە لـە نیشـانەکە بگـرم، هەناسـەیەکی

هێوربوونەوەم هەڵکێشا، زۆر بە وردی دیقەتم لە نیشانەکە گرت، پەلاپیتکەکەم بۆ دواوە هێنا، لەگەڵیدا دەنگێکی ترسناکم بیست، عەزە گوڕوم بینی کە چۆن گوللەکە بە نێوەڕاستی سنگی کەوت، لەسەر بەردەکە غلۆر بۆوە، ئاغا یەکجێ هاوارێکی لەدەم دەرچوو (لێتدا ، لێتدا !) باپیرەشم لە خۆشیانا مستێکی لە پشتم دا..من هەر بە راستی وامزانی گوللەکە بە عەزە کەوت، ترس و نیگەرانی هەموو گیانمی داگرت، وامهەستکرد کەوتومەتە بن بەفرێکی خەست و دوایین ساتەکانی ژیانم بەسەر دەبەم. ئاخر هەر کەس لەجێگەی من بوایە لەوێ رۆحی دەردەچوو، ئاغا وەك بیەوێ پلارێکم تێبگرێ لێمنزیك بۆوە، شەپازللەیەکی توانجئامێزی لە پشتم دا و بە تیلەی چاوێکیشی سەیری باپیرەمی کردو وتی :

- دیارە تفەنگی باپیرەت زۆر بەکار دێنی ؟

باپیرەم بۆ ئەوەی ئاغا وا لێبکا زیاتر بەمن سەرسام بێ، رووداوی ئەو رۆژەی بۆ گێڕایەوە کە چۆن لە کاتی فڕینی کۆمەڵە کەوێك لوولەی تفەنگەکەم لە ئاسمان دەکەم و دووان پێکەوە دەهێنمەخوارەوە، ئاغا بە تەوسەوە وتی :

- کەواتە دەبێ لێیبترسین !

من سەروسیمای ئاغام وا دەخوێندەوە، کە بە نیشانە پێکانەکەم دڵی خۆش نەبووبێ، لەگەڵ ئەوەشدا بە باپیرەمی وت :

- سەرمەد هەر شتێکی بوێ من بۆی جێبەجێ دەکەم !

منیش سوپاسی ئاغام کرد، لە دڵی خۆشمدا بەڵێنم بە خۆم دا کەتا رۆح لە گیانم مابێ، نابێ ئاغا هیچ داواکارییەك لەمن ببیسێ .

مامۆستا (مەزەر سەر سپی) کە یەکێ بوو لە خزمە نزیکەکانی ئاغا، ئەگەر بیستبای لەگەڵ ئاغا چوومەتە دەرو سەیرانم لەگەڵ کردووە، زۆر ناڕەحەت دەبوو، بۆ ئەوەی بەردەوامیش لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێدا بمهێڵێتەوە، زۆر جار لە ژووری مامۆستایان لەگەڵ عەزە گوڕو بێئەوەی لەگەڵ هیچیەکمان بدوێن و ئیزن لە یەك کەس وەربگرن، دەچوونە بن باڵی یەکدی، بەس خوا دەیزانی خەریکی چ پیلان و

نەخشەدانانێك بوون، من بایی ئەوەندە جورئەتم هەبوو لـە لای بەڕێوەبـەر شـكایەتی لێبكەم، بەلاّم دەمزانی هیچیان لەگەڵ عەزە پێناكرێ، ئەو كە دەهاتـە قوتابخانـە بـە مامۆستاو بەڕێوەبەر دەچـوونە پێشـوازی، هـەموویان وایانـدەزانی لەلایـەن ئاغـاوە پەیامی دەستخۆشیان بۆ هاتووە، تەنیا من نەدەچـوومە پێشـوازی و بەخێرهاتنیشـم نەدەكرد، چونكە دەمزانی نە نێردراوی ئاغایەو نە بۆ قسـەی خێـریش دەهـات، ئـەو مەبەستی بوو لەو رێگەیەوە من دەستەمۆبكا، ترسـێك لـە دەروونمـدا بڕوێنـێ، كـە بەردەوام دوودڵی و وەسوەسەم بۆ بخولقێنێ، منیش لەلایەن خۆمـەوە دەمزانـی چـۆن چۆنی بەرخوردی لەگەڵـدا دەكـەم، هـەر ئـەوش بـوو وایلێكردبـوو لـە هەفتەیەكـدا دووسێجار بێتە قوتابخانەكەمان و لەگەڵ بەڕێوەبەرو مامۆسـتا مـەزەر پسـتە پسـت بكەن، من دەمزانی لە فرسەتێك دەگەڕا بۆ ئەوەی قسەیەكی ناشیرن لـە دەمـم بێتـە دەرو ئەویش بە توندی وەڵامم بداتەوە، ئەگەر پێویستیشی بكردایە ئەوە دەسـتی بـۆ چەك ببردایە، ماوەیەكی زۆر بەرگەی ئیهانەو پـلارو تـا ئەندازەیـەكیش جوێنـەكانیم گرت، من دەمزانی ئەوەی عەقلی لە سـەری ئـەودا نەهێشـتبوو، ئـەو بێـدەنگیی و خۆلادانەی من بوو لە ئاست هەر شتێك كە ئەو حەزی لێبوایە بیكا، پیلانەكانی بـە شوێنێك گەیشت، كە قوتابییەكم لێ هان بداو قسـەی ناشـیرنم پێبڵـێ، زۆرم هەوڵـدا نەهێڵم ئەو نەخشەیەشی سـەركەوێ، بـەلاّم لـەوەدا نـەمتوانی، چـونكە قوتابییەكـە بەردەوام كاری ناشیرین دەكردو لە پۆلەكە ئاژاوەی دەنایـەوە، بەمـەش هەسـتمدەكرد ئەوانیكەشی بە دوای خۆیدا پەلكێش دەكرد، ئاخیرەكەی ناچاری كردم دارحەیزەرانێك لەگەڵ خۆم ببەمە ژوورەوەو خوا خوامبێ فزەیەك بكا و منیش هەڵكوتمە سەری، هەر وایشی لێهات، من ئەو كاتەی پشتم لە قوتابییەكان كردبوو، پارچـە تەباشـیرێك بـە سەبوورەكە كەوت، زۆر بە تووڕەیی ئاوڕم دایەوە، دەستم دایە دارحەیزەرانەكەو چـاوم لە هەموویان زەق و سوور كردەوە، یەكێ لە قوتابییەكان خێرا هەڵسایەوەو دەستی بۆ قوتابییە دەمشڕەكە درێژ كرد، منیش بێئەوەی هیچ قسـەیەك بكـەم یەكڕاسـت رووم لەو كردو كەوتمە سەری، نەمهێشت لە شوێن خۆی بجوولێتەوە، ویستی دەمی بكاتەوە

زللەیەکی توندم بۆی وەشاند، بەوەش نەوەستام لەسەر رەحلەکە هەڵمساندو بردمە لای سەبوورەکە، وەك نمایشێکی شانۆیی، لە بەرامبەر هەموویانم راگرت، هەر کاتێك بیویستایە جووڵەیەك بکا، شەپازللەیەکیکەم لێدەداو دارحەیزەرانێکیشم بۆی دەوەشاند، تەنیا جارێك پێموت ( کێ فێری کردوویت، ئەو بێرێزیە لەگەڵ من بکەی ؟!) دەستبەجێ بە گریان و پاڕانەوە دەمی کردەوە و وتی :

- عەزیز ئاغا !

من ئەگەرچی زۆریش پەشیمانبوومەوە لەو کارەی بەرامبەر ئەو قوتابییەی کردم، بەڵام کە مامۆستا مەزەر لەسەر ئەو مەسەلەیە پلاری تێگرتم و وتی :

- تۆ لەو کەسانەیت لەگەڵ لێدان نیت، ئەی بۆچی هێندەت لەو کوڕە داوە؟ تۆ دەزانی ئەوە کوڕی کێیە؟

زۆر بە ڕقەوە وتم :

- کوڕی هەر کێ بێ، ئەو بێئەدەبی لەگەڵ من کرد، زانیت کاك مەزەر ؟!

من لە پلارەکەی مامۆستا مەزەر تێگەیشتم ، کە دەبێ باجی ئەو کارە بدەم، لەوەش دڵنییا بووم کە هەموو شتێك بۆ عەزە دەگێڕێتەوە. شەو کە لەسەر جێگاکەم راکشام، دیمەنەکانی سەرو پۆتەلاکی ئەو قوتابییەم دەهاتەوە بەر چاو، کە چۆن لە بن زەبری زللەو دارحەیزەرانەکانم دەینالاند، هەستێك وایلێکردم کە دڵم بەو لێدانە خۆشبێ، دەنگێکیش لە دەروونمەوە هەڵدەکشاو پێیدەوتم ( ئەو دەموچاوەی تۆ وەبەر مست و دارحەیزەرانت دا، ئەوە دەموچاوی عەزە گوڕو بوو! )

من و رەیحانە زۆرجار لە ژوانە بەپەلەکانماندا بەڵێنمان بە یەکدی دەدا، کە ئەگەر بۆ یەکدی بووین، قەت لە منداڵەکانمان نادەین، بەڵام ئەو کاتانەی کە بە رەیحانەم دەوت منیش لە قوتابخانە دەست دەوەشێنم، توند دەستەکانمی دەگوشی و لێمدەپاڕایەوە کە لەو شتانە خۆم بەدوور بگرم،کەچی نەمدەتوانی، لە گۆشەیەکی وجودمدا دەستێکی زبرو شەڕاوی خۆی حەشار دابوو کە هەردەم لە ساتی تووڕەبوونمدا جێگەی دەستە نەرم و بە سۆزەکانمی دەگرتەوە، دەیان جار تفو لەعنەتم لەو دەستانە

کردووە کە روومەتی ناسکی قوتابییەکیان سوور دەکـردەوە .خودایـە یارمـەتیم بـدە چیدیکە دەست نەوەشێنم،چیدیکە منداڵان ، غەزەب و ترس بە چاوەکانمەوە نەبینن !

ئەو شەوە بێئەوەی بەرنامەیەك بۆ چـوونە دەرەوە دابرێـژم ، بـە خشـكەیی خـۆم خزانـدە دەرەوەی مـاڵ و بـە خێرایـی خـۆم گەیانـدە جادەکـەی بـەردەمی یاریگـای شارەکەمان ، شتێك وایلێکردبووم بەبێ ئاگا هەنگاو بنێم ، دەمزانی بۆ کوێ دەچم ، بەڵام نەمدەزانی ئەو نهێنیـە چـی بـوو وا بێئـۆقرەی کردبـووم ، بەپەلـە پەلکێشـی دەرەوەی کردم ، من بە شێوەیەك بۆ پێشەوە هەنگاوم هەڵدەهێنا وەك ئـەوەی بمـەوێ رێ لەوە بگرم کەسێك بـە دوامــەوە بێـت و پەشـیمانم بکاتــەوە ، هەرچـەند بـەرەو پێشەوە دەچووم ، خۆم لەوە دڵنییادەکردەوە کـەهیچ مـەخلوقێکی شـارەکەم منیـان نەبینیوە ، من تەنیا لـە چـەکدارەکانی ئاغـا دەترسـام کـە بـەردەوام لەسـەر جـادە سەرەکییەکەی ئەو دیو ماڵمان تا بەیانی پاسەوانی ئەو ناوەیان دەکـرد ، ئـەو شـەوە بەختم هێنای نە چەکدارێکم بینی نە کەسێکیش بەو ناوە رەتبوو ، کە لە یەکەم گۆڕی مردووەکان نزیك کەوتمەوە ، لە شوێن خۆم وەستام ، ئـەوەی باشـبوو لەبـەر رونـاکی مانگەکە زۆر باش بەر پێی خۆمم دەبینی ، ئەگەر رێبوارێك لەو دەمـە منـی لـەوێ بینیبا ، حەتمەن یان ئەوەتا شێت دەبوو، یـان بـە هەڵـەداوان دەگەڕایـەوەو هـەموو خەڵکی شارەکەمانی لە بینینی کەسێك لە نێو گۆڕستان ئاگادار دەکردەوە ، ئەو کات یان بە پیاوچاکێکی مردوویان دادەنام ، یان بە کەسێکی شێت ، هەر ئەو ترسەش بوو هەنگاوەکانمی خێراتر دەکرد . من بێئەوەی بزانم بۆ بینینی قەبری کێ چوومەتە ئەوێ ، بەنێو گۆڕەکاندا پێچم دەدایەوە ، لەپڕ وەستام ، هاتەوە بیرم کە من بە دوای گۆڕی کەسـێکدا دەگـەڕێم کـە سـاڵانێکی زۆر بەیەکـەوە بـووین و لەیـەك قوتابخانـەش خوێندبوومان ، ئەو کاتەی گەیشتمە سەر گۆڕەکەی ، ئەوەی هێزی جەستەم بـوو لـە پێیەکانمەوە دەرچوو ، نەمتوانی خۆم بەپێوە رابگرم ، لەسەر چۆك بۆ گۆڕی ( سەبۆ ) نووشتامەوە ، گریانێك لە قورگم دەرپەڕی هەر لەوە دەچـوو زەمــەنێکی زۆر بـێ لـە هەناومدا زیندانییم کردبێ ، لەبەر خۆیشمەوە دەموت (سەبۆ گیان حـەزمکرد ، بـەر

لەوەی ڕەیحانە بگوازمەوە پێتبڵێم کە لەو یەکدوو ڕۆژە دایکم دەنێرمە داخوازی ، من هاوڕێ نزیکەکانم لەبیرناکەم ، زۆرجار خەونم پێتەوە دیوە ، لە خەونەکانمدا وەکو جارانی منداڵییمان ، پێکەوە دەچووینە مەکتەب ، پێکەوە لە ڕۆژانی بەفربارینـدا دەبووینە ئەو باڵندە بەفرینانەی کە لە حیکایەتە کۆنەکاندا هەبوون و نەنکت بۆمانی دەگێڕایەوە ، لەبیرتە ئەو کاتانەی باڵندەکانی حیکایەت لە خۆر نزیك دەبوونەوە ، من و تۆ پێکڕا لە نەنکت دەپاڕاینەوە و دەمانگوت " نا ، نا ، توخوا نەنکە گیان با لـە خۆر دووركەونەوە ، ئاخر دەتوێنەوە !" لەبیرمە سەبۆ گیـان کـە چـۆن ئێمـەش ئـەو نەوعە باڵندانەمان لە بەفر دروست دەکردو دەمانخستنە سـەر دیـواری ئـەو خـانووە بەفرینانەی کە بۆ خۆحەشـاردان و ڕاوەدونـانی منـداڵانی گـەڕەکی ژێـروو بـەکارمان دەهێنان ، لە بیرتە سەبۆ کە چۆن نەخشـەی سـووتاندنی قوتابخانەکـەشمان داڕشـت ، بەڵام لەوە ترساین نەوەك کەسێك بمانبینێ ، هەر باشـیش بـوو کارەکـەمان نـەکرد ، چونکە لەو ڕۆژەدا سەری هەردووکمان بە دەستی مامۆستایەك شکابوو .. تۆ ئێسـتا بە ئارەزووی خۆت بە کوچەو کۆڵانی گۆڕستانەکان دەسووڕێیتەوە ، ئـەوجارەیان هـیچ کەسێك تخونت ناکەوێ، دەزانی بۆ سەبۆ گیان ؟ هەر کەس سەیری پەنجەکانت بکـا ، سەری سووڕ دەمێنێ ، هیچ زەبرێك ناتوانێ ئازاریان پێبگەیێنێ ، پەنجەکانی ئێستات لە تیشکی خۆر دەکەن ، دارمازوو و حەیزەرانەکان لە بەرامبەریانـدا دەچـەمێنەوە ، سەبۆ گیان ، پەنجەکانی منالییمان دەتوت لە بەفر خولقێنرابوون ، لەبیرتـە چـۆن بـە زەبری ئاگرپژێنی دارەمارئاساکانی دەستی مامۆسـتاکان دەتوانـەوە ؟ لـە بیرتـە کـە پەنجەکانمان لە سەرماندا خوێن تیایاندا دەمەیی هەستمان بە ئـازاری زەبرلێدانـەکان نەدەکرد ؟ چ خۆشبوو ئێمەی منداڵ لەو کاتانەی سزایان دەداین ببایـنە ئـەو ئاژەڵـە دڕندانەی هیچ دەستدرێژیەکیان لە ئەوانیکە قەبوڵ نەدەکرد ؟ چ دەبوو ئەو کاتەی گڕی ئازاریان لە دەستەکانمان بەردەدا ، بمانتوانیبایە هەموو دەردو ئازارەکان بـۆ جەسـتەی ئەوان ڕەوانە بکەین ؟ چەند خۆش دەبـوو ئـەو هـاوارو فیغانـەمان ببـان بـە ئـاگری بوڕکـانی غـەزەب ، بەسـەر لەشـیاندا بهاتایـە خـوارو تـەنیا ئێسـکەکانیان لـەوێ

جێبمانایەو قوتابیان دەرسیان لەسەر بخوێندایە ؟ ! من هاتووم تا رۆحی ناسکی خۆتم نیشان بدەی ، گەرەکمە سەیری پەنجە نورانییەکانت بکەم ، من ئێستا پەنجەکانم لە جیاتی ئەوەی تیشکی خۆشەویستی فڕێ بدەن ، رقو کینە دەبەخشنە پەنجەی منداڵان ، ئەم دەستانەم کە نەفرەتیان لە دارمازوو و حەیزەرانەکان دەکرد ، کە لەبەر زەبری لێدان هەڵدەئاوسان وگریانیان لە هەناوماندا دەچاند ، ئێستا شتێکی دیکەن بە دوای ئازاردانی جەستەکانی دیکەدا دەگەڕێن و سۆزو بەزەیی بەسەر هیچ کەسێکەوە نابەخشن ، ئێستا پەنجەکانم رەقوتەقن وەك بەرد وان ، سەبۆ هاتووم هێزی خۆتم پێببەخشی ، من نامەوێ ئەوەی بەسەر تۆیان هێنا ، بەسەر هیچ کەسێکیکەوە بێ ، دەزانم قەدەری منیش هەروایە ، هەر دەبێ ئەو پەنجە ناسك و پڕ بەرائەتانەم ، شەلاڵی خوێن بکەم ، من لە دونیایەکدا دەژیم ، بۆ هەر کوێ دەچم قامچی و دارحەیزەرانەکان لەگەڵم دەدوێن ، هەرچی کتێب و قەڵەم و تەباشیرە لە لەحزەیەکی تووڕەبووندا دەبنە مار ، دەبنە دار ، ئەو دارانەی سەروپۆتەلاکی منداڵان شینومۆر دەکەن و ئاوزنگیان پێدەکەن ، من کە بە نێو کۆلانێکی شارەکەمدا تێدەپەڕم هەست بە رقوکینەی یەکە یەکەی ئەو منداڵانە دەکەم ، کە رۆژانە ژەمێکی لێدانیان بە دەستی من بەر دەکەوێ ، هەست بەو سێبەرە وەحشەتناکە دەکەم ، کە دامێنم بەرناداو سووکایەتیش بەو گریانە پەنگخواردووەی نێو هەناوم دەکا ، کە لە دوای هەر داروەشاندنێکدا یاخەم دەگرێ . سەبۆ گیان تۆ ساڵە بە دوور لە ئەشکەنجەکانی رۆح خەوێکی ئەبەدیت لێکەوتووە ، خەم لەوە مەخۆ کە ئێمەت جێهێشتووە ، هیچ شتێك نەگۆڕاوە ، منیش هەر وەکو خۆم ماوم ، کۆلان و جادەکانی شار هەتا دێن پڕتر دەبن لە شێت و سەرلێشێواو، لە قوتابخانەکانیش رێگای نوێتر بۆ ئەشکەنجەدانی قوتابیان دۆزراوەتەوە ، من بە چاوی خۆم رۆژانە بە تایبەتیش لە رۆژانی سەرماو سۆڵی زستانە ، قوتابی سزادراو لە پۆل دەردەکرێ و تا دەرسەکە تەواو دەبێ، لە نێو بەفر دەیهێڵنەوە ، پێدەچێ لە داهاتووشدا ئەشکەنجەکانی زیندان بۆ قوتابخانەکانیش بگوازنەوە ، سەبۆ گیان ئێستا ناوێرم لە

ئاوێنەکان رابمێنم ، هەرچەند سەیری خۆم دەکەم ، روخساری خۆمم نایێتە بەرچاو ، سەیرە ! من لە هەموو ئەو مامۆستایانە دەچم ، کە لە منداڵییمدا دارحەیزەرانەکانیان بە پەنجە چکۆڵەکانی من دەشکاند ، کە دەچمە قوتابخانەکەمان ، تۆ لە سەر هەمان ئەو رەحلەیە دەبینم کە لە منالّییماندا پێکەوە لە پۆلێکدا بووین ، ئەو کاتەی لە قوتابییەك تووڕە دەبم بە چاوەکانی تۆ تێمدەڕوانیێ ، کە لێیدەدەم بە دەنگی تۆ هاوار دەکا ! نازانم من چیم ، ئەوانەش کە دەرسیان پێدەڵێم ، کێن ؟ هەر رۆژێك کە پێ دەنێمە قوتابخانەکەمان دلّم دادەخورپێ ، زیڕەی منالێك دێتە بن گوێم ، کە ئاوڕ دەدەمەوە ، هەموو شێتەکانی شار لە پشتمەوە وەستاون ، بە چاوی بەزەییەوە تێمدەڕوانن ، لێمدەپاڕێنەوە ، کە دەرگای قوتابخانەکەمان دابخەم، چیدیکە شێتەکانی شار زێتر نەکەم ، تۆ لە پێش هەموویانیت ، لافیتەیەکت بەدەستەوەیەو لەسەری نووسراوە ( قوتابخانە یان شێتخانە ؟!) کە ئێوە جێدەهێڵم ، مامۆستا مەزەر لە پێش دەرگا زلەکەی ژوورەوە وەك سەربازێکی تفەنگ بەدەست بە خۆی و دارحەیزەرانەکەی وەستاوە ، بە چاوی تووڕەوە پێشوازی لە هاتنی قوتابیان دەکا ، ئەگەر یەکێ لە دوای زەنگلێدان بچێتە ژوورەوە ، ئەوە داروەشاندنێکی بەر دەکەوێ ، ئیدی ئەو کەسە تا دەوامی قوتابخانە تەواو دەبێ لە نێو بێئۆقرەیی و ترسدا گینگڵ دەداو لەبەر چاوی مامۆستا مەزەریش وەك گوناهبار سەیر دەکرێ.

***

گەر بمزانیبایە ئەو رۆژە کارەساتێکی ئاوا گەورە روودەدا ، قەت ئەو رۆژەم هەڵنەدەبژارد هەموو ژیانم لێبکا بە جەهەننەم ، دیمەنی ئەو رۆژە هەر لە چیرۆکی دونیا خراپبوون دەچوو ، لە ساتێکی زۆر کەمدا وەك ئەوەی زەوی بتەقێتەوە ، یان ئەستێرەیەکی یاخی لە بازنەی دیارکرای خۆیدا دەربچێ و خۆی بە زەویدا بکێشێ ، هەموو شتێك لەبەر چاومدا سەراونقوم بوو ، خەڵکەکە نەیاندەزانی بۆ کوێ هەڵبێن

چۆن خۆیان لە و کارەساتە لە ناکاوە رزگاربکەن ، من لە گـەڵ ئـەوەی توند دەستی رەیحانەم گرتبوو ، کەچی نەمدەزانی بەرەو کوێ هەڵدێم . بۆمن رزگـارکردنی رەیحانـە لە نێو ئەو بەیەکداچوون و پێکدادانەی خەڵکەکە ، بەرز راگرتنی تاجی خەونەکانم بوو لەنێو لەپی دەستمدا . رەیحانە وەك ئـەوەی پیلانێکـی مەترسـیدار بـۆ لـە نـاوبردنی هەردووکمان دارێژرابێ ، لەبەر خۆیەوە دەیوت "سەرمەد زووبە ، لێـرە دوور کـەوە ، ئەوە ئیشی عەزەیە !" من بەر لەوەی شاییەکە دەست پێبکا لـە دوورەوە بـە چـاوی خۆم عەزە گوڕووم بینی ، بینیم کە چۆن خۆی و سێ چەکدار لە (سـەر تـۆپێ) وە بـە دووربین سەیری ئێمەیان دەکرد ، من دەتوت خوا شتێکی خستبوە دڵـم ، لـەو دەمـە بیرم لەوە دەکردەوە ، باشتر وایە خۆم بگەیێنمە رەیحانەو لـە مەترسـییەکە ئاگـاداری بکەمەوە ، ئەو گۆڕەپانەی ئێمە لێی کۆببوینەوە ، لە نزیك ماڵمانەوە بوو ، لە لایەك هەلهەلە لێدان و لە لایەکیش شـاییی و مـن و کۆمـەڵێکیش لـە چـاوەڕوانی هـاتنی رەیحانەی بووکدا بووین ، بەر لەوەی عەزە و چـەکدارەکان ببیـنم، چـێژم لـە هـەموو شتێکی ئەو ناوە دەبینی ، لەنجەی کچان و خۆبادانی کوڕان و سـیمای پـڕ حەسـرەتی پیران و گورجوگۆڵیی ژن و پیرەژنە عەجولەکان ، هەموویان سەرسامیان کردبووم ،وام هەست دەکرد هەر یەکەو بە شێوەیەك تەلارێکی پڕ شەوق لەنێو دەروونمدا ساز دەکەن . کەچی بە دیتنی عەزە هەموو دیمەن و سیماو رەنگەکان گۆڕان ، دەستێکی رەش بە نێو هەناومدا شۆڕبۆوە ، تەقەیەك تەنیا تەقەیەك بەرچاوی هـەموومانی رەش کـرد ، لە کونجی گۆشەی دەروونی هەر یەکێکماندا ترس و نیگەرانی سەریان دەرهێنا ، بۆمن ئەو لەحزەیە بوو بە رۆژی قیامەت ، کارەساتەکە لەو ساتەدا قەوما ، کە رەیحانـەیان هێنایە بەر دەرکی ماڵـمـان ، کـە گوێمـان لـە دەنگـی گوللـەی دووەم بـوو ، ئیـدی گوللەکان لە نێوانماندا ویزەیان دەهات ، کەس نەیدەزانی لـە کوێـوە تەقـە دەکـرێ و دروست نیشانە لەکێ دەگرنەوە ، هەر بابای خۆی لە شوێنێك دەکوتاو لـە ماوەیـەکی

کەمدا ئەو ناوە چۆل بوو ، لەنێو تێکقژقژان و هەرای پیاو و قیژەو هاواری ژناندا مــن وەکو فیشەکە شێت دەرپەڕیم ، یەکسەر خۆم گەیاندە رەیحانــە ، تونــد دەســتم گــرت وخۆیشم نەمزانی بۆ کوێی ئەو ناوە هەلاتم ، تەنیا ئەوەم لە بیر بوو کە دەبێ رەیحانــە لە هەموو کەسێك دوورخەمەوە ، من لەوە دلنیابووم کە ئەو رووداوە دەستی عـەزەی تیابووە ، وەختێك من و رەیحانە خۆمان لە نێو باخچەیەکی چڕی مــالێکی ئــەو دیــو گەڕەکەکەمان دیتەوە ، هەردووکمان لە پەنای دارێك خۆمان مەلاس دابوو ، رەیحانــە وەها چووبووە نێو باوەشم دەتوت هەر لە ئەزەلەوە بە منەوە گرێ درابوو ، رەیحانە بــە چاوە پڕ لە فرمێسك و ترس تێزاوەکانی لە ســیمای پــڕ نیگــەرانی منــدا رادەما،بــە هەنسکی گریانەوە پێمیوت :

- ئەو زالمە چی لێمان دەوێ ؟!

- تەنیا تۆی دەوێ وبەس !

بۆ ئەوەی هێندێك هیممەت بە رەیحانە ببەخشم ، بزەیەکم بۆ کرد ، لێوەکــانم لــە نێوچاوانی نزیك کردەوەو لەسەرخۆ وتم :

- گرنگ ئەوەبوو خەونی عەزەمان لە گۆڕ نا ، تازە هەرچی دەبێ بــا ببــێ . زۆر زۆر دەمانکوژن !

چاوەکانی رەیحانە لە بێئۆقرەییدا ئەمسەرو ئەوسەریان دەکرد ،وەك ئــەوەی لــەو شوێنەش رازی نەبێ کە خۆمان تێدا حەشاردابووحەتمەن بــیری لــەوە دەکــردەوە ، کــە رەنگبێ دوای ساتێکی دیکە عەزە بگاتــە ســەرمان و لــە خــوێن بمانگــەوزێنێ ، بــە ئاماژەکانی جەستە و نیگاکانی پێمی دەوت ، کە هەتا زووە لەوێش دوور بکەوینەوە، ئەو دەیزانی چ کارەساتێك بەڕێوەیە ، زێترو زێتر منی بە خۆیەوە دەگوشی ، هەر لەوە دەچوو بیەوێ سنگم شەق بکاو بچێتە نێو جەستەم ، منیش لە قــوولایی دلمــەوە لــە خوا دەپاڕامەوە رۆحم تێکەڵ بە رۆحی ئەو بێ ، جەستەم لەنێو لاشــەیدا بتوێتــەوە ،

ماوەیەك لە پەنای ناوقەد بەرینی دارتووەکە هـەر بـە دانیشـتن لـە ئـامێزی یەکـدی مابنەوە ، لە هیکرا ڕەیحانە سەری بە ترس داپۆشراوی بەرز کردەوە ، خێرا هەڵسـایە سەر پێ و بە هەناسە بڕکێوە وتی :

- گوێت لە گریانە سەرمەد ؟!

هەر بە راستی لە دوورەوە قیژەو هاواری ئافرەتان بە عاستەم دەگەیشتە لامـان ، منیش بە پەشۆکاوی هەڵسامەوە ، بڕیارم دا بە هەر نرخێك بێ ڕەیحانـە بگەیێنمـەوە ماڵەوەی خۆیان ، من دەمزانی لەو دەمە تەنیا بـاوکی لەوێیـە ، ئـەوێ لـە هـەموو جێگایەك سەلامەتتر بوو ، هەرچۆنێبوو توانیمان بگەینە سـەربانی ماڵەکـەیان و لـە وێشەوە بە قالدرمەکان بچینە خوارێ ، لەوە دڵنیا بـووم کـە هـیچ کەسـێك ئێمـەی نەدیوە ، بێوەستان ڕەیحانەم جێهێشت و بە ئەسپایی چوومە دەرەوە ، بە ڕێگاوە چەند کەسانێکم بینی کە بە هەڵەداوان ڕووەو ماڵی ئێمە سەردەکەوتن ، نازانم بۆبە خەیاڵدا هات کە شتێك لە نێو ماڵی ئێمەدا ڕوویداوە، من بە کۆلانەکە سەردەکەوتم و بیریشم لە برا گەورەکەمم دەکردەوە ، وا هاتە بەر چاوم کە براکەم لـەو تەقوتۆقـەدا شـتێکی بەسەر هاتبێ ، لە هەنگاونانەکەمدا پەلەی زیاترم کرد ، کە لە ماڵمان نزیك بوومەوە ، یەکسەر دڵم داخورپا ، لە کۆمەڵێك ئـافرەت زیـاتر کـە زۆربـەیان خـزمم بـوون ، زەلامێکم نەبینی ، هەر کە لە دەرگای حەوشە چوومە ژوورەوە ، هەموویان یەکڕاست بۆلام هاتن ، دایکم لە پێش هەموویانەوە خۆی گەیاندمێ ، بە چاوی پڕ لە فرمێسك و حەپەسانەوە بۆم هات و هەردوولا ڕوومەتمی ماچ کردو هەر زوو لە ڕەیحانەی پرسـی ، منیش هەر زوو لە براکەمم پرسی ، دواتر وتم :

- چ ڕوویداوە ، کێ کوژراوە ؟!

دایکم لەسەرخۆ و بە پاڕانەوە وتی :

- عەزە کوژراوە ، بە قوربانت بم لێرە بە نەچیتە دەرەوە !

لەپی دەستم لەنێو چاوانی خۆم دا ، سەرم بۆ ئاسمان بەرزکردەوە " خودایە ئەمە چ قەدەرێکە یەخەی منی گرتووە ؟" ویستم بە دایکم بڵێم "کێ ئەو کارە خراپەی کردووە ؟" لە پشت دەرگای حەوشەمان بوو بە هەڵلا ، لە پڕ لەگەڵ سوارکردنی چەکەکان هەموو دەنگ و هەراکان کپبوونەوەو لە نێو خۆیاندا توانەوە ، تەنیا کەسێك لە پشت دەرگاکەمان وەستاو هێندەی نەبرد زرمەی لە دەرگاکەوە هێنا ، یەکسەر گەیشتە سەرم و داوای لێکردم نەجوولێمەوە ، هەرچی ئافرەت و منداڵی ئەوێ بوون کردیان بە قیژەو گریان ، دایکم هەرزوو لە شوێن خۆی راقەنی کەوتە بن دەست و پێیان ، لەو دەمە چەند چەکدارێکی دیکە هەڵمەتیان بۆ هێنام ، لە ساتێکی وادا کە نەمدەزانی بۆ ئەو هێرشەم دەکرێتە سەر ، لە ئاست هەموو ئەو رووداوە نا مەعلومەشدا ، تووشی شۆك و سەرلێشێوان هاتم ، دەمویست هاواربکەم و بڵێم "چی بووە ، چیتان لەمن دەوێ ؟" کەچی زمانم لەگۆ کەوتبوو ، هەوڵمدا دایکم هەڵگرمەوەو هێندێك ئارامی بکەمەوە ، کەچی چەکدارەکان لەبەر چاوی هەموو ئەوانەی لەوێبوون پەلکێشی دەرەوەیان کردم ، ئەو حەشاماتەی ئەوێم وا هاتە بەرچاو وەك ئەوەی بۆ بەڕێکردنی من لەوێ کۆببوونەوە ، ئەوان هەر لەو دەروێشانە دەچوون کە زیکری بە کۆمەڵ بکەن ، کە بردمیانە دەرەوە ، لە نێو حەشاماتەکەدا هەردوو چاوی دایکمم بینی کە چۆن لەنێو فرمێسکدا خنکابوون ، بینیم کە چۆن دڵی لەنێو لەپی دەستیدا بوو ، وەك مریشکێکی سەربڕاو راست و چەپ هەڵدەپەڕی ، بەم چاوانەم بینیم چ ئازارێك بە ناو جەستەیدا رەت دەبوو ، ئەو کات زانیم ئەوەی روودەدا هەر دەبێ پەیوەندی بە منیشەوە هەبێ ، بەڵام هێشتا نەمدەزانی چی وایکردووە ئەو پەیوەندییە منیش بگرێتەوە ، بۆم روون نەبوو بۆ کوێم دەبەن و چیم لێدەکەن ، ئەوەندەم دەزانی کە دەبێ بە پێشیان بکەوم و هیچ قسەیەکیش نەکەم ، من ئەگەرچی زۆربەی چەکدارەکانم دەناسین ، بەڵام سیمایان ئەوەندە ترش و تاڵ و تووڕە دەهاتنە بەر

چاو ، ڕێگەیان پێنەدەدام پرسیارێکیشیان لێبکەم ، گەنجێك کە خزمێکی نزیکم بوو ، لە نێو ئاپورای خەڵکەکە راپەڕی رووبەڕووی من و چەکدارەکان هات و بە دوو چـاوی زەق و پڕ جورئەتەوە لە من و چەکدارەکان هاتە پێش ورووی لەوان کردو وتی :

- بۆ کوێی دەبەن خۆ ئەمە عەزەی نەکوشتووە ؟!

چەکدارێك تا هێزی تیا بوو هەنیشکە زەبرێکـی لـە سـنگی گەنجەکـە دا ، مـن ناچاربووم پڕ بە دەمم هاوار بکەم :

- بۆ لێت دا ؟ ئەو درۆ ناکا !

چـەکدارەکە بـەر لـەوەی هـیچ بڵـێ ، شـەپازللەیەکی لـە پشـت ملـم دا ، بـە غەزەبەوەش رووی تێکردم و وتی :

- برا گەورەکەت کوشتوویەتی ، چ فەرقێکتان هەیە ؟!

وەك ئەوەی لە ناکاو سەرم بە شتێکی رەق بکەوێ، خـۆم پێڕانـەگیرا و بـەر چـاوم تاریك بوو ،ئەوەندەم ئاگا لەخۆ بوو ، کە بە لادا کەوتم وشتێك هەڵیلووشـیم ، ئیـدی کە چاوم هەڵێنا ، گوێم لێبوو چەکدارێك بە یەکێکی دیکەی دەگوت :

- کەس شەقێکی لێنەداوە بۆخۆی لە هۆش خۆی چوو .

کە سەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد ، بە غەیری ئەو چەکدارە کەسێکی دیکەم لە ژوورەکەدا نەبینی ، شوێنەکە ژوورێکی پان و بـەرین بـوو ، خـاوێن و تـازە دەهاتـە بەرچاو ، ویستم هەڵسم و لەسەر پێ بووەستم ، کەچی چەکدارەکە خۆی لێم گرژو مۆن کرد ، هەر زوو زانیم کە نابێ لە شوێن خۆم بجولێمەوە و پرسیاریش بکەم . زۆر بـیرم لەخۆم دەکردەوەو دەمویست لەوە تێبگەم کە بۆچـی هێناومیانەتـە ئێـرە ، دەبـێ چ روویدابێ ؟ ئەو چەکدارەی لەبەر دەرگای ژوورەکە وەسـتابوو لـەوە دەچـوو بمناسـێ و منیش ئەو بناسم ، سیمای ،بەژن و باڵای ، شێوەی بەستنی جەمەدانییەکەی ، بۆمن ئاشنابوون ،کەچی هەر کە نیگامان تێکدەئالا ، مۆڕەی لێدەکردم ، چەهرەی هەر لەو

کەسانە دەچوو ، کە لە خەونە ناخۆشەکانمدا ئازاریان دەدام ، زۆرجاریش دەبــووە ئــەو مامۆستایەی کە لە منداڵیمدا پەنجە چکۆڵەکانمی بە زەبری لێــدان دەئاوســاند ، ئــەو تفەنگەی کە بە شانی چەکدارەکەوە بوو ، لەبەر چاومەوە دەبووە قامچی ، دروست لە قامچییەکەی باپیرەم دەچوو ، کە زیاتر بۆ ترساندنی ئێمە هەڵیدەواسی، جاروبــاریش ئەگەر کارێکی خراپمان بکردایەو بە دڵی ئەو نەبوایە ، ئەوە قامچــییەکەی دەهێنایــە خوارەوە و حەسیرمەیدانی دەکردین . لە فیکری ئەوەدا بووم پرسیارێك لە کابرا بکــەم لێیبپرسم "من چی دەکەم لێرە ؟"لەو دەمە گوێم لە دەنگە دەنگ و ترپەی هەنگاوی خێرای کۆمەڵە کەسێك بوو ، کە ئاڕاستەی هەنگاوەکانیان رووەو ئەو ژوورە بــوو کــە منی تیا بووم ، کە سەرم هەڵبڕی چەند چەکدارێك خۆیــان کــرد بــە ژووورداو یەکســەر ئاغام ناسیەوە ، سەرەتا شەپۆلێك لە تەوژمی ترس بە نێــو جەســتەمدا هاتووچــوو ، ئەو کات هاتەوە بیرم کە من لە کوێم و بۆچی لەوێم ، لەگەڵ هاتنــە ژوورەوەی ئاغــا هەناسەم سوار بوو ، هەر کە ئاغا گەیشتە سەرم ،وامزانی لەتوپــەتم دەکــا ، کەچــی وانەبوو ، هەر خۆی دەستێکی بۆ درێژ کردم و هەڵیساندمەوە ، بە بزەیەکــەوە پێمــی وت :

- تۆ هیچ گوناهێکت نییە ، ئەوەی تۆیشی هێناوەتــە ئێــرە دەبــێ ســزای خــۆی وەربگرێ !

من کە هەموو پێشبینییەکانم هەڵە دەرچــوون ، زۆر سوپاســی ئاغــام کــرد ، بــە سەرسوڕمانیشەوە لێمپرسی :

- ئاغا من ئێستاش نازانم چ روویداوە ؟!

ئاغا دەستێکی خستە سەر شانم و ئاوڕێکیشی بۆ لای دەرگاکە دایــەوە ، لــە پــڕ باپیرەم دەرکەوت، زۆر ناڕەحەت و ماندوو دیــابوو، ئاغــا خێــرا بــۆی چــووە پــێش و

بەگەرمی تەوقەیەکی لەگەڵ کرد ، وەك بیەوێ کـارێکی هەڵـەش راسـت بکاتـەوە ، دەستێکی خستە سەر شانی و لە سەرخۆ وتی :

- تەواو عەزیزیش لە مردن رزگار بوو .

باپیرەم ویستی شتێك بڵێ ، بەلاّم ئاغا رێی لێگرت و بە خێرایی وتی :

- پێویست ناکـا عوسمـان بـەگ ، دەزانم خەتاکـە لـە عـەزیزی کوڕمـە ! ئێـوە ئاهەنگەکە تێك مـەدەن و بووکەکـەتان هـەر ئـەمڕۆ دەگوازنـەوە ، منـیش دەچـمە خەستەخانەو سەرێك لەو سەرشێتە دەدەم ..

هەرچەند باپیرەم داوای لێکرد کە لە گەڵیـدا بـڕوا ، کەچـی ئاغـا رازی نـەبوو . باپیرەم ئیشارەتێکی بۆ کردم و پێکەوە لـە مـاڵی سـەرگردەکەی ئاغـا دەرچـووین و شۆڕبووینەوە خوارێ ، باپیرەم هەر بە رێگاوە تێیگەیاندم کە رووداوەکە چۆن بـووەو چ پەیوەندییـەکی بـە بـرا گەورەکەمـەوە هـەبووە ، ئـەو کـات هێنـدێك لـە تـرس و نارەحەتییەکەم رەویەوە ، بەلاّم دڵم زۆر بەوە تەنگبوو کە براکەمیان تۆمەتبار کردبوو بەوەی تەقەی لە عەزە گوڕو کردووە . ئەو رۆژە بەبێدەنگی لە سەر پێشنیاری باپیرەم رەیحانەمان گواستەوە ، بەلاّم بەبێ بەشداری براگەورەکەم .

***

لە پشت پەنجەرەی ئەو ژوورەی کە من و رەیحانەی تیـا بـووین ، سـەیری دەرەوەم دەکرد ، رەیحانە هێشتا نوقمی نێو خەوی شیرینی بـوو ، ئـەو کێـوەی کـە بـە فیـزو هەیبەتەوە دەیڕوانیە شارە چکۆلەکەمان ، تازە بە تازە سەری مەزنی لە نێو تاریکیدا دەردەهێناو رووناکی بە باڵایدا شۆڕ دەبۆوە ، ئەو کێوە هەر لە پاشایەك دەچوو کە لە سەر عەرشی زێڕین دانیشتبێ و چاودێری تەواوی خەڵکی شارەکەمان بکا ، مـن لـە کاتێکدا بیرم لە گـەورەیی و پـانوپۆڕی ئـەو کێـوە دەکـردەوە ، لـەپڕ کەسـێك هـەر

له(سەبۆ) ی رەحمەتی دەچوو لەنێو حەوشەی ماڵەکەماندا بە بەر چاومەوە رەت بوو ، من دیمەنی سەبۆی هەرزەکارم بینی ، بینیم وەك ئەوەی یەکێك راوی بنێ ، هێندە بە تەنگەتاوی هەڵدەهات و ئاوڕی لە دوای خۆی دەدایەوە دەتوت بە دوای فریادڕەسێکدا دەگەڕێ لەو میحنەتە رزگاری بکا ،ویستم بەپەلە رەیحانە لە خەو هەڵسێنم ، لەو دەمە کەسێکی دیکەم بینی بە تاو غاریدەدا پڕ بەدەم هاواری کرد " سەبۆ هیچت لێناکەم بگەڕێوە ، تۆ دەبێ بچیتەوە قوتابخانە هاورێکانت چاوەڕێتن "سەبۆ بەر لەوەی ئەو کەسە بگاتە سەری بە خێرایی وەك مەیموونە رۆح سووك و عەجوولەکان بە دار ئەسپینداره‌کەی نێو باخچەی ماڵەکەماندا هەڵگەڕا ، لەسەر قەدێکی دارەکە بە پێوە وەستاو رووی لەکابراکە کردو بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری کرد :

- بەسە ، لە شوێن خۆت دانیشەو بێدەنگ بە ، ئێستا من مامۆستام تۆش قوتابی !

سەیرە !! ئەو زەلامە زل و زەبەلاحە لە چاوترووکانێکدا بچووك و بچووکتردەبۆوەو وەك منداڵێکی کورتە بالأی لێدەهات ، بێئەوەی نقەی لێوە بێ بە ئەدەبەوە دانیشت . سەبۆ وەك بیەوێ بۆ هەموو خەڵکی شار قسە بکا ، سەرەتا رووی لە کابرا کردو ئاوڕێکیشی لەو پەنجەرە دایەوە کە من لە پشتییەوە وەستابووم دەتوت لەوە دڵنییا بوو کە من دەبینێ ، چاوی بڕیە هەردوو چاوەکانمەوە ، لەپڕ بزەیەکی بۆم کرد ، منیش دەستم خستە سەر پەنجەرەکەو پەنجەکانم لە جامەکە خشاند ، ئەویش بە سلاوێك وەلامی دامەوە ، ئیدی لەوە دڵنییا بووم کە بە تەواوی ئاگای لە منە . وەك بە پێویستی بزانم کەسێکی دیکە ئەو دیمەنە سەیروسەمەرەیە ببینێ بە پەلە گەڕامەوە لای رەیحانە ، سەیر ئەوە بوو رەیحانەش لە بەر چاومدا چکۆلە ببۆوە ، چەند جارێك بە ترسەوە لێی نزیك دەبوومەوە ، دەمویست بە ئاگای بهێنمەوە ، کەچی لەخۆمەوە دەترسام ، جورئەتی ئەوەم نەبوو ، هەڵیسێنمەوە ، لەبەر خۆمەوە ئایەت کورسییەکم

خوێندەوە ، هەستم کرد رەیحانەش دەمی دەجوولێتەوە ، موچڕکەی ترسێك بە گیانمـدا هەڵگەڕا ، هەر لەخۆمــەوە دەرگاکــەم کــردەوە ، دەســتبەجێ چــوومە دەرەوە ، بــەم چاوانەم (سەبۆ)م بینی لەسەر قەدی دارچنارەکەی باخچەکەمان وەك منداڵێك بۆ پیاوە کورتە باڵاکە دەنوزایەوە ، هەر کە منی بینی لــە حەوشــەکەمانەوە بــۆی وەســتاوم ، یەکسەر هاواری لێ هەڵساو داوای لێمکرد پیاوە کورتە باڵاکە لەوێ دوور خەمــەوە ، بێئەوەی هیچ شتێك بڵێم ، خۆم نەوی کردو دەستم لە بەردێك گیر کرد ، بەردەکەم بۆ کابرا کورتە باڵاکە هەڵاوێشت ، بەرد وەك ئەوەی بڕیاری دابێ کارەســاتێك بخــولقێنێ یەکڕاست بە تەوقی سەری کابرا کەوت ، لەگەڵیدا سەبۆ خۆی هەڵدایە نێو باخچەکە ، لە کابرا نزیك کەوتەوەو بە گاڵتە پێکردنەوە وتی :

- دەبیخۆ ، پێمنەوتی لە کۆڵم بەوە ، بە گوێت نــەکردم ، ئاخیرەکــەی ســزاکەت وەرگرت !

سەبۆ چەند جارێك بە دەوری کابرا سووڕایەوە ، هێندەی نەبرد بە پەنجە چکۆلەو خرپنەکانی داوای لێمکرد بۆی بچمە خوارێ ، خۆیشم نــەمزانی چــۆن وا بــە خێرایــی گەیشتمە لایان ، کابرا کورتە باڵاکە کە منی بینــی بــە حەپەســانەوە ســەیری کــردم وخێرا هەڵسایەوە ، کە سەیری روخساریم کرد وەك ئەوەی کارەبا لێمبدا قیژەیــەك لــە دەمم دەرچوو ، ئەوەی بینیم بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو ، تا هێزی تیــا بــوو بــە هەمان ئەو بەردەی من لە تەوقی سەرم دا ، ئەویش لە نێو چاوانی منی دا ، وابــزانم دوایین وشە کە لە دەمم دەرچوو ناوی رەیحانە بوو ، نازانم لەهۆش خۆچوونەکەم چەندی خایاند ، کە چاوم هەڵێنا دوو چاوی پڕ لە فرمێســکی رەیحانــەم بینــی کــە بــە ســەر سەرمەوە بە ئەبڵەقی وەستابوون ، سەرەتا نەمدەزانی من لە کوێم و بۆچی لە باوەشی رەیحانە دام ، دواتر کە رەیحانە لێیپرسیم :

- لەوە دەچوو خەونێکی ناخۆشت بینیبێ ، وانییە ؟

ئەو کات شریتی خەونە وەحشەتناکەکەم هاتەوە بیر ، بە سەر ئامـاژەی (بـەڵێ)م بۆ کرد ، ویستم خەونەکەی بۆ بگێڕمەوە ، کەچی زمانی خۆم گرت و بێدەنگ بووم ، نازانم بۆچی رەیحانەش بە لایەوە گرنگ نەبوو کە من چیم لە خەونەکەدا بینیوە .

کە بەیانییەکەی چوومە قوتابخانە ئاسەواری خەونە ترسناکەکەی ئەو شـەوە نـەك تەنیا لـە نێـو مامۆسـتاکان پێمـەوە دیـاربوو ، بـەڵکوقوتابیانیش لـە پـۆلی دەرس وتنەوەدا هەستیان بە داهێزرانی جەستەو شێوەی ئاخەفتنەکانم دەکرد ، راسـتییەکەی ئەو رۆژە هیچ خولق و خویەکم بـۆ هاتنـە قوتابخانـەو دەرس وتنـەوە نـەبوو ، حـەزم نەدەکرد چەهرەی هیچ کەس ببینم ، تەمەننام دەکرد هەر لـە ماڵـەوەو لـە باوەشـی رەیحانەدا بمابامەوە ، نازانم بۆ هەر کە چاوم بـە بەڕێوەبـەری قوتابخانـە کـەوت رووی خۆمم لێوەرگێڕا ،خواخوام بوو چاوم بە چاوی نەکەوێ ، کەچی زیاد لە هەموو رۆژێك بوومە جێسەرنجی ئەو ، من دەمویست یەکسەر خۆم بخزێنمە پۆلەکەو بـواری ئـەوەی نەدەمێ هیچ قسەیەکم لەگەڵ بکا ، بەڵام هەوڵەکەم بێهوودە بوو ، ئەو خێرا بە پێشم کەوت و توند دەستمی گرت ، ناچاربووم بۆی بوەستم و بزەیەکی دەستکردی بۆ بکـەم ، ئەویش وەك بییەوێ خۆی وا نیشان بدا کە لە نارەحەتییەکەم تێدەگا لەسەرخۆ پێمی وت :

- پێناچێ ئەمڕۆ سیحەتت باش بێ ؟

منیش وەك ئـەوەی حەوسـەڵەی هـیچ شـتێکم نـەمابێ یەکراسـت رووەو ژووری مامۆستاکان رۆیشتم ، کەچی ئەو، فشاری زیاتری خسـتە سـەر دەسـتم و رووی لـە ژوورەکەی خۆی کردو منی بە دوای خۆیدا پەلکێش کرد ، ئەوەی بـەلای منـەوە زۆر سەیر بوو ، لە قوولایی دەروونمەوە دەنگێك بەرز بـۆوە هـەر لـە دەنگـی پیرەژنێکـی زیتەڵە دەچوو و پێمی وت :

- نەچیتە ژوورەوە فەللاقەت دەکا !

هەر بە راستی لەو ساتە وەختەدا وامهەست دەکرد بوومەتەوە ئەو قوتابییەی کە بۆ سزادان پەلکێشی ژووری بەڕێوەبەر دەکرێ ، یەکدوو جاریش هەولّم دا لە ڕێگەی زمانی دەستمەوە تێیبگەیێنم کە حەز لە ژووری ئەو ناکەم ،کەچی ئەویش بە جوولّە و فشاری پەنجەکانی دەستی، تێمیدەگەیاند کە هەر دەبێ دوای بکەوم ، من لە پارچە ئاسنێکی خوارو خێچ دەچووم وئەویش لە موگناتیس ! کە چووینە ژوورەوە ، بەڕێوەبەر بە سەرسوڕمانەوە رووی تێکردم ، دواتر کەمێك لێمنزیك بۆوەو پێمیوت :

- منیش وەکو تۆ باوەڕم بە لێدان نییە مامۆستا ! بەلّام ناتوانم لە بەرامبەر بێعاری و بێتەربییەتی قوتابیان رووی خۆم وەرگێڕم ، ئەگەر لێیان نەدرێ ئەوان لێمان دەدەن !

من قەت نەمدەویست لەگەلّ بەرێوەبەر باس لەو مەسەلەیە بکەم ، چونکە خۆیشم هەر وەکو ئەوانم دەکرد ، لە سەرەتا زۆرم هەولّدا خۆم لە بەکارهێنانی دار دووربخەمەوە ، کەچی نەمتوانی لەهەر تووڕەبوونێکمدا لە قوولّایی دەروونمەوە دەستێکی خەوتوی پڕ لە رقوکینە بێدار دەبۆوەو بە نێو هەناومدا هەلّدەگەڕاو لە چاوەکانمەوە دەردەچوو ، گرنگ نەبوو بە کوێی جەستەی منداڵەکان دەکەوێ ، گرنگ دامرکاندنەوەی ئەو ئاگرە بوو کە لەو ساتانەدا هەموو گیانمی دادەگرت ، من نەك هەر نەمتوانی خۆم لە ئازاردانی قوتابیان دووربخەمەوە ، بەلّکو زۆر جاریش حەزی ئەو دەستوەشاندنە رەیحانەشی دەگرتەوە ، ئەگەر رۆژێك بەم پەنجانەم روومەتی قوتابییەکم سوور نەکردبایەوە ،دلّم دانەدەکەوت و دەبوایە زەبرێك بە جەستەی رەیحانە بکەوێ، هەر رۆژێك کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە مالّێ ، هەستم دەکرد رەیحانە لەبەر خۆیەوە دوعا دەکا کە شەیتان زەفەر بە خۆشەویستی نێوانمان نەبا ، منیش زۆر بە جیددی هەولّم دەدا روخسارم پڕ بێ لە خەندەو دەستەکانم دوور بن لە ئازار گەیاندن ، کەچی لەسەر بێمەعناترین قسە ، بچوکترین روداو دۆوو دۆشاوم تێکەلّ بەیەکتری

دەکرد ، تەنیا ئەو رۆژانە دڵی رەیحانەم خۆش دەکرد ، کە لە قوتابخانە دڵـی یـەکێکم دەڕەنجاند !ئەو رۆژە رەیحانە چەند گوناح بوو ، کاتێك دەرگـای حەوشـەی بـە روومـدا کردەوە هەر لە خۆمەوە مۆڕەیەکم لێکرد ، ئەو کاتەش کە پێمیوت :

- ئەوە چاوەکانت بۆ سوور بوونەتەوە ؟!

منیش وەك ئەوەی نەمەوێ لەوە زیاتر سەروسیما پەشۆکاویەکەم ببینێ و قسـەی تری لە دەم دەرچێ ، یەکسەر بۆی گەڕامەوە و لـەختوخۆڕایی خێـرا بێـدەنگم کـرد ! لەوە ناخۆشتر ئەوە بوو هەر چـەند لـە جەسـتەی راکشـاوی رەیحانـە ورد دەبوومـەوە شەپۆلی رقێك ، خۆیشم نەمدەزانی لـەکوێوە دەهـات ، هـەموو گیـانمی تەنییـەوە ، ناچاری کردم وەك شێتێك بکەومە سەری ، لەهەر مست و زللەوەشاندنێکدا کۆمەڵێك جوێن و قسەی بێمانا لە دەمم دەردەچوون ، ئەو کاتە دەستم لێهەڵگرت کە تۆزقاڵێك توانام نەمابوو،کەچی ئەو ژنە نە بڵێ ئای نە بڵێ وای ، دوایی سەعاتێك لە بێدەنگی و چاوەڕوانی پڕ لە بێئۆقرەییدا رەیحانە هەڵسایەوەو بێئەوەی لێوەکـانی لێکـبترازێن و لابەلاش سەیرم بکا ، چووە ژوورەوەودەرگای لە سەر خـۆ داخسـت ، ختوورەیـەك بـە دڵمدا هات ، هەستامە سەر پێ رووەو ژوورەکە چووم چەند جارێك ویستم بـە تونـدی لە دەرگاکە بدەم ، کەچی پەشیمان دەبوومەوە ، پێم باشتر بوو رووی خـۆم وەرگێـڕم و ماڵەوە جێبهێڵم، ئاخر ئەگەر ئەو رۆژە چەند شـوولکەدارێکم لـەو قوتابییـە لاسـارە بدابایە کە ئەو بەیانییە ،بۆقێکی لەگەڵ خۆی هێنابووە پۆلەکەیان و بەڕەڵڵای کردبوو (وەك چاودێری پۆلەکە بۆی گێڕامەوە) ئەوە زۆر زەحمەت بوو ئاوام لە رەیحانە بکردایە . ئەو قوتابییە دەمڕووتە وایلێکردم ئەو رۆژە ئارامم لێهەڵبگیرێ وراست و چەپی خۆم نەبینم . لە رق و تووڕەییان هەموو گیـانم وەك گـەڵای بـەر بـا دەلـەرزی ، خۆیشـم نەمزانی بۆچی ئاوا بە خێرایی پۆلەکەم جێهێشت و وەك شێتێکی راونراو رووەو ژووری مامۆستاکان چووم ، لە بەر دەرگاکە مامۆستا موزەفەر بە چـاوی پـڕ لـە حیرەتـەوە

تێیڕوانیم ، بێئەوەی یەك وشە لە دەمم یا لە دەمی دەربچێ ، بەپەلە باریکە دارێکی بۆم هێنا و دایە دەستم ، منیش بەبێ سوپاس لێموەرگرت و خۆم گەیاندەوە پۆلەکەو پڕ بە دەمم هاوارم کرد:

- کوا عەلەبۆق وەرە بزانم ؟!

پۆلەکە لەنێو بێدەنگیدا نقوم ببوو ، بۆ ماوەیەك هەموو قوتابیەکان لەبەرچاوم بوونە عەلەبۆق !شوولکەدارەکەم لە مێزەکەی بەر دەمی چاودێری پۆلەکە دا و بە رقەوە وتم :

- کوا عەلی بۆ کوێ چوو ؟!

چاودێر بە دەم لەرزینەوە خێرا وتی :

- هەڵات مامۆستا !

لەو دەمە هەستم کرد تەواوی قوتابیانی پۆلەکە بوونەتە عەلی و هەر یەکەو بۆقێکی لەسەر پانایی دەستی داناوەو رووبەرووی منیان کردۆتەوە ، ئیدی رادەی تووڕەبوونەکەم هێندە زۆر بوو ٚلە حەژمەتان بە نێو هەموویان کەوتم ، دارەکەی دەستم بە هەر کوێ کەوتبا لەگەڵیدا دەموت :

- عەلیم بۆ دەبیننەوە ، بەبێ عەلی نایێنەوە ژووری !

وەختێك خۆم لەنێو پۆلەکەدا بە تاقی تەنیا بینییەوە ،ئەو شوولکە دارەی کە بە دەستمەوە بوو تەنیا پارچەیەکی بچووکی لێ مابۆوە ! کە هاتمە بەر دەرگاکە چی ببینم ! حەشاماتێك لە قوتابیان خڕببوونەوە ، بەڕێوەبەر لە ریزی پێشەوە وەستابوو ، بە تووڕەییەوە بۆم هاتە پێش و وتی :

- چییە مامۆستا بەم بەیانییە جنۆکە چۆتە لەشتەوە ؟!

لەو دەمە چەند قوتابییەك دایانە قاقای پێکەنین و یەکێکیشیان لەسەرخۆ وتی (مامۆستاکەمان شێت بووە !) بەڕێوەبەر تا هێزی تیابوو دارحەیزەرانێکی تێسرەواند ، منیش بێئەوەی رێز لە ئامادەبوونی ئەو بگرم ، خۆم گەیاندە قوتابیەکەو تا هێزم

تیا بوو مستێکم لەنێو دەمی داو خستمە سەر زەوی . قوتابیەکانی دیکەش وەك ئاژەڵێکی مەترسیدار راویان بنێ ، پەرت بوون و هەر یەکەو بە لایەکدا هەڵات .

هەستم کرد بەڕێوەبەر لە رۆژێکی ئاوا دەگەڕا بۆ ئەوەی قسەکانی دڵی خۆییم پێ بڵێ ، من لەو ساتەدا نەمدەویست لەوێ بمێنمەوە ، گەرەکمبوو رووەو دەرەوەی قوتابخانە هەنگاو هەڵێنم ، کەچی ئەو رێی پێگرتم ، دەستمی گرت و بردمیە ژوورەکەی خۆی ،لەسەر کورسییەك دابنیشاندم ، بێئەوەی رووم تێبکا ، نیگای لە دیوارەکە چەقاندو دەمی پڕ لە قسەی والاکرد :

- مامۆستا سەرمەد ! ئەوە قەدەری هەمووومانە ، بە دەگمەن قوتابی عاقل و بێوەی لەم قوتابخانەیە دەدۆزیتەوە ، هەر یەکەو نوقسانییەکی هەیە ، ئێمە دەبێ لەگەڵیان رابێین ، تۆ دەتویست نەزمێکی دیکە پەیڕەو بکەی ، خۆت لەو قەدەرە بدزیتەوە ، کە هەمووومانی بەخۆیەوە گرێداوە ، ئەگەر لە یەکەم رۆژەوە ، قوتابییەکانت ترس و هەراسانییان لە چاوی تۆ بدیبایە ، ئێستا وای لێنەدەهات ،ئاوا بە ئاسانی زەفەریان پێنەدەبردی ، ئەوانە بڕیاریان داوە شێتت بکەن !

من وەك کەسێکی گوناهکار سەرم بەسەر سنگمەوە دانەواندبوو ، چاوەڕێی سزایەك بووم ، کە لە دەمی بەڕێوەبەرەوە دەربچێ ، لەو دەمە وامدەزانی لە ژووری دادگا دانیشتووم و هاکا حاکم حوکمێکی قورسی بەسەرمدا سەپاند ، من بە هیچ یەك لە قسەکانی بەڕێوەبەر تێکنەچووم ، تەنیا

ئەو کاتەی کە پێمی گوت :

_ باشتر وایە چەند رۆژێك بچیتەماڵەوەو بحەسێیتەوە !!

من وەك ئەوەی لە خەوێکی قورس بەئاگام بێننەوە ، بە تورەیی هەڵسامە سەرپێ ، لەو دەمەی کە دەمویست شتێك بڵێم و دەم و زارم لێکبترازێنم ، بەڕێوەبەر لەبەر چاومەوە بوو بە دێوەزمەیەك ، سێبەشی ژوورەکەی داگیرکرد ! بە پەلە لێی

دوور کەوتمەوە ، بە ترسو لەرزێکی زۆرەوە لەبەر دەرگاکـە وەسـتام،بە چـاوی پـڕ لـە گومان و حیرەتەوە دیقەتم دایە بەرێوەبەر ، دەنگێك لە قولاّیی هەناومەوە هەڵکشایە نێـو گەروومــەوە ، هاوارێـك لـە دەمــەوە دەرچـوو ، دەنگدانەوەکـەی لـە شـکان و هەڵوەرینی جەستەیەکی شووشەئامێز دەچوو ، من ئێستاش لەوە تێنەگەیشتم بۆچـی بەرێوەبەرەکەمان بەو هەیکەلە زەبەللاحەیەوە لە پرمەی گریانی دا ، وەك شاخێك بەر بومەلەرزەیەك بکەوێ و بنوبۆتکەی روو لە ئاسمان بکات و سەری رۆبچێتە نێـو زەوی ،لەبەر دەمم کەوت و رمبەی لێوەهات ،ئای کـە دیمـەنێکی ترسـناك بـوو ! خۆیشـم نەمزانی چۆن دەرگای ژوورەکەییم کردەوەو بە پەلە ئـەوێم جێهێشـت ، بـەبێ ئـەوەی ئاورێك بدەمەوە خۆم لەبەر دەرگای ماڵەوەمان بینییـەوە .... تـەق تـەق تـەق .... رەیحانە لە کوێیت ، بـۆ دەرگاکـە ناکەیتـەوە ؟ ئـاخر پێویسـتیم پێتـە ، دەرگاکـەم لێبکەوە ، زووبە تو خوا ، ئەو هەموو حەشاماتە چین ، بۆچی بە دوام کەوتون ، چیان لێمدەوێ ؟!ئەها رەیحانە ، هەموویان کەللەزل و کورتەباڵان ، سەیری هەر کامێکیـان دەکەم رق وکینە بەسەرمدا دەبارێنێ، خێراکە رەیحانە بە هانامــەوە نـەیێت لەتوپـەتم دەکەن ، شێتەکانی شاریش خەریکە لێم نزیك دەبنەوە ، ئەوەتان لەدوورەوە دەنگیـان دێ ، لە شایی و گۆڤەندی خۆیان ناکەون ، ئەوانە دەیانەوێ بە تـەپڵ وزورنـا بمبەنـە سەر قەبران ، نازانم بۆ حەز لە بینینی مەرگی من دەکەن ؟ ئای خودایە چـەند حـەزم لـە گریانـە ، مەگـەر لـە باوەشـی تـۆدا رەیحانـە ئـۆقرە بگـرم ، وەرەو دەسـتە بـێ دەسەڵاتەکانم بگرەو بۆ کوێم دەبەیت ببە ، مـن نـاتوانم چـیدیکە شـەڕی ئـەم دێـوو درنجانە بکەم ، رەیحانە پەیمانت پێدەدەم چیدیکە ئازارت نەدەم ، بڕیـار دەدەم ئـەوەی دارە ، ئەوەی قامچییە و بە قامچی دەچێ دەسـتی بـۆ نەبـەم ، کچـێ رەیحانـە ئـەم دەرگایەت بۆ بەم قفلە گەورەیە داخستووە ؟ئێستا بۆ کوێ بچم ؟ کێ لە جێگـەی تـۆ لە باوەشم دەگرێ ؟ ئەو بێدەنگییە دڵتۆقێنە بۆ ؟ لە کوێیت ، وەرە بە دەست و پەنجە

بلووریەکانت هەردوو چاوم دەربێنە ، من دەمەوێ بە دەستی تۆ بمرم ، بە دەستی تۆ بنێژرێم ، ئەوانەی ئێستا دەوریان داوم دەیانەوێ قۆڵبەستم کەن ، هەر یەکەو بە قامچییەکەوە وەستاوەو چاوەڕێن خۆمیان بە دەستەوە بدەم ، رەیحانە بۆ هەر کوێ چوویت بگەڕێوە ، ئەم دەرگا لەعنەتییەم لێبکەوە ،ئێرە زیندانە زیندان ، ؟ رەیحانە ئێستا وەرەو یەك یەك ئەم پەنجانەم بشکێنە کە جەستەی ناسکی تۆو روومەتی منداڵانی مەکتەبیان شین ومۆر دەکرد ، ئەم دڵە رەق و بێبەزەییەم دەربهێنە کە لە کاتی رق وەدەرنان و تووڕەبووندا سۆزو خۆشەویستی تێدا نەدەما ، وەرە ئەم دڵەم بخەرە سەر پەنجە ناسکەکانت ، بەنێو کۆڵانەکانی شارە پڕ لە شێت و دڕندەکەم بیگەڕێنە و با منداڵە هەژارەکانیش بە دەوریدا کۆببنەوە ، منداڵەکان لەگەڵ خۆت بەرەو لە بەر دەمی قوتابخانەکەم بیانوەستێنە ، بە دەستی خۆت لەبەر چاوی هەمووان ،دڵەکەم بە دەرگاکە هەڵبواسە ......

من لەبەر دەرگای ماڵەوەمان بە بێسەروبەری راکشابووم ، پێدەچوو ئاسەواری رەیحانە لەو ناوە نەمابووبێ ، وامهەست دەکرد دەستێکی نادیار ، دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر منی لە ئاسمانەوە فڕێداوەتە سەر زەوی ،کەللەم هەر لەوگردو کێوانە دەچوو، کە بوورکانیان تیا دەتەقێتەوە ، گوێم لە هاشوهوشێکی زۆرو شەپۆلی رووبارێکی هەڵچوو دەبوو ، جەستەی تاکتاکی حەشاماتەکەی دەوروبەرم بەسەر پشتی زەویەوە وەکو کوارگ هەڵدەتۆقین ، چاوم لێبوو یەکێکیان هەر لە (سەبۆ شێت) دەچوو ، هەر چەند لێم نزیك دەبۆوە چەهرەی مانگایەکی بێئۆقرە بە سەروسیمایەوە دەردەکەوت ، ئەوانەی لە پشتییەوە دەڕۆیشتن ، لەسەر ئیقاعی زەنگی کڵێسا هەنگاویان هەڵدەهێنا ،لە تەنیشت ئەوانەوە ، کۆمەڵە ریزێك لەمامۆستاکانی قوتابخانەکەم ، کە هەموویان قامچی بەدەست بوون ، لەسەر ئیقاعی مارشی سەربازی ، بەرەو رووم دەهاتن !!کەسێك هەر لە باوکم دەچوو ، هەردوو قاچمی بە

گوریسێکی درێژ دەبەستەوە ، هیچ تاقــەتێکم نــەمابوو ، هەســتم دەکــرد تــەواو لــە پەلوپۆ کەوتووم ، ئەگەر قوتابییەك لەو ئانوساتەدا بیویستایە تۆڵەی ئــەو شــەپازللانە بکاتەوە ، ئەوە بە ئاسانی دەیتوانی . ترسناکترین دیمەن لەنێو ئەو حەشاماتە قامچی دەستی سەبۆ شێت بوو ، هەر کە لێم نزیك کەوتەوە ، تا هێزی تیابووقامچییەکی بۆم راوەشاند ، قامچی لەبەر چاوم بوو بە مار ، مارێك زۆر بــە خێرایــی خــۆی لــە ملــم ئاڵاند ، ئەو کاتە هەستمکرد بورکانێك لە هێز لە نێــو جەســتەمدا چــەکەرەی کــردو یەکراست بە پێوەی راگــرتم ، هــەموو شــتێك لەبــەر چــاومەوە گــۆڕا ، مــن بوومــە جەستەیەکی زەبەللاخ ، هەموو ئەوانەی بۆ بینینی مەرگی منەوە هاتبوون ، بچــووك دەبوونەوەو دواتر ئــەو ناوەیــان چــۆل کــرد ! منــی هیــوللا نەمــدەتوانی بــە کۆڵــانی ماڵەکەمان سەرکەوم یان بچمە خوارەوە ، دەرگا قفڵدراوەکــەی حەوشــەی دەرەوەمــان هێندە بچوك ببۆوە بە پەنجەیەك هەڵمتەکاند ، وامهەست دەکرد ئیــدی مــن شــتێکی تازەم و بۆ ئەوە هاتومەتە ئەوێ تەواوی شارەکە سەراونگوم بکەم ، ئــەوجارەیان مــن بوومە ئەو کەسەی هیچ کەسێك نەتوانێ لە بەرامبەریدا بوەستێ ،مستم لە هەر شت و شوێنێ دابایە ، تەختم دەکرد ، ئێستا بۆمن رەیحانەش بایەخی نــەما ، وا دەهاتــە بەر چاوم کە خۆم خاوەنی ئەو شارەم ، دەنگم لە دەنگی مرۆڤــی ئاســایی نەدەچــوو ، هەرکە هاوارم دەکرد تەواوی شار لە ژێر پێمــدا دەهەژایــەوە ، دەســتبەجێ بڕیــارم دا خۆم بگەیێنمە قوتابخانەکــەم ، نــەمزانی چ هێزێــك وا بــە خێرایــی گەیاندمیــە نێــو گۆڕەپانی قوتابخانەکە ، لەوێ سەرەتا هیچ کەســێم نــەبینی ، هاوارێــك لــە قوولــایی دەروونمەوە دەرچوو ، لە پڕ وەك ئەوەی شارە مێروولەم ورووژاندبێ ، لە هەموو کون و قوژبنێکەوە ، لە هەموو ژوورو پشت دەرگەیەکەوە ، لە راست و چەپم ، لــە پشــت و پێشم ،ئاپۆرای قوتابی و مامۆستایان دەرکەوتن ،هەموویان بە دەستی پڕ لــە بــەردو قامچییەوە بۆم دەهاتن ، ویستم بە دەنگە ترسناکەکانم رێیان پێبگرم ، بە دەســتە زل

و پڕ هێزەکانم دارو بەردیان بە سەردا بڕووخێنم ، کەچی ئەوان لەوە دەچوو بڕیاری کۆتایی پێهێنانی منیان دابێ ، من هەر ئەوەندەم لەبیرە ، کە شەستەبارانی بەرد بەسەر سەرما دەباری ، شریقەی قامچییەکان وەك هەورە تریشقە دەنگیان دەهات وئاگریان لە چاوەکانمدا دەردەپەڕاند ، لەو کاتانەش کە بەردەباران دەکرام ، گوێم لێدەبوو ، کە چۆن هەموویان پێکەوە هاواریان دەکرد :

- سەرمەد شێت و هارە ..... بیکوژن هەر وەکوماره !!

من لەبەر زەبری بەردو قامچییەکان کەوتبوومە سەر زەوی ، لەگەڵ ئازارەکانی جەستەم دەگەوزام ، هاوار لە قورگمدا خنکێنرابوو، دەگریام زۆریش دەگریام ، کەچی دەنگم دەرنەدەهات ، ئەو دەمە هەستم نەدەکرد مەرگ لێمەوە نزیك بێ دەنا حەتمەن خۆم دەگەیاندێ و هەموو شتێك کۆتایی دەهات ، ئەو دەمە بیرم دەکردەوە جەستەیەك توانای هەستان و رۆیشتنی نەبێ بە سەر زەویەوە ، بۆچی باشە گەر بۆ مردن نەبێ ؟ من هەر لەسەر عەرد راکشابووم و نەمدەزانی لە کوێی ئەم سەر زەمینەم ، راستبوو مردن هێشتا پێمی نەزانیبوو ،بەڵام ئەوە من بووم بە دوای مردندا دەگەڕام ، کەچی لەو ساتە پڕ ئازارو نیگەرانەدا گەرماییەك لە پەنجەکانمەوە هەڵگەڕایە نێو جەستەم ، پەنجەی دەستێکی نەرم بەسەر نێوچاوان و رووومەتمدا دەگوزەرا ، کە چاوم هەڵێنا ، دوو چاوی پڕ لە فرمێسکی رەیحانەم بینی ، حەزم کرد باوەشی تێوەربێنم ، کەچی ئەو توند بە خۆیەوەی نووساندم ، لەوە دەچوو لەسەر سنگی رەیحانە بۆ هەتا هەتایێ خەوم لێکەوتبێ !!